MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# ئاهوورامان

# ئاهوورامان

**(بەرگی یەکەم لە پڕۆژەی ڕوانگـــــــە)**

**کۆمەڵە وتارێکی ڕەخنەیی لەمەڕ**

**((هونەر و ئەدەب و مێژووی هەورامان))**

**جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس)**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **ئاهوورامان**
- نووسینی: جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس)
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- پیتچنین: ئەدهەم عەباسی
- ژمارەی سپاردن: ٤١٣
- نرخ: ٢٥٠٠
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ٥٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٣١)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگا پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەکییەکی پێویست ........................ ١

١- (شیعر لە شیعری بێسارانیدا) ........................ ١٠

٢- ڕوانینێك لە درزی دەلاقەیەکەوە ........................ ٢١

٣- (( گەنجەکەی یاروەیس )) ( دەقی هەورامی) ........................ ٣٠

٤- گوڵبژێری مەتەڵی هەورامان ........................ ٣٦

٥- پەندی پیر ........................ ٣٨

٦- بووژاندنەوەی سامانی دێرین و بنیاتنانی بناغەی تازەگەری .......... ٤٥

٧- پێدا چوونەوە بە هەندێ بیروڕا دەربارەی هونەری گۆرانی ............ ٥٦

٨- جلوبەرگی دەسکردی هەورامان ........................ ١٠٩

٩- کۆنگرەی (( هەورامانناسی ))و ئاوڕدانەوەیەك ........................ ١١٨

١٠- (( کاردەوەژێ)) چییە؟ ........................ ١٢٦

١١- (با گۆرانیەکانی هەورامان باشتر بناسین) ........................ ١٣٢

١٢- شارۆ ((تیرۆژەنیگایەك لەسەر گۆرانی و یاریی منداڵان و ........... ١٣٨

١٣- وەرزە گۆڤاری ( هەورامان)م خوێندەوە ........................ ١٥٩

## پێشەکییەکی پێویست

هەورامان، ئوورامان، ئاهوورامان ئەو ناوچە سەخت و سەرکەش و شاخاویە و ئەو دەڤەرە پیرۆز و مێژینەیە کە پانتاییەکی فراوانی جوگرافیی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستانی مەزندا لە خۆ گرتووە. ئەم دەڤەرە پیرۆزە کە دەکەوێتە ڕۆژاوای کرماشان، لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتیەوە دەگاتە مەریوان، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە سنە ـــ کامیاران، لە باشوورەوە دەگاتە شەهاباد ـــ سەرپێڵ و زەهاو و لە ڕۆژاوایشەوە دەگاتە دەشتی بەرینی شارەزوور، مێهرداد ئیزەدی واتەنی: هەورامان سێگۆشەیەکی لارە کە شارەکانی هەڵەبجە و پاوە و مەریوان هەرکام گۆشەیەکی پێکدێنن و لاریەکەشی ئەوەیە کە لە گۆشەی هەڵەبجەوە کورت ئەبێتەوە بەڵام لە هەردوو گۆشەکانی پاوە و مەریوانەوە درێژتر دەبێت.

هەورامان دەبێتە دووبەشی سەرەکی: (هەروامانی تەخت) و (هەورامانی لهۆن) کە چیا سەرکەشەکانی (شاهۆ، کۆسالان، تەخت)لە زنجیرە کێوی زاگرۆس لێکیان جیا دەکاتەوە، هەمان ئەو سنوورە سرووشتییە و ئەو جیاوازیە جوگرافییەش بۆتە هۆی جیاوازیی هەردوو بەشەکە لە شێوازی ئاخافتنیشدا سەرەڕای هەبوونی چەند بن زاراوەی دیکە لە هەرکام لە بەشەکاندا. هەردوو بەشە سەرەکییەکەی هەورامان (تەخت، لهۆن)یش بۆ خۆیان دەبنە چەند بەشێکی بچووکتر بە هەڵکەوتەی جوگرافی و تایبەتمەندیی سروشتی و بنزاراوەی تایبەت بە خۆیانەوە کە لێرەدا تێشك ئاسا بەسەریان دەکەینەوە:

یەکەم هەورامانی تەخت: دەبێتە چەند بەشێك کە بە (چەم) ناو دەبرێن وەك: چەمی دزڵی، چەمی شامیان، چەمی ڕەزاو، چەمی ژاوەرۆ، چەمی گاوەرۆ، ئەمە بێجگە لە خودی هەورامانی تەخت کە خۆی بەشی سەرەکی و ناوەندیی سەرجەم



ناوچەکەیە. هەرکام لەو بەشانەش چەندین گوندی خنجیلانە لە خۆ دەگرن کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

١- خودی هەورامانی تەخت: شاری هەورامان، وەیسیا، ڕوەوەرێ، کەماڵا، سەروپیری، بڵبەر، سلێن، ژیوار، نوێن، کەلجی، ناو، هەباساوا، ئەسپەرێز، زۆم، ڕوار، دەل، دەڵەمەرز، دەشتە قەڵبێ، جوڵاندێ، دەلیبەر، دێوەزناو، وەزەنێ، توولدەر،

٢- چەمی دزڵی: دزڵی، دەرەکێ، دەمەیەو، زەلکە، زەکریان، وشکێن، بارام ئاوا، دەرەناخێ،

٣- چەمی شامیان: قەڵاجێ، قەڵاگا، تفڵی، تازەئاوا، ئەحمەدئاوا، گورگەیی، هەجنە، هەزارخانی، بندۆڵ، تێژتێژ، کەڵاتێ، ئیسیاوا، خروسە، گزەدەرە، سیوەر، دادانە، مەحموودئاوا، دوڕۆ، گۆشخانی،

٤- چەمی ڕەزاو: ڕەزاو، کەڕاوا، نیاوا، دەگاگا، گواز، نسڵ، تخان، سەروماڵ، مازیین، سوورکەوڵ، نێزڵ، بەرقڕو، نگڵ، شوێشە،

٥- چەمی ژاوەرۆ ــ گاوەرۆ: پاڵنگان، پایگەلان، بێساران، هەرسین، چەشمیدەر، بۆڕیدەر، هویە، سەرهویە[1]، ساڵیان، نجێ، شیان، ژنێن، ژان، یوژەنان، ئەوێهەنگ، نیەر، میراو، تەنگیبەر، سەرڕێز، تفێن، ژریژە، کانی حسێن بەگ، دێکانان، گەلێن، تا، دوڵاو، تەوریوەر، هەشەمێز، تەختە، خواشت، تەنگیسەر، نچێ، نەوەڕە، بزڵانە، ئارندان، لۆن، گازەرخانی، هاڵیاوا، کۆرەگا، سوورەتفێ، نەسەنار، گڵیە، بێدەرە.

دووەم هەورامانی لهۆن: ئەم بەشەیش لە ساڵی ١٩١٤دا بەهۆی سیاسەتێکی داگیرکارانەوە بە سنوورێکی دەسکردی دوژمنکارانە کرایە دووبەشەوە و بەشێکی خرایە ژێر دەسەڵاتی عێراق و بەشە زۆرەکەشی هەر لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا مایەوە. گەرچی دەبێ بڵێم کە ئەم دابەشبوونە هەر هی ئەو سەردەمە نەبووە بەڵکوو

١- شیعرێکی فۆلکلۆر دەڵێت: هویە سەرهویە بەندەن بێساران   سەرهویە وەشا جای شەدەلاران

پێشینەیەکی هەیە و هەورامان لە ڕابردووشدا زۆرجار لە نێوان میرنشینەکانی بابان و ئەردەڵاندا دەستاودەست کراوە و هەندێ جاریش بۆتە دووبەش لە نێوان ئەو دوو میرنشینەدا. ئەم دوو بەشە لێکدابڕاوەی هەورامان لە سەرجەم بوارەکاندا هێندە لێك نزیك و تێکەڵاون کە لە هەموو حاڵەتێکدا هەر یەکن و وەك یەك و بە یەك بەش و پارچە دەبینرێن و ژیانی دانیشتوانیان بە تەواوەتی تێکەڵە و پێکەوە بەستراوەتەوە، بە ڕادەیەك کە لیژنەی سنووردانانی ساڵی ١٩١٤ بە تایبەتی لە بیارە و تەوێڵەدا تووشی گرفت و ناتەوانی بۆوە و نەیتوانی بە جوانی هێڵێك بەناوی سنوور دیاری بکات، لە ئەنجامدا لە بیارە جۆگەلە ئاوێکیان وەك خاڵی سنوور دیاری کرد کە لە هانەگەرمڵەوە دەڕژێتە بیارە و ئاوێکی هاوبەشی ئاودێرییە! ئەم دوو بەشە لە لایەن دانیشتوانەوە بە دووناوی جیاواز ناو نابرێن بەڵکوو هەر بەهەمان (هەورامانی لهۆن) ناو دەبرێن و ئەوەندە هەیە دەڵێن بەشی ئەمدیو و ئەودیو یا سەروخوار یا سەرجۆ و بنجۆ یاخود وەرجۆ و پەشتجۆ! ئەوبەشەی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی عێراق بریتییە لە گوندەکانی: تەوێڵە، بیارە، بەڵخە، سۆسەکان، دەگاشێخان، دەرەقەیسەر، خەرپانی، هاوار، دەرەتفێ، گریانە، هەوارەکۆن، بنجەودرەی، پاڵانیا، نارنجڵە، گوڵپ، گەچینە، باخەکۆن، سەرگەت، هانەودنی، خارگێلان، تاوێرە، ئەحمەدئاوا، زەڵم، بانی بنۆك، هانەوقوڵی، هێلانپێ، بانیشار، زەردەهاڵ، دەرەی مەڕ...

بەشی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش کە لە دابەشکردنە جوگرافییەکانی خودی ئێراندا بە (هەورامانات) ناو دەبرێت و وەك گوتمان زۆرترین بەشی هەورامانی لهۆن دەگرێتەوە بریتیە لە گوند و شار و شارەدێیەکانی: پاوە، نەوسوود، نۆدشە، دزاوەر، کەیمنە، بێرواس، هانەگەرمڵە، هەجیج، دەرەهەجیج، شۆشمێ (سەرو و خواروو)، شێخان، تەشار، وەزڵێ، نەیسانە، قەڵاگا، نەروی، خەندانەکەڕ، شێنە، دواو، دشە، گراڵ، دەرەموور، داریان، شەڕەکان، خانەگا، ئاریان، دەرەویان، هیروێ، بەڵەبزان، نوریاو، نجار، کۆمەدەرە، وڕا، دووریسان، نوسمە، سەرکڕان، شمشێر، دەرەبەیان، بندەرە،



تەلووکێ، تازەئاوا، قوریقەڵا، قشڵاخ، مەنسورئاغەیی، چلانە (سەروو و خواروو)، لوڕاوەگی، شوانکارە، نۆخان، چۆڕژێ...

ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر سەرجەم دەڤەری بەرینی جوانڕۆیشی بە ٧٢ گوندی دەوروبەریەوە لە خۆدەگرت.

هەرکام لەو بەشانەی هەورامان ناوەند (پایتەخت)ێکیان هەبووە بۆنموونە: پایتەختی سەرجەم هەورامانات: شاری (پاوە) بووە، پایتەختی هەورامانی لهۆن: ـــ بەشی ئێران ـــ شارەدێی (نەوسوود) و بەشی عێراق: (بیارە) و سەردەمێکیش (ئەحمەدئاوای زەڵم)، هەورامانی تەخت: (شاری هەورامان)، چەمی دزڵێ: (گوندی دزڵێ)، چەمی شامیان: (سەولاوا)، چەمی ڕەزاو: (ڕەزاو)، چەمی ژاوەرۆ: (بێساران) و سەردەمێکیش (پایگەلان) و پایتەختی چەمی گاوەرۆیش: (پاڵنگان) بووە. وەك دەسەڵاتیش بەمجۆرە بووە: هەورامانی تەخت: (هەسەن سانی)، هەورامانی لهۆن: ( عوسمان سانی) و چەمی ڕەزاو: (مستەفا سانی).

سەرجەم بەرزایی هەورامان لە دەریاوە لە نێوان ٧٠٠ تا ٣٠٠٠ مەتردایە و تێکڕای ڕووبەرەکەشی لە ٣٠٠٠ تا ٤١٥٠ مەتری چوارگۆشەیە بەڵام بۆ ئاشنایی زیاتری خوێنەر باری هەڵکەوتەی جوگرافیی چەند شوێنێك بە نموونە دەهێنینەوە:

| ناوی شوێن: | پانایی:چ دەقیقە/دەرەجە | درێژایی: دەقیقە/دەرەجە | بەرزی لەدەریا بەمەتر: |
|---|---|---|---|
| تەخت | ١٥ ٣٥ | ١٥ ٤٦ | ١٤٥٠ |
| پاوە | ٠٢ ٣٥ | ٢٢ ٤٦ | ١٥٥٠ |
| نەوسوود | ١٠ ٣٥ | ١٥ ٤٦ | ١٣٠٠ |
| نۆدشە | ١١ ٣٥ | ١٥ ٤٦ | ١٤٥٠ |
| ڕەزاو | ١٥ ٣٥ | ٢٤ ٤٦ | ١٢٧٠ |
| دزلی | ٢٢ ٣٥ | ٠٩ ٤٦ | ١٤٠٠ |
| پایگەلان | ٠٨ ٣٥ | ٣٨ ٤٦ | ١٨٨٠ |
| پاڵنگان | ٠٤ ٣٥ | ٣٦ ٤٦ | ١٠٠٠ |
| بێساران | ١١ ٣٥ | ٣٩ ٤٦ | ١٨٥٠ |
| هانەگەرمڵە | ١٤ ٣٥ | ٠٨ ٤٦ | ١٣٨٠ |

**( وێنەی ١)**

هەورامان ناوچەیەکی هەرە سەرکەش و شاخاوی و سەختە و چەندین شاخی گەردەن کەش دەورەیان لێداوە و لە ئامێزیان گرتووە، ئەو شاخە سەرکەش و پیرۆزانەی کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە بوونەتە لانکەی ئایینی پیرۆزی مەزدیەسنا و پێگەیاندنی ئەشوو زەردەشت و دەیان و سەدان کەڵە پیاو و شاژنی مەزن کە مێژووی مرۆڤایەتی دەبێ شانازییان پێوە بکات، لێرەدا بە کورتی ناوی بەرزترین و بەناوبانگترین شاخەکانی هەورامان دێنینەوە کە بریتین لە: شاهۆ، کۆسالان، پیرۆسەم، کورەمیانە، ئاتەشگا، دڵبەند، دالانی، تەخت، سونێ، هەسوونە، تەتە، شرام، هەیشوور، شەمشی، عەودالان، سەکۆ، قەڵابروسکە، هەزارانی، قەڵاخانی، شانشین، کەڵەدەر،



قەڵێ، گەزەن، قەرزاڵە، پیازدۆڵ، ئەرسەڵان[1] و... پێویستە بڵێم کە بەرزترینی ئەو شاخانەش لووتکەی (زاولێ)یە لە پیازدۆڵ سەربە کێوی سەربەرزی شاهۆ لە ڕۆژهەڵاتی شاری پاوە کە بەرزاییەکەی دەبێتە ٣٣٩٥ مەتر.

**(وێنەی ٢)**

هەورامان سەرەڕای شاخی بەرز و کێوی جوان و سەرکەش و باخ و سەرچاوە و کانیاوە هەرە جوان و دڵڕفێنەکانی، چەندین هاوینەهەوار و سەیرانگای هەرە جوان و ڕازاوەشی هەن کە بە تایبەتی وەرزەکانی بەهار و هاوین دەبنە جێی حەسانەوەو سەیران و گەشتوگوزاری ئەویندارانی ئەو سروشتە جوان و ڕەنگینە. لێرەدا بە نموونەی مشتێك لە خەروار ئاماژە بەم چەند شوێنە پیرۆزە دەکەین: کۆمەکاڵ، ئاتەشگا، بڵ، دەریبەر، دالانی، هەزارانی، نوەیجەڕ، هەیات، قەڵاخانی، کرن، وەزەپووچ[2]، گێجیە، پەروینێ، ئاوەزێ، ئاوێسەر، زەڵم و...تاد.

**(وێنەی ٣)**

ئەم چەند دێڕە وەك ئاماژەیەکی تیشك ئاسا بوو بە مەبەستی ناساندنێکی ساکار و سەرەتایی و سەرپێیی هەورامان بە خوێنەران، ئاماژەیەك کە ئەگەر چڕوپڕ بوایە و گەر بە وردی باسی لێوە بکرابایە دڵنیام بۆ خۆی دەبووە کتێبێکی جوگرافیی سەربەخۆ، گەرچی کار کردن لەو بوارەشدا زۆر گرینگ و پێویستە بەڵام من لەم پێشەکیە کورتەمدا ئەوەم مەبەست نەبووە چوونکە ئاوا کارێك دەبێ وەکوو پڕۆژەیەکی جیاواز و سەربەخۆ و لە لایەن جوگرافی ناسێکیشەوە دابڕێژرێت کە دیارە کات و هەلومەرج و دەرفەتی لەبار و تایبەتی پێویستە، من وەکوو پێشتر گوتم مەبەستم تەنیا ئاشنا کردنێکی سەرەتایی خوێنەر بوو لە سەر هەورامان ئەویش لە

---

١- واچە ئەرسەڵان درێغم نەکەردەن     هەر بەرزێ بەرزا من نامێم بەردەن.

٢- کرن وەزەپووچ بەندەن سەردانی     شای پەسەند کەردەن هەرچوار کانی.

کورتە پێشەکیەکدا نەك نووسینی بەرهەمێکی تایبەت لەمەڕ جوگرافیای هەورامان.
لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەش بە ناوی گوندەکان بکەم و بڵێم: ناوەکان (ناوی گوندەکانی هەر بەش و ناوچەیەك) بە پرژ و بڵاوی هاتوون و بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی و شوێنی تایبەتیان یەك لە دوای یەك نەهاتوون و لەوانەشە ناوی دیکەش هەبن و لە یاد کرابن بۆیە لەم سونگەیەوە داوای لێبوردن لە خوێنەری خۆشەویست دەکەم و هیوادارم لەو خاڵە لاوازەی کارەکە ببوورن و ئومێدیش دەکەم کە لە ئایندەدا بەرهەمی چڕوپڕو سەربەخۆ لەمەڕ جوگرافیای تەواوی هەورامان بکەوێتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە.

* * *

لێرەدا دێمە سەر لێکدانەوەی وشەی (هەورامان) کە تا ئێستا زۆری لەسەر گوتراوە و ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆری لە بارەوە دەربڕدراون و هەرکەس بە پێی سەلێقە و حەز و بۆچوونی خۆی بە جۆرێك بۆی ڕۆیشتووە و لێکی داوەتەوە، دیارە زۆربەشمان ئاگاداری ئەو ڕاستییەین کە زۆربەی ئەو بۆچوون و واتاکردنەوەو لێکدانەوە سەلێقەییانەش هەڵە و بێ بنەما و پێشینان واتەنی (هەڕەمەکی) بوون و ئەوانەشی کە دەکرێ بە هەند وەر بگیرێن و وردتر بخرێنە بەر سەرنج و تاوتوێ کردن و پشتیان پێ ببەسترێت بەداخەوە دەگمەنن. بەهەر حاڵ...، وشەی هەورامان (جگە لەو دۆخە نوێیەی کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەشوو زەردەشتی پەیامبەردا پێی بەخشراوە، واتە ــ ئاهوورامان ــ)، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەم و چاخەکانی پێش زەردەشت و میترائیسم و گەلی لەوان پێشتریش. ناوەکە یەك لەو وشە ڕەسەنانەیە کە تا ئێستاش وەك خۆی یاخود بە کەمترین گۆڕانکارییەوە ماوەتەوەو پارێزراوە. هەورامان وەکوو بنەمای وشەکە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند وشەیەکی لێك نزیکی واتاداری مێژینەی وەك:



- (ئارامەن) بەواتای شوێنی خۆپاراستن و حەسانەوە.
- (ئورامەن) بە واتای ــ لەحن ــ هەوایەکی تایبەتی مۆسیقایی.
- (ئورۆمۆن) بەواتای شوێنی پیرۆز.[1]
- (ئورمۆن / ئورمەن) بەواتای شاری سەخت و شاخاوی.

بە پێی ئەم چەند ناوەی سەرەوە، هەورامان شوێنێکی سەخت و شاخاوی و جێی مەلجە و پەناگە و دالدە و خۆپاراستن و دەڤەرێکی پیرۆز و خاوەنی مێژینەیەکی دووردرێژی شارستانی و مرۆیی و هونەری و ئەدەبیشە ئەویش بە مۆرك و تایبەتمەندیی ڕەسەنی خۆیەوە. لەگەڵ سەر هەڵدانی ئەشوو زەردەشت و بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی مەزد یەسنا (کەلە ناخی هەورامانەوە سەرچاوەی گرتووە)، ئەم ناوانە کۆدەبنەوە و یەك دەگرن و لە وشەیەکدا خۆ دەنوێننەوە کە هەم هەموو ئەو واتایانە لە خۆ بگرێت و هەمیش هەڵگری تەعبیرێکی نوێ بێت. ئەم وشەیەش هەمان (ئاهورامان)ە، (ئاهورا + مان) بە واتای مەڵبەندی ئاهورا، شوێنی ئاهورا. ئەم ناوە دواتر کورت کراوەتەوە و بە هەندێ دەستکاری زمانەوانییەوە لە کوردیدا بۆتە (هۆرامان و هەورامان) و لەزمانی فارسیشدا (ئوورامان) و دیارە ئەو سوان و ئاڵوگۆڕ و دەسکاری و کورتکردنەوەش هیچ لە واتای ناوەکە ناگۆڕێت و هەمان ئەو تایبەتمەندیانەی دەپارێزێت. ئەم دەڤەرە پیرۆز و هەرە مێژینەیەی کورد و سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، شان بە شانی دێرینەیی سروشتی و جوگرافیی، خاوەنی شارستانیەتێکی دێرینی درەوشاوە و مێژوویەکی پڕشنگدار و خەرمانێکی بەپیت و بەرەکەت و هەرە دەوڵەمەندە لە هونەر و زانست و تەکنەلۆژی و زمان و مۆسیقا و پیشەسازی و یاسا و ڕێسای مەدەنیەت و مرۆڤایەتی.

ڕاستیی ئەم بۆچوونەشمان بە سەرنجدانە چریکەی سەرکەشی سیاچەمانە و بنەمای ئابووری و پێشینەی پزیشکی و نەشتەرگەری و دیکەی ئەو پرەنسیبانەی کە هێشتاش شوێنەواریان لەزۆر داب و دەستووری ئەمڕۆی هەوراماندا ماوەتەوە باشتر

١- سەیدی دەڵێ: ئەز ئوورۆمۆن مەکانم بێ وەڵاتم      سەرو پیری خوای گێرەن خەڵاتم

دەسەلمێنرێت. ئاشکرایە ئاوا خەرمانێکی دەوڵەمەند بە دوادا گەڕانێکی جدی و هەمە لایەنە دەخوازێت، پێویستە (شارۆ)یەکی گشتی و چڕوپڕ و ورد و درێژ خایەن و بنەڕەتی دەست پێبکەین بۆ دۆزینەوەی زۆرتر و باشتری ڕاستیەکانی مێژووی مێژینەمان.

ئەم کارەی من بە شێوەیەکی تایبەتی ئەو بوارانە ناگرێتەوە بەڵکوو ئەم بەرهەمە لە ڕاستیدا کۆمەڵە بابەتێك لە خۆ دەگرێت کە پێشتر( سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٣) وەك ڕەخنە و ڕوون کردنەوە و لێکۆڵینەوە و ڕاستکردنەوەی جیاجیا لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوبوونەتەوە و هەر بابەتێك لە بوارێك دەدوێت گەرچی لەوانەیە چەند بابەتێکیش لەدەوری مەسەلەیەکدا بخولێنەوە کە ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوە و ڕەخنە لەسەر گرتن و ڕوونکردنەوەیەکی ئەو باسانەی کە بوونەتە هۆی نووسینی ئەم بابەتانە، هەر بۆیەش ئەگەر ڕستە یا تەعبیر یا لێکدانەوە یاخود بۆچەنێك لە چەند بابەتی جیادا دووباغرە کرابێتەوە، ئەوە نابێ بە هەڵبە وەربگیرێت چونکە وەك لە خودی بابەتەکانیشدا دەردەکەوێت پەیوەندیان بە مەسەلەکەوە هەبووە و زیادە نین و هیواداریشم کە سەرجەم بابەتەکان بتوانن سوودێکی زۆرتر لە بواری ناسینی هەورامانی دێریندا بە خوێنەری هێژا بگەیەنن.

جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس)
تەمووزی ٢٠٠٣ی زایینی
خەرمانانی ٢٧٠٣ی کوردی
لۆکەنی ٣٧٤٠ی ئاهوورایی



## - ١ -

## (شیعر لە شیعری بێسارانی دا)

*((خەیاڵم خاڵی نیەن جە خاڵت    فیدای خاڵت بام چەنی خەیاڵت*
*زوڵفت بەئامان ئامان نەدامان    جەدمای چێشەن پێت نیەن ئامان*
*ئەرچی دەهانش نامشەن دەهان    هیچ دیار نیەن من دانم گیان))*

دەڵێن شیعر بەرهەمی شعوورە،ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی شعوری بە ئاگایە، واتە تا شعوری بە ئاگا نەبێت، تا هەستی ناسك و تێگەیشتن و بیری وردی شاعیرانە نەبن و تا ئەوانیش نەورووژێن و تا هەست نەکەن و پێ نەزانن و بێدار نەبنەوەو ڕانەچڵەکێن شیعر لە دایك نابێت. شعور و هەستی ناسك و بیری تیژی شاعیرانە دەبێ ئاوس بن بە ئیلهامێك لە دەروونی هۆشەوە، دەبێ ژان و برین بیانگرێ، دەبێ لە تاوی ئەو ژان و برینە بەڕاستی ناسۆرانەدا بتلێنەوە، ئەوکاتەیە کە شیعر دەخولقێ. شیعر ئاکام و ئەنجامی ژان و برینی بە ئاگا هاتنەوەو ڕاچڵەکین و وروژانی هەست و شعووری زیندووە. بۆیە دەڵێم هەر هۆنراوەیەك شیعر نییە و دەبێ ورد ورد لەناو هۆنراوەکاندا بگەڕێین تا شیعرێکمان دەست بکەوێت. بێسارانی ئەو کەڵە شاعیرەیە کە تاهەتایە کورد شانازیی پێوە دەکات و گوڵستانی شیعرو ئەدەبی کوردی بە هەناسە هەژێنەرەکانی هەر ڕازاوە دەمێنێتەوە. جا با بزانن ئایا دیوانەکەی ئەم کەڵە شاعیرەمان شیعرە یان هۆنراوە؟، ئایا زۆربەی بابەتەکانی ناو دیوانی بێسارانی شیعرن یاخود هۆنراوەی ڕووت؟، ئایا بێسارانی بەس هۆنراوەی هۆنیوەتەوە یاخود ژان گرتوویەتی و برینەی جەرگبڕی پێدا هاتووەو شیعری خولقاندووە؟، گەرچی دەزانم کە بێسارانی دەریایەکی قووڵە و مەلەوانی کارامەی دەوێ کە بتوانی خۆی لە شەپۆلەکانی خەیاڵی ناسکی بدات و نووسین لە سەر بێسارانی و گەشتی ناو باخچەی پڕلە گوڵی بیری تیژو هەستی ناسکی کاری هەموو کەس نییە و گەرچی دڵنیایشم کە

منیش ئەو مەلەوانە نیم و لەوانەیە لە ناو شەپۆلە بەرزەکانی هەستی ناسکی ئەم کەڵە شاعیرەدا کە مەولانا مەولەوی بە شانازییەوە بە مامۆستای خۆی دەزانێت و دەستی نیازی بۆ ڕادەکێشێ نوقم ببم و بخنکێم، بەڵام سەودای بۆنی گوڵە ڕەنگینەکانی دنیای خەیاڵی بێسارانی ئەو کەڵکەڵەیەی خستە دەروونمەوەو پاڵی پێوە نام بەرەو ئەو جیهانە بەرینە بۆیە بە مەبەستی دۆزینەوەی شیعر لە شیعرەکانی بێسارانیدا کەوتمە پشکنینی دیوانەکەی و پیت بە پیتی دیوانەکەیم خوێندەوە. سەرم سووڕ ماو شاگەشکە بووم لەوەی کە دیتم بێسارانی ئەهلی هۆنینەوە نەبووە بەڵکوو شیعری خولقاندووە، کەمتر هۆنراوەم بینی و زۆرتر شیعری نابم خوێندنەوە. بۆم دەرکەوت کە بێسارانی زۆرجار لەگەڵ ژان و برینی هەست و نەست و شعوریدا گینگڵی داوە تا شیعری خولقاندووە، شیعری ناب، شیعری شیعر! و تا خولقاندووشیەتی جەرگی شعوری بڕاوە، بڕستی هەستی نیوە گیان بووە، دڵنیاشم کە تەنیا پاش خولقاندنی شیعرێکی ناب و لە سای زوڵاڵیی شیعرەکەدا ماندوێتیی هۆشی حەساوەتەوەو ئازاری هەستی سوکنایی هاتووەو زیڵەو زایەڵەی شعووری دامرکاوە. گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە مەولەوی لە خۆڕا بێسارانیی بە مامۆستای خۆی نەزانیوەو هەقی خۆی بووە گەر بچێتە ژێر کاریگەریی و بە ئاشکراو بە شانازیشەوە قەرزی لێبکات و بە ڕاشکاویش ئەو قەرز وەرگرتنەی ڕابگەیەنێ:

*((بێسارانییەن نەتۆی فەرد من*
*خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن)).*

ئایزایا برلین ڕەوان شناسی بەهرەمەندو بیرمەندی فەلسەفە دەڵێت: ((ئەگەر شەوەهای شەو بێداریت نەکێشابێت و لەگەڵ مەسائیلی وردی فەلسەفیدا دەستەو یەخە نەبووبیت، ناتوانی لە بارەیەوە قسە بکەیت))!واتە تا فەیلەسوف نەبی، تا بیری ورد و تیژت نەبێ فەلسەفە ناناسیت و تێی ناگەیت، کە واش بوو دیارە ناتوانی لێی بدوێی. شاعیریش تا شاعیر نەبێت، واتە تا خاوەنی شعورێکی زوڵاڵ نەبێت ناتوانێ شیعر بخولقێنێ. شیعر بەرهەمی شعورو هەستی ناسك و خەیاڵی تیژو بیری وردی



شاعیرە نەك هونەرمەندی و وشەئارایی هۆنەر. هۆنەر بەس هۆنراوە دەهۆنێتەوە، هەر وشە ڕیز کردن و ئارایشت کردنی و ڕێك خستنی و... تەواو! بەڵام شاعیر بیر لە ناوەرۆك و پەیام و ئەرکی شیعر دەکاتەوەو لە گەڵی دەژی و پێی دەگەیەنێت و لە ئاکامدا شیعرێکی ناب دەخولقێنێ. بێسارانیش بە واتای وشە شاعیر بووە، شیعری ناسیوە، شەو و ڕۆژ لە چلەخانەی شعوردا خەڵوەی کێشاوە تا توانیویەتی شیعر بخولقێنێ. خۆی نموونەیەك لە ئەزموونێکی سەبرو گینگڵ دان و چێژانی ژانی ناسۆری ئەو هەستە ناسك و بیرە تیژەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**((چراخم چوونم ... ... ...**
**چێش واچوون جە دەس هیجرانت چوونم**
**گیرۆدەی ئافاق دەستی گەردوونم**
**سەبرت سۆچنان یانەی دەروونم**
**تۆ وێت مزانی دڵ چەند سەبرش کەرد**
**پەردەی سڕ پۆشاو شکایەت نەکەرد**
**ئیسە ها سەبرم جە تاقەت بڕیا**
**یانەی سەبرم سفت پەردەی دڵ دڕیا**
**ئێدشان واتەن حەکیمانی حاڵ**
**جە سەبر کەردەن سەنگ مەبۆ وە لاڵ**
**من یەند سەبرم کەرد سەنگ نەبی وەلاڵ**
**ها من بیم وەسەنگ سەنگ بی وە زوخاڵ)).**

بە چەندین پەلەقاژە لە دەریای بیری بێسارانیدا هێز و بڕست و بەهرەی شاعیرێتیی ئەو کەڵە مێردەم بۆ دەر کەوت، بەڵام ئایا ئەوە بۆ چاوەڕوانی و تامەزرۆیی حەزو خواستی من بەس بوو؟ ئایا دەمتوانی بە ئاسانی لە دنیای بەرینی ئەو خەیاڵە ناسك و وردەدا بێمە دەر و دڵخۆش بم هەر بەوەی کە بێسارانی شاعیرەو

شیعری زۆرن؟ نا... چوونکە نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە بێسارانی هەر تەنیا شیعری هەبن و بەس! بۆیەش کەوتمە بیری شیعرترین شیعر لەناو سەرجەم شیعرەکانیدا. کە وردتریش خوێندمەوە، ئەمجارەش هەر بە دەستی پڕ گەڕامەوە و تێگەیشتم کە بێسارانیی شاعیر، بێسارانیی وردبینی هەست ناسک، بێسارانیی خاوەن شعووری بێداری شیرین زمان لەناو شیعرەکانیشیدا شیعری هەنە: شیعری ناب، شیعری زیندووی هەژێنەر، شیعرترین شیعر!:...

**(( چراخم ڕوێ جە سۆب سەحەردا**
**ناگا خەدەنگێش بەرد وە جگەردا**
**جگەر پەنهان کەرد مەر دڵ نەزانۆ**
**بێ ڕامەن نەبا چەنەش بسانۆ**
**دڵ دەر لاد زانا هۆرئێزا بە جەنگ**
**گرت بە دەستەوە سەر فاقەی خەدەنگ**
**مەکێشۆش بەرۆش نە فەرقی جگەر**
**جگەر سەخت گرتەن نمەیۆ وە بەر**
**چوونکە نیهانیی دەروونشانەن**
**دامانم بە هوون گڵگوونشانەن**
**فیدای شەستت بام هەی خەدەنگ وە دەس**
**خەدەنگێو هەنیت با بەرشۆ جە دەس**
**بدەش بە دڵدا بە وێنەی جگەر**
**تا جەورو جەفام ناوەران وە سەر ))**

بێسارانی توانایەکی لە ڕادە بەدەری هەیە، زاڵە بەسەر زمانی شیعرەکەیدا، وشە و پیت وەکوو مۆم لە دەستیدا نەرمن، زیندوویان دەکاتەوەو گیانیان پێ دەبەخشێت، وشەی زیندوو دەخولقێنێ، بە چەند وشەیەك تابلۆیەك دەنەخشێنێ، تابلۆیەکی گیاندار کە هەر زوو ئاوێتەی ناخی خوێنەر دەبێت و مرۆڤ هەست دەکات بە ڕاستی



تیایدا دەژی. نیونیگایەکی خۆشەویستەکەی ئاوەها دەکاتە تابلۆیەکی زیندووی هەژێنەر و واقیعێکی جیهانیی پێدەبەخشێ، دەیتوانی سووك و ئاسان بڵێت: (بەرەبەیان، یارم بە تیلەی چاو سەیری کردم و بەو نیگایەی دڵ و جگەرم ئاگریان تێ بەربوو) کە ئەگەر وایشی بگوتایە ئەوا تەنیا هۆنراوەیەکی سارد و سڕی هۆنیبوویەوە. بەڵام شاعیر ئەو کارە ناکات، دەستی خۆشی نییە چوونکە هەر ئەو نیگایە بۆتە ئەو ئیلهامە دەروونییەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، شعووری هەژاندووە، هەست و نەست و هۆش و بیری بزواندووەولە ئاکامدا ئەو تابلۆ هەرە بەنرخەی ئاوەها بە خەیاڵی ناسك نەخشاندووە کە پڕیەتی لە دیمەنی جوانی وەك حەماسە، بەزین و دابەزین، ئەوین و کڕنۆش و نیاز، ژیان و مەرگ، جیهان و فەنا و حەزی زیندوومانەوەی هەتایی. بێسارانی لەم تابلۆیەدا پێمان دەڵێ: یار هەر لە یەکەم چرکەی سەرەتای ژیاندا تیری نیگایەك دەهاوێ کە ڕاستەوخۆ لە جگەر دەدات. نیگا، نیگایەکی ژیانبەخشە، تیریش تیری (ناکاو) نییە کە مەرگ و فەنای بەدواوە بێت بەڵکوو هەوێنی ژیان و زیندوو مانەوەیە بۆیەش جەرگ لە دڵی دەشارێتەوە چوونکە دەیەوێ خۆی ئیکسیری ژیانی هەتایی بنۆشێت نەك ڕەقیبەکەی، دیارە دڵ و جگەر لەو تابلۆیەدا لێك جیان واتە هی یەك لەش نین و گەر هەشبن هەرکام بە تەنیا گیرۆدەی داوی ئەو نیگا ژیانبەخشەیە و بۆ وەدەس هێنانی ئەوین کە ژیان و زیندوێتیی تاهەتایی دابین دەکات هەر کامیان ئەویتر بە ڕەقیبی خۆی دەزانێت. تا ئێرە گێرەو کێشەی بەرژەوەندی خوازی و قازانج خوازیی تاك دەبینرێت و شۆڕش لە پێناو دابین کردنی ئەو حەزە (تاکە) کەسییەدا. جەرگ کە دەلیل بۆ پەنهانکارییەکەی دێنێتەوە، ئاوەها پاساو بۆ ئەو قازانج خوازییەی خۆی دێنێتەوە کەگوایە: دڵ وەحشییە، هێشتا ڕام نەبووەو لە چمکی هاوبەشی و یەکبوون و... تێناگات، زۆر تاکڕەوەو ئەگەر پێی بزانێ لێی زەوت دەکات و ڕەنجی جەرگ بە فیڕۆ دەڕوات کە ئاکامەکەی مردن و فەنا بوونی جەرگە! تا ئێرەش دیاردەی ئێرەیی و متمانە بە یەکدی نەبوون و دڕۆنگی لە هاوبەش و هاو نەوع بەرجەستە دەبێتەوە. لێرەوە شەڕو شۆڕی داگیرکاری و پاراستنی

بەرژەوەندی و پێکدادان و بەرهەڵستکاری دەست پێدەکات: دڵ بەو تیرە هاوێژراوەی زانیوەوتەماع گرتوویەتی، خۆ ئەویش تەمەنێکی دوور ودرێژە بە ئاواتی ئەو ئیکسیرەیە، تینوێتیی کێشاوە، ڕەنجی داوە، ژاری دووریی چێشتووە هەر بەو ئاواتەی ڕۆژێك پێی بگات و ژیانی بەختیاری تاهەتایی پێ ببەخشرێت. ئێستاش تیرێك هاوێژراوەو لەویش شاردراوەتەوە، بۆیە تێهەڵ دەچێت و دەست دەکاتە شەڕو ئاژاوەو هەڵمەت و قوربانیدان بۆ وەدەس هێنانی شتێك کە بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێ. لە لایەکی ترەوە نووکی خەدەنگ ڕۆ نیشتۆتە نێو ناخی جگەر و دەر نایەتەوە بۆیە ئەو کێشمەکێشە توندتر و خوێناوی تر دەبێ. ئەوە جەرگ و دڵ لە لایەکەوە کە پێکەوە لە شەڕێکی خوێناویدان و هیچکامیش سەرناکەون، لەم لاشەوە (گیان) دەبینین کە چی دەرد و ڕەنج و زام و ناسۆری ئەو شەڕەیە بۆ ئەم دەمێنێتەوە بە بێ ئەوەی دڵ و جەرگ کە سەرمەستی بادەی ئەوینن هەستیشی پێ بکەن، بۆیە گیان وەکوو ناوبژیوانێك دێتە مەیدانەوە. ئەویش بە چ کڕنۆش بردن و کڕووزانەوەیەك لە یار کە گەورەیی بکات و بە نیو نیگایەکی تر تیرێکی دیکە باوێت بەرەو دڵ تا ئەویش بێ بەش نەبێت و کۆتایی بێنێت بەو شەڕو ئاژاوەو کێشمە کێشە خوێناوییەی لە گەڵ جەرگدا، کە لە ئاکامدا ئەوان هێمن دەبنەوەو گیانیش لەو هەموو ئێش و ئازار و ئەشکەنجەیە ڕزگار دەبێت. لێرەشدایە کە پرسی ژیانی ئاسوودەو هاوسێیەتی بەختەوەرانە و ئارامی و ئاسایشی گشتی دێتە ئاراوە. بێسارانی لەم شیعرەدا سەرەڕای ئەو ئاوڕدانەوە سیمبولیکە لە ژیان و لە وڵات و لە مرۆڤ، خودی ژیانی کردۆتە سێ خاڵ (قوتب)ەوە: قوتبی یەکەم (گیان)ە کە دەمێکە تواوەتەوە لە (گیانان)دا و هی دووەم و سێیەمیش دڵ و جەرگن کە ئەوانیش دەیانەوێ بتوێنەوە و لە ئەنجامدا بوون و نەبوون، هەست و نەست و هەموو ژیانیش فەنا ببێ لە ئەوینی دڵداردا وتیایدا بتوێتەوە، توانەوەیەك کە لە ئاکامیدا ببێتە خودی ئەوین و پێك گەیشتن. ئەو تابلۆیە ڕەنگین ترو نەخشینترە لەوەی کە بە سەیرێکی ئاوەها کورت و کوت و پڕ بخوێندرێتەوە، بەڵکوو دەبێ شارەزایانە نوقمی ببین تاوەکوو سووچ و



قوژبنەکانی دیکەشی بدۆزینەوە کە ئەویش لە توانا و دەرفەتی ئەم باسە گشتییەدا نییە. لە تابلۆیەکی دیکەدا بێسارانی بۆ پاش شەهید بوون داوای تاڵە موویەك لە زولفی دولبەر دەکات بۆ ئەوەی بیکاتە پێناسەی خۆی لە مەحشەری ئەویندارانداا:

**(( چراخم شەهید ... ...**
**وەختێ وە نیگات مەکەریم شەهید**
**بو بەشقی خودای مەجید و حەمید**
**جەو زوڵفی سیات یەك تایە وەحید**
**بوزەم نە گەردەن بە وێنەی زوننار**
**بەو زوننارەوە بشوون وە مەزار**
**تا ئەر مەلەکان بیانێم وە سەر**
**وینان ئەو زوننار تۆم بەستەن کەمەر**
**شەرمی زوڵفی دێز سیات کەرانێ**
**عەزابی دۆزەخ پێم نەدەرانێ)):**[١]

لەم شیعرەدا مەبەست هەر هەمان نییە کە واتا ساکارەکەی پێمان دەگەیەنێت واتە مەبەست ئەوە نییە کە گەر هات و شەهیدی نیگای دڵبەر بوو و ناشتیان مەلایکە لەو تای زولفە سڵ دەکەن و شەرم دەکەن و گۆڕەکە بە جێ دێڵن و بڕایەوە! بەڵکوو دەبێ ئاوەها لێکی بدەینەوە تا بگەینە واتا و ناوەرۆکە قووڵەکەی: نیگای دڵبەر گڕو کلپەیە، نەك گڕی سووتێنەر بەڵکوو کلپەی ژیانی تا هەتاییە، دوایین قۆناغ و هەنگاوی ئەوینە، سەرپاك (بوونە ئەشق)ە. بەڵام بڕینی ئەو قۆناغەش بەڵگە و

---

١- من پێم وایە ئەم شیعرە ناتەواوەو دەبێ بە دێڕی :( جەو بۆنەی زولفت بەهەشت مەدان پێم وەرنە چ کارەم کێ مەزانۆ کێم) تەواو ببێ کەچی ئەو دێڕە خراوەتە ناو پارچە شیعرێکی دیکەوەو تا ئێستاش چ بەڕێز (کەیومەرز نیکرەتار) و چ بەڕێز کاك (حەکیم مەلا ساڵح) کە دیوانی (بێسارانی)یان بلاو کردۆتەوە هیچکامیان هیچ ئاماژەیەکی لەم بارەیەوە نییە. ئەم خاڵەش نیازی بە ڕوونکردنەوە هەیە ئەویش بە لێکۆڵینەوەی وردتر لە شیعرەکانی بێسارانی.

دەلیلی دەوێ بۆیە داوای ئەو بەڵگەو بروانامەیە دەکات و دەڵێ: خۆشەویستەکەم، گەر هات و بە دوایین نیگات ژیانی تاهەتاییت پێ بەخشیم (لە تۆدا توامەوە) تایە زولفی خۆشتم بدەیە. بەڵام تایەکی تاقانەو بێ وێنەو تایبەتی. لێرەدا مەبەست پەسەند کردن و وەرگرتنە لە عالەمی ئەویندا. دەڵێ کە توامەوە با ئەوانی تر کە پێش من تواونەتەوە بە نامۆم نەزانن و بە غەریبم تێ نەگەن و بزانن کە پەسەندیدەی ئەوینی تۆم و خۆت هەڵت بژاردووم. واتە با بزانن کە من سەرپاك بوومەتە ئەشق، بووم بە خودی ئەشق و ژیانی تا هەتایی. ڕاستی ئەگەر بێسارانی بە هەموو ئازای ئەندامییەوە، بە دڵ و گیان و ڕۆح و هەست و نەستەوە لە ئەشقدا فەنا نەبووبێت، گەر ئوینی دەرك نەکردبێت و شعووری نەهەژابێت، ئەگەر بیرو هۆشی لە دەردی ئەوینی ڕاستەقینەدا نەتلابێت و نەگلابێ چۆن دەتوانی ئاوەها شاکارێك بخولقێنێ؟ ئاوەها شیعرێك کە هاوارێکی هەمیشە زیندووەو دەنگی تا هەتایە دەزرینگێتەوە، ئەگەر خامەو ڕەنگامەی ئەوینی پاکی پێ نەبێ چۆن دەتوانێ ئاوەها تابلۆیەکی هەرە زیندوو بنەخشێنێ کە هەر نیگارەیەکی تەژی بێ لە ڕاز و ڕەمزی ژیان و هونەر و بەهرەی داهێنەرانە؟ یاخود ئەگەر بێسارانی لە ئەویندا نەتواوەتەوە، گەر نەبۆتە سوڵتانی ڕاستەقینەی ئەشق چۆن دەتوانێ گاڵتە بە مەجنون و فەرهاد و... بکات و بە هیچیان دابنێت؟:

**((جە کۆشان بی دەرد ... ...**
**فەرهاد و مەجنوون جە کۆشان بی دەرد**
**فەرهاد نەتاواش بێستوون سا کەرد**
**مەجنوون جە ئاهش سەنگ نەبیی وە گەرد**
**فەرهاد هەر سەنگش تاشا بە تێشە**
**مەجنوون کۆ گەریش مەکەرد بە پێشە**
**مەگەر دەردەدار چوون ئەوان مەبۆ**
**دایم ڕەنگ زەبوون ناتەوان مەبۆ**



**دەردەدار کەسێن دەردش بۆ نە سەر**
**دووش، کۆی بێستوون بگێرۆ نە وەر**
**من زەڕەی دەرد هانە دەروونـدا**
**وەختەن نەجد بدەو وە بێستووندا )):**

ئەو دەردەی کە بێسارانی قسەی لێدەکات و ئەو ڕەنگەی کە دەیڕێژێ نیشانەی شکست و هەرەس و زەبوونی نییە، نموونەی ماوی و بە چۆکدا هاتن نییە بەڵکوو هێز و توانایە، گوڕو تینە، بەرەو ژیانی ڕاستەقینەی هەتایی چوونە. ئەو دەردە باڵاترین هێز و بڕست و توانا دەبەخشێ بە دەردەدارەکەی و ئەوەش کە لێی دەترسێت و لێی هەڵدێ، یارە کە ئەهلی نییە! ئەهلی تایبەتی ئەو دەردە نەك هەر سڵی لی ناکات بەڵکوو ئاواتی بۆ دەخوازێت و بە شانازییەوە بەرەو پیری دەڕوات چوونکە دەزانێ کە ئەگەر ژانێکی هەبی ئەوە هەوێن و ئیکسیری ژیانێکی هەمیشەییە:

**(( سوەیل پێ شادەن خەزان ڕەنگ و بۆ**
**بگێران جە شەوق شۆڵەی ڕەنگی تۆ )).**

بۆ ئەوەیە کە ساڵێکی تر زیندوو ببنەوە، بۆ ئەوەی کە ببووژێنەوە، کە بۆ هەمیشە نەمرن و فەرامۆش نەکرێن چوونکە شەوقی شۆڵەی ئەو (یار) ژیانبەخشە، زیندوو کەرەوەو هەتا هەتاییە و هەر ئەوەشە کە شعووری بێسارانیی هەژاندووە، هەستی بزواندووە و وای کردووە کە ئاوەها شیعرێکی ناب بخولقێنێ. ئەو شیعرە نابانەی بێسارانی شیعرترینی شیعرەکانن و ناهۆنرێنەوە چوونکە هۆنراوە نین، شیعرن، لە ڕەگ و ڕیشەی شعووری زیندووی وجوودەوە هەڵقوڵاون. ئەو شیعرانە گیاندارن و خولقێنراون. وشە بە وشە و پیت بە پیتی شیعرەکانی بێسارانی گیاندارن و خوێنەر هەست بەو زیندوویێتییە دەکات. خوێنەر سەری سوڕ دەمێنێ، دەحەپەسێ کاتێ سەرنجی ئەو زمانە پاراو و دەوڵەمەند و لە هەمان کاتدا سادەو بێ گرێیەی بێسارانی دەدات کە ئاوەها شاکارێکی پێ دەخولقێنێ. کێیە نوقمی ئەو تابلۆ هەرە ڕۆمانتیکە نەبێت کە بێسارانی بە سوود وەرگرتن لە چەند پیت و وشەی ساکار و بە سادەترین

شێوە نەخشاندوویەتی لە گڕی ناو دڵی خۆی و ناسکیی یار و جێی تایبەتی خۆشەویستەکەی لە سەرچاوەی هەمیشە تەڕی چاویدا:

**(( چراخم نە دڵ ... ...**
**دڵ پەڕ ئایرەن بۆ وەس شۆ نە دڵ**
**نازك تەرەنی تۆ جە پەڕەی گوڵ**
**نەداری تاقەت زوڵف بۆ سونبوڵ**
**دڵ ئاە مەکێشۆ گڕ مەیۆ وە بەر**
**نەبا نەیشەڵڵا پێت یاوۆ زەرەر**
**تێدا مەنیشە هەی بەرگوزیدە**
**بۆ با جات کەرو وە بانی دیدە**
**موژەم هەم مەردم کەرووت وە پەڕچین**
**تا پێت نەیاوۆ ناواکی بەد بین**
**ئەوسا تەماشای سەروی ڕەوان کەر**
**باڵات وێنەی نەی دەستە نیشان کەر**
**عەجەب یاگەتەن نەمامی وایەم**
**پایە بڵەند بای پەرێ سەر سایەم )).**

ماوە بڵێم ئەم کارەی من تەنیا وەکوو کردنەوەی دەلاقەیەکە لە ڕووی دنیای شیعری شاعیری نەمرمان بێسارانی بۆ ئەوەی خاوەن ڕایان و پسپۆڕانی زمان و ئەدەبی کوردی زۆرتر ئاوڕی لی بدەنەوەو شەپۆلی خوێندنەوەیەکی نوێ و چڕو پڕ لە سەر شیعری بێسارانی بخرێتە ڕێ کە دڵنیام دەبێتە بنەمایەك بۆ دەوڵەمەندتر کردنی خەرمانی پڕ پیتی زمان و ئەدەبی کوردی.



تێبینـــــــــــــــــــی:

یەکەم، بۆ ئەم باسەم سوودم لە دیوانی مەولانا مەولەوی تاوگۆزی و دیوانی بێسارانی و کتێبی (بژی ئازادی)ی ئایزایا برلین وەر گرتووە.

دووەم، ئەم باسەم لە بەرواری (١٣٧٤/١٢/٥ - ١٩٩٥ -)دا بۆ سیمیناری بێسارانی نووسی کە زستانی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی لە مەریوان بەسترا بەڵام بە نیشانەی ناڕەزایەتیم لە هەندێ دەستێوەردانی بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی لە سیمینارەکەدا نەمخوێندەوەو ڕام گەیاند کە ئەو سیمینارە (تەحریم) دەکەم و...

ج.ع

* * *

## - ٢ -

## ڕوانینێك لە درزی دەلاقەیەكەوە

هاوینە وشك و برینگەكەی ئەوساڵ لە گەڵ چەند دۆستێكدا بووینە ڕێبواری ڕێگای مێژوو، سلاو و ڕێزی پڕ لە تاسەمەندیی (ئاویەر)ی سنەو(زرێبار)ی مەریوان و (قەڵاخانی)ی هەورامانمان گرتەكۆڵ و هاتین تا ئاراستەی سەنگەرە دێرینەكەی(داریووش) لە شەڕە قورسەكەی(ئەسكەندەر) واتە (قەڵا)ی هەرەمێژینەی هەولێری بكەین، زیارەتی قەڵامان كردو چاومان بە چەند دۆست و ناسیاوی ئەدەبیش ڕووناك بۆوەو ئیدی كەیفی ئەو پێك شاد بوونەوەیەو بەختەوەریی زیارەتی ئەو دێرینگایە بوونە یەك و هەناسەیەكی(مەولەوی)یان بە ڕوودا پڑاندین:

*(( بەزم شادی و شەوق نەدەروون جەمەن*

*ئانە هیچ نەبۆ نە دەروون خەمەن ))*

هەرچەندە گەرمای لە ڕادەبەدەرو كەم ئاوی و نەبوونی كارەباو...(كە هەر هەموویان نیشانەی لێك تۆرانی بەهارو بارانیان پێوە دیار بوو) گوشاری دەهێنا تا ژووری پڕ لە شادیی بیرو زەینمان تاریك دابگەڕێنێ، بەڵام ئێمەش هێندەمان مۆمی خۆشەویستی هەڵكردبوو كە ئەو دێوەزمە كوێرە لە هیچ سووچ و بن میچێكی ژوورەكەدا جێی نەدەبۆوە هەر بۆیە لەو وڵاتەی ئاگروگڕو ئەویندا سەری هەڵگرت و خۆی لە چاڵەڕەشەی نەمان و فەرامۆشیدا نوقم كرد. لە گەرمەی بەزمەكەدا لە كاروانسەرای (كاروان)چییە خۆشەویستەكانیشدا هاوڕێی دێرین و هێژا، كاك (حەكیم مەلا ساڵح)مان دیتەوەو شادییەكەمان هێندەی دی گەرم بوو. قسەقسەو باس باس تا فەرمووی ژمارە(١٣٨)ی كاروان تایبەتە بە فۆلكلۆر و پێشمان خۆشە باسێكمان لە مەڕ فۆلكلۆری هەورامان هەبێت. بۆیە یادی سیاچەمانە كرایەوەو چەند پرسیارێكی



كورت و سەرپێیی لە من كراو منیش هەروا كورت و سەر پێیی وڵامم دانەوە. ئیدی ماڵئاواییمان لە قەڵاو دۆستانیش كردو بەڕێ بووین تا وڵامی ئەویندارانەی قەڵا بۆ بارەگای هاوەڵەكانی بەرینەوە. شاعیرێكی فارس دەڵێ (( كار دنیا بە مراد دل دانا نشود)) واتە ئیش و كاری ئەم دونیایە بە حەزو خواستی دڵی زانایان ناگەڕێت. ئەمجارەش چەرخی چەپسووری گەردوون خراپ خولایەوەو لەو سووڕانە شێتۆكانەیەیدا جەستە با بردەڵەكەی منی لە گەڵ نیوەی ڕۆح و هۆشمدا لە ناو دڵە گەرم و نەرمەكەی زرێباردا هەڵگرت و سووكێك فڕێی دایە ئامێزی قەڵای دێرینەوە. هێشتا سەرسامیی ئەو فڕێدانە بێ بەزەییانەیە هەستی ماندووی بە جێ نەهێشتبووم كە ژمارەی تایبەت بە فۆلكلۆری كاروان (١٣٨) بلاو بۆوەو لە لاپەڕە (١٤٩)یدا چاوم بە پرسیارو وڵامە سەرپێییەكانی خۆم كەوت و خوێندمەوە: (( لە گەڵ جەلیل عەباسی، هەڤپەیڤین: كاروان)) كە خوێندیشمەوە هەستم بە ناتەواوییەك كرد و وام بە باش زانی لە نووسینێكدا زۆرتر لە سەر ئەو بابەتە بڕۆم و جوانتر ڕوونی بكەمەوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێ خاڵ لە نووسراوەكەدا هەبوون وەكوو هەڵەی چاپ و هی لێكدانەوەی وشەو هەرواش بۆچوونێك لە پێشەكییە كورتەكەدا ساغكردنەوەیان پێویست بوو، بۆیە دڵی خۆم لە ئەنجامی كارەكە ساغ كردەوەبۆ ئەوەی تێشكێك بخەمە سەر باسەكە:

١- هاوڕێی خۆشەویستم كاك حەكیم لە پێشەكییە كورت و جوانەكەیدا دەڤەری هەورامانی بەم شێوەیە ناساندووە: (هەورامانی تەخت)، (هەورامانی لهۆن)، (هەورامانی ژاوەرۆ)، (هەورامانی ڕەزاو)، (هەورامانی دزڵی). هەر چەندە باش دەزانم كە بەڕێزیان لە بواری مێژوو ناسیدا زۆر لە خۆم شارەزاترەو هەرواش تەمەنی خزمەتكردنی بە فەرهەنگ و كولتووری كوردی بە تایبەتی لە هەوراماندا درێژە و لەو بوارەدا خاوەن ڕایەكی چالاك و دڵسۆزە، بەڵام باشترم زانی ئەم ڕاستییە ڕا بگەیەنم كە هەورامان بۆ خۆی دەبێتە دوو ناوچە كە دەكرێ بە جیاواز ناویان بهێنرێت واتە(هەورامانی تەخت)و(هەورامانی لهۆن) كە بەرزە كێوی (شاهۆ) لە زنجیرە كێوەكانی (زاگرۆس) لێكیان جیا دەكاتەوەو وەك جوگرافیا دەبنە دوو ناوچەی جیاواز.

ئەمە وێڕای جیاوازیی نێوان حاکم و بەگزادەکانیان و هەروەها شێوەی ئاخاوتن و هەندێ داب و نەریتی دیکەی ئەو دوو ناوچەیە. هەورامانی تەخت بۆ خۆی دەبێتە چەند بەشێکەوە کە بە هەرکامەیان(چەم) دەگوترێت و هەرهەمووشیان سەر بە هەورامانی تەختن و لێی جیا ناکرێنەوە و دەتوانین ئاوەها ناویان بەرین: خودی هەورامانی تەخت، چەمی ژاوەرۆ، چەمی گاوەرۆ، چەمی شامیان(هەمان چەمی ڕەزاو)و چەمی دزڵی کە هەروەکوو گوتمان سەر بە هەورامانی تەختن و هیچکات بە جیا و بە سەربەخۆیی ناو نابرێن.

**٢ـ** لە وتو وێژەکەدا چەند خاڵ لە بەرچاو نەگیراون، بۆ نموونە لە دێڕی ١٢ی پرسیاری سێیەمدا دوو دێڕە شیعر لە مەڕ مێژینەی سیاچەمانە هێنراونەتەوە، دێڕی یەکەمیان بە شێوەی هەورامییەو دەڵێ:

***گۆرانی هۆرە سیاچەمانە***

***قەدیم یادگار قەوم کوردانە***

وشەکانی(هۆرە)و(سیاچەمانە) خراونەتە ناو کەوانەوە بەڵام وشەی(گۆرانی) بە بێ کەوانە نووسراوەتەوە، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە گوایە گۆرانی بریتییە لەو دوو ئاوازە واتە هۆرە و سیاچەمانە، کەچی لە ڕاستیدا وا نییەو هەر سێ وشەکە لێك جیان، بە واتایەکی تر ئێمە سێ (لەحن)مان هەبوون، یەکەم، گۆرانی واتە ئاوازی تایبەت بە گۆرانەکان کە ئەویش لەحن و کەش و هەوای تایبەت بە خۆی هەیەو دابەش دەکرێتە سەر چەند بەشێکی وەکوو( چەپڵە، خاو ـ گوشی ـ، وردەبەم و گێڵای ـ گەڕیان). ئەم بەشانەش هەریەکەو دەبنە چەندین بەزم کە هەر بەزمێك ناوی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نموونە ( ئامان لەرزانە و یەزن یەزن و شیرین هەلامە) دەکەونە خانەی چەپڵەوە، ( مەلە سەرشین و کونە هەواران و مێوە دەیمەکێ) دەخرێنە خانەی بەزمی خاو ــ گوشی ــ یەوە، (ئامە هۆئامە و ئامان میم گورچی و ئای ئەلۆەن) دەچنە ڕیزی وردە بەزم و( یاران یاران و چاو ڕەشە کاڵێ و لەیلی گیان)یش دەخرێنە خانەی بەزمی گەڕیان ــ گێڵای ــ یەوەکە خۆی پێشەکییەکە بۆ گەرم داهاتن لە



چەپڵە و هەڵپەڕکێدا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم بۆیە یەکەمجار باسی ( گۆرانی)م کرد، چوونکە لام وایە و بە ڕاستیشی دەزانم کە لەو دوو لقەکەی دی واتە هۆرە و سیاچەمانە لە مێژینەترە. وەك دواتر باسی دەکەم هۆرەو سیاچەمانە مۆرکی تایبەتی ئایینی زەردەشتیان پێوەیە بەڵام خودی گۆرانی بە تەواوەتی مۆرکی میللیی پێوەیە واتە بە ناوی ئەو هۆزەوە هاتووە و نەبەستراوەتەوە بە هیچ شتێکی دیکەوە. ئەی خۆ مێژووی گەلی کوردیش ئەوەندە کورت و کەم تەمەن ناکرێتەوە کە سەرەتاکەی ببەسترێتەوە بە زەردەشتەوە، واتە دڵنیاین کە مێژوومان گەلێك لە سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت و تەنانەت (مەزدەك)یش کۆنترەو هەروەها دەبێ مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبی نەنووسراومان وەك بەیت و باو، داب و نەریت و هەمان گۆرانی و... حسێب بکەین، لە گەڵ ئەوەشدا خودی دێڕە هۆنراوەکە کە لە لایەن یارانی (ئەهلی حەق)ەوە گوتراوەو مێژوویەکی دووری هەیە بە چەشنێك داڕێژراوە کە ئەم ڕاو بۆچوونەم دەسەلمێنێ، دڵنیام هەر لە کاتی هۆنینەوەشیدا ئەو مەبەستەی پێش و پاش یان کۆن و نوێتر بوون لە باری مێژووی هونەرییەوە لە بەرچاو گیراوەو هەر بە هەمان مەبەستیش هاتووە کە پیشان بدات یەکەم گۆرانی و پاشان هۆرە و دواتر سیاچەمانە سەری هەڵداوە. شایانی باسە کە زۆربەی گۆرانییەکان دەخرێنەی خانەی (دەزگای شوور) لە مۆسیقادا و زۆربەشیان بە ئاسانی دێنە سەر نۆتە، واتە دەتوانین ئامێری مۆسیقایان بۆ بە کار بهێنین و تا ئێستاش چەند هەوڵێك لەملاولا دراون گەرچی ئاستی سەرکەوتنیان لە پلەی (سفر)دایە(و باس لە سەر ئەو ناتەباییەش پێویستی بە دەرفەتێکی دیکە هەیە). با ئەوەش بڵێم کە هەر لە کۆنەوە کەرستە و ئامێرگەلێك هەبوون کە گۆرانییان پێ وتراوەتەوە:

**یەکەم:** زوڕنا و دەهۆڵ کە بۆ خۆیان توانیویانە جارو بار لە زەماوەند و شاییەکاندا ببنە جێگری گۆرانی،(لە زەماوەندەکاندا دوو لایەن دەوریان دەبینی: گۆرانی بێژ و زوڕنا و دەهۆڵ ژەن، هەر گۆرانی بێژ ماندوو دەبوو، شاییی بە زوڕنا و دەهۆڵ دەگێڕدراو کە ئەویش ماندوو دەبوون سەرەی گۆرانی بێژەکان دەهاتەوە) دیارە بۆیە بە

کۆ ئاماژەیان پێدەکەین، چوونکە زۆر بە دەگمەن گۆرانی بێژێك بە تەنیا گۆرانیی چڕیوە و بەتایبەتی بۆ زەماوەند هەمیشە دوو یا چەند گۆرانی بێژێك پێکەوە شاییەکەیان گێڕاوە.

دووەم: دەف کە زۆرتر لە گەڵ وردە بەزمی شێخانەدا واتە لە بەزمە عیرفانییەکاندا لیدّراوەو دەوری (زەرب)ی لەو گۆرانییانەدا گێڕاوە.

سێیەم: شمشاڵ کە تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی لە گەڵ بەزمەکان بە تایبەتی لە گەڵ وردە بەزمەکاندا لێبدرێت و بۆتە هاوخوان لە گەڵ گۆرانیدا و سەرکەوتنی بەرچاویشی هەبووە. (چەپڵە)ش کە وەکوو ناوی لقێك لە گۆرانی ناسراوە بۆ خۆی هەموو گۆرانییە کرژەکانی پێ وتراوەتەوەو دوو یا چەند گۆرانی بێژ لە کاتی گوتندا، هەر خۆشیان چەپڵە لێدەدەن و ڕیتمی چەپڵەکەش لە گەڵ گۆڕینی هەر بەزمێکدا دەگۆڕدرێت. لە دێڕەشیعرەکەدا پاش وشەی (گۆرانی) دەگەینە(هۆرە)، کە کورتکراوەی ناوی(ئەهوورا)یە. کاتێ بە هۆرە چڕێك دەڵێین هۆرە بچڕە، لە راستیدا مەبەست ئەوەیە کە: بانگ بکە لە ئەهوورا مەزدای خواوەندی ئایینی پیرۆزی زەردەشت. هۆرە ڕاستەوخۆ لە ئایینی زەردەشتەوە وەرگیراوە، وەك دەزانین (موغ)ەکان لە ئایینی زەردەشتیدا بەشێك بوون لە گەورە پیاوانی پسپۆڕی ئەو ئایینەو لە کۆمەڵ (ڕەمەکیی خەڵك) جیا بوون و زیاتر لە ئاتەشگەکاندا دەژیان کە ئەو شوێنانەش بە تایبەتی لە بەرزاییەکاندا بوون، ئەو دەستەیە لە کات و ساتی تایبەتیدا لە گەڵ ئەهوورا مەزدا دا پاڕانەوەو ڕاز و نیازیان کردووە، واتە بە دەنگێکی مۆسیقایی و هارمۆنی سکاڵایان لە گەڵ کردووە کە ئەو سکاڵاو ڕاز و نیازەش لە ڕێگەی خوێندنەوەی (گاتا)کانەوە بووە کە بە سروودی ئایینی زەردەشت دەناسرێن، دیارە بۆ گوتنەوەی گاتاکانیش بەزم(باری مۆسیقایی) تایبەتیان هەبووە، واتە خوێندنەوەی گاتاکان ئاهەنگین و هارمۆنیك بووە و بەزم و ئاهەنگەکەش ئێگجار قورس و ڕۆحانی و عارفانە بووەو لە ناخی دڵەوەش هەڵقوڵاوە. ئێستاش ئەگەر بە وردی سەرنجی هۆرە بدەین هەمان ئەو تایبەتمەندییەی تێدا بە دی دەکەین. پاشان دەگەینە



وشەی(سیاچەمانە)، سیاچەمانەش وەك لە دیمانەکەدا گوتوومە کورتکراوەی هەمان (سیاجامەگان)ە واتە ڕەشپۆشەکان، هەرچەند بە داخەوە هەندێ لە گۆرانیبێژەکان و زۆربەی خەڵکیش پێیان وایە کە سیاچەمانە بە واتای چاوی ڕەش دێت یانخود بە چاوی ڕەشدا هەڵگوتراوە! تەنانەت (گۆران)ی شاعیریش هەر وای بۆ چووە! با وردتر سەرنجی ئەو دێڕە شیعرەی ناو( گەشتێك بە هەورامانـدا)ی گۆران بدەین تا ڕاستییەکەمان باشتر بۆ دەرکەوێت:

***سیاچەمانە سیاچەمانە***
***هەورامان جێگای سیاچەمانە***
***سیاچەمانە سیاچەمانە***
***بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە!***

نیو دێڕی یەکەم هەر دووپاتکردنەوەی ئەو مەبەستەیە کە لە نیو دێڕی دووەمی شیعرەکەدا بە ئاشکرا باسی کردووە بەڵام لە نیو دێڕی سێیەمدا ئاماژە بە چریکەی سیاچەمانە دەکات و دەڵێ: ئەو بەهەشتی ئەشقە، بەو ئاوازی سیاچەمانەیەوە... کە دیسان مەبەستی ئەوەیە کە گوایە هێندە ئافرەتی چاو ڕەش و خۆی واتەنی بەژن و باڵا جوان و ئاڵ و واڵا جل لە هەوراماندا هەنە کە خۆشەویستیی چاوی ڕەشیان کراوەتە ئاواز و...تاد، بەڵام ڕاستیی مەسەلەکە وا نییە و سیاچەمانە هیچ لایەکی بە لای چاو و برۆی ڕەشدا نەکردۆتەوە بەڵکوو وەك گوتمان وشەکە کورت کراوەی وشەی (سیاجامەگان)ە. ئەوانیش ( سیاجامەگان) دەستەیەك لە موغەکانی زەردەشت بوون کە ناکۆکییەك کەوتە نێوانیان و لێك جیا بوونەوە، ئاتەشگەیان بە جێ هێشت و بۆ خۆیان بە جیا شوێنی تایبەتی ڕاز و نیازو سکاڵایان دیاری کرد و سەرتاپای خۆشیان بە جلی ڕەش داپۆشی (ڕاست بە پێچەوانە و لە دژی ئەوانی دیکە و ڕێسای ئایینەکەش!) کە ئەویش هەڵوێستێکی نارەزامەندانە بوو سەبارەت بە وەزعی ئەو کاتەیان، چوونکە لە ئایینی زەردەشتدا ڕەشپۆشی و تازیە گرتن و خەمۆکی و... کارێکی خراپ و تووك لێنراوە! ئەم دەستەیە کە لە ئەنجومەنی موغ و ئاتەشگە لایان

دا بە گرووپی (سیاجامە) واتە ڕەشپۆش ناو بانگیان دەر کرد و بۆ خۆشیان ئاهەنگێکی تایبەتیان بۆ گوتنەوەی گاتاکان داهێنا کە لە گەڵ هۆرەدا جیاوازییەکی بەر چاوی هەبوو، دواتر ئاهەنگەکە وەك سروودی تایبەتی ئەوان ناسرا واتە ناسرا بە ناوی (سروودی تایبەتی سیاجامان) و پێیان گوت (سیاجامانە) واتە هی سیاجامەکان. ئەویش لە گەڵ ڕەوتی زەماندا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو کورت کراوەتەوەو ئێستاش بۆتە (سیاچەمانە)، ئەمیش لەحنێکی تایبەت بە خۆی هەیەو هەرواش شیعری تایبەتی هەبووەو ئێستاش کە دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە پەلوپۆی هاویشتووەو چەندین و چەند بەزمی لی دەرهێنراوە، هەرکامەیان شیعرو ناوەرۆك و کەش و هەوای تایبەت بە خۆیان هەیە. سیاچەمانەی ئێستا دەبێتە چەند بەشی وەکوو: بەرزەچڕ، دەرەیی، سەحەری و... هتد. ئەم چریکە هەرە ڕەسەنەی کورد قوڕگ و گەروویەکی تایبەت و بە توانای دەوێت و هەموو کەس ناتوانێ بیچڕێت، هەرواش چریکەیەکی سەرکەشەوکەس ناتوانێ بیخاتە چوار چێوەی هیچ ئامێرێکی مۆسیقاییەوە. دەڵێن: ( کاتێ زمان تواناو بڕستی گوتن و دەربڕینی نەما، مۆسیقا دەست پێدەکات) منیش بە دڵنیاییەوە دەڵێم: ( ئەو کاتەی مۆسیقاش بە هەموو توانایەکیەوە لە ـ گۆ ـ کەوت، سیاچەمانە دەست پێدەکات)!هەرچەندە لەوەش بە گومانم کە (نەکیسا) و(باربود)، دوو کەڵە هونەرمەندی هێژای سەردەمی ساسانییەکان لەو کاتەداو بە هەندێ دەسکاری و ئاڵوگۆڕەوە بۆ گوتنی هۆرە و سیاچەمانە ئامێری مۆسیقایان بە کار بردبێت، مەلای جەباری لە هەناسەشیعرێکیدا دەڵێ:

**(( نەقارەی منقار تەیران سوب خێز**<br>
**بێزنان نەغمەی نەکیسای پەروێز**<br>
**چریکەی چەکاوك چوون حەنجەرەی عوود**<br>
**مەر دەنگ چل چەنگ پەنجەی بارەبوود))**



ئەم دوو دێڕەش کارامەیی، لێهاتوویی، ناوبانگ و لووتکەبوونی ئەو دوو کەسەمان بۆ دەردەخەن لە بواری مۆسیقادا، واتە نەکیسا لە چڕین و باربود لە مۆسیقا ژەنین دا ئەویش لە سەردەمی خەسرەو پەروێزی شای ساسانیدا.سیاچەمانە بێجگە لەو بەشانەی ناومان بردن لقێکی دیکەی لی بۆتەوە کە ئەویش (سیاچەمانەی شێخانە)یە کە زۆرتر بەزمی عاریفانەی پێدەگێڕدرێ، وەك چۆن پێشتر گوتمان سیاچەمانە پێویستی بە گەرووی تایبەت و بە توانا هەیە، هەرواش کات و سات و هەلومەرجی تایبەتی هەیەو لە هەموو کاتێکدا ناگوترێت، دەبێ هەستی سیاچەمانەچڕ بە سۆزێکەوە بهەژێ، دەبێ دیاردەیەك کاری تێبکات ئەنجا بتوانێ لە ناخی دروونەوە بچریکێنێ، ئەم دێڕە شیعرە فۆلکلۆرییە ڕاستیی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێ:

***(( هەروەختە بەیۆم هازە گورانی***<br>
***نەچۆڵم پەی هەن نە ئاوەدانی))***

واتە، هەرکاتێك هەستی گۆرانیم بهەژێت ئیتر چۆڵ و ئاوەدانیم بۆ نییەو پڕ بە گەرووم دەچریکێنم. خۆ گەر واش نەبێت و سۆزێك ئەو هەستە نەهەژێنێ، ئەوە ناتوانێ گۆرانی بڵێت و گەر هات و گوتیشی ئەوە گۆرانییەکەی هیچ سۆز و کارتێکردن و ڕەنگدانەوەیەکی هونەریی نابێت. بە کورتی دەبێ بڵێم ئەم بەشە لە هونەری کوردی واتە گۆرانی و هۆرە و سیاچەمانە و تەنانەت ئامێرەکانی مۆسیقای کوردیش زۆریان لێدەبێتەوەو گۆمێك نین کە بە پەلەقاژەیەك بشڵەقێن هەر بۆیەش ئاوا لە دەرفەتێکی کورتیشدا بە تێرو تەسەلی باسیان لەسەر ناکرێت بەڵکوو کات و دەرفەتێکی هەراویان پێویستە کە هەروەك لە وتو وێژەکەدا ئاماژەم پێکردووە، هەوڵم داوە بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و بە کتێب بە ناونیشانی (( هەورامان و هونەر) لە چەند بەرگدا کۆیان بکەمەوەو بە دوورو درێژی لە سەریان بنووسم: بەرگی یەکەم و دووەم، تایبەت بە دیمانەی هونەرمەندە دەنگخۆشە بەهرەدارەکان، بەرگی سێیەم تایبەت بۆ تۆمار کردن و نووسینەوەی هەموو گۆرانییەکان بە کەش و هەوا و شیعرو

ناوی تایبەتی خۆیان و مێژووی داهێنانیان، بەرگی چوارەمیش بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لە سەر واتاو مەبەست و فەلسەفەی سەرجەم گۆرانییەکانە کە هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاو بکرێنەوەو بتوانن وڵامی زۆر پرسیاری هونەری و مێژووی هونەریی لەو بابەتە بدەنەوەو گەلێك گیرو گرفتیش لەو بوارەدا چارەسەر بکەن، لەمانەش گرینگتر بتوانن لە جێگیر بوونی زۆر بیرو ڕای چەوت و نازانستیانە لە لایەن هەندێ ناحەزی هونەر نەناسەوە بەرگری بکەن و بەگشتی هونەری ڕەسەن و دێرینی هەورامان لە بەرامبەری ئەو ستەمەی لە لایەن ناحەزانەوە لێی دەکرێ بپارێزن.

٣- لە دێڕی سێیەمی ئەو چەند دێڕە هۆنراوەیەی وتو وێژەکەدا بە هەڵە نووسراوە: ( لە شرامی چڕیش ئارۆنەدۆڵی) کە هیچ مانایەك نادات و دەبوو بنووسرابا ( شرامی چڕیش ئەو مرۆ دۆڵی) واتە لووتکەی (شرام) بانگی لە (مرۆدۆڵ) کرد.

٤- لە لێکدانەوەی واتای هەندێ وشەی شیعرەکاندا چەند هەڵەیەك بەرچاو دەکەون کە بەم چەشنە ڕاستیان دەکەمەوە: ( ـ بارشا کەرد ـ باریان کرد ـ ڕاستە نەك ـ باری کرد ـ)، (ـ نەمەنێ ـ نەمان ـ ڕاستە نەك ـ نەما ـ)، ( ـ ورکێشا ـ هەڵ کێشن ـ ڕاستە نەك ـ هەڵکێشا ـ)، (ـ چاگە نیەنێ ـ لەوێ نین ـ ڕاستە نەك ـ لەو نیە ـ)، (ـ ئاچەمە سیاوێ ـ ئەو چاوڕەشانە ـ دروستە نەك ـ ئەو چاو ڕشە ـ).

تێبینی: ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەیەك بوو لە سەر دیمانەیەکم لە ژمارە(١٣٨)ی گۆڤاری کاروان دا کە لە ژمارەی(١٤١)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ی هەمان گۆڤار(کاروان)دا بڵاو کرایەوە.

* * *



- ٣ -

## « گەنجەکەی یاروەیس »

## ( دەقی هەورامی )

ئاماژەیەك، بۆ ڕۆیشتنە ناو دەقەکەوە:

ئاوڕدانەوە و بایەخ دان و دۆزینەوە و ناسینی سامانی ئەدەبی کۆن پێویستیی هەرە سەرەکی هەر گەل و نەتەوەیەکە بۆ ئەوەی (ئەمڕۆ)ی خۆی لە ئاوێنەی (دوێنێ)دا ببینێتەوە و بناغەیەکی پتەوی بۆ (سبەینێ) لەسەر دابنێت. بناغەیەکی ئەوتۆ کە بتوانێ کۆشکی هەرەبەرزی بەختیاری و سەربەستی دواڕۆژی ئەو گەلە، لە مەترسیی باو بۆران و لێزمەی لافاوی مەرگ و فەنا بپارێزێت و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاوەدان و ڕازاوەتری بکاتەوە. ئەمەش بەدی نایێت و ناکرێ مەگەر (پێشینە) بناسرێت و لق و پۆی لی بێتەوە و داهێنان و تازەگەریی لەسەر بکرێت. بەشێکی هەرە گرنگ لەو سامانەش ئەدەبی نەنووسراو یا هەمان فۆلکلۆرە کە دەبێتە ئاوێنەیەکی باڵانوێن بۆ پیشاندانی پێشکەوت و گەشەی فەرهەنگی و ئەدەبی و شارستانی لە ڕۆژگارانی کۆندا. ئەو بەشەش گەر هەر وەك خۆی دەست نەخواردوو بمێنێتەوە ئەوا بزر دەبێت و ئەوەشی کە لی دەمێنێتەوە هەر هیچ نرخ و بایەخ و کەڵك و سوودێکی نابێت. دیسانەوەش گەر وەکو شەبەح و تاپۆیێکی مەزن و یەزدانی، وەکو (موتڵەق)ێك سەیری بکرێت و هەر تەنیا لە دونیای بیر و خەیاڵدا شانازی پێوە بکرێت و خوێندنەوە و ساغ کردنەوە و لەسەر نووسین و شیکردنەوەی لەسەر نەکرێت ئەوە بێجگە لە کۆنەپەرستی و دواکەوتن و کۆسپ خستنە سەر ڕێگای سەفەری دواڕۆژ هیچ ئاکامێکی تری نابێت. بەڵام گەر لە سەرەوە بە وردی سەرنجی بدرێتێ و ناخ و بنج و بناوانی بپشکێنرێت و بە تێفکرین و تێڕوانینی ژیرانە ساغ بکرێتەوە،

ئەوە دەبێتە چرایەك و ڕێگای سەفەری دوور و درێژی سبەینێ بەرەو هەوارگەی سەربەرزی و سەربەستی گەل و نەتەوە ڕووناك دەكاتەوە. یەكێك لەو گەلانەی جیهان كە بەسەر گەنج و خەزێنەییێكی هەرە دەوڵەمەندەوە ڕاوەستاوە، گەلی كوردە و لەناو كوردەواریشدا ناوچەی هەورامان بە گشتی لەم ڕووەوە دیار و بەرچاوترە. هەورامان سەروەری فەرهەنگ و ئەدەبی ڕەسەن و كەلەپووری دەوڵەمەند و لەمێژینەی گەلی كوردە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بە جوانی ئاوڕی لی نەدراوەتەوە و خزمەتی پێ نەكراوە، بۆیە لانەواز و نەناسراو ماوەتەوە ئەمەش لە حاڵێكدایە كە دۆزینەوە و ناسین و ناساندنی ئەو سامانە هەرە دەوڵەمەندە، دەتوانێ بە ئاسانی ڕێگای دژواری سەفەری گەشەی ئەدەبی (سەردەم)مان بۆ خۆش بكات. هەر بۆیەش زۆر پێویستە وردتر و دڵسۆزانەتر و زۆرتر لە جاران ئاوڕی لی بدەینەوە و هەوڵ بدەین بۆ خوێندنەوە و ناسین و زیندوو كردنەوەی ئەو بەشە لە سامانی ڕەسەنی نەتەوایەتیمان. بەو ئاواتەی كە بتوانین لەمەودوا و بە زنجیرە لەهەر باخچەیەك گوڵێكی بۆن خۆش لە بەرۆكی فەرهەنگ و ئەدەبی گەشەداری (سەردەم)مان بدەین، لەم دەرفەتەدا وەك دڵۆپێك لە دەریایەك و بۆ كردنەوەی ئەو دەركی خەزێنەیە، دەقی حەكایەتێك دەهێنمەوە و بۆ زۆرتر لی تێگەیشتن و سوود لی وەرگرتن، دەقاو دەق بە زمانی ئەدەبی ئەمڕۆ (سۆرانی) دەینووسمەوە[1]. ئەم حیكایەتە ناوی ((گەنجەكەی یارەوەیس))ە و بە یەك دەق لە یەك كاتدا ڕووبەڕووی چەند باس و بابەتی جۆراوجۆرمان دەكاتەوە و وشیارمان دەكاتەوە لە چۆنیەتی ئەنجام و ئاكامەكان.

---

١- ئەم دەقە حەكایەتێكی كۆنی گوێ ئاگردانی هەورامانە كە من لەزاری دۆست و برای زێدە خۆشەویستم، هاوڕێ (بەهادین ساڵپوور، زەردوویی)یەوە بیستوومە و هەوڵم داوە بەهەندێ دەسكاری بەمەبەستی ساغكردنەوەی دەقەكە هەروەك ڕازێكی گوێ ئاگردان كە پیرەمێردێك بگێڕێتەوە، بینووسمەوە ئەویش لەسەر داواكاریی هاوڕێیانی هەفتەنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر) لەمانگی شوباتی (٢٠٠٠)دا كەلەگەڵ دەقی وەرگێڕدراوە سۆرانیەكەیدا بلاوی بكەنەوە بەڵام دواتر خۆم لێی پەشیمان بوومەوە و بڵاوم نەكردەوە و دەقە سۆرانیەكەشم لی قرتاند.



**دەقی هەورامیی (( گەنجەكەی یارەوەیس )):...**

بێ، بێ... یەرێ ڕەفێقێ بێنێ نامێشا (یارەوەس) و (شاوەیس) و (مرادوەیس) بێ. چندە نامەكێشا یۆی شێنێ، ئاندەیچ وێشا پێوەرە نزیكێ بێنێ. بێ یۆترینیشا نەكرێ و بێ گیان نەچڕێنێ یۆترینی. برایی و وەشەسیاییشا دەنگش دابێوە. ڕوێ جە ڕوەكاو وەهاری هەریەر ملا كەش پەی لۆ كەندەی و ئاڵفێوە فرە كەنا. چاشتنگا نیشارە نان و دۆ واردەی. یارەوەیس ئێندە مانیابۆ كێشیۆرە و ئازا وەرمش گنۆ پۆرە و ئەویچێ ئایر كەراوە و چای منیا سەر. كتوپڕ، شاوەیس تەماشەو یارەوەیسی كەرۆ كە چندە وەش وتەن، مدیۆ مەشێوە زلەی سەوزە بڕناخ و یارەوەیسینە زیارە و سەرو لووتێشۆ نیشتۆ. ئادیچ گورج ماچۆ بە مرادوەیسی و هەروێ بە سەرسڕمەنەیۆ چەم بڕا مەشەكێ، مدیا مەشێ سەرو لوتەو یارەوەیسیۆ وەستەرەو ئاما لا بادیە دوەكەی، پڕا سەرو بادیەكێ و سەرو چەمچەكەیرە پڕاوە قەراخو ئەولاو بادیەكێ، دمایی باڵێش گرتێ و یەواش یەواش كەوتەڕا. هەروێ گنا شۆنیش. مەشێ لوا... لوا... تا یاوا دلی كۆگاو هەوارێوە كۆنەی چاگە چندجار سووڕیاوە دەورو تەوەنێ زلێرە، سەرو تەوەنەكێوە نیشتۆ، ئێدیچێ هەر چەمشا بڕیێبێنە، كوچێش پۆ شی مەشەكێ لوا چێرو تەوەنەكێرە و ئاندەش نەبەرد بەرئاماوە و گێلاوە شۆنەو وێشەرە، ئێدیچێ گورج شۆنیشەرە. مەشێ ئاما... ئاما... تا یاواوە سەرو سەرەو یارەوەیسی و لواوە بڕناخشەرە. یارەوەیس پرخێوەش كەردو چلاكیارە، تەژنەش بێ، ئاوودۆشا دا واردش. مرادوەیس كە فرەزانتەر بێ چەمێش گێرتەرە شاوەیسی و ئینجا پەرساش: ئەرێ یارەوەیس ئانە چی ئاننە وڕاوێ كەرێنی؟ ئادیچی وات: فلانی مەزانوو... وەرمێ هەرفرە غەریبم دی. مدیەو وەرمەنە پەپووسلێمانێوە ئاماو لامەرە وییەرد منیچ كەوتا شۆنیش گێروش، یاوانێ بەحرێوە چەرمەی، هەر ئەجێ شۆتا، پردێوە لارەش سەرۆ بەسیەبێ، منیچ سەرشۆ پڕانێوە، هەر شۆنەو پەپووەكەیرە لوانێ تا یاوایمێ وێرانێوە، ئاد لوارە چێروو تەوەنێوە زلی، دڵوو وێمەنە واتم ئەرێ پەپووسلێمانەو چێروو تەوەنێ؟ شەرتەبۆ بەرش باروو. ئیتر چێرو تەوەنە زلەكێم كەند و لام بەردە، مدیەو

وڵێوه کریاره، وڵەکێم دڕیه، مدیەو چێش وینوو؟... خەزێنێوه پەڕ گەنج و جەواهێر بە هەزار نۆعێ چا پڕگیابێ و پەپووسڵێمانەیچ دیارش نیا. هەرچند هیچم جە ئاڵتونەکەی ورنەگێرت بەڵام هەر تەرسوو چێوێم پەی بێ وەرۆ و وەیەم پەی سازیۆ. مرادوەیسی وات: مەتەرسە کوره وەیو چێشی... خاسا ئەگەر بلی شۆنەکێ، یاگە تەوەنەکەی مژناسیۆ؟ یاروەیسی وات: ئەرێ وەڵڵا هەر پێسە لەواسەو دەسیم مژناسووشۆ. ئێتر یاروەیسشا وریزناوه و کۆگەره مەشەکێ لوێبێ کەوتێ ڕا تا یاوێ هەوارەکە. یاروەیس دوورۆ چەمش کەوت تەوەنێ و گورج لوا سەرش و واتش: ئینا... ئێستەمۆ برایا. ئەویشا وات ڕاس ماچی وێشەنە. ئێدی پەرساش شمە چەنی مزاندێ؟ ئادێچێ سیر تا پیاز باس و مەشەکێشا پەی کەرد و مرادوەیسی وات: بۆو نەبۆ ئینە خەزێنەن و مشیۆ بەرش بارمێ. هەرچی کوره گەنج و چێشی... واز باردێ، سوودش نەبی، واتشا ئیللا نا بیللا مشیۆ بەرش بارمێ. هەرجۆر بی یاروەیسشا ئارد سەرو ڕێ و ئێتر گورج و گۆڵ کەوتی کەندەی تەوەنەکێ. وەختێ تەوەنێ کنیا مدیا هەر چەنی یاروەیسی واتەبێ، چێرش وڵێوەنەو دلی وڵەکێ پەڕا ئاڵتوون. گەنج و چێشی... چەمێ پیای بەرێ. ئێندە جەواهێر مجیابێ، هەر مەپەرسە، مانیایشا هەر ویر نەمەن و کەوتێ ماشتەیۆ ئاڵتونی و کەردشا دلی خەرارێوه. مرادوەیس لوا دوورۆ چڕیش شاوەیسی و کەوت فچەکەردەی چەنیش: براگیان وێت مزانی یاروەیس گێل و فەقیرا، ملۆوه دلی دەگێنە باس کەرۆ و شەڕێچ پەی ئێمە تاونۆوه. ناوەڵڵا با کوشمێش، هەم دڵما ڕەحەت بۆ و هەم بەشی فرەتەریچما گنو! هەرجۆر بی شاوەیسش ڕازی کەرد. گێڵێوه و بێ یەك و دوو یاروەیسشا گێرت و چوارپەلشا بەست. هەرچی هاوار و داد و ئەوەلاڵیایۆ، هیچ سوودش نەبەخشا. ئاقیبەت واتێش پەنە: خۆ هەر کوشدێم، دەی هیچ نا وەسیەتێوه کەرو یاوندێشۆ لاو ژەنەکێم. واتشا خاسا واچەش. یاروەیسی وات: خۆ مزاندێ ژەنەکێم لەمەش پەڕەنە، من وەرمم دیەن دوێ کوڕێ دووانێ وینۆ، واچدێ یاروەیسی واتەن وەسیەت بۆ، نامێ کوڕەکام بنیۆ _ داد _ و بێداد _ ئێتر تەمام. واتشا هەر ئینە؟ ئادیچی وات ئەرێ



بەڵام بەشەرتە یاوندێش و پێسە وێم سەرنگمش نەکەردێ! ئەوێچێ کوچێ خوێ بە بێ ئاوەزیاش و وستشا دلی چاڵەو خەزێنەکەی و سەرشا پۆژناره و تەوەنە زلەکێشا نیاوه سەرش. خەزێنەکەشا یاگێوەتەرۆ شارتۆ و بە کەیف و وەشی گێڵێوه پەی دەگێ. لوێ لاو ژەنەکێ یاروەیسی و وەسیەتەکەشا پەی گێڵناوه و واتشا یاروەیس سەرەو وێش ورش گێرت و لوا پا وڵاتاره. شۆنەو چند وەختێره هەروێ بە بەهانێ بازرگانی و مامەڵەی دەگاشا جیا ئاستەو دماو ماوێوەتەری گێڵێوه و ئیتر یانەو باخی خاسشا کەردۆ و کەوتێ دلی ناز و نیعمەتی. چیلایچۆ ژەنەو یاروەیسی دوێ کوڕێش بیێ و نامێش نیێ داد - و - بێداد هەر سەرو وەسیتەکەو تاتەیشا. حەوت هەشت ساڵێش پۆشی و زاڕۆڵێ گەورێ بیێ، ڕوێ بەرۆ کەی کەرێنی ئەداشا چڕایشا چڕی وەنە: هۆ... داد، هۆ... بێداد...! دەگا حاکمێوەش بێ فره پیاخاسە و عەداڵەت، چا وەختەنە گۆشش چۆوه بێ. هەر فره سەرەش سڕ مەن و دڵو وێشەنە واتش: حەی حەی... یانی وەڵات و منەنە یۆ زڵمش وەنە کریان و من مەزانوو؟! ئەمرەش کەردە ئا ژەنێ هاوار و هەی داد کەرۆ باردێ پەی لایم. واتشا: پادشا سڵامەت بۆ، کەس هاوارێ مەکەرۆ... ئانە بێوەرژەنێوەنە کوڕەکاش چڕۆ. حاکم فرەتەر سەرش سڕمەن و ئەمرەش کەردە بێوەرژەنێ بارا لاش. وەختێ ئاردەشا چەنەش پەرسا: ئەرێ ئانە نامێ بڕیەبێنێ؟ چی نامێ زاڕۆڵەکات نیەنەت داد و بێداد؟ ژەنیچ باس و وەسیەتو شووەکەیش ئەوەڵ تا ئاخر گێڵناشۆ پەی حاکمی. حاکم یاوانە ئەسڵو ڕازەکێ و دڵو وێشەنە واتش: ((ئی ماسە بێ موو نیا... بۆونەبۆ یاروەیس چێوێش وەنە قۆمیان و ئەو دووەکەیچ دەسشا چەنەن و ئی نامە نیایچە یانی هاوار و ئادین و پەی ئانەی ونیش گمە نەبۆ)) گورج ئەمرەش کەردە ئەویشا: (شاوەیس و مرادوەیسی) بارا بە چوارپەل بەسیای پەی لایش. ئەمرەو حاکمی بریا ڕاوه و هەروێشا ئاردێ خزمەتش. عەرزشا کەرد: پاشام سڵامەت بۆ خەتاما چێشەنە... چی گێرتێنمێشا؟ حاکمی چەنە پەرسێ کە ئایا یاروەیس چێشش سەر ئامان و ڕازەو دەوڵەمەند بیەی ئێدیشا ئینا چێشەنە؟ ئادێچێ باسەکەشا پەی گێڵناوه و هەر دروەکێ جارانیشا دووبارە کەردێوه،

حاكم برِواش نەكەردەو واتش: دویَ شاهێدیَ پێدیَ بیێنیَ ماچا هیچش پاسە نیاو شمە درویَ کەردیَ. جا ئەمرەش کەردە هێزمیَ فریێشا کۆ کەردێوە، هەروێشا بە قاچیَ کێشیَ دار و... دەی فەلاقە. واتێش پەنە: ئەگەر ڕاسەکیَ نەواچدیَ و نەیدیَ پەنە دلی ئایرو ئا هێزمانە سۆچنووتا. ئاندەش پۆ نەشی... شاوەیس بەرش نەبەرد و ئاما پەنەو ڕاسەکێش واتە. وەختیَ ڕازەو کوشتەی یاروەیسی بەر کەوتەو ساقە کریاوە سەرشاوە، حاکمی ئەمرەش کەردە هەروی کێشا دار و ماڵ و سامانەکەیچشا بەش کەرا سەرو ژەن و زارۆڵەکەو یاروەیسیرە. پی جۆرە دویَ قاتلیَ یاویَ سزاو کارە گەندەکەیشا و ونەو یاروەیسی گمە نەبیە و داد و بێدادیچ یاویَ بە هەقو وێشا و ئێتر چەنی ئەدێشا ژیوایێ وەشو ئاسوودەشا دەس پەنە کرد... منیچ ئامانیَ هیچشا نەدانیَ.

* * *



- ٤ -

## گوڵبژێری مەتەڵی هەورامان

هەورامان ناوچەیەکی شاخاوییە( ئاستەم تر و شاخاوی تر لە بەشەکانی تری کوردستان)، ئیش و کاری دانیشتوانی دەڤەرەکەش زۆرتر ئاژەڵداری و باخداری و هەرواش دەسکردە هونەرییەکانە وەکوو: کڵاش و چۆخەوڕانك و جاجم و کڵاو و کوڵەباڵ و...، بەشی زۆری ئیش و کارەکەش واتە باخەوانی و ئاژەڵداری زۆرتر لە بەهار و هاوین و پایزدا دەکرێت و لە وەرزی زستاندا ( کە لە هەورامانی سەرکەش و شاخاویدا دەبێتە پێنج مانگ واتە یەکەم مانگی بەهار و دوا مانگی پایزیش هەر لە سەر زستانە) دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بێجگە لە کارو هونەرە دەستییەکان هیچ ئیش و کارێکی دیکەیان نییەو بەتاڵن بۆیە پێشتر بەتایبەتی لە شەوانی زستاندا کۆڕی میوانی لە ماڵ و دیوەخانەکاندا گەرم دەبوو، خەڵك بەیاری و قسەی خۆش شەویان دەبردە سەر، یا گۆرەوەبازی یا گێڕانەوەی ڕاز و حیکایەت و سەربردەی خۆش یا قسەی نەستەق و پەندی پێشینان یا گوتنی مەتەڵ و...، لە بەشی مەتەڵدا هەرکەس بە نۆبەی خۆی مەتەڵێك دەڵێت و ئەوانی دیکە دەبێ هەڵی بێنن (بیزانن و واتاکەی بڵێن) هەرکەس زانیی ئەوە بردوویەتییەوەو خۆی گوتنی مەتەڵ دەگرێتە دەستەوە. بەم جۆرە زستانە شەوی دوورو درێژ بە خۆشی و ئاسوودەیی دەبەنەسەر. لێرەدا بە یادی جاران و بۆ زیندوو کردنەوەی ئەو لایەنە دێرینەیە، گوڵبژێرێك لە مەتەڵە هەرە (کۆن)ەکانی هەورامان دەنووسینەوە کە بە داخەوە ئێستا (باو)یان نەماوەو فەرامۆش کراون و خەریکە لە بیر بچنەوە! پێویستە ئەوەش بڵێم لەو کۆڕانەدا هەر بابەتەو سەرەتاو ڕێسای دەسپێکردنی تایبەتی خۆی هەبوو، وەك بۆ دەسپێکردنی مەتەڵ، سەرەتا دەیانگوت: ((ئانە چێشا، چێشڵە چێشا، شاو دەروێشا، مەوو بەر کێشا)) و ئیدی وتن و هەڵ هێنانی مەتەڵ دەستی پێدەکرد...

١- ((ئیلاش پەڕچین ئەولاش پەڕچین، دلێڕاسەکەش گوڵی چین چین)) واتە، ئەملای پەرژین ئەولای پەرژین ناوەڕاستەکەی گوڵی چین چین= ( چاو ).

٢- ((لەیلێم بەرزەو باریکە، قەبرێ قووڵەو تاریکە)) واتە، لەیلام بەرزو باریکە، گۆڕێك قووڵ و تاریکە= (بڕنەو).

٣- ((زەنگەنەقوڵەم چاڵی کەنۆ)) واتە،پاچ ـ قوڵەنگ ـ ە قوڵەم چاڵ دەکەنێ=(چکەی سەربان).

٤- ((ئیلاش دیوار ئەولاش دیوار، دلێڕاسەکەش پاڵنگی هار)) واتە، ئەملای دیوار ئەولای دیوار، ناوەڕاستی پڵنگی هار= ( منداڵی ناو بێشکە).

٥- ((چێرش قورئانا، سەرش ئاسمانا)) واتە، ژێری قورئانە، سەری ئاسمانە= (کارگ، قارچك).

٦- ((ئەگەر ژیرەنی ئەقڵت جەویرا    چا دلی مەلانە کامشا بە شیرا)) واتە، ئەگەر ژیریت و ئەقڵت لە مێشکدایە    لە ناو ئەو مەلانەدا کامەیان شیری هەیە= (شەمشەمەکوێرە).

٧- ((هەر ملی هەر مەیاویش پەنە)) واتە، هەر ئەڕۆیت هەر نایگەیتێ= (سێبەری خۆت).

٨- ((مێرەوار کارش هەن ملۆ سەر بارش هەن)) واتە، دێتە خوارەوە کاری هەیە دەچێتە سەرەوە باری هەیە= ( کەوچك).

٩- (( گەرمش کەریۆ، بیۆ)) واتە، گەرمی بکەیتەوە دەرچێت= (هێلکە).

١٠- ((مشتێن پەڕو دەشتێن)) واتە، مشتێکە پڕی دەشتێکە= (گلۆپ). ئەمەیان بە جۆرێکی تریش لە پەندێکدا بەکار دەبرێت کە مەبەستی نەوس دەگەیەنێت.

تێبینـــــی: لە لاپەڕە(٦)ی ژمارە(١٧٧)ی بەرواری ٢٠٠٠/٥/١٩ی برایەتی ئەدەب و هونەردا بڵاو کراوەتەوە.

* * *



## - ٥ -

## پەندی پیر[١]

دەڵێن (و هەروایشە)کە هۆی شانازی و سەربەرزیی هەر گەل و نەتەوەیەك سامانی کۆنیەتی و بەتایبەتیش سامانی فەرهەنگی و ئەدەبیی هەر گەلێك بە پێی ئاستی ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی، دەبێتە بنەمایەك بۆ ناسین و ناساندنی ئەو گەلە وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن شارستانیەتی مێژینەو بەختەوەر لە نێو گەلانی دیکەی جیهاندا، چەندەش سامانەکەی گەشەو نەشەی هەبووبێ، ئەوەندەش سەرفراز و زیندوو دەمێنێتەوە، گەل و وڵاتانی ئەم جیهانەش ( ئەوانەی هەردەم لە گەشەو پێشکەوتن و درەوشانەوەدان و جیهان و مرۆڤایەتی بە شوێن پێی خۆیاندا ڕا دەکێشن)، بە شایەتیی مێژوو، لە سەر دەستی ئەدیب و خاوەن قەڵەم و زانا و بیرمەندەکانیان لە گۆڕەپانی فەرهەنگ و ئەدەب و زمان و وشەدا گەشەیان کردووەو بۆ دونیا سەلمێندراون نەك بە هۆی هیچ شتێکی دیکەوە. ئەوان پاش تێپەڕ کردنی قۆناغەکانی شەڕ و چەواشەیی و... زوو بە خۆدا هاتنەوەو ئاوڕیان لە زمان و کلتوورو کەلەپووری خۆیان دایەوەوگەلی پیشتر لە ئێمەمانان کاروانی ڕۆشنبیریی خۆیان بە ڕێ کرد ئەویش بە ئامادەیی و تەیارییەکی تەواو، ئەوەتا ئەمێستا لە هەوارگەی کامەرانی و بەختەوەری و سەروەریدا دەحەسێنەوەو مافی سەروەریو ڕێبەرایەتیی گەلانی دیکەی جیهانیش بۆ خۆیان قایل دەبن!. ئێمەی کوردیش خاوەنی

---

١- وشەی پیر نازناوێکە بەخشراوەتە زانا و ڕێبەرە ئایینیەکانی سەردەمی زەردەشت و زۆرتریش لەهەوراماندا ڕەنگی داوەتەوە، نموونەی زۆرمان هەن وەکوو: پیرشالیار، پیریونس، پیرداود، پیروەسمان، پیرەوەت، نەوەدونۆپیرەی هەورامان و... کەهەرهەموویان خاوەنی ئامۆژگاری و ڕەچەڵەکی ڕێبەرایەتی بوون، هەربەم پێیەش (پەندی پیر)م لەجیاتی (پەندی پێشینان) بۆ ئەم بابەتە هەڵبژارد و هەرواش کردوومەتە ناونیشانی کتێبێکم کەلەمەڕ پەندی پێشینانی هەورامان نووسیومە.

سامانێکی ڕەسەن و هەرە دەوڵەمەند و لە مێژینەین و کاتی خۆی ڕۆڵی پێشڕەو و جڵەوکێشی گەلانی دیکەمان هەبووە لە بواری فەرهەنگ و شارستانەتدا کەچی ئێستا دەبینین لە سەرەتای ڕێگادایین و لەو کاروانە جیهانییە کە سەردەمانێك هەر خۆمان سەرقافڵەی بووین، دوا کەوتووین! ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئێمە چەواشە کراین و درەنگیش سەیری ناوەوەی خۆمان کرد و خۆمان دۆزییەوە. ئێستاش کە ئەو شۆڕشە مەزنەمان دەست پێکردووە و کەوتووینەتە ڕێ، باشترە کە ژیرانەتر و چاو کراوەتر و وردتر سەرنجی ئەملاولای خۆمان بدەین، بە تایبەتی زۆرتر ئاگاداری دیوی دەرەوەی خۆمان بین واتە لە سەر لووتکەی بەرزی ئاوەز و شعوور و هەستی زانستیانەوە بڕوانینە خۆمان، چوونکە هەر تەنیا لەو ڕێگەوەیەوە کە دەتوانین خودی بزر بووی خۆمان بدۆزینەوەو بڕوا بە خۆمان بهێنین. بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی دێرین و ژیاندنەوەی ئاسەوارە (کۆن)ەکان و دواییش بنیاتنانی کۆشکی نوێخوازی لە سەر بناغە و بنەما پتەوەکەمان دەگەینە سەر لووتکەی پێشکەوتن و سەرکەوتن و دەتوانین (بوون)ی ڕاستەقینەی خۆمان بسەلمێنین. پێویستە بەر لەوەی نەشارەزایانە پەلکێش بکرێین بە شوێن ڕچەی گەلانی دیکەدا ئەو سامانە هەرە دەوڵەمەندەی پێشینانمان زیندوو بکەینەوەو بیکەینە بنەمای گەڵاڵەیەك بۆ داهێنان و بەرەو پێشەوە چوونمان. نووسەرێکی ئەرژەنتینی دەڵێ: ( ئەورووپییەکان دەماریان بەرزە، وا دەزانن ئێمە لاسایی ئەوان دەکەینەوەو هەنگاو بە هەنگاو شوێن پێی ئەوانمان هەڵگرتووە! کەچی وا نییە، بەڵکوو ئێمە بنەماکانی خۆمان زیندوو دەکەینەوەو دەیانکەینە بناغەیەك بۆ داهێنان و تازەگەری و لە هەمان کاتیشدا بنەما جیهانییەکان لە بەرچاو دەگرین و کەڵك و سوودیان لێوەر دەگرین) ڕچاو کردنی ئەو بەرنامەیە ڕوو بەڕووی ئەمڕۆی ئێمەی کوردیش دەبێتەوە، پێویستە ئێمەش وردتر و قووڵتر بڕوانینە مێژینەی خۆمان لە هەموو بوارو لایەن و بەش و ناوچەکانیشدا. بە تایبەتی دەڤەری هەورامان کە دەبێتە لانکەی سامانی نەتەوایەتیمان، لەم چەرخەدا زۆرتر پێویستی بە ئاوڕ لێدانەوەو ناسینەوەو ناساندن هەیە. ئەو کلتوورو کەلەپوورە ڕەسەنەی کورد لە هەورامانەدا کە



ئەمڕۆ لە حاڵی گیانکەنشتایە، دەبێ ببووژێتەوەو بکرێتە پلیکانەیەکی هەرە بەرز و پتەو بۆ سەرکەوتنی گەلەکەمان و بردنە سەرەوەی ئاستی فەرهەنگ و گەشەی شارستانەتیمان، چوونکە دەکرێ سەرفرازیی مێژینەی گەلی کوردی پێ بسەلمێندرێت ئەویش بە بووژاندنەوەی مێژوویی، ئەدەبی، هونەری و خزمەتکردن لە پێناوی گەشەو نەشەی ئەو سامانە دێرینەدا. گەر بە وردی سەرنجی بەشە جۆر بە جۆرەکانی فەرهەنگ و ئەدەب و... بە تایبەتی ئەدەبی نەنووسراوی دەڤەری هەورامان بدەین بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەم گەلەی ئێمە لە زۆر بواری فکری و زانستی و بە گشتی لە زۆر بواری ئینسانیدا، هەر لە مێژە سەرقافڵە و پێشڕەوی هەموو گەلانی جیهان بووە و ئەمەش جێی فەخر و شانازییە، بەڵام ئەو کاتە دەتوانین ئەو فەخر و شانازییە بۆ خۆمان قایل بین کە ئەو سامانە لە بن نەهاتووەمان لە بواری کەلەپوورو ئەدەبی نەنووسراودا وەك: حەکایەت و ڕاز، مەتەڵ، پەندی پێشینان، گۆرانی، یاری، داب و نەریت، شیعری فۆلکلۆر، بەیت و باو و... ببوژێنینەوە کە لە بنەڕەتدا وەکوو دەریایەکی قووڵ و بێ بن و بێ سنوورە و دەبێ مەلەوانی کارامە هەبن تا بتوانن دوڕ و گەوهەری هەرە نایابی لێ دەر بهێنن. سەرنجێکی وردی ڕەخنەگرانە بەستە تا دەوڵەمەندیی ئەو سامانە دێرینەیەمان بۆ بسەلمێنێت. من لێرەدا وەك ( مشتێك لە خەروار) چەند پەندێکی پیر واتە پەند و ئامۆژگاریی فەیلەسووفانەو پڕ مەغز و مەعنای پێشینانی هەورامان دێنمەوە لە گەڵ نووسینەوەی دەقی سۆرانی و هەرواش شیکردنەوەیەکی کورتی ناوەرۆکی پەندەکان و ئومێدیش دەکەم کە ئەم کارەی من هەنگاوێك بێت بۆ خستنە ڕێی کاروانی ژیاندنەوەی سامانی دێرینی نەتەوایەتیمان لە چوار گۆشەی کوردستانی مەزن و بە تایبەتیش لە دەڤەری (ئاهوورامان)ی دایك و پیرۆز دا[٢]:...

١- ئاساو بە ئاوی گێلۆ، ( ئاش بە ئاو دەگەڕێت)، مەبەست ئەوەیە کە هەر ئیش و کارێك دەستوورو شێوازو بەرنامەو هەرواش کەرستەی تایبەتی خۆی دەوێت و دەبێ

---

٢- ئاهوورامان واتە شوێنی ئاهوورامەزدا (ئاهوورا+ مان)، ئەم وشەیە بەرەبەرە سواوە و بۆتە هۆرامان... لە پێشەکیی ئەم بەرهەمەدا زۆرتر قسەی لەسەر کراوە.

بزانین چۆن و بە چ شێوەیەك كارەكانمان ئەنجام بدەین تاكوو ئەنجامەكەی باش و سوود بەخش بێت. ئاش ئەگەر ئاوی نەبێ، با پڕیش بێت لە گەنم هەر ناگەڕێت، هەر كاروبارێكیش ئەگەر كەم و كوڕی و ناتەباییەكی تێدا هەبێت، ئەوا بە جوانی بە ڕێوە ناچێت و ئەنجامێكی دڵخواز و سوود بەخشی نابێت بۆیە پێویستە بۆ هەر كارێك لە پسپۆڕی خۆی، لە ئامێرو كەرستەی تایبەتی خۆی، لە ڕێگای خۆیەوەو هەرواش لە كات و سات و جێ و شوێنی پێویستی خۆی كەڵك وەر بگیرێت و هەموو پێداویستییەكانی دابین بكرێن ئەنجا دەستی بۆ ببرێت. چوونكە هەر كارێك ئەگەر هەموو پێداویستییەكانی پێشتر دابین نەكرێن و گەڵاڵەی بۆ دانەنرێت بە جوانی و سەركەوتوویی ناگاتە ئەنجام.

٢- ئاوی ئاوەدانیرە ملۆ، ( ئاو بە ئاوەدانیدا دەڕوات )، یەكەم، ئەوە دەسەلمێنێت كە لە هەركوێ ئاو هەبوو ئاوەدانی و ژیان و خوڕەمی و سەرسەوزییش هەیە و ئەو شوێنە شوێنی شیاوە بۆ ژیان و زیندەگی. دووەم، هەر كارو بارێك و هەر شوێنێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە كە دەبێ بناسرێن. سێیەم، مەبەستی لە ـ تێری ــ یە، واتە تێرە، زگی خاڵی نییە بۆیە ئاو دەخواتەوە، چوونكە گەر برسی بێت ئەوە ناتوانێ بە دڵی خاڵی و زكی برسی ئاوەها ئاو بخواتەوە.

٣- ئا كەسە كەسا حەرفێوەش وەسا، ( ئەو كەسە كەسە، حەرفێكی بەسە )، واتە ئەگەر مرۆڤێك وریا و ژیر و تێگەیشتوو بێت ئەوە هەر بە یەكجار پێ گوتن یانخود هەر بە ئاماژەیەك تێدەگات و مەبەستەكە وەردەگرێت و چیدی پێویست بە دووبارە كردنەوەو لە سەر ڕۆیشتن ناكات، ئەگەر نەزان و كەم ئاوەز و ناتێگەیشتووش بێت ئەوە چ بە جارێك و چ بە دەیان جار دووبارە كردنەوەو شەرح و لێكدانەوەش هەر تێناگات و گوتن و لە سەر ڕۆیشتن هیچ سوودێكی نابێت. ئەم پەندی پێشینانە زۆرتر لە كاتێكدا دەگوترێت كە دوو كەس پێكەوە قسە بكەن و كەسی دووهەم هەر تێنەگات و هەر لە چۆنیەتیی شتەكە بپرسێتەوە بۆیە كەسی یەكەم ئەو پەندەی بۆ دەڵێت و ئیدی لە سەری ناڕوات چوونكە دەزانێ كە بێ سوودە و بەرامبەرەكەی تێناگات.



٤- ئەدالی هێدەرەی وەش وەش ملۆ سەیەو نەرەی، ( دایكی حەیدەر خۆش خۆش دەچێتە سێبەری دار بەڕوو)، دەڵێن دێرین كات خەڵكی گوندێك چوونەتە (گەل)[٣] و لە گەرمای هاویندا خەریكی كارو زەحمەت و ئارەق ڕشتن بوونە، ژنێكیان كوڕێكی شیرە خۆری دەبێت بە ناوی (حەیدەر - هێدەر -) كە لە بن سێبەری دار بەڕوویەك داینـاوەو پەیتا پەیتا بە بیانووی شیردان بە منداڵەكەی پەنا دەباتە بن سێبەرەكەو دەحەوێتەوەو بەم جۆرە خۆی لە ئیش و كارە هەرەوەزییەكە دەدزێتەوە، بۆیە هەركەس و بە تایبەت هەر ئافرەتێك لە كاتی ئیش و كاردا بیانوو بێنێتەوەو لێی ڕا بكات ئاوەهای پێدەڵێن و بەو جۆرە تێی دەگەیەنن كە بیانوو دێنێتەوەو لە بەر تەمبەڵی و تەوەزەلی، خۆی لە كارەكە دەدزێتەوە، دیارە ئەم پەندە لۆمە ئامێزەش كاری دەكاتە سەرو دەگەڕێتەوە سەر كارەكەی.

٥- (ئەگەر)شا شانا سەوز نەبی، (ـ ئەگەر ـ یان چاند سەوز نەبوو)، مەبەست لەم پەندە ئەوەیە كە ئیش و كار بە( ئەگەر و مەگەر) ناچێتە پێش و سەر ناگرێت چوونكە هەمان ـ ئەگەرـ ەكە خۆی بیانوویەكە بۆ خۆ لی گێل كردن و تەفرەدان بۆیە دەڵێ: بیانوو مەهێنەوە، ئەگەرو مەگەری تێمەخە، گەر پێت دەكرێ، بڵێ دەیكەم و گەریش پێت ناكرێت بڵێ ناتوانم و نایكەم ئیدی تەفرەی مەدە و دەسخەرۆمان مەكە، ڕاست و پیاوانە قۆڵی لی هەڵماڵەو كارەكە بە ڕێكو پێكی ئەنجام بدە. بە گشتی بە كەسێك دەگوترێت كە بیانوو بهێنێتەوە و خۆی لە كارێك گێل بكات و دوای بخات و نەیهەوێ ئەنجامی بدات.

٣- گەل هەمان ئیش و كاری گشتی و هەرەوەزییە كە چەندكەس، چەند ماڵ یا تەنانەت سەرجەم دانیشتوانی گوندێك پێكەوە دەڕۆن بۆ ئەنجامدانی كاری یەك كەس و هەر پێكەوە و لە كاتێكی كەمدا كارەكە ئەنجام دەدەن و دواییش سەرەی ئەوانی دیكە دێت، بەم چەشنە هەم زۆر ماندوو نابن هەم كارەكە كاتێكی زۆر نابات و زووتر دەگاتە ئەنجام و هەمیش هیچكەس توشی تەنیایی و سەختیی ژیان نایەت و هەموو ئیش و كارەكان ئەنجام و ئاكامێكی دڵخوازیان دەبێت و نیشانەیەكی زیندوویشە لەژیانی پێكەوە و تەبا و برایانەی كۆمەڵگەی مرۆیی.

٦- ئانده لوه باوان جلت چێر یاوان، ( هێنده بچۆره ماڵـه بابـان ڕایـەخت لـە ژێـر ڕابخەن)، دەڵێ: خۆت سووك مەکە، ڕێزی خۆت هەرزان فرۆش مەکە، حورمـەتی خـۆت بپارێزە، هەمیشە قورس و سەنگین و بەڕێز بە و شتێك زۆر دووبارە مەکەرەوەو تەنانەت ئەوەندەش زوو زوو مەچۆرە ماڵە بابی خۆت کە بۆیان ئاسایی ببیەوەو بایەخت پێنـەدەن و زۆر گوێت نەدەنێ چوونکە هـات و چـۆ(ئاموشـوو ڕۆت)ی زۆر و لـە ڕادە بـەدەر بـۆ شوێنێك مرۆڤ سووك دەکات، هەتا دوورتر بیت خۆشەویست تری، بـە گـشتی پەندەکـە پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە هەموو شتێك ڕادەو سـنووری دیـاریکراوی خـۆی هەیـەو ئەگەر لەو سنوورە تێپەڕی کرد ئەوە تـام و چـێژ و لـەوەش گـرینگتر مـەعنا و نـرخ و بایەخی نامێنێت، سووکی و سـەنگینیی مـرۆڤیش هـەر بـە دەسـتی خۆیـەتی و هـەر کردەوەکانی خۆی لەم بارەیەوە دەور دەبینن.

٧- ئەر ژیرەنی ویرت بۆ، (ئەگەر ژیری، لە بیرت بێ ـــ لـە بـیر مەکەـــ)، ئـەوەی ڕابردووی خۆی لە بیر بەرێتەوە و خۆی لی بزر ببێت، تـا هەتایـە سـەرگەردان و لانـەواز دەمێنێتەوەو ناگاتە هیچ کوێ، ڕابردوو فیلمێکی تۆمار کراوە کە بـە هێـزی و لاوازی و لایەنی چاکەو خراپەی مـرۆڤ پیـشان دەدات و پێویـستە مـرۆڤ بـۆ سـوود و ئـەزموون لێوەرگرتن لە لایەنە لاوازەکانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگـای سـەرکەوتن و بەختـەوەری، هـەر هەمیشە بە سەرنجی وردەوە سەریری ئەو فیلمـە بکـات و تێـی ڕامێنێـت و هیـچکات فەرامۆشی نەکات، دەبێ بیر لەوە بکاتەوە پێشتر چیی کـردووە و چـۆنی کـردووە، کـێ دۆستی بووە و کێ ناحەزی، کێ لە گەڵی ڕاستگۆ بووەو کـێ لار و ناڕاسـت، تووشـی چ هەڵەیەك هاتووە و چی بۆتە هۆی زەرەرو زیان و پەشیمانیی و کامە لایەنی ژیانیشی بـە هێز و ئاوەز پەسەند بووە و بۆتە هۆی پێشکەوتنی، تا سوودیان لی بـەرێت و هەڵـەکان دووپاتە نەکاتەوەو پەرە بە لایەنە دروستەکانیش بدات. گەر وای کرد ئەوە ژیـرو ئاقڵـەو گەر واش نەبێت دیارە ئاوەز و فامی نییەو هەرگیز سـەرکەوتوو نابێـت و هـەر تووشـی زیان و ناکامی و نامورادی و پەشیمانی دەبێتەوە، کەوابوو، بە پێی ناوەرۆکی پەندەکـە، ئەگەر ژیرین با ڕابردووی خۆمان لە بیر نەکەین و لە گەڵ خۆمان بێگانە نەبینەوە.



٨- ئەجۆ سکەڵش قووت دان، (دەڵێـی سـکڵی قـووت داوە)، واتـە زۆربلێیـە، دەم هەراشە، بێ حەیایە، زمان درێژە، زۆر دەبۆڵێنێ، دەم و زمان سوورە، واتە شەرم و حەیا ناکات و هەرچی دێ بە زاریدا دەیلێت و قسە ناخواتەوە.

٩- ئەجۆ هەورو وەهارین،(ئەڵێی هەوری بەهارە)، واتـە هـەر بۆڵـەی دێـت و هـەر دەگرمێنێ، گرژ و مۆنەو بۆ تاوێکیش بێدەنگ نابێـت و ئـوقرە ناگرێـت، هـەر وەکـوو هەوری بەهار بۆڵەو ناڵە و گرمەی دێت. بە کەسـێك دەگـوترێ کـە زۆر تـووڕە بێـت و ببۆڵێنێ، زۆر بە سەر ئەم و ئەودا هات و هاوار و هەڕەشە بکات و لەو بۆڵەو تووڕەییەی سوکنایی نەیەت.

١٠- ئی ماسە بێ موو نیا،(ئەم ماستە بێ موو نیە)، ئەم پەندە لە شك و گومـان و دوودڵی و بێ متمانەییەوە سەر چاوە دەگرێت. زۆرتر لە کاتێکدا و بۆ کەسێك بە کـار دبرێت کە وا پیشان بدات بۆ بەرامبەرەکەی ئەو پەڕی دڵسۆزی دەنوێنێ بـە بـێ ئـەوەی کەس داوای لێکردبێت یانخود بە بێ ئەوەی کە تەنانەت چاوەڕوانیشی لی بکرێت کەچـی ئەو سەری خۆی قاڵ بکات و هەر سوور بێت لە سەر مەسەلەکە( کە پێوەندیشی بـەوەوە نییە!)و بیهەوێ شتەکە زیندوو بکاتەوەو تەشـەنەی پـێ بکـات و قـووڵی بکاتـەوە لـە حاڵێکدا کە خاوەنی ئەسڵیی مەسەلەکە سەری لی نابێتەوەو لێی بێدەنگ بوو‌بێت بۆیـە بە نیازی دەربڕین و پیشاندانی شك و گومان و دوو دڵـی لـە وڵامـی ئـەو پێداگرییـەدا دەڵێن ئەم ماستە بێ موو نییە واتە شتێك لە ژێرەوە هەیە و ئێمە پێی نازانین، شـتێکی لە ژێر سەردایە دەنا ئەوەندەش دڵسۆز نییە و ڕاست ناکات.

تێبینـــــی: ئەم بابەتە لە ژمارە(١٤٥)ی ئایاری ٢٠٠٠ی گۆڤاری کـاروان دا بـڵاو کراوەتەوە.

* * *

- ٦ -

## بووژاندنەوەی سامانی دێرین
## و بنیاتنانی بناغەی تازەگەری

ئاهوورامان – ئوورامان – هۆرامان – یاخود هەورامان، ئەو بەشە سەخت و شاخاوییەی وڵاتی کوردانە کە وەك چۆن بە درێژایی مێژوو هیچ هێز و لایەن و دەسەڵاتێکی داگیرکار نەیتوانیوە زەفەری پێ بەرێت، هەر ئاوەهاش خۆی لە هێرشی بێ بەزەییانەو هەڵمەتی کوێری (وەك دەڵێن)! مودێرنیزم و تەکنەلۆژیا و داهێنانە چەواشەکانی سەدەی ڕێگا ونکردووی بیستەم پاراستووە و دەستەمۆی ئەو دەهۆڵ و زوڕنا زۆرینەڕەنگ و کەڕ کەرەی هەندەران نەبووە، ئەو مودێرنیزم و تەکنەلۆژیا و داهێنانەی کە گەرچی لە ئەوروپپادا لەسەر بنەمایەکی پتەوی باوەڕ پێکراو و بە کەرەستەی ڕەسەنایەتی مێژینەو سامانی دێرین دەستی پێکردووە، بەڵام بە پێچەوانەو چەوت و چەواشە خۆی بە سەر مێشکی سڕی گەلانی ڕۆژهەڵاتیدا دەسەپێنێت، ئەو دەهۆڵ و زوڕنایەی کە ئەگەرچی لە جێی خۆیدا هارمۆنییەکی هێمن کەرەوەی هەیە، بەڵام هەروەکوو – هەلاهەل – یێك دەرژێتە ناو گوێی خەواڵووی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و مێشکمان پڕ دەکات لە – هیچ – تا ڕادەیەك کە چیدی جێی بیر کردنەوەو ناسین و ناسینەوەی – خود – ی تێدا نامێنێ! باخە چڕەکان و هەوارگە گیان لاوێنەکان و ئەشکەوتە بێ بنەکان و شاخ و لووتکە سەرکەش و گەردنکەشەکانی هەورامان کە هەنووکەش واتا فەلسەفییەکانی – ماریفەتی پیر –(١) و مۆسیقای مەشقی ئەشقی – ئەشێم ڤوهوو – و – یەتا ئەهوو –(٢)یان تێدا دەزرینگێتەوە، کە هێشتاش هەر بە بارانێك دەبووژێنەوە کە هیچ تۆز و گەردێکی سەرگەردانی ڕەشەبا هێناو نەیتوانیوە و ناشتوانێ لێڵی بکات و بیکاتە قوڕاو بەڵکوو ئەوە زوڵاڵییە سەرمەدییەکەی ئەوە کە قوڕ و لیتاوەکەش دەشواتەوە. هەر بۆیەشە کە هەورامان، هەمان ـ ئاهوورامان ـ ماوەتەوە. دەستەمۆ نەبوونی هەورامان و نەتوانەوەی لە



فەرهەنگی بێگانەدا (هەرچەند بە دەمامکی مودێرنیتەو تازەگەری و...یشەوە بێت) نەك لە ساوایی تێگەیشتنی هەورامییەکان یان نەبوونی ڕێگاو بانی بەرین و هەموارتر( بۆ ئاسانکردنی ڕێی هێرشە کوێرەکان) و یاخود دوورە دەستی تەریك و لانەواز مانەوەی هەورامان، بەڵکوو لەوەدایە کە هەر خۆی پێشەنگی کاروانی شارستانییەتی جیهان و جڵەو کێشی ئەسپە کوێتی زانست و ڕۆشنبیری بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و ئەوەی ئەمڕۆ وڵاتانی دیکە پێی گەیشتوون و وەکوو کاڵایەك بە باڵای خۆیانیدا دەبڕن و پێی شاگەشکە دەبن، بێجگە لە دۆزینەوەیەك و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ئەو ئاستە هەرە بەرزەی پێشکەوتوویی پێشتری هەورامان هیچی تر نییە! ئەی ئەوە نییە ئەوان تازە بە تازە دەگەنە دەرمانی نەخۆشیی شێر پەنجە بە کەڵك وەرگرتن لە مۆخی سەگ، یان دەرمان و چارەی ئیفلیج و نەخۆشییەکانی دی لە ڕێگای دەروون ناسییەوە، یان دەرمانی پەتا بە کەڵك وەرگرتن لە هەڵمی هەنار، یان دروست کردنی تاقمی ڕێکوپێك و جوانی دران لە رووی تاقمە ددانە(کەکەو)ینەکەی وەستای بیرمەندی هەورامان، یاخود داهێنانی بەهێزترین و دوور هاوێژترین تۆپ لە ڕووی (بەڵمە پەڕۆ)و (بەرزەقانی)ی منداڵانی هەورامانەوەو...؟! ئەم چەند خاڵەم وەکوو نموونەی (مشتێك لە خەروارێك) هێنانەوە کە هەرکامەیان بە دیاردەیەکی پێشکەوتی تەکنەلۆژیا دەژمێردرێن و هەر هەمووشیان پێش چەند سەدەیەك بەر لە ئێستا لە هەوراماندا هەبوون و خزمەتی مرۆڤیان پێ کراوە، واتە هەموو ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ لە لایەن وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە وەکوو نموونەی سەروەری و شارستانییەت و مودێرنیتەو... فەخر و شانازییان پێوە دەکرێ، ئەزموونی چەند سەدەیەك لەمەو پێشی گەلی کوردن و لە بنەڕەتدا بە دەستی ئێمەی کورد داهێنراون و لای ئێمەی کورد سەریان هەڵداوەو خراونەتە خزمەتی مرۆڤەوە. بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئێمەی کورد، خۆمان لە بیر چۆتەوەو هەر وەکوو دەوڵەت و ئایین و کیانی دێرینمان، ـ خود ـ ی خۆشمان بزر کردووە و نەك هەر نەگەڕاوین بە شوێن ئەو ـ خود ـ ە ونبووەماندا، بەڵکوو زۆر بە داخەوە هەر هەستیشمان پێ نەکردووە! لەو لاشەوە خەڵکی وڵاتانی

دیکە بە ئاسانی بە سەر پردی سادەییماندا پەڕیونەتەوەو (بەر)ی خەرمانەکەیان گوڵبژێر کردوین بە کەیفی خۆیان بۆ خۆیان و وەکوو تۆوێك بە ناو خۆیانەوە چاندوویانەتەوە و پاشانیش بە جوانی و لێپرسراوانە خزمەتیان کردووە، ئەوەتا ئەمڕۆ لە(سەمەر)ەکەی دەخۆن کە ئەویش هەمان خۆ بردنە بەرەوە بەرەو بەختیاری و هەرواش قایل بوونی سەروەری بۆ خۆیان بە سەر دیکەی گەلان و بە تایبەتیش بەسەر ئێمەی پێشەنگ و جڵەو کێشی جارانەوە!. داخە گرانەکەش لەوەدایە کە ئێمە هەنووکە بە خۆدا نەهاتووینەتەوەو بیر لە ڕابردوومان ناکەینەوەو شتەکە بە هی ئەوان دەزانین و لە دەستی ئەوانی وەر دەگرین ئەویش بەبێ ئەزموون و تاقیکردنەوەو نرخاندن و هەر ئەمەش چەواشەترمان دەکات و پتر سەرمان لێدەشێوێنێ. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە دەمانتوانی زووتر بە ئاگا بێینەوەو ئاوڕێکی ژیرانەی ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و کەسێتیی خۆمان بدۆزینەوە.

ئێستاش کورد واتەنی (نەچووە بچێ)، پێویسە هەنگاوی بۆ هەڵگرین و کۆشکی هەرە بەرزی سەروەری و پێشکەوت و ئاستی سەرەوەی شارستانەت و گەشەی سەردەمیانەی خۆمان بە سەر بناغەی پتەوی سامانی دێرین و ڕەسەنی خۆمانەوەبنیات بنێین. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بە دیدێکی وردتر و قووڵتر بڕوانینە هەموو بەشەکانی کوردەواری و بە گیانی ئەشق و لێبوردوویی ئاوڕ لە زمانی کوردی و هەموو زاراوەو بن زاراوەکانی بدەینەوەو هەوڵ بدەین سووچ و قوژبنە تاریك و تەریك ماوەکانی کەلەپووری نەتەوایەتیمان بە تیشکی زانست و وشیاریی کۆمەڵایەتی ڕووناك بکەینەوە تا بتوانین بگەینە لووتکەی بەختیاری و سەرفرازی و سەروەریی ڕاستەقینەو شیاوی خۆمان. دەبێ ئەو ڕاستییەش هەرگیز لە بیر نەکەین کە ناوچەی بەرینی هەورامان لەو پرۆسەیەدا پێویستە نرخ و بایەخ و جێی تایبەتی خۆی بدرێتێ، چوونکە بە دڵنیاییەوە سامانی دێرینی هەورامان دەتوانێ بۆ گەلەکەمان بە گشتی ببێتە پەیژەیەك و سەرمان بخات چ لە بواری زانستی پزیشکی، چ لە بواری



فەلسەفەی ئەخلاقی، چ پیشە سازی، چ زمان و ئەدەب، چ بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگ و شارسانییەت دا.

گەر سەیرێکی (یاری)یەکانی منداڵانی هەورامان بکەین، گەلی حەقیقەتی شاراوەمان بۆ دەر دەکەون لە مەڕ بیری نەتەوایەتی و هەستی جوامێری و نیشتمان پەروەریی باپیرانمان لە هەورامانی دێریندا. یان گەر سەرنجێکی وردی پەندی پێشینانی هەورامان بدەین دەگەینە زۆر واتاو مەبەستی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ئەخلاق و ڕەوشتی بەرز و باری پەروەردەیی لە ناو گەلی کورددا، وەیان گەر ڕۆ بچینە ناو ناخی واتاکانی داب و نەریتی ئەو دەڤەرەوە، گیانی هاریکاری و خۆیبوون و شێوازی ماقووڵی ژیانی بە کۆمەڵ و ئوسلووبی ژیرانەی هەڵس و کەوت و جمو جووڵی تایبەت بە زیندەگیمان بۆ دەر دەکەوێت. وەیانخود گەر ئاوڕێکی گۆرانی و سیاچەمانە بدەینەوە، پەی دەبەین بە ئاستی بەرزی هونەر و زانستی مۆسیقا و هەستی ژینگە پارێزی و ئەشقی پاك و وەفاداری و خەیاڵی ناسك و جوانی ناسی لە ناو نەتەوەی مێژینەو ڕەسەنی کوردی خاوەن شارستانەییەتدا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکەم و سەلماندنی ڕاستیی بۆچوونەکانم لای خوێنەری هێژا، چەند فاکتەرێك لە بەشە جیاجیاکان وەکوو پەندی پێشینان و یاریی منداڵان و گۆرانیی دەڤەری هەورامان بە نموونە دێنمەوە و بە جیا لە سەریان دەوەستم:...

١- لە پەندی پێشیناندا هەوڵ دراوە باری پەروەردەیی فکری و ئەقڵانیی جەماوەر ببرێتە سەرەوەو کۆمەڵ فێری ڕەوشتی چاك و ئوسلووبی شیاوی جووڵانەوە لە بەرامبەر دیاردە جیاجیاکاندا بکرێت و گیانی هاریکاری و هەرەوەزی و پشتگری لێکدی کردن ببووژێتەوە و زیندووتر ڕا بگیرێت، با پێکەوە چەند پەندێکی پێشینان بخوێنینەوە:

(تا برا پەشتەو برای بۆ مەر قەزا هینەو خوای بۆ)، واتە: تا برا لە پشت برا بێ مەر قەزا لە لای خودا بێ، ئەم پەندە بەم پەیامەوە هەستی یەکبوونی نەتەوایەتیمان دەورووژێنێت و هانمان دەدات بۆ ئەوەی یەك بگرین و پشت و پەنای یەکدی بین و

پێکەوەو هەرەوەزی تێبکۆشین بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندیی نیشتمان و نەتەوەکەمان.

(بدە وێڕی، مەدە پردەو نامەردی)، واتە: بدە لە بوار (وێڕ) مەدە لە پردی نامەرد، ئەم پەندە پێمان دەڵێ: با بەسەر پێی خۆمانەوە بوەستین و پشت بە خۆ و توانای خۆمان ببەستین، با خۆیبوونی خۆمان بپارێزین و دەستی نیاز بۆ لای کەس درێژ نەکەین، با بڕوامان بە تواناو بڕست و لێهاتوویی خۆمان هەبێت و خۆمان منەتباری کەس نەکەین و بۆ خۆمان بژین.

( چەنی وەرگی وەرۆ چەنی مەیێ شیوەن کەرۆ )، واتە: لە گەڵ گورگدا دەخوات و لە گەڵ مەڕیشدا شیوەن دەکات، لەم پەندەدا بەو دەستە واژە کورت و پڕ واتایە وشیارمان دەکاتەوەو ئاسۆی ڕوانین و ورد بوونەوەمان فراوانتر دەکات بۆ ناسینی ناحەز و نەیار و دوو ڕوویان کە فریویان نەخۆین و لە خشتەمان نەبەن و ناکۆکی و ناتەبایی نەخەنە نێوانمانەوە.

( بازنی ئاڵتوون ئینا دەسشەنە )، واتە: بازنی ئاڵتوونی لە دەستدایە، لەم پەندەدا سەرنجمان بۆ لای ئافرەتی ژیر و خوێندەوار و لێهاتوو ڕادەکێشێ، دەڵێ ئاوەها ئافرەتێك لە هەرکوێ بێ هەر سەربەرز و سەرکەوتوو دەبێت چوونکە خوێندەوار و تێگەیشتوو و چاو کراوەیە و ئیش و کاری باشی لێدەوەشێتەوە و ڕەفتار و ڕەوشتی جوان و بەرزی خۆی باشترین پشت و پەنا و یاریدەدەریەتی، هەر ئەم پەندە وەکوو وتەیەکی هەرە بە نرخ و پڕ واتا، پێشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە هەر لە دێرین زەمانەوە لە ناو کوردا وەکوو یەك و هەر بە چاوی مرۆڤ سەیری ژن و پیاو کراوەو بایەخ دراوە بە مافی ئافرەت و خراوەتە بەر خوێندن و لە هەمان کاتیشدا هان دراوە بۆ سەر بەرزی و سەربەستی و گەڕان بە دوای زانست و زانیاریدا بۆ ئەوەی چاو و گوێی بکرێنەوەو لە ژیان تێبگات و خۆی ژیان و چارەنووسی خۆی بە ئاوەز و تێگەیشتووییەوە دیاری بکات.



( پەرسا بە و دانا بە )، واتە: پرسا بەو زانا بە، بەم چەشنە هانمان دەدات کە لە شتەکان بکۆڵینەوە و هەموو شتێك لە ئاستی خۆیدا و وەکوو خۆی بناسین و بینرخێنین. دوای پەروەردە و ڕاهێنان بکەوین و زانیاری و ئاگایی وەدەست بێنین بۆ ئەوەی چاو لە دەمی دیتران نەبین و خۆمان بتوانین بڕیار بدەین و پلە و پایەی خۆمان لە ناو کۆمەڵدا بەرینە سەرەوە. دیارە ئەگەر زانا و بە ئاگا بووین بۆ کۆمەڵ و نەتەوەکەشمان بە سوود دەبین و خزمەتی باشتریش دەکەین و هەرگیز تووشی زیانی پەشیمانی نابینەوە.

٢- وەکوو پێشتر گوتم، (یاری)یەکانی منداڵانی هەورامان تژین لە واتاو فەلسەفەی جوامێری و هەستی پاکی نەتەوایەتی و بیری وردی نیشتمان پەروەری و لە ڕاستیدا دەبنە قوتابخانەیەك بۆ فێر کردن و ڕاهێنانی منداڵان لە سەر ئەو خاڵانەی سەرەوەڕا، چوونکە ئەوە لە بەر چاو گیراوە کە (منداڵ)ی ئەمڕۆ سەرکردەی سبەینێ و بناغەی کۆشکی هیوای نەتەوەیە لە دواڕۆژدا. یەك لەو یاریگەلەی منداڵانی هەورامان ( هەتڵەشەلی یا قولانی یاخود قولەکانێ)یە کە بە پێی ناوەکەی دەبێ منداڵ قاچێکی لە زەوی ببڕێت و تەنیا لە سەر یەك قاچی ڕاوەستێت و بجووڵێ، واتە لاقی چەپی لە پشتەوە بە دەستی ڕاستی دەگرێت یاخود لاقی ڕاستی بە دەستی چەپ (ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاست دەستی و چەپلەریی منداڵ). یارییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێدەکات:...

(( کۆمەڵێك منداڵ لە شوێنێکی بەریندا کۆ دەبنەوە، دوو کەس لە ناو خۆیاندا هەڵدەبژێرن بۆ سەر کردایەتی و ئەوانیش دەرۆنە گۆشەیەك و لە بەرامبەری یەکدیدا دەوەستن و هەر کام بە پێی ناسین و پێوەری نرخاندنی خۆیان لە ناو کۆڕەکەدا ئەندامانی دەستەی خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەم یەك و ئەو یەك، بە سەرە ناوی کەسەکان هەڵدەدەن تا نەفەرەکان تەواو دەبن، هەر کام لەو دوو سەرکردەیە ناوی هەر کەسێکیان هەڵدا، ئەوە هەڵبژێردراوی ئەو گرووپەیەو دەبێ بچێتە پاڵ دەستی ئەو سەرۆکە. دەبێ ئەندامانی هەردوو دەستە یەکسان بن کە لە چوار تا شەش کەس دەبن

و ئەم ڕێژەیە بە پێی کەم و زۆر بوونی نەفەرەکان دەگۆڕدرێت. پاش هەڵبژاردن و جیا بوونەوەی دوو گرووپەکە، هەر دوو لا بەرامبەر یەکدی دەوەستن وکەوانەیەك پێکدێنن و دوو سەرکردە لە ناوەڕاستییاندا بە (تەڕ و وشك )و جاروباریش بە شێرو خەت دەورو نەخشی هەر دەستەیك دیاری دەکەن و لە ئاکامدا گرووپێك دەبێتە(بووك)و ئەویدیش دەبێتە(دوژمن). دەستەی بووك ئەندامێکی خۆیان هەڵدەبژێرن و ناوی لێدەنێن (وەیوە)واتە بووك، ئەویش دەچێتە گۆشەیەکی دیاریکراو لە پشتەوەی گرووپەکەو قاچێکی بەرز دەکاتەوەو لە پشتەوە بە دەستێکی دەیگرێت و بەسەر یەك قاچەوە ڕادەوەستێ. دیکەی ئەندامەکانی دیکەش لای پێش و ئەملاو لای دەگرن و بە هەمان شێوە(یەك قاچ و یەك دەست) ڕووبەڕووی دوژمن دەوەستن و ئامادەی بەرەنگاری دەبن. دەستەی دوژمنیش هەروەکوو ئەوان خۆیان ڕێك دەخەن و لە هەر چوار لاوە ئامادەی هێرش بردنە سەریان دەبن، هەرکام لە سەرکردەکانیش لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکاندا خۆی و گرووپەکەی ئامادە دەکات و وەرەیان بەرز ڕادەگرێ. هەرچی بەرەی دوژمنە هەڵمەت دێنێ و دەیهەوێ بگاتە لای بووك و دەستی بە سەردا بگرێت، دەستەی بووکیش بە هەموو تواناوە بەرەنگاری ئەو هێرشە دەبنەوەو شەڕو پێکدادان دەست پێدەکات. هەر کەس لە شەڕەکەدا قاچی بەردا، ئەوە بەزیوە و دەبێ گۆڕەپانی شەڕ بە جێ بهێڵێ (واتە ئەو جەنگاوەرە بریندار بووە یاخود کوژراوە)! گرووپی بووك تا دوایین کەس و دوایین هەناسە شەڕ دەکات و بووك دەپارێزێت و گیانی خۆی لەو ڕێبازەدا بەخت دەکات تا بووك نەکەوێتە دەستی دوژمن! گەر هات و هێزی دوژمن زۆرتر بوو و هەموو جەنگاوەرەکانی دەستەی بووکی کوشتن، ئەوا خودی بووك دەکەوێتە شەڕ و بە هەڵمەت و هەڵاتن و بەرەنگار بوونەوە تێدەکۆشێ خۆی لە چنگیان ڕزگار بکات بۆ پێکەوەنانی گرووپێکی دیکەو تۆڵە کردنەوە لە دوژمنی دەسدرێژکەر. یارییەکە کاتێ دوایی پێدێت کە یا بووك وەك دوایین کەس گیرابێت یاخود دەستەی دوژمن هەموو کوژرابن.))!



لەم یارییەدا دەستەی بووك نمونەی جەنگاوەرانی وڵاتێك و خودی (بووك)یش سیمبولی وڵاتە و دەستەی بەرانبەریش نموونەی هێزی وڵاتێکی بێگانەی داگیرکار.ڕۆڵەکانی وڵاتیش فێردەکرێن کە وڵات و کیانەکەیان لە سەرووی هەموو شتێکەوە بزانن و گیان و دوا دڵۆپی خوێنیان لە ڕێبازی دابین کردنی سەربەرزی و سەربەستیی کیانی نەتەوایەتییاندا بەخت بکەن، هەروەها نرخ و بایەخ و مانای ژیانی بە سەربەرزی و ئاشتی و ئازادی و لە بەرامبەریشدا دزێوی و ناحەزیی شەڕو خوێن ڕێژی و ئاژاوەیان بۆ دەر دەکەوێت و بەم چەشنە زانا و بە ئاگا و تێگەیشتوو ڕایان دێنن بۆ ئایندەی گەل و وڵات. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەم یارییەدا جیلی داهاتووی کورد فێر دەکرێت بۆ هەڵبژاردن و ژیانی دیموکراتیك و ڕێز گرتن لە مافی چارەی خۆ نووسین و سەرنجدان بە لێوەشاوەیی و شایستە سالاری بۆ هەموو کارو بارێك و بە تایبەتی لە بەڕێوە بردنی وڵات و هاوڵاتیاندا.

٣- لە گۆرانیی هەوراماندا سەرەڕای گرینگیدان بە هونەری مۆسیقاو ئاوێزان کردنی لە گەڵ گیانی خۆشەویستی و وەفاداری و ئەوین و هەرواش سەرەڕای بەرجەستە کردنەوەی خەیاڵی ناسك و هەستی جوان پەرستی، ئاوڕ لە فەلسەفەی ژیانی هەرەوەزی و باری ئابووری و ئەشقی نەتەوایەتی و هەستی وڵاتپارێزی و یەکبوون دراوەتەوەو شیعرە فۆلکلۆرییەکانیش هەر دێرەو باسی خاڵێك لەوانەی سەرەوە دەکەن. با نموونەیەکیش لەم بوارەدا ( شیعری فۆلکلۆریی ناو گۆرانییەکان ) بهێنینەوە:...

نموونەی کارو تێکۆشانی ڕۆژانە:

*( بە بەرزی باڵات بە سینەی تەیرت*
*مەگەر ئێواران تێر کەروو سەیرت )*
*نموونەی وەفاداری و ئەمەگناسی:*
*( یا نوەبجەرە بەرزی باڵا دەس(٣)*
*بەندەی بشناسە مەیل نەدەی بە کەس)*

نموونەی ژیان و کاری هەرەوەزی:

*( وەهار ئاماوە دیسان پەی داخا*
*سەوزێ ملا هەوار نەرمێ پەی باخا)*

یاخود:

*( هەیات هەیاتێ دەربەن دەربەنێ*
*یارێ بارشا کەرد پەی چاڵەو وەنێ(٤) )*

نموونەی یەکبوون:

*( هەیاتی چڕیش کوا گرد بەیدێ*
*نوەیجەڕ چۆڵ بی سەر وەنەش دەیدێ )*

یاخود:

*( نوەیجەڕیەکێ بە پلە ور وەستێ*
*بە گوڵە چنوورێ کەپرێشا بەستێ )*

نموونەی ئەشقی نەتەوایەتی:

*( دەسێوەم مەڕیان گرتەنم دامان*
*بەهانەم وەشا ملووە هەورامان )*

یان:

*( دزڵیەیەنی زڵف دێزەنی*
*پەروەردەی چنوور داڵە مێزەنی(٥) )*

یان:

*( نوەیجەڕ بەرزا بە مل چنووردا*
*هەردی دالآنی(٦) ڕووی شارەزووردا )*

یاخود:

*( واچدێ کۆسالآن درێغم نەکەردەن*
*هەر هەردێ بەرزا من نامێم بەردەن )*



نموونەی کۆمەڵایەتی و وڵاتپارێزی:

*( ئارۆ ڕام کەوتە ئەو بزازەرا(٧)*
*جە یاران بڕیای خەیلی ماجەرا )*

یاخود:

*( خوا نەکەرۆ بەد وە گیانت بۆ*
*دەردت وە نەسیب ناحەزانت بۆ ).*

ئەمانە و دەیان و سەدان نموونەی دیکە لە خەرمانی پڕ پیتی کەلەپووری هەورامان کە هەر کامە نوێنەری لایەن و بوارێکن لە مێژووی مێژینەی گەلەکەمان و هەرواش پیشاندەری ئاستی سەرەوەی شارستانییەت و پێشکەوتی نەتەوەکەمانن لە دێر زەمانەوە و پێویستە سەر لە نوێ زیندوویان بکەینەوە. دیسانەوە هیوا دەخوازم کە چاو و گوێ بکەینەوەو سەروەرییەکانی خۆمان بناسینەوەو سامانی دێرینمان ببووژێنینەوەو بیکەینە بناغەیەك بۆ داهێنان و تازەگەری و بەرز کردنەوەی ئاستی سەربەستی و بەختەوەریی گەل و نەتەوەکەمان لە بەرامبەری دیکەی گەل و نەتەوەکانی جیهاندا.

## پەراوێز:...

(١): ماریفەت ـ ی پیر کتێبی پیرشالیارە کە دەڵێن دەبێتە مانیفستێکی ڕاستەقینەی فەلسەفەی ژیان و من لام وایە کە ئەو کتێبە شەرح و لێکدانەوەی دەقی ئاڤێستایە بۆ زۆرتر تێگەیشتنی جەماوەر.

(٢): دوو دەستەواژەن بۆ دەسپێکردنی دوو بەش لە نزا و پاڕانەوەکانی ئایینی پیرۆزی زەردەشت کە واتاکەیان بەم جۆرەیە: (( ڕاستی باشترین توێشوو و مایەی بەختەوەرییەو بەختەوەر ئەو کەسەیە کە ڕەوشتی چاك و ڕاستە+ زەردەشتی مەزنی لە ڕووی ڕاستی هەڵبژێردراو ئەو سەروەرە بەهەشتییەیە کە لە گەنجینەی

ڕەوشتی چاکی خۆیدا پارێزگاری لە ڕەوشتی بەرزی مرۆڤ دەکات و لە ئاکامیـشدا دەیگەیەنێتە بارەگای ئەهوورا مەزدا.))

(٣ و ٤): - نوەیجەڕ - و - هەیات - و - چاڵەو وەنێ - سێ هاوینە هەواری گونـدی - کەیمنە - سەر بە هەورامانی - لهۆن - ی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

(٥): یەکەم، دزڵی گوندێکە دەکەوێتە نێوان مەریوان و هەورامانی تەخت، بـۆ خـۆی بەشێکی هەورامانی تەختی لە ئامێز گرتووە کە پێی دەوترێ - چەمی دزڵی.
دووەم، داڵەمێز کوێستانێکی بەرز و بە سەفای چەمی دزڵییە.

(٦): داڵانی هاوینە هەوارێکی هەرە جوان و ڕازاوەی گونـدەکانی دزاوەر و کەیمنەیـەو لە بەهار و هاویندا دەبێتە جێ نزرگەی ئەویندارانی سروشتی جوانی کوردستان.

(٧): بزازەرا هاوینە هەوارێکی دیکەی هەرە جوانی گوندی دزاوەر سەر بە هەورامانی لهۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەم هاوینـە هـەوارەش وەکـوو داڵانـی و هـەیات و نوەیجەڕو... هێندە خۆش و ئـاوەدان و ڕازاوەیـە کـە تەنانـەت لـە نـاو شـیعری فۆلکلۆری و گۆرانیشدا دەنگی داوەتەوە.

تێبینـــــــــــــی:

ئەم بابەتەم بە پەلەو لە سەر داواکاریی کاک شێخ جەعفـەر بـەرزنجی نووسـی بـۆ یەکەمین ژمارەی گۆڤاری - ئاسۆی فۆلکلۆر - کە وەکوو پاشکۆیەکی وەرزیی گۆڤاری کاروان دەر دەچوو و یەکەمین ژمارەشی لە هـاوینی سـاڵی ٢٠٠٠ دا بـڵاو کرایـەوەو بابەتەکەی منیش بە داخەوە بە هەڵەیەکی زۆر تیایدا بڵاو کرابوویەوە.

* * *



## - ٧ -

## پێدا چوونەوە بە هەندێ بیروڕا دەربارەی هونەری گۆرانی لە ناوچەی هەوراماندا

لە گەڵ دۆستێکدا قسەمان لە سەر کەلەپووری هـەورامان دەکـرد و مـن گلـەییم لەوە دەکرد کە لە کوردستانی باشـوور سـەبارەت بـە سـامانی دێـرینی ئـەو دەڤـەرە کەمتەر خەمی کراوە، ئەویش بەرپەرچی گلەییەکانی منی دەدایـەوەو دەیگـوت: بـە پێچەوانەوە هەنگاوی باش هەڵگیراون و ئەو سـامانە ئـاوڕی لێدراوەتـەوەو نموونـەش گۆڤاری (ڕامان)ە. منیش پێشتر دوو بابەتی بەڕێز (دارا محەمەد عوسمان)م لـە ڕامـان دا خوێندبوونەوەو قسەم لە سەریان هەبوو، بۆیە هاتمە سـەر ئـەو ڕایـەی کـە هـەموو بابەتەانی دیکەی بخوێنمەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لەملاولا تا بۆم کرا ژمارەکـانی پێشووی ڕامانم کۆ کردنەوەو دانیشتمە سەر خوێندنەوەی بابەتەکانی کاک دارا بە پێی ئەم ڕێژەیەی خوارەوە:

- ڕامانی ژمارە ١٦ لاپەڕە ١٥٨ (گۆرانیی سیاچەمانە لە هەوراماندا)
- ڕامانی ژمارە ٢١ لاپەڕە ١٧٦ (گۆرانی دەرەیی لە هەوراماندا)
- ژمارە٢٢ لاپەڕە ١٩٧ (دارا هەورامیی هونەرمەند لە دیمانەیەکدا)
- ژ ٢٤ ل ١٨٦ (گۆرانی چەپڵە لە هەوراماندا)
- ژ ٢٨ ل ١٩١ (گۆرانی چەپڵە لە هەوراماندا)
- ژ ٣٣ ل ٢١٣ (کۆنترین گۆرانیبێژ لە هەوراماندا)
- ژ ٣٦ ل ٢٣٥ (گۆرانی گێلای لە هەوراماندا)
- ژ ٣٩ ل ٢٤٥ (گۆرانی خاو لە هەوراماندا)

- ژ ٤٠ ل ٢٦٣ (گۆرانی شێخانە لە هەوراماندا)
- ژ ٤٤ ل ٢٤٤ (گۆرانی زاڕۆڵا لە هەوراماندا)
- ژ ٤٦ ل ٢٩٤ (گۆرانی نەورۆز لە هەوراماندا)

بە داخەوە بە هۆی دەست نەکەوتنی سەرجەم ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری ڕامان نەمزانی کە ئایا کاك دارا لە ژمارەکانی دیکەشدا چەند لاپەڕەیەکی تری ڕەش کردوونەتەوە یان نا؟ هەرچەند زۆریش گرینگ نییە چوونکە بە خوێندنەوەی ئەو چەند بابەت بۆم دەرکەوت کە باسەکان هەر یەکن و لە ڕاستیدا لە سەر یەك هێڵ دەسووڕێنەوەو بە داخەوەزۆرجاران دووپاتە کراونەتەوەو نووسەر تووشی درێژ دادڕی بووە دەنا لە هەموو باسەکاندا (هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە)! ئێستاش یەکەیەکەی لاپەڕەکانی ئەو چەند ژمارەیە هەڵدەدەمەوەو بە بێ ئەوەی کاتی خۆم و مەودای لاپەڕەکانی ڕامانیش بە پێشەکی و بەڵگەو نموونەی ئەکادمیك و... بە فیڕۆ بدەم، لە هەر ژمارەدا یەکسەر دەچمە سەر دەست نیشان کردن و ڕاستکردنەوەی زۆرینە هەڵەی هەرکام لە بابەتەکان، ئەویش تەنیا ئەو هەڵە زەقانەی کە وەکوو چەواشە گەرییەك زیان دەگەیەنن بە بناغەو بنەما هونەری و ئەدەبی و مێژووییەکان چوونکە ئەوی ڕاستی بێت گەر بمویستابا دێڕ بە دێڕی نووسینەکان ساغ بکەمەوە دەبوویە (مەسنەویی حەوت مەن کاغەز)! و دەبا چەند ژمارەیەکی گۆڤارەکەی بۆ تەرخان بکرابا. بۆیەش ئەوە دەڵێم نەبا خوێنەر وا بیر بکاتەوە کە گوایە جگە لەو خاڵانەی کە من دەسنیشانم کردوون بابەتکانی دیکە ڕاست و دروست و ئاساینن! بە داخەوە دەبێ بڵێم گەر بەو پەڕی چاوپۆشی و ئاسان گیریشەوە سەیری نووسراوەکان بکەین هێشتا تاقە ڕستەیەکیش نادۆزینەوە کە مۆرکی نووسینێکی ئەدەبی و ئەکادیمیی پێوە بێت! بە پێی (قسە هەزارەو یەکی بە کارە)ی پێشینانمان لەوە زیاتر لە سەری ناڕۆم و دەچمە سەر بابەتەکان بە جیاجیا لە هەرکام لە ژمارەکانی (ڕامان)دا:

أ: ڕامانی ژمارە ١٦: (گۆرانی سیاچەمانە لە هەوراماندا):



نووسەر لە لاپەڕەی ١٥٨دا پێناسەیەکی جوگرافیی هەورامان دەکات و دەنووسێت: ((هەورامانی تەخت کە زۆربەی زۆری دەکەوێتە کوردستانیڕۆژهەڵات واتە ئێران هەر لە جوانڕۆ تا نزیك کرماشان و زۆربەی پارێزگای سنە دەگرێتە خۆوە بەشە گرنگەکانی ئەمانەن: هەورامانی دزلی، هەورامانی ڕەزاو، هەورامانی کەنوولە))؟! ئەم پێناسەیە سەقەت و هەڵەیە، جگە لە تەخت و لهۆن کە بە جیا وشەی (هەورامان)یان لە پێشەوە دێت واتە پێیان دەگوترێ (هەورامانی تەخت) و (هەورامانی لهۆن) بۆ هیچکام لە بەشەکانی دیکە وشەی هەورامان بە کار نابرێت بەڵکوو ئەو بەشانە بە (چەم) ناو دەبرێن واتە دەبێ بڵێین: هەورامانی تەخت دابەش دەبێتە سەر چەند بەش بە ناوی (چەم) کە بریتین لە: چەمی دزلی، چەمی شامیان، چەمی ڕەزاو، چەمی ژاوەرۆ و چەمی گاوەرۆ، ئەمە بێجگە لە خودی ناوچەی تەخت. هەروەها بەشێکی جیامان بە ناوی (کەنوولە) نییە بەڵکوو ئەوبەشەش هەر بە ناوی چەمی گاوەرۆ دەناسرێت. لە لاپەڕەی ١٥٩دا پێناسەی سیاچەمانە دەکات و دەڵێ: ((ئەم گۆرانییە چەند بەندێکی زەردەشتین کە ژمارەیان ٢٧ جۆرە))، پاشان دەڵێ: ((... سیا واتە (ڕەش) و چەمانە واتە (چاوەکان)، ئەم وشەیە لە دوو بەش پێکدێ بەشی یەکەمی (سیا) ئاوەڵناوە بەشی دووەمی (چەمانە) ناوەو بە هەردوو بەشەکە ناوێکی لێکدراوە...)) بۆ ئەم پێناسەیەش دەڵێم:

یەکەم، ساڵەهایە خەریکی خوێندنەوەو لێکدانەوەی سیاچەمانەم و هەموو ئاڤێستاو بە تایبەتی چەندین جار (یەسنا) و (گاتا)کانم تاوتوێ کردوون و هێشتا (٢٧ بەندی زەردەشتی)م هەر نەدیوە بۆیە هەقمە گەر سەرم سوڕ بمێنێت و بڵێم نازانم نووسەر ئەو شتە عەنتیکەیەی لە کوێ هێناوە؟!

دووەم، ڕاستە وشەی (سیا) واتای (ڕەش) دەگەیەنێ بەڵام (چەمانە) نابێتە (چاوەکان) و تەنانەت ئەگەر بە پێی پیت بە پیت و تەجریدیش بێت هەر وا نییە بەڵکوو لەو حاڵەتەدا دەبێتە (چاوانە)، وشەی (چاوەکان) لە ڕووی لێکدانەوەی پیتەوە (چەمەکا) یانخود (چەمەکێ) دەگرێتەوە.

سێیەم، سیاچەمانەش بە چاو ڕەشەکان نەگوتراوەو ناگوترێت و ڕاستەکەی دەبێتە (سیا جامانە)، سیا (ڕەش)+ جامە (جلوبەرگ)، سیاجامە واتە جلوبەرگ ڕەش (ڕەشپۆش) و (سیاجامانە)ش واتە تایبەت بە ڕەشپۆشەکان. ئەم (سیاجامانە)یە لەحنێکە کە پاش (هۆرە) دێتە ئاراوە و دەبێتە لەحنی تایبەتی ڕەشپۆشەکان کە ئەوانیش بەشێك بوون لە موغەکانی سەردەمی زەردەشت کە بە چەند هۆیەکەوە لە هۆرە چڕەکان جیا بوونەوەو بەو پێیەش دەبا لەحنێکی تایبەت و جیا لە (هۆرە)یان بۆ خۆیان هەڵبژاردبا کە (گاتا)کانی پێ بڵێنەوە و ڕازونیازی پێبکەن لە گەڵ (ئاهورا مەزدا)دا بۆیە ئەم لەحنەیان بۆ خۆیان داهێنا کە ئەگەرچی زۆر لە هۆرەوە نزیکە بەڵام لێك جیان و بەوجۆرە باری مۆسیقایی سروودەکانی خۆیان جیا کردەوە، هەر بەوەشەوە نەوەستان و بە پێچەوانەی (مۆبد)ە هۆرە چڕەکان جلوبەرگێکی ڕەشی ئاودامێنیان لەبەر کرد و بە تەواوەتی لەوان دابڕان و بە (سیاجامەگان) ناسران دواتریش لەحنەکەیان ناوبانگی دەرکرد و بە سروودی تایبەتی ئەوان (سیاجامەگان) ناسرا. ئەگەر هۆرە لە ناوی (ئاهورا) وەر گیراوە، (هۆرە بچڕە واتە بانگ بکە لە ئاهورا)، سیاچەمانە هەر بەناوی داهێنەرەکانییەوە ناسراوە و بەرەبەرە وەکوو زۆربەی وشەکان بە حوکمی ئاسانتر بوونی زمان و... زۆربەی وشەکان سواون و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە(جا) بۆتە (چە)، گەر بە وردیش سەرنج بدەین دبینین بەم شێوەیە کورت کراوەتەوە بۆ ئاسانتر کردنی دەربڕینی لەناو جەماوەردا چوونکە (سیاچەمانە) کورت ترەو ئاسان تر لە (سیاجامانە) گۆ دەکرێت. نووسەر دواترو لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت: ((... سیاچەمانە سەرقافڵەی هەموو گۆرانییە کوردییەکانە هەرچەند تا ئێستە هیچ خامەیەك لە بارەی ئەم بەرهەمە بە پێزە نەهاتۆتە نێو نووسینی کوردی...))! یەکەم، ئەگەر بە واتای هەمان بناغەو پێشەنگ بڕوانینە وشەی (سەرقافڵە)، ئەوە دەبێ بڵێم نووسەر تووشی هەڵە بووەو سیاچەمانە سەرقافڵەی گۆرانییەکان نییەو هەر لە (گۆرانی)یش جیایە و ناچێتە ناو ئەو قاڵبەوە بەڵکوو دەبێ بە جیاجیا بڵێین:



(١ـ گۆرانی ٢ـ هۆرە ٣ـ سیاچەمانە) کە ئەوەش بۆ خۆی پیشاندەری پێشینەی مێژوویی هەرکام لەوانەیە، واتە: پێش هەموان (گۆرانی) هەبووە کە ئەویش لە (گۆران +ی) پێکدێ واتە لەحنی تایبەت بە گۆران، لەحنێکی (گۆرانییانە)، گۆران _ گۆرانی، هەورامان _ هەورامانی، کورد _ کوردی، هەولێر _ هەولێری و.... ئەم لەحنە نەك هەر پێش زەردەشت بەڵکوو پێش ئایینی (میهر)یش هەر هەبووەو تەنانەت پێش ئەویش و هەر لە سەرەتای سەقامگیریی هۆزی (گۆران)وە وەك مۆسیقای تایبەت بەم هۆزە ناسراوە. سەردەمێکی دوورو درێژ دوای ئەو (هۆرە) دێت و پاش ئەویش و لە سەروبەری سەرهەڵدانی (مەزدەك) و ناکۆکییەکانی نێوان ئەو و ئایینی زەردەشتیدا و بە هۆی دووبەش بوونی موغەکانی ئەو سەردەمە (سیاچەمانە) دێتە گۆڕێ. کەوابوو ناتوانین بڵێین سیاچەمانە سەرقافڵە (بە واتای بناغە)ی گۆرانییەکانە بەڵام دەتوانین داکۆکی بکەینە سەر ئەو ڕاستییە کە سیاچەمانە لە باری مۆسیقاییەوە دەبێتە سوڵتانی هەر هەموو لەحنەکان. دوەم، بە پێچەوانەی قسە گلەیی ئامێزەکەی نووسەر، تا ئێستا لە لایەن هەندێ لاوی خوێن گەرم و خاوەن ڕا و هونەر مەندەوە هەنگاوی باش هەڵگیراون و خزمەتی دڵسۆزانە کراوە لە پێناو بووژاندنەوەی کەلەپووری دێرینی هەورامان بە تایبەتی بەشی ئەودیو (هەروامانی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و ئەگەر ئەو خزمەتە نەکەوتۆتە بەر دیدەی نووسەر هۆی ئەوەیە کە: ١ـ (زۆرو بۆر) نییە بەڵکوو (کەم و کەرەم)ە واتە هەر نەخوێندەوار یانخود کۆلە خوێندەوارو نەشارەزایەك لە خۆیەوە قسەی پڕو پووچ و بێ بناغەی دەرنەهێناون و لاپەڕەی کتێب و گۆڤارەکانی بە ناهەق پێ ڕەش نەکردوونەتەوە! بەڵکو ئەو کەسەی کە لە خۆی ڕا بینیوەو دڵنیا بووە لە بنەماو سەرچاوە زانستییەکان، بە هەستێکی پاکی بەرپرسانەوە دەستی بۆ قەڵەم بردووە و لە چەند دێڕ و ڕستەدا گەلی ڕاستیی شاراوەی دەر خستوون، دیارە ئەو چەشنە نووسینانەش پرژ و بڵاو نین و بە ئاسانی ناکەونە دەستی ئەم و ئەو!، ٢ـ وادیارە نووسەر بێجگە لە چوارچێوەکەی لای خۆی ئاگاداری هەوڵ و چالاکییەکانی ئەملاولا نییە، دوورە دەستیش لە جێی خۆیدا

دەردێکی خراپە بەڵام ئەوە ناهێنێ کە هەر لە دوورەوە هەموو لایەك داکوتین و هەموان تاوانبار بکەین. نووسەر لە لاپەڕەی ١٦٠دا وەکوو ناو هێنانی سیاچەمانە دەڵێت: (( ناوی هەندێ سیاچەمانە کە لە ناوچەکەدا باون وەك: ئای ئای، باوانەکەی باوانم، میناوەی، ئایشێ وەی، پێچ پێچا، بە ڕاو هەزارانی، خاڵسیاو لەی، بەنەرم بەنەرم، بە مەلول مەلول، ئەمانەو دەیان بەزمی تر)) ؟! ئەمەش خۆی لە خۆیدا چەواشەگەرییەو هەرواش بێ ئاگایی نووسەر دەگەیەنێ کە ئەویش بۆ (گۆرانی بێژ)ێك دەبێتە عەیب و کەم هێنان لە پیشەکەیدا! لەو چەند ناوەدا (ئای ئای) و (بەڕاو هەزارانی) نە گۆرانین و نەش ناوی گۆرانی، (مینا وەی و ئایشێ وەی و خاڵسیاولەی و بە مەلول و پێچ پێچا)یش ڕاستە ناوی سیاچەمانەن بەڵام بە هەڵە نووسراونەتەوەو دەبێ بڵێین: (خاڵ سیاو لەیل، پێچەپێچەکا، کنا مەلوول). هەروەها (باوانەکەی باوانم) و (بە نەرم بە نەرم)یش هەر هەڵەن و دروستەکەیان دەبێتە (باوانم باوانم) و (بەنەرم نەرم و بە خاوخاو)، هەردوکیشیان سیاچەمانە نین بەڵکوو گۆرانین و دەچنە خانەی (خاو)ەوە. هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەچێتەوە سەر (٢٧ بەندی زەردەشتی)! و سەرسوڕ هێنەرتر لە جاری پێشوو دەڵێ: ((دۆستێکی ئازیزم سەردانی مۆزەخانەی تارانی کردبوو لە ساڵی ١٩٨٨ دا پێی وتم...... ٢٧ بەندی زەردەشتی کە گۆرانیی سیاچەمانە دەگرنە خۆ بە شێوەی (مخطوطات)، بەڵام کار بەدەستان ڕێگەیان پێنەدام سەیریان بکەم بە تەواوی بۆیە هەر بە چاو پیا خشاندنێك تێگەیشتم کە ئەو بەندانە سیاچەمانەی هەورامانین))!!!. یەکەم، ناچارم دووبارەی بکەمەوە کە شتێکمان بە ناوی (٢٧ بەندی زەردەشتی) لە ناو سەرتا سەری ئاڤێستادا نەبووەو نییە، گەر نووسەر تا ئێستە وا بیری لێکردۆتەوە ئەوە با بزانێ کە لەهەڵەدا بووە چوونکە گەر مەبەستی لە (یەسنا) بێت ئەوا پێی دەڵێم کە یەسنا (٧٢ هات)ە نەك (٢٧بەند) و هەموو ئەو (٧٢ هات)ەش سروودی خودی زەردەشت نین بەڵکوو تەنیا (١٧ هات) لە (٧٢ هات)ی یەسنا سروودی تایبەتی خودی زەردەشتن و پێیان دەگوترێ (گاسا، گاتا، گات، گاتە)و لە یەسناش جیا دەکرێنەوە. خۆ هۆرە و



سیاچەمانەش دوو لەحنی مۆسیقایی تایبەت بە گوتنەوەی گاتاکان بوون بە تەنیا نەك بۆ هەموو بەشەکانی ئاڤێستا، ئەویش چوونکە تەنیا گاتاکان شیعرن و باری هارمۆنییان تێدایە. کەوابوو مەسەلەی (٢٧ بەندی زەردەشتی) هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە و شتێکی عەنتیکەیە و ئاخۆ دەسکردی کێ بێت، ئەوە من نازانم!!! دووەم، ئەو (دۆستە ئازیز)ەش درۆی عەرزی کاکی نووسەر کردووە چوونکە: ١- مۆزەخانە لە وڵاتانی سەرتاسەری دنیادا بۆ پاراستنی سامان و ئاسەواری دێرینەو لە هەمان حاڵیشدا بۆ ئاسانتر کردن و کورت تر کردنەوەی ڕێگای لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی مەیدانیی خاوەن ڕایانە لە سەر مێژوو بە شێوازێکی یاسامەند، بەم پێیەش هیچ مۆزەخانەیەك لە سەیرکردن و پرس و ڕای هیچ کەسێك بەرگری ناکات و تەنانەت ئاسانکاری و هاریکاری و ڕێنماییش دەکرێ، ٢ـ لە ئێران و بە تایبەتی لە تاران دا چەندین ناوەندی پێوەندیدار هەنە وەکوو: ئەنجومەنی زەردەشتیان، ئەنجومەنی مۆبدان، ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێرانی دێرین، ڕێکخراوی فرەوەهەرە، کتێبخانەی یەگانەگی، ناوەندی بڵاو کردنەوەی فرەوەهەرە و... کە هەر هەموویا بەشێك لە سامانی دێرینیان تێدا دەپارێزرێت (خۆشبەختانە من خۆم لە نزیکەوە لە گەڵیان بوومەو کەڵکی زۆرم لێوەر گرتوون)، ئیدی پێویست ناکات تەنیا بە مۆزەخانەیەك قایل بین و سەری بنێینەوە، ٣ـ گریمان شتێکی ئاوا سەیرو سەمەرەش هەبوویێت، خۆ بە دڵنیاییەوە ئەوە بە شێوە خەت و زمانی ئاڤێستا یا پالەوی یاخود سانسکریت بووە کە ئەویش زمان ناسی پسپۆڕی خۆی دەوێت کە بتوانێ بە وردی و بە خۆماندوو کردنەوە ساغی بکاتەوە، واتە کەسێکی دەوێت کە زمانە دێرینەکان بە تەواوەتی بناسێت و شارەزایی و پسپۆڕییەکی تەواوی لەو بوارەدا هەبێت، ئاوەها کەسێکیش من لە کوردستانی باشووردا شك نابەم و تەنانەت دەشڵێم کە پسپۆڕانی ئەو بوارە لە ئێرانیشدا بە قەدەر پەنجەکانی دەست دەبن، ٤ـ دیسانەوە گریمان ئەو (دۆستە ئازیز)ە پسپۆڕێکی بێ هاوتای ئەو خەت و زمان گەلە بێت، خۆ (مخطوط)ێکی ئاوەها دێرین لەو چەند زمانە مێژینەیە ئاوەها بە سەر پێیی و هەر بە (چاو پێدا

خشاندنێك)هەرگیز و بۆ هیچ کەڵە پسپۆڕێکیش ناناسرێت و لێك نادرێتەوە، هەرکەسیش دەڵی وا نییە، با تاقیی بکرێتەوە، پێشینانی هەورامان گوتوویانە: ( ئانە گەز و ئانە یەزد)!.

ب: ڕامانی ژمارە ٢١ (گۆرانی دەرەیی لە هەوراماندا):

نووسەر لە لاپەڕە ١٧٦ دا پێناسەی گۆرانی دەرەیی دەکات و دەنووسێت: ((گۆرانی دەرەیی وەك ئەم پێناسە ئەو جۆرە ئاواز و هەست و سۆزەن کە هونەرمەند لە ناخی دەروونیەوە گۆرانیەکە دەڵێ، وەك چۆن سەماوەر لە تاو سکڵی ناوی ئاوەکە دێتە جۆش گۆرانی دەرەیی یا چۆمی وایە...))! پاشان دەڵێ: ((دەرەش بە پێی ئەو وەسفەی مامۆستا گۆران پڕ بە پێستی دەرەیە یان چەمە بۆیە گۆرانی دەرەیی دوای سیاچەمانە دێت...))! یەکەم، وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد (دەرەیی) بەشێکە لە سیاچەمانە، سیاچەمانە دابەش دەبێتە سەر چەند بەشی وەکوو: سیاچەمانەی دەرەیی، سیاچەمانەی سەحەری، سیاچەمانەی بەرزەچڕ... بەڵام لە گۆرانیدا دەرەیی یانخود نووسەر واتەنی (گۆرانی دەرەیی)مان نییە. دووەم، شوبهاندنی کوڵی دڵی هونەرمەندێك بەو شێوازە ناوازەیە بە سەماوەر و سکڵ و ئاوەکوڵاوەکەی زۆر لە هونەرو خەیاڵی ناسك و هەستی جوانی ناسی بەدوورە (ئەڵبەت نەك بۆ کاکی نووسەر بەڵکوو بۆ خوێنەران)!. سێیەم، کاتێ دەڵێین دەرە واتە چۆم، ئیدی چ پێویست دەکات بەو دەستەواژە سەقەتەوە بگەڕێینەوە لای گۆران و تابلۆ هەرە زیندووەکەی ئەویش لە بەرچاو بخەین؟ پێناسەکەش بە گشتی هەڵەو نادروستەو دەبێ بڵێین: دەرەیی سیاچەمانەیەکە تایبەت بە کەش و هەوای ناوباخ و گوێ چەم و لە کاتی ئیش و کاری باخەوانی و ئاودێری و درەخت چاندن و... لە سێبەری چڕی باخەکانی هەوراماندا دەگوترێت و ماندوێتیی لەشی باخەوانان دەر دەکات و زاخاوی دڵ و دەروونیان دەداتەوە. لە لاپەڕە ١٧٧ دا دەڵێ: ((... بە هەر حاڵ باسەکەی ئێمە گۆرانی دەرەییە کە ئەمیش شێوەی زۆر جۆری هەیە کە لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێ: ١- گۆرانی (ئەیاران یاران) ئەمجۆرە گۆرانییە لە جۆری دووەمی گۆرانی ناوچەی هەورامانە



کە پێی دەوترێ دەرەیی، هەروەها ئەمجۆرەیان پێیشی دەوترێ گۆرانی چەپی))؟!!. پاشان لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێت: ((ئەمەش نموونەیەکە لە شێوەی فۆلکلۆری ناوچەکە:

***ئەیاران یاران یارانا بەیدێ        یانەو نازارام نیشانە دەیدێ***
***کەرە ئا بانە تەماشەت کەروو        نەکا داخەکا ئۆ پەسڵان بەروو***
***ئەیاران یاران یارانا بەیدێ        یانەو خاڵ خاسام نیشانە دەیدێ***
... ... ...        ... ... ...
***ئەیاران یاران یارانا لۆدێ        یانەو ئازیزم نیشانە دەیدێ***
***کەرە پەنجەرە تەماشەت کەرو        لادە زڵفەکەیت با ئۆخەی کەرو***
***ئەیاران یاران یارانا کۆندێ        یانەو جەمینام نیشانە دەیدێ))!***

یەکەم، (ئەیاران یاران) نییەو (ئەی یاران یاران)ە، دووەم، ئەو گۆرانییە دەرەیی نییە بەڵکوو دەچێتە خانەی (گیلای _ گەڕیان) لە گۆرانیدا. نازانم چۆن کاکی نووسەر کە خۆی سەردەمێك گۆرانیبێژ بووەو چەند گۆرانییەکی گوتوونەتەوە کەچی جیاوازیی زەوی و ئاسمانی (دەرەیی) و (چەپی) لێك ناداتەوە {ئەو کرژ و ئەم خاو}! یانخود چۆن یەك گۆرانی لە یەك کاتدا هەم دەکاتە دەرەیی و هەمیش دەیکاتە چەپی؟! ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شتێك بە ناوی (گۆرانی چەپی) هەر نەبووەو نییە! سێیەم، وشەکانی (ئەیاران) و (یارانا) لە سەربەندی گۆرانییەکەدا هەڵەن و دەبێ بنووسرێ: (ئەی یارا) و (ئەی یانخود ئای یاران)، هەر هەموو سەربەندەکان هەڵەن و داتاشراون، ڕەنگە هی نووسەر خۆی بن و ناویشیان لی بنێت: ــ شیعری لیریك ــ! ئەو گۆرانییە چەند سەربەندێکی هەن کە لە هەموویاندا نیو دێڕی یەکەم ناگۆڕدرێت و وەك خۆی دووبارە دەبێتەوە بێجگە لە تاقە یەك سەربەند واتە:

***(ئەی یاران یاران یاوەرینتا بۆ        قۆڵی پڕ بازن شەو سەرینتا بۆ)***

ئەو سەربەندەکانی دیکەش:

***(ئەی یاران یاران ئای یاران بەیدێ        یانەو نازارام نیشانە دەیدێ)***

ئەدی وشەگەلی وەك (لۆدێ و كۆندێ و خاڵ خاسام و ئازیزم و جەمینام) سەرەڕای داتاشراوییەكەیان، سەرپاك هەڵەن. چوارەم، دیكەی شیعرەكەش واتە دێڕەكانی ( ٢ و ٦ ) هەڵەن كە بەمجۆرە ڕاستیان دەكەمەوە:

*كەرە ئا بانە تەماشەت كەروو     نەكا داخەكات قیامەت بەروو*

*كەرە پەنجەرە بدیە پا چەما     هەرچی تۆ مدیەی من خەمێم ڕەما*

ئەدی وشەی (ئۆ پەسلان) و (ئۆخەی كەروو) تا ئێستە نەوتراون، ئەمانە وشەی نامۆ و ناوازەن و ناكەونە ناو گۆرانی. لە هەمان لاپەڕەدا گۆرانییەكی دیكەی دەرەیی؟!! دەناسێنێت و دەڵێ:

((٢- شێوەی دووەمی ئەم گۆرانییە ئەوەیە كاتێك ... و لاوەكان دەست دەكەنە وتنی گۆرانی (باژەباژە)... بە تایبەتیش ئەم شێوەیە لە سەردەمی گاتەكانەوە یان... هەبووەو تائێستاش هەروەك خۆی نەگۆڕاوە)) پاشان لە چەند ڕستەی دواتردا نموونەی لی دێنێتەوەو دەڵێ: ((... ئەمەش شێوەی گۆرانییەكەیە كە بە شیعری فۆلكلۆری ئەم نموونەیەم هێناوە:

*هەی باژە باژە باژەو باژە     شاویەن موبارەك باژە))*

یەكەم، ئەم شتەش (باژە باژە) نییە بەڵكوو (بادە بادە)یەو هیچ پێوەندییەكیشی لە گەڵ دەرەیی یانخود هیچكام لە (خانە)كانی دیكەی گۆرانییەوە نییە بەڵكوو خۆی بۆ خۆی گۆرانییەكی سەربەخۆی تایبەتی بووك گواستنەوەیە، واتە (بووك)ی پێ بەرێدەكەن لە ماڵە بابانەوە تا ماڵی زاوا و بەشداریكەرانی زەماوەندەكە بەو گۆرانییەوە پیرۆزبایی ئەو پەیوەندە دەكەن لە بووك و زاوا. دووەم، گۆرانییەكەش هی سەردەمی زەردەشت نییە، لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بكەمەوە كە لە ناو خەرمانی بە پیتی گۆرانیدا تەنیا دوو گۆرانی هەن كە تا ڕادەیەك مۆركی گاتاكانیان پێوە ماوەتەوە كە ئەوانیش (گەردوون چە بكەم)ی (خاو) و (یەزن یەزن)ی (چەپڵە)یە و جگە لەو دوو گۆرانییە هیچ گۆرانییەكی دیكە ئەو مۆركەی پێوە نەماوە، (دیارە لێرەدا باس لە سیاچەمانە ناكرێت و ئەو بەشە حیسابی جیای هەیە). سێیەم،



نموونەكەش هەر تەواو شپرزە، وەكوو گوتم (باژە) نییە و (بادە)یە، هەرواش وشەی (شاوی) هەڵەیەو (شادی) دروستە، لە ناو دێڕی یەكەمیشدا چوار جار وشەی (باژە)ی دووپات كردۆتەوە كە هەڵەیە و كێشی شیعرەكە دەشكێنێت و هارمۆنیاكەش دەشێوێنێ، دروست تر ئەوەیە كە سێ جار دووبارە بكرێتەوە: (هەی بادە/ بادە/ بادە شادیەن/ مەبارەك/ بادە).

لە لاپەڕە ١٧٨ دا دەنووسێت: ((٣- جۆری سێیەم گۆرانی شێخانەیە))، دواتریش دەڵێ: ((... و گۆرانی دەروێشان بۆ شێخەكان بە سەر زاری گۆرانی بێژەكانی هەورامانەوەن بە تایبەتی كاك عوسمان گەچینەیی و حەمە حوسێن كێمنەیی ... جەمیل نەوسووی و شەفیق كێمنەیی)) یەكەم، (شێخانە) تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چ بەشی سیاچەمانەی و چ بەشی گۆرانییەكانیشی جیاوازن و ناچنە (خانە)ی دەرەیی و...ەوە و هیچ پێوەندییەكیشیان پێكەوە نییە. دووەم، ڕاستە عوسمان هەورامی سەردەمێك بە عوسمان كەیمنەیی و سەردەمێكیش بە عوسان گەچینەیی ناسراوە بەڵام دواترو بۆ هەمیشەش بە (عوسمان هەورامی) ناوبانگی دەر كردووەو ئیتر ناو هێنانی بە (عوسمان گەچینەیی) هەڵەیەكی هونەرییە. سێیەم، وشەكانی (كێمنەیی) و (نەوسووی) و (شەفیق) هەڵەن و دروستەكەیان دەبێتە (كەیمنەیی) و (نەوسوودی) و (شەفیع) و لەوانیشدا بە تایبەتی حەمەحسێن و جەمیل زۆر كەم خۆیان لە قەرەی گۆرانی شێخانە داوە، دەبێ بزانین كە شێخانە گۆرانی بێژی تایبەتی خۆی هەیە. نووسەر لە هەمان لاپەڕەدا دێتە سەر گۆرانییەكی تر و دەڵێ: ((٤- جۆری چوارەم گۆرانی (خاو)ە ئەم جۆرەیان ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن بۆیە پێناسەی ئەمجۆرە بەم پەخشانەی؟!! خوارەوە دەكەم...))، دواتریش نموونەیەك دێنێتەوەو دەڵێ: ((ئای گەردوون گەردوون بەم شیعرە بەرزەی خانای قوبادی دەوترێ:

*ڕاسەن مەواچان فارسی شەكەرەن*

*كوردی جە فارسی بەڵ شیرین تەرەن*

... ... ... )).

یەکەم، نازانم لە حاڵێکدا کە (خاو) و(دەرەیی) و(شێخانە) زۆر لێك دوورن و یەك ناگرنەوە بە چ مەبەستێك پێکەوە هاتوون و تێکەڵ کراون؟ هیوادارم کاکی نووسەر هەموو شێخانە و خاوەکانیشی هەر بە دڵی خۆی و خۆی ئاسایی نەتەپاندبێتە خانەی (دەرەیی)یەوە! دووەم، لە سەر پارچە پەخشانەکەشی! ناڕۆم چوونکە دەبێ هەر لە بنەڕەتەوە بڕووخێت و بخرێتە لاوە!(ڕیز کردنی چەند وشەی بێ سەروبەر بەبێ هیچ واتایەك یا تەنانەت بە دوور لە شێوازێکی - تۆزێ ماقووڵی - داڕشتنی ئەدەبی نابێتە پەخشان). سێیەم، گۆرانی (ئای گەردوون گەردوون)یش خاو نییە بەڵکوو (وردە بەزم)ە و هەروایش شیعری تایبەتی خۆی هەیە و دڵنیام بێجگە لە (کاك) دارا، ئەویش تەنیا لەم نووسینەدا، هیچ کەسێکی تر تائێستا ئەو شیعرەی خانای لەو گۆرانییەدا نەوتووەتەوە، ئەوەش عەینی چەواشەگەرییە کە حوکمێك دەر بکەین لە سەر ئەوەی کە گوایە ئەو گۆرانییە تایبەتە بەو شیعرە! گۆرانییەکە سەربەندێکی دیاریکراویشی هەیە کە نیو دێڕی دووەمی جارو بار دەگۆڕدرێت بەم چەشنە:

*(ئای گەردوون گەردوون*
*سەرتەڵی ڕێحان بڕیان بە مەیوون)*

یاخود:

*( ئای گەردوون گەردوون*
*سەرکەژان لێڵەن پای کەژان زەبوون).*

ج: ڕامانی ژمارە ٢٢ لاپەڕەی ١٩٢ - تیراژ - (دارا هەورامیی هونەرمەند لە دیدارێکدا):

لەو بەشەی تیراژی ڕامان دا دیمانەیەك لە گەڵ کاك دارادا ساز کراوە، کە وڵامی چەند پرسیارێکی ڕامانی ژمارە (٢٢)ی داوەتەوەو لە وڵامی پرسیاری یەکەم لە مەڕ (سەرچاوەی سیاچەمانە)وە دەڵێت: ((سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەردەشت، ئاڤێستای زەردەشت ٢٧ بەندی تێدایە باسی گۆرانی ڕەسەنی خۆمانە دەکات، کە بە سروود یان گاتا ناوی هاتووە)).



یەکەم، پێشتر لە سەر (٢٧) بەند ڕۆیشتم و ڕوونم کردەوە کە ئەو شتە عەنتیکەیە هیچ بنەمایەکی نییە. دووەم، سروودەکانی زەردەشت (گاتا)کان لە هیچ شوێنێکدا (باسی گۆرانی ڕەسەنی خۆمانە) ناکەن، بەڵکوو خۆیان شیعرن و بە لەحنێکی تایبەت گوتراونەتەوە وەك چۆن شیعری شاعیرێك لە گۆرانییەکدا دەگوترێت و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە گوایە ئەو شیعرە باسی ئەو گۆرانییە دەکات. ئەوەندە هەیە ئەو لەحنانەی کە گاتاکانیان پێ گوتراونەتەوە، تایبەت دراون بۆ گوتنەوەی هەمان گاتاکان و ئێمەش بە (هۆرە) و (سیاچەمانە) دەیانناسین.

لە وڵامی پرسیاری دووەمدا سەبارەت بە سەرگوزەشتەی سیاچەمانە دەڵێ: ((سیاچەمانە واتە چاو ڕەش. سەرگوزەشتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەند و نووسراوەکانی زەردەشت، یەکێ لەو بەندانە (سروودی یارستان)ە... هەندێ وتەی فۆلکلۆری هەیە باسی (یوسف و ئاسکە) دەکا کە دوو دڵداری شەیدا بوون... ئەمەش (سیاچەمانە) کە چەند جۆرە گۆرانی خۆی هەیە: (ئاشتی وەی)، (ئاسکۆڵ)، (پێچی پێچا)، (ڕاوەهەزارانی)و...)) یەکەم، پێشتر لە سەر مەسەلەی (سیاچەمانە)ش ڕۆیشتووم و لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە. دووەم، سروودی (یارستان) نییە و (یارسان)ە و ئەویش هیچ پێوەندییەکی بە زەردەشت و ئاڤێستاوە نییە بەڵکوو تایبەتە بە (سەرەنجام)ی ئایینی ئەهلی هەق کە نێوانێکی دوورودرێژی مێژوویی لە گەڵ ئاڤێستادا هەیەو گەر بە وردیش سەرنجیان بدەین جیاوازییەکی بەرچاو لە ناوەڕۆکی هەردوو لادا بەدی دەکەین! سێیەم، دەستەواژەی (یۆسف و ئاسکە) هەڵەیە، (یۆسۆ ئاسکە یاخود یۆسۆ یاسکە) هەر یەك کەسە، ئەویش پیاوێکی هونەرمەندی دەنگخۆش و ئەوینداری کوردەو لە(وتەی فۆلکلۆری)یشدا نییە بەڵکوو لە مێژووی ڕاستەقینەی گەلی کورد دایە. یۆسۆ ئاسکە هونەر مەندی دەنگ زوڵاڵی دەرباری خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان بووە کە بە گەرووییەکی زێڕین و چریکەیەکی ڕەسەن سیاچەمانەی چڕیوەو... چوارەم، وشەکانی (ئاشتی وەی) و (ئاسکۆڵ) و(پێچی پێچا) هەڵەنەو دەبێ بڵێین (ئایشێ وەی) و (ناسکۆڵ) و(پێچە پێچەکا) هەروەها (ڕاوە هەزارانی)یش لە هیچ دیرۆکێکدا

نەبووە و شتێکی دەسکردی داتاشراوی ناڕاستە، (نووسەر هەمان ئەو چەند ناوەی لە لاپەڕە ١٦٠ی ژمارە١٦ یشدا هەر بەو هەڵەکارییەوە هێناون و من نازانم بۆچی بیری لەو چەند وشەیەدا قەتیس ماوەو ناوی دەیان سیاچەمانەی تری پشت گوێ خستووە و فەرامۆشی کردوون، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە (کاک) دارا بۆ خۆی گۆرانی بێژە! لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا سەبارەت بە (سەرچاوەی فۆلکلۆری ڕەسەن) دەڵێ: ((هەورامانی تەخت. چوونکە شوێنی لە دایکبوونی پیرەکانە وەك پیرشالیاری زەردەشتی، بە تایبەتیش ناوچەی (شاری هەورامان) کە زۆربەی شاعیرە دەس باڵاکانمان لەوێدا سەریان هەڵداوە)). یەکەم، هەر شوێن و ناوچەیەك داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیەو (تەخت) و (لهۆن)یش لەم یاسایە دەرناچن. فۆلکلۆری ڕەسەن لە هەردوو ناوچەکەدا هەیە و هەردوو لایش لەو بوارەدا دەوڵەمەندن. لە لایەکی تریشەوە ڕەسەنایەتیی فۆلکلۆری میللەتێك نابەسرێتەوە بە شەخس (کەس)ەوەو هەر بەرهەمێکیش خاوەنی ناسراو و دیاریکراوی هەبوو ئەوە ناخرێتە خانەی فۆلکلۆرەوە. بۆ وێنە (ماریفەتی پیر) هیی (پیرشالیار)ە و هیچ پێوەندییەکی بە فۆلکلۆرەوە نییە. هەروەها نەك زۆربەی (شاعیرە دەسباڵاکانمان لە شاری هەروامان)دا سەریان هەڵنەداوە بەڵکوو لەم شارەدا هەر شاعیریشمان نییە، ئەگەر مەبەستی کاکی نووسەر (سەیدی) یانخود (عەبدوڵڵا بەگی هەورامان) بێت ئەوا دەبێ بڵێم کە هیچکامیان هی شاری هەورامان نین، (سەیدی) لە گوندی (سەرپیر)ەو (عەبدوڵڵابەگ)یش لە گوندی (کەماڵا). خۆ ئەوانیش ناتوانن فۆلکلۆر بخولقێنن، کەوابوو ناتوانین سەرچاوەیەك بۆ فۆلکلۆر دیاری بکەین و بە تایبەت ئەگەر بیبەستینەوە بە شاعیرە ناسراوەکانەوە، ئەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئێمە نە فۆلکلۆر دەناسین و نە سەریشمان لە تایبەتمەندییەکانی دەر دەچێ. لە وەڵامی پرسیاری چوارەمدا سەبارەت بە (گۆرانیبێژی کۆن و نوێی هەورامان) دەڵێ: (( عەلی و حێدەر... هەروا عوسمان کێمنەیی کە هەزار گۆرانیی لە سەر کاسێت و ڤیدیۆ هەیەو هەموویشیان ڕەسەنن، جێی داخە کە لە ساڵی (١٩٩٢)دا لە مەریوان ساردیی دەرخوارد دەدەن و دەنگی دەکەوێ! هەروا



حەمەحوسێن کێمنەیی کە هەر سێ جۆرە گۆرانییەکە (سیاچەمانە، دەرەیی، بەستەو چەپڵە) دەچڕێ، با کاك جەمیل نەوسوودیش فەرامۆش نەکرێ)).

یەکەم، کاك دارا وا دەگەیەنێ کە تەنیا (عەلی و حێدەر) گۆرانی بێژی کۆن بوون و پاشان جیلی تازەش؟! تەنیا (عوسمان و حەمەحسێن و جەمیل)ی تێدان و بڕایەوە! کە ئەمەش ڕاست نییە و دەبا ئاماژەی بە کەڵە هونەرمەندانی کۆنی هەورامان وەك (حەمەعەلی خاوەو حەمەعەلی بەگ و مام حەکیم و ڕەشەغوڵام) و... بکردبا کە هەر هەموویان لە عەلی و حێدەر کۆنترو بە ناو بانگتریشن. پاشان بۆ جیلی نوێش ناوی هونەرمەندانی ڕەسەنی وەك (فەتحوڵڵا ئەمینی و جەلال هەرسینی و تەوفیق زاوەری و قوربانی خالیدی)و... هتد بهێنابایە کە وەکوو هونەرمەندێکی داهێنەر (لە سەر بنەما ڕەسەنەکە) جێ پەنجەیان دیارە و ناسراون.

دووەم، کاك عوسمان هەورامی ( لە مەریواندا ) ساردیی دەرخوارد نەدرا و کەسیش لە وەستانی چریکە ڕەسەنەکەیدا تاوانبار نییە و مەسەلەکەش هەر تەنیا ساردی خواردنێك نییە بەڵکوو دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆکارێکی پزیشکی و... هەروەها ڕەنگە کاك عوسمان زۆرتریش لە هەزار گۆرانیی تۆمار کردبن (بە دووبارە و چەند بارە بوونەوەی هەندێ لە گۆرانییەکان). بەڵام خاوەنی هەزار گۆرانی نییە واتە هەزار گۆرانیمان لە هەوراماندا نەبوونە.

سێیەم، وەك پێشتریش ڕوونم کردەوە (کێمنە) هەڵەیە و دروستەکەی (کەمنە - کەی + منە -)یە و کاك دارا هیچ نەبێ دەبا شارەزای ئەو شتە ئاشکراو ئاسایییە بێت.

چوارەم، دەستەواژەی (هەرسێ جۆرە گۆرانییەکە ـ سیاچەمانە ـ و ـ دەرەیی ـ و ـ بەستەو چەپڵە ـ) هەڵەیە چوونکە ١ـ سیاچەمانە گۆرانی نییە ٢ـ دەرەیی بەشێکی جیاوازی سەربەخۆ نییە لە گۆرانیدا بەڵکوو چەشنێکی سیاچەمانەیە، دەبا نووسەر ئەوەی بزانیبا و بیگوتبا: (جۆرەکانی سیاچەمانە و گۆرانی) نەك شتەکە تێکەڵ بکات و بیشێوێنێ!

پێنجەم، کاک حەمەحسێن، نەك (حەمە حوسێن) زۆرترین بەهرەی خۆی لە گۆرانی ( خاو ــ گۆشی ــ و گەڕیان)دا پیشان داوەو تەنیا کەسێك کە زاڵ بووبێ بەسەر هەر هەموو جۆرەکانی گۆرانی و سیاچەمانەدا هەمان کاك عوسمان هەورامییە کە بە ئیعتیرافی هەر هەموو گۆرانی بێژەکانی هەورامان کەس نەگەیوەتە ئاستی و جێگاشی بە هیچ کەس پڕ نابێتەوە. ئەگەر بمانەوێ بەهرەو بڕستی هونەریی ئەو چەند هاواڵە هونەرمەند و دەنگخۆشە پۆلین بکەین دەبێ بە پێی ئەم خشتەیە بڕۆین:...

- عوسمان هەورامی: سیاچەمانەو گۆرانی بە هەموو لق و خانەو بەشەکانییەوەو تەنانەت ــ هۆرە ــ ش (وەك گوتنەوە).
- حەمەحسێن کەیمنەیی: خاو (گۆشی)، گەڕیان (گێلای) و وردە بەزم.
- جەمیل نەوسوودی: سیاچەمانە و گۆرانی (خاو).
- شەفیع کەیمەیی: وردە بەزم و چەپڵە.

دیارە ئەم ڕێژە و خشتەیەش ئەوە ناگەیەنێ کە گوایە ئەو گۆرانی بێژانە دیکەی جۆرەکانی گۆرانی و سیاچەمانەیان نەگوتبێ، بەڵکوو لە ڕاستیدا تەنیا پێشاندەری ڕادەی دەسەڵات و سەرکەوتوویی هەر کام لەوانە لە بەشێکدا، ئەم پۆلین کردن و ناساندن و دیاریکردنی ئاستی بڕست و سەرکەوتووییە لە جیهانی هونەری مۆسیقادا بۆ هەموو گۆرانی بێژەکان پێویستەو دەبێ بکرێت بۆ ئەوەی هەر کەس بەهرەی خۆی لە بوارێکدا بدۆزێتەوەو زۆرتر خۆی لە گەڵدا ماندوو بکات تا سەرکەوتووتر بێت. ( پێویستە بڵێم خۆشبەختانە ئەو کارەش کراوە و هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانم بڵاوی بکەمەوەو گۆرانی بێژەکانیشمان بە ڕەچاو کردنی بکەونە سەر ڕێگای شیاوی خۆیان و...)

د: ڕامانی ژمارە (٢٤): ( گۆرانی چەپڵە لە هەوراماندا):

لە لاپەڕە ١٨٦دا دەنووسێت: ((ئەوەتا هۆزانڤانی نەمر گۆران لە بارەی هونەری کوردییەوە دەفەرموێ:



*ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە*
*میزاجی کوردەواریم تێکچووە دەروێش عەبدوڵڵا*
*دەخیلت بم دەسا بەو لاوك و ئای ئای و حەیرانە*
... ...

لە ساڵەکانی پەنجاکاندا ڕۆح خرۆشی بێگانە ئەوەندە باو بووە...)) یەکەم، لە دێڕی دووەمدا بە نەهێنانی نیوەی دووەمی دێڕەکە واتای شیعرەکەی شاردۆتەوە. گۆران لە دەروێش عەبدوڵڵا داوای ژەنینی شمشاڵ دەکات و دەڵێ: بە هەوایەکی ڕەسەنی کوردی کاریگەریی ئەو هەموو مۆسیقا بێگانەیە لە سەر بیرو هەستم بسڕەوە. بەڵام ئەگەر دێڕەکە بە تەواوەتی نەهێنینەوە (وەك نووسەر وایکردووە) ئەوا ئەو پەیام و مەبەستە وەرناگرین، کەوابوو دەبا دێڕەکەی بە تەواوەتی بنووسیبا وەك:

((دەخیلت بم دەسا بەو لاوك و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە))

دووەم، نازانم نووسەر چۆن لە ((خرۆشی ڕۆحی بێگانە))ی گۆران گەیشتووەو مەبەستی لە هێنانی دەستەواژەی (زۆربوونی ڕۆح خرۆشی بێگانە) چییە؟! گۆران دەڵێ: ((خرۆشی ڕۆحی بێگانە)) و مەبەستیشی لە بیرو بۆچوون و حەز و چێژی ناکوردی و نا نەتەوەییە، واتە هەموو ئەو مۆسیقایەی کە بیستوویەتی لە گەڵ بیرو مێشك و حەز و چێژیدا نامۆ بووە و هیچ مۆرکێکی نەتەوەکەی خۆی پێوە نەبووە بۆیە میزاجی کوردیی ئەوی شێواندووە، دەڵێ: هەرچیم بیستووە خرۆشی ڕۆحی بێگانە بووە. ئیدی هێنانی دەستەواژەی سەقەتی (ڕۆح خرۆشی بێگانە) هیچ واتایەکی نییە.

لە لاپەڕەی ١٨٧دا سەبارەت بە گۆرانیی چەپڵە دەڵێ: ((... لە دەبەری هەوراماندا ئەم سترانانە ئەوەندە زۆرن هەروا بە ئاسانی لە ژماردن نایەن، ئەوەتا گۆرانی بێژی دەنگخۆش کاك (عوسمان کێمنەیی) لە زاری خۆیم بیست کە هەزار گۆرانیی هەیە کە لە هەموو تۆمارگەکانی کوردستاندا زۆرن بەڵام خوا نەکا لە دەرەوەی وڵات گۆرانییەکیان لە هیچ تۆمارگەیێکا هەبێ))، پاشان لە درێژەی

قسەکانیدا بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، هەر خۆی بەرپەرچی قسەکانی خۆی دەداتەوەو دەڵێ: ((... بەڵام لە شارەکانی کوردستاندا ئەگەر یەکێك بیەوێ شریتێکی هەورامی بکڕێت دەبێ خاوەنی تۆمارگا (١٠٠) شریتی عەرەبی و فارسی سەیر بکات ئینجا شریتێکی بە دەست دەکەوێ کە ئەویش لەوانەیە مۆرانە خواردبێتی))!

یەکەم، بەزمی چەپڵە لە هەوراماندا نەك هەر (ئەوەندە زۆر نین کە لە ژماردن نەیەن) بەڵکوو سەرجەم لە (١٥٠) بەزم تێ ناپەڕن. (نووسەر ئەم ڕێژە بێ کۆتاییەی هەر بە هەمان شێوە بۆ دیکەی گۆرانیەکان وەك - خاو - و - دەرەیی - ش دووبارە کردۆتەوە و بۆ هیچکامیش ڕاست نییە!)

دووەم، پێشتریش گوتم کە کاك عوسمان هەورامی هەزار بەزمی نییە و ئێستاش سەرم سووڕ ماوە کە کاك عوسمان ئاوەها شتێکی گوتبێ، چوونکە لەو ماوەی چەند ساڵ لێکۆڵینەوەم لەسەر سیاچەمانە لە گەڵ هەموو گۆرانیبێژەکان و بە تایبەت چوار جار لە گەڵ کاك عوسماندا دیمانە و گفت و گۆی دوورو درێژم ساز داوە کەچی ئەمە بۆ یەکەمجارە ئاوا قسەیەك دەبیسم! ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە بۆ خۆم هەر هەموو گۆرانییەکانم (دووپاتەی دەکەمەوە - هەر هەموویان -) نووسیوەتەوەو خەریکی لەسەر نووسین و شیکردنەوەیان بوومە و دڵنیاشم کە هیچ گۆرانییەك یاخود شریتێکی گۆرانی نەبووەو نییە چەند جارم لێ نەدابێتەوە و دەبێ بڵێم ئەم ژمارەیەم (١٠٠٠) وەك ئەفسانەیەکی نوێ؟! دێتە بەر چاو!

سێیەم، دیسانەوە دووبارەی دەکەمەوە کە نووسەر ئاگای لە جموجووڵی هونەریی ئەملاولا نییە و ڕەنگە هەر تەنیا ( شارە لە خرۆشی ڕۆحی بێگانەدا خنکاوەکەی سلێمانی)ی کردبێتە بەڵگە و نموونەی هەموو کوردەواری! باشترە بزانێ کە: ١ـ لە شارەکانی کوردستاندا (زۆرتر ئەو دیو) ئاوڕدانەوە لە گۆرانیی ڕەسەن و بە گشتی لە کلتووری هەورامان دەور و بایەخی تایبەتی هەیە و تەنانەت گۆرانیی هەورامان کراونەتە ئەلبوومیش و وا دەشخرێنە سەر (C.D)، ٢ـ ئەم بوارە لە ئەورووپاشدا ئاوڕی لێ دراوەتەوەو لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت و زۆرن ئەو دڵسۆزانەی کە بە



پەرۆشەوە کەوتوونەتە شوێنی بووژاندنەوەو ناساندنی کەلەپووری دێرینی هەورامان. ئەوەش بڵێم کە نووسەری ئەم چەند دێڕە لە هەشتاکاندا کاسێتێکی گوڵچنی گۆرانیی هەورامانم بە شەرح و لێکدانەوە، وەکوو نموونەی هەرە زیندووی فەرهەنگ و هونەری مێژینەو دەوڵەمەندی ئاهوورایی کورد ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و... کردووەو پێم سەلماندوون کە (ئێمەش میللەتێکین).

نووسەر لە هەمان لاپەڕەدا نموونەی گۆرانیی چەپڵە؟! دێنێتەوەو دەڵێ: ((ئەو گۆرانیانەی کە لە دەڤەرەکەدا هەن کە زۆر بڵاون ئەمانەن: خورشید خان، شیرینەو خانم، کەنیلە، دیسان دووبارە، ئامەکوڵێ، بەناز بەناز، خەجێ خەجێ، لەرزانەکانم، کرمان کرمانە، بەتۆری کرد بە تۆریای، سەوزەی کاڵەبەی، باران بارانە، ئامەکەو ئامینم، کوردەژن نەمری، باوانم باوانم، مەلە سەرشین، ئاخ لەیل و گیان لەیل، مەگری مەگری، گرەوەکەت کاڵا، ماست فرۆشەکە، خاڵ نازار، ئەرێ لەیلەو مەژنوون، ئامان گیان فەریدە، نەجیبی گیان نەجیبی، کەنیشکەو کاڵەکەم، ئەرێ ڕێحان تۆ خەڵکی، سەراو چوون هەولێ، خانم گیان خانم، خاڵسیاو لەیلی گیان، با من بچمە قاسم خان، کۆڵان بە کۆڵان، بە گوڵە وەنەوشە، ئای نەرمێ نەرما، ڕازیانە ڕازیانە، پەری پەری، کەمەر بەرزەڵنگ، وەشەن هەورامان، وەی وەی باڵا بەرز، ئاخ سەوزە، گیان مەردا مەردا، کاڵەبەی کاڵێ، بەرزی بەرزی، ئادەنگ ئادەنگ، خاڵ وەی خاڵ، وەسێ نیشەرە، قەڵای سەنگ بادانی خەم، جەژنەن شادیەن، خاتوو مەلی، یەزن یەزن، خرنگە گیانم خرنگە، قاژەسیاوا، وەی عەلەکە عەلەکەو...)) پاشان درێژەی پێ دەدات و دەڵێ: (( ئەم گۆرانیانە هەموویان بە گۆرانیی چەپڵە بەناو بانگن... هەریەکە باسی شتێ دەکا، هەیانە وەسفە، هەیانە لاواندنەوەیە، هەیانە باسی فێر کردن دەکا، هەیانە سرشتییە، هەیانە شێخانەیە بە شێوەی کرژ...))!

یەکەم، گۆرانییەکانی (خورشید خان و باوانم باوانم و مەلەسەرشین وگیان مەردا مەردا و خاڵ وەی خاڵ و ئاخ سەوزە) هیچ پێوەندییەکیان بە چەپڵەوە نییە و هەر هەموویان دەچنە خانەی خاو (گۆشی)یەوە.

دووەم، ناوەکانی: (باران بارانە و گرەوەکەت کالاّ و ئەریَ لەیلەو مەژنوون و سەراو چوون هەولّی و وەسیَ نیشەرە و قاژە سیاوا) هیچکام گۆرانی نیین، لەوانەیە لەناو دێڕە شیعرێکدا کەوتبنە ناو گۆرانییەکەوەو کاکی نووسەر بە هەڵە وەك ناوی گۆرانییەکە لێیان گەیشتبیَ!!

سێیەم، گۆرانیەکانی (کەنیلە و ئامەکولیَ و سەوزەی کاڵەبەی و کوردەژن نەمری و خاڵ نازار و ئامان گیان فەریدە)ش هیچکام چەپڵە نین و هەموویان دەچنە خانەی (وردەبەزم)ەوە، سەرەڕای ئەوەی هەندیَ لە ناوەکانیشی بە هەڵە نووسیونەتەوە کە لێرەدا لە گەڵ شێوە دروستەکەیان دەیانهێنمەوە: بەتۆری کرد بە تۆریای )بۆ تۆرت کرد بۆ تۆرای، ( کوردە ژن نەمری ) قەد باریك نەمری،

(گیان مەردا مەردا )مەردا مەردا، ( جەژنەن شادیەن )عەیدەن شادیەن، ( خاڵ وەی خاڵ )ئەی خاڵ وەی خاڵ،

(لەرزانەکانم)لەرزانەکانت - ئامان لەرزانە، ( خورشید خان )ئامان خورشید گیان).

چوارەم، وەك دەر کەوت (هەموو ئەو گۆرانیانە بە چەپڵە) ناناسرێن و هەرکامە دەکەونە (خانە)یەکەوە و نووسەر یا بەبیَ ئاگا تووشی هەڵە بووە یا پێشینان واتەنی هەر (تەپی لی ناپێکیَ)، هیچکام لەو گۆرانیانەش هەر نزیکی (شێخانە) ناکەونەوەو لە شێخانەدا چەپڵەمان هەر نییە جگە لە چەند (وردەبەزم)ێك کە ئەوانیش کەش و هەوای جیاواز و تایبەتی خۆیان هەیەو لە گەڵ ئامێری (دەف)دا دەگوترێنەوە، هەروەها هیچ گۆرانییەکی چەپڵە (لاواندنەوە)ی تێدا نییە، (لاواندنەوە بۆ هەڵڕشتنی داخ و حەسرەت و شیوەنە و چەپڵەش دەربڕی خۆشی و بەزم و شادی، ئەم لە کویَ و ئەو لە کویَ؟!). دەبا کاکی نووسەر لە جێی لاواندنەوە بینووسیبا (پیا هەڵدان) کە تا ڕادەیەك مەبەستەکە بگەیەنێت، (باسی فێر کردن)یش لە هیچ چەپڵەیەکدا نەبووەو نییە. نووسەر لە لاپەڕەی ١٨٨دا دەڵیَ: ((... نموونەیەکی تر لە گۆرانی چەپڵە ئەویش وەی وەی بالاّ بەرز کە بە شیعری شاعیران دەوتریَ، ئەم گۆرانییە بە چەند



جۆرێك دەوتریَ هەر یەکە بەزم و ڕەزمی خۆی هەیە... ئەوەتا میرزا شەفیع (١٧٨٥ - ١٨٣٥) کە میرزا بەرەو پیری دەڕوات و دەڵیَ ئەی (تار) کەی کاتی ڕەشتنی مووی منت بوو کە زوو سپی بوو؟...)) تا دەگاتە شیعرەکەو دەینووسێتەوە:

*(( پەرسام ئەریَ هەی تار بێوادە ڕەشتە*

*هەوای سارد و گەرم ڕۆزگار نەچەشتە))*

پاشان وەك هێنانەوەی نموونەیەکی تر دەڵیَ: ((نموونەی سێیەم لە شیعری میرزا عەبدولقادری پاوەییە بەناوی (ئاخ لەیل و گیان لەیل) کە دەفەرمویَ: ... ... )).

یەکەم، (وەی وەی بالاّ بەرز) تەنیا یەك لەحنە و هەر بە یەك ئیقاعیش دەوتریَ نەك چەند جۆرو بە چەند (بەزم و ڕەزم)ەوە! ئەوەی کە کاکی نووسەری (گۆرانیبێژی گۆرانی نەناس)ی بە هەڵەدا بردووە گۆرانیەکی دیکەیە کە پێی دەگوتریَ (شۆڕیَ بالاّ بەرز) و لەگەڵ ئەوی ترا زۆر لێك نزیکن بەڵام یەك نیین.

دووەم، نەك ئەو دوو گۆرانییە، بەڵکوو بێجگە لە (وەیادی سالاّن)ی دێرین بە شیعری (سەیدی هەورامی) و (وەهارەن جە نۆ)ی تازەش بە شیعری (ئەقدەسی)ی ڕەزاوی، هیچ گۆرانییەکی دیکە تا ئێستەش سەرپاك بە شیعری هیچ شاعیرێك نەوتراوەتەوە بەڵکوهەموو گۆرانییەك شیعری تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەیە کە هەر هەمووشیان بەری خەرمانی بە پیتی فۆلکلۆری هەورامانن، تەنیا ئەوەندە هەیە کە جاروبار (زۆر بە دەگمەن) دێڕە شیعری شاعیرێك بە تایبەت لە مەولەوی و سەیدی و بێسارانی کەوتۆتە ناو گۆرانییەکەوە کە ئەویش لەناو دیکەی شیعرە فۆلکلۆرییەکاندا بزر بووە و تواوەتەوە، دەنا نە ئەو گۆرانییە و نە هیچ گۆرانییەکی تریش بە شیعری تەواوی هیچ شاعیرێك نەوتراون چ بگاتە ئەوەی کە نەشارەزایانە ناوی گۆرانییەك بلکێندریَ بە شیعری شاعیرێکەوە! (ئەوەش بڵێم، ئەگەر ئەم کارە وەك داهێنانێك بە پێی هەلو مەرج و یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی بکریَ زۆر باشە کە خۆشبەختانە لە کوردستانی ئەودیو (ڕۆژ هەلاّت)دا بۆ ئەم لایەنەش هەنگاوی دڵخۆشکەر هەڵگیراون) بەڵام شتەکەی لای کاك دارا نەك هەر ئەو بوارە ناگرێتەوە

بەڵکوو بە چەواشەگەرییەك دەبینرێ کە وەك ژارێکی کوشندە دەڕژێتە ناو باخی ڕازاوەی ئەو سامانە ڕەسەنەوە و دەیژاکێنێ!

سێیەم، بە پێی لێکدانەوەو واتا کردنەوەی دێڕە شیعرەکەی میرزا شەفیع دەر دەکەوێ کە کاکی نووسەر لە شیعرەکە نەگەیشتووەو تووشی هەڵەیەکی زەق بووە ئەویش هەمان بە ئامێری مۆسیقا زانینی وشەی (تار)ە لە شیعرەکەدا. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە واتا کردنەوەکەی هەر یەکجار سەقەت و بێ سەروبەرەیە. با سەرنجێکی تری دێڕە شیعرەکە و لێکدانەوەکەی کاك دارا بدەین:

**(( پەرسام ئەرێ هەی تار بێوادە ڕەشتە**

**هەوای سەرد و گەرم ڕۆزگار نەچەشتە**

ئەی (تار) کەی کاتی ڕەشتنی مووی منت بوو کە زوو سپی بوو؟))

ئیدی نازانێت کە:} میرزا شەفیع سەیری ئاوێنە دەکات و دەبینێ سەروقژی سپی بوون، خەم و پەژارە دایدەگرێت و لە بەر خۆیەوە دەکەوێتە سکاڵا لە گەڵ سەروقژە سپی بووەکەیدا و بە دڵ پڕی و گلەیی ئامێز ڕوو لە تاڵە سپی بووەکانی قژی دەکات و دەڵێ: ئەی تاری موو (تاڵە موو)ی لە ناکاو و ناوادە سپی بوو کە هێشتا سارد و گەرمیی ڕۆژگارت نەچەشتووە بۆچی بەم زووییە و هەر لە خۆڕا ڕەنگت گۆڕی و سپی بوویت و منت پیر کرد...تاد، لەو دێڕە شیعرەدا (تار) واتای (تاڵ) دەدات واتە (تاڵی مووی سپی).[1]

* * *

هـ: ڕامانی ژمارە (٢٨): (گۆرانی چەپڵە لە دەڤەری هەوراماندا):

نووسەر لە لاپەڕەی **١٩٣**ی ئەو ژمارەیەدا باسەکەی دەباتەوە سەر ئاڤێستا و لە زمانی (د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی)یەوە پێناسەی ئاڤێستا دەکات و دەنووسێت:

١ ئەم پێدا چوونەوەیە دوو بەش بوو. کە لە دوو ژمارەی گۆڤاری(ڕامان)دا بڵاو کرایەوە واتە تا ئەو بەشەی لە ژمارە (٤٩)ی (٢٠٠٠/٧/٥) دا و بەشی دووەمیش واتە لە بەشی (هـ) بە دواوە لە ڕامانی ژمارە (٥٠)ی (٢٠٠٠/٨/٥)دا بڵاو کرایەوە.



((ئاڤێستا (٢١) سوورەتەو دابەش کراوە بە (٥) بەشەوە، یەکەمیان سروودەکانی خۆی کە ناوی گاتەهایە...، دووەم عیبادەت و قوربانی دێ، سێیەم ویسپارات، چوارەم ڤاندیدات کە...، پێنجەم یەشت کە...))

یەکەم، ئاڤێستا (٢١) سوورەت نییەو وشەی (سوورەت)یش بۆ ئاڤێستا هەڵەو ناوازەیە، بە (٥) بەشیش دابەش نەکراوە بەڵکوو دەبێ بڵێین: ئاڤێستا، پێشتر (٢١) نەسکە واتە کتێب بووەو بۆتە سێ بەشەوە، بەڵام دواتر بەهۆی چەندین شەڕو شۆڕو قەیران و نسکۆ و... کە بەسەریدا هاتووە لە نێو چووەو ئێستەش هەر هەمووی شەش بەشی جیاجیایە واتە بۆتە شەش (دەفتەر).

دووەم، ناوی بەشەکانیش هەر بە هەڵە نووسراون و دروستەکەیان بەم شێوەیە دەبێ بنووسرێت: دەفتەری یەکەم (گات ـ گاتا ـ گاسا)، دەفتەری دووەم (یەسنا)، دەفتەری سێیەم (یەشت)، دەفتەری چوارەم (وەندیدات)، دەفتەری پێنجەم (ویسپێرەد) و دەفتەری شەشەمیش (وردە ئاڤێستا یانخود ئاڤێستای بچووك). پێویستە بۆ دووبەشەکەی وەندیدات و ویسپێرەد کە بە هەڵە (ڤاندیدات) و (ویسپارات) نووسراون ڕوونی بکەمەوە کە (Vandidad) لە ئاڤێستادا (Vidaeva / Data)یە بە واتای (یاسای دژی دێو)، بەشی (Visperad) لە دوو وشەی ئاڤێستایی پێکهاتووە: (Vispe)واتە (هەموو ــ سەرجەم) و (Ratu)یش واتە (گەورەکان)، دواتر کورت کراوەتەوەو بۆتە (ویسپێرەد) بە واتای (هەموو گەورەکان).

لە هەمان لاپەڕەدا دێتە سەر باسی گۆرانیی تایبەتی (بۆنە) بۆ ئیش و کاری (گەل)ی و دەڵێ: ((... جا کاتێ لۆیەکەیان هەموو بڕییەوە ئەوسا چەند جۆری گۆرانی چەپڵە دەڵێن وەك گۆرانی جەژنەن شادیەن:

**جەژنەن شادیەن موبارەك بادەن**

**باڵای نازاران چوون گوڵان شادەن**

**یاخوا گۆراڵێ بەر نەیا جە خاك**

**نەکا دڵەکەو تۆ بنیشۆ خەمناك**

***هەوار بارش کەرد پەی سەر کەمەری***

***بێ وەفێ نەبی مەیل کۆنە کەری***

***هەوارێ لوێوە پاین خاڵ خاڵی***

***هەر من مەنەنا هەواری هاڵی***

***با وەهار بێوە جلمێ ڕەنگینە***

***با گوڵێ بەر بەیا هەزار بە وێنە))***

یەکەم، هیچ گۆرانییەکی تایبەتی ئیش و کاری هەرەوەزی (بەو شێوەیەی سەرەوە) لە هەوراماندا نییە بێجگە لە بووك گواستنەوەو زەماوەند. ئەو گۆرانییەش (عەیدەن شادیەن) نەك (جەژنەن شادیەن) هیچ پێوەندییەکی بە (ئالیك برین)ەوە نییە و لە گەڵ ئەوەشدا زۆر کۆن نییە بەڵکوو هی حەفتاکانەو کاك (فەتحوڵلا ئەمینی) دایناوە ئەویش بە شیعری تایبەت، سەربەندەکەشی کە نووسەر دوو وشەی (جەژنەن) و (نازاران)ی بە هەڵە تێ ئاخنیوە، وا نییە بەڵکوو دروستەکەی بەم چەشنەیە:

***عەیدەن شادیەن موبارەك بادەن***

***باڵای قیبلەکەم چوون گوڵان شادەن.***

دووەم، هیچکام لەو چەند دێڕە شیعرە لەو گۆرانیەدا ناوترێن و بەزمی تایبەتی خۆیان هەیە، بە تایبەتی دێڕەکانی (٣و٤) تایبەتی گۆرانیی (هەوار بارش کەرد)ن.

سێیەم، نیو دێڕی دووەمی دێڕی دووەم سەقەتە، بە دەر هاتنی گوڵ و شکۆفەی بەهاران دڵی هیچکەس خەمگین نابێت بەڵکوو گوڵ و بەهار شادی و خۆشی دەخەنە دڵی مرۆڤەوە، شیعرەکە بە هەڵە نووسراوەتەوەو لە دەقە دروستەکەیدا بەم چەشنەیە:

**یاخوا گۆراڵێ بەر نەیا جە خاك**

**پاسە دڵەکەو تۆ نیشتەنۆ خەمناك**

واتە: مادام دڵی تۆ (خۆشەویست) شکاوەو خەم دایگرتووە، ئیدی حەز ناکەم گەڵەکانیش لە خاك سەر دەر بێنن، واتە بەهارو گوڵیشم خۆش ناوێن چوونکە تۆ خەمگین و مەلوولی.



چوارەم، لە دێڕی چواردا (و)ێك قرتاوەو بۆتە (پاین خاڵ خاڵی) کە لە باری واتاوە شێواوە، دەبا بنووسرابا (پاینو خاڵ خاڵی)، هەروەها دێڕی کۆتاییش (٥) هەڵەیەو دروستەکەی بەم شێوەیە دەنووسرێ:

**با وەهار بێوە بلمێ ڕەنگینە**

**با گوڵێ بەر بەیا بە هەزار وێنە.**

لە لاپەڕەی ١٩٤دا گۆرانیی تایبتی (هەنار ڕنینەوە؟!) دەناسێنێت و چەند دێڕە شیعرێك ڕیز دەکات و دەیانخاتە ناو ئاوەها گۆرانییەکی عەنتیکەوە کە سەرەڕای نەبوونی یەکگرتن و پێوەندی لە واتادا بە هەڵەش نووسراونەتەوە، بۆ وێنە لە دێڕی دووەمدا دەنووسێ:

***((پایز ئاماوە دیسان پەی خەما***

***پەی لارەو لەنجەو ساحیب چەناخا))***

**لە دێڕی سێیەمیشدا دەنووسێ:**

***کێ بەرۆ تاقەت تا سەدەی پاییز***

... ... ... ))

یەکەم، ڕاستە ناوی ئەو گۆرانییە (هەناری گوڵ هەناری)یە بەڵام تایبەتی (هەنار ڕنینەوە) نییە.

دووەم، (خەما) و (چەناخا) نابنە سەروا و دێڕەکەش لە بنەڕەتدا بە هەڵە نووسراوە، لە سەر پایزیش نییە بەڵکوو لەسەر بەهارە:

**وەهار ئاماوە دیسان پەی داخا**

**سەوزێ لوێ هەوار نەرمێ پەی باخا**

ئاوەها شیعرێکیش لە سەر پایز هەیە بەڵام نەك بەو مەبەستەی کە نووسەر دەیەوێ بەڵکوو ئاوەهایە:

**پایز ئاماوە هەوران بی چۆڵ**

**بێ تۆ وەش نیا دەرەی چەم و دۆڵ**

ئەمەو وشەی (سەدەی پاییز)یش هەڵەیە و دەبا بینووسیبا (سەردیی پاییز). لە هەمان لاپەڕەدا دێتە سەر گۆرانییەکی دیکە و دەڵێ: (( دیسان گۆرانییەکی تر هەیە بە شێوەی چەپڵە دەوترێ ئەویش بەی ڕنینەوەیە واتە کاڵە بەهێ، ئەمە دوای هەنار ڕنینەوە... ئەنجا کوڕێکی دەنگخۆش بە دەنگی بەرز گۆرانیی (کاڵەبەی کاڵێ) دەڵێ کۆمەڵێکیش لە دەورو بەریدا بە شێوەی بازنەیی بە دەوری کۆمای بەهێدا هەڵ دەپەڕن. ئەمەش گۆرانیی کاڵەبەی کاڵێ:

**هەر من لەبەر یارم لە بەر کاڵەبەی کاڵێ**
**ئاما جوانێ و ناسکە دڵبەر کاڵەبەی کاڵێ**
**گۆراڵە زەردێ سەرو هانەی کاڵەبەی کاڵێ**
**باخ و بەیا بێ بەهانەن کاڵەبەی کاڵێ**
**نارنج و لیمۆ بەی بەدارەوە کاڵەبەی کاڵێ**
**جمەجمشانە نەیەخەی جامە کاڵەبەی کاڵێ))**

یەکەم، کاکی نووسەر بە هەڵە تێگەیشتووە کە گوایە ناوی هەر شتێك لە گۆرانییەکدا هەبوو ئەوا ئەو گۆرانییە تایبەتی ئەو شتەیە! واتە مادەم دەڵێ (هەناری گۆڵ هەناری)، ئەوە هی هەنار ڕنینەوەیە، یاخود مادەم (کاڵەبەی کاڵێ)ی تێدایە ئەوە ئیدی تایبەتی بەی ڕنینەوەیە؟!! پاشان هەر بە خۆی چەند شتێکی دیکەی بۆ دادەتاشێت و بە پێی زیاد کردنێکی ناڕاست و نازانستیانە دەیکاتە عەنتیکەیەکی سەیرو سەمەرە! پێویستە بڵێم لە هیچ شوێنێکی هەوراماندا نە (کۆمای بەهێ)مان هەیەو نە گۆرانیی تایبەتی بەی ڕنینەوە، ئەم گۆرانییەش (کاڵەبەی کاڵێ) بەو مەبەستەوە نەوتراوە بەڵکوو مەبەست لە کاڵە بەی (بەهێی کاڵ) مەمکۆڵەی سفت و سۆڵ و قوت و جوان و پتەوی کیژی جوانە کە باڵاشی شبهێنراوە بە دارەکەی: ( جفتێ کاڵە بەی ها بە دارەوە ... ... ... )

دووەم، دێڕی دووەمی ناو شیعرەکە سەقەت و بێ بنەمایە واتە لە تەواوی شیعرە فۆلکلۆرییەکاندا دەستەواژەی (گۆراڵە زەردێ سەرو هانەی)مان نییە، ئەمە جگە



لەوەی کە (سەرو هانەی) و (بێ بەهانەن) یەك ناگرنەوەو نابنە سەروا و لە بواری واتاشدا زۆر لێك دوور و جیاوازن، دێڕی سێیەمیشی هەروا، بە تایبەتی کە نیو دێڕی یەکەمی فۆلکلۆرییە و نیو دێڕی دووەمی لە شیعرەکانی (سەیدی)یە و نووسەر تێکەڵی کردوون، سەیدی دەڵێ:

**(دوو لیمۆی وەش بۆش تەرحی شەمامە**
**جمە جمشانە نە یەخەی جامە)**

سەرەڕای ئەوەش (بەدارەوە) و (نەیەخەی جامە)، فارس گوتەنی (کوجا مەرحەبا)؟!

سێیەم، کاك دارای گۆرانی بێژ! بەو شێوە نووسینە چەواشەیەی، گۆرانییەکەشی لە باری ئیقاع و هارمۆنییەوە شێواندووە، با وردتر سەرنجی دوو دێڕی تایبەتی گۆرانیەکە (بە شێوەی دروست) و پاشان دوو دێڕەکەی لای ئەو بدەین تا بە بێ باس و خواس جیاوازی و شێواندنەکەمان بۆ دەر بکەوێت:

(١): جوو/ تێ / سێ/ وت / بە/ دا/ ڕە/ وە/ ــ کا/ ڵە/ بەی/ کا/ ڵێ/ (٨+٥) بڕگە.
خو/ وا/ داو/ یە/ مەی/ شا/ ڕە/ وە/ ــ کا/ ڵە/ بەی/ کا/ ڵێ/ (٨+٥)بڕگە.
هەر خۆم/ لە/ بەر/ یا/ ڕم/ لە/ بەر/ ــ کا/ ڵە/ بەی/ کا/ ڵێ/ (٨+٥)بڕگە.
دەر/ چوو/ نم/ نیە/ بە/ شێ/ حەی/ دەر/ ــ کا/ ڵە/ بەی/ کا/ ڵێ/ (٨+٥)بڕگە.
(٢): گۆ/ ڕا/ ڵە/ زەر/ دێ/ سە/ روو/ ها/ نەی/ ـــ کا/ ڵە/ بەی/ کا/ ڵێ/ (٩+٥) بڕگە.
... ... ...
نا/ ڕن/ جو/ لی/ مۆ/ بەی/ بە/ دا/ ڕە/ وە/ ـــ کا/ ڵە/ بەی/ کا/ کاڵێ/ (١٠+٥) بڕگە.
جـ/ مە/ جم/ شا/ نە/ نە/ یە/ خەی/ جا/ مە/ ـــ کا/ ڵە/ بەی/ کا/ ڵێ/ (١٠+٥) بڕگە.

بەم شێوە کە دەرکەوت نووسەر ڕیتم و هارمۆنیی گۆرانیەکەشی شێواندووە، هۆی ئەوەیە کە شیعرەکە تایبەتی ئەو گۆرانییە نییە و هەموو نیوە دێڕێکی شیعری تایبەتی گۆرانیەکە پاشگر (پاشبەند)ێکی (کاڵەبەی کاڵێ)ی بە دواوەیە بەڵام گەر هات و گۆرانی بێژێکی نەشارەزاو بێ تەجروبە ئەو گۆرانیەی گوت و شیعرە تایبەتەکەی لە بیر نەما و بە ناچار پەنای بۆ شیعرێکی دیکە (وەك ئەوەی لای کاك دارا) برد، ئەوا دەبێ لەو ڕێسایە تێپەڕێت و بەم شێوەیەی خوارەوە بیلێت:

نارنج و/ لیمۆ/ ــ باوانم ــ/ بەی بە/ دارەوە
ئەشقی/ باڵای تۆم/ ــ کاڵەبەی ــ/ لە/ پێرارەوە

واتە هەموو نیوە دێڕێك بکاتە دوو بەشەوەو (نێوان بەند)ێك بخاتە ناوەڕاستی دوو بەشەکەوە.

و: ڕامان ژمارە٣٣ (کۆنترین گۆرانی بێژ لە هەوراماندا):

نووسەر لە لاپەڕەی (٢١٣)دا باسی (نەکیسا) و (باربود) دەکات و دەدڵێ: ((... لە دیوانە بەرزەکەی ــ خانای قوبادی ــ دا کە... باسی ئەو دوو گۆرانیبێژە دەکات کە لە کۆڕی (شیرین)دا گۆرانییان بە شێوازی هەورامی وتووە... جا ئایا ئەو... گۆرانیانە بە شێوەی بەستە یان ئەڵلاوەیسی یان گۆرانیی چەمەری یان سیاچەمانە...))!

یەکەم، نەکیسا و باربود هەردوو گۆرانی بێژ نەبوون و گۆرانییشیان بە (شێوازی) هەورامی نەگوتوە بەڵکوو (نەکیسا) بە تەنیا گۆرانیبێژ و (باربود)یش مۆسیقا ژەنێکی بەهرەدار بووە، دووەم، نموونەیەك لە شیعری (مەلای جەباری) مەسەلەکەمان بۆ ڕۆشنتر دەکاتەوە:

**(چریکەی (چەکاوك) چوون حەنجەرەی (عوود)**
**مەر دەنگ (چل چەنگ) پەنجەی (بارەبود)**
**(نەقارە)ی منقار تەیران سۆب خێز**
**بێژنان (نەغمە)ی (نەکیسا)ی پەروێز ).**



لە لاپەڕەی (٢١٤)دا دەڵێ: ((... بۆیە سەرجەم دیوانی خانای قوبادی... کە هەمووی بە شێوەی هەورامی (ماچۆ)یە چوونکە (ماچۆ) مەڵبەندی زاراوە یا شێوەی هەورامی دەڤەری گۆرانە...))!

یەکەم، وشەی ماچۆ وشەیەکی دزێوی داتاشراوی ناوازە و بێ مەعنایە کە تەنیا لە زاری هەندێ لە نەخوێندەوارە گوند نشینەکانی (چەمی گاوەرۆ)وە ئەویش بە دەگمەن و بە (کینایە) بیستراوە.

دووەم، دزێو تر لەوەش ئەوەیە (ئەویش لە نووسیندا) بڵێین (بە شێوەی هەورامی ــ ماچۆ) یاخود (ماچۆ) بکەینە مەڵبەندێك لە زمان و ئاخافتندا. ئەم کارە چەواشەگەرانەیە وەکوو تاوانێك ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە نەشارەزایانە تووشی دەبن و هیوادارم لە لایەن کاك (دارا)وە بە هەڵە داندرابێت و بە تاوان لە سەری نەنووسرێت!. لە هەمان لاپەڕەدا دێڕە شیعرێك لە کتێبی: (المعجم فى معابير اشعارالعجم)دا بە بەڵگە دێنێتەوەو دەڵێ: ((...لە دووتۆی بەیتە شیعرێکدا ناوی ئاوازێکی کوردی بە ناوی ئاوازی هەورامانی بەمجۆرە دێنێ...:

**لحن اورامان و بیت پهلوی**
**زخمەی روود و سماع خسروی))**

پاشان سەرەڕای چەند بارە کردنەوەی قسەکانی پێشووی، نموونەیەکی گۆرانی دەناسێنێ کە گوایە نەکیسا و باربود پێکەوە لە مەجلیسی (شیرین)دا گوتوویانە ئەویش بە شیعری خانای قوبادی و دەڵێ: (( ئەمەش چەند نموونەیەکی ئەو گۆرانیانەیە کە بەم شێوەیە وتوویانن:

**مەعلووم بۆ جە لای نازك خەیاڵان**
**سەر حیساب جە ڕەمز ویەردەی ساڵان))**

یەکەم، (لحن اورامان) ناوی ئاوازێکی هەورامانی نییە بەڵکوو سەرجەم سیاچەمانەو هۆرەی ئەو سەردەمە دەگرێتەوە، پاشان لە نیو دێڕی دووەمیشدا (زخمەی روود) نییە بەڵکوو (زخمەی عود) دروستە.

دووەم، دەبا کاك دارا لە شارەزایەکی بپرسیبا و ڕێنموونییەکی لێوەرگرتبا تا بیزانیبا کە نەکیسا و باربود چەندە لە گەڵ خانای قوبادی دا دوورن و چەند سەدەیان لە نێواندایە؟!، با خانای قوبادیی نەبردبایەوە سەردەمی (ساسانی)یەکان و نەیکردبایە (شایەر)ی دەرباری (خەسرەو پەروێز) کە شیعری لیریك دابنێ بۆ گۆرانییەکانی نەکیسا و باربود و گەرمتر کردنی کۆڕی (شیرین)! یانخود بۆ ئەوەی تێگەیشتبا کە ئەو دوو ناودارەی دنیای هونەری سەردەمی ساسانییەکان لە دایکبووی گوندەکانی (سەرپیر) و (کەمالا)ی هەورامان نەبوونە کە لە شیعری خانا و زمانی هەورامی تێبگەن و بیکەنە گۆرانی! ئەو چەواشەگەرییە دۆستانەیە شیعرێکی پەند ئامێزی فارسیم وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

***( دشمن دانا به از نادان دوست***

***دشمن دانا بلندت میکند، بر زمینت میزند نادان دوست)!***

واتە: دوژمنی زانا لە دۆستی نەزان باشترە (چوونکە) دوژمنی زانا بەرزت دەکاتەوە، بەڵام دۆستی نەزان دەترووخێنێ و لە عەزت دەدات!. لە لاپەڕەی (٢١٥)دا دەڵێ: ((... ئەوە کێوی بێستوون، ئەوە وێنەی (تاقەوسان) کە تاق بە واتای کەوانە دێت و سانیش بە ناوی گەورەو خانەدان دێت))!

یەکەم، نووسەر بۆ دوو وشەی (تاق) و (سان) بیری چۆتەوە بۆ تاق و ڕەفەی مزگەوتەکان و هەرواش بۆ لای بەگزادەکانی هەورامان کە بە (سان) دەناسران وەکوو (جافر سان) و( هەسەن سان) و... و وای زانیوە کە وشەی (تاقەوسان)یش هەر بەو واتایەوە هاتووە! کە دەبێ بڵێم تووشی هەڵە بووە.

دووەم، (تاقەوسان) شێوەی بە کوردی کراوی (تاق بستان) یا (تاق باستان)ە کە واتای تاقی دێرین و لە مێژینە یانخود شوێنی هاوینەی تایبەتی حەوانەوەو سەیرانی پاشاکانی ساسانی بووەو... (ئەم بابەتە خۆی باسێکی دوورو درێژ هەڵدەگرێت و لەم بەشەدا ناگونجێت). لە هەمان لاپەڕەدا دێتەوە سەر نەکیسا و باربود و ئاڤێستا و دەڵێ: ((... ئەم دوو گۆرانی بێژە بە شێوەی گۆران، هەورامان، شەبەك، زەنگەنە،



کەنووڵە، ڕەزاو، لهۆن، تەخت، کۆسالان و ماچۆ ئاواز و ساز و نەیان وتووە... کە ئەم وەچانەش دەچنەوە سەر ئاڤێستا کە بریتیە لە شەش بەش: (گاتا، یەسنا، پەستا، ئاڤێستای بچووك، ڤایسپەرو، ڤەندیداد)...))!!

یەکەم، لە سەر ئەوە ناڕۆم کە ئاخۆ نەکیسا و باربودی (چارەڕەش) لە سەردەمی ساسانییەکاندا چۆن ئەو هەموو لەهجەو بن لەهجەیەیان زانیوە و لەوەش گرینگتر ئەو هەموو زاراوەو بن زاراوەیە لە کوێ بوون و...! چوونکە قسە عەنتیکەکەی (کاکی نووسەر!) بەڕاستی هەر تەنیا شیاوی بێدەنگییە و هیچی تر! بەڵام هەر ناچارم پێی بڵێم: (کاکی پسپۆڕی! بلیمەتی! زانای! بێ وێنە!) شێوە زاری (کۆسالان) و (ماچۆ) لە هیچ قامووسێکدا نەبووەو نییە و (گۆران و تەخت و لهۆن و...)یشت خراپ تێکەڵ کردوون و خراپیش لێت تێکچووە!! کە بە هەر هەموویان دەڵێن (هەورامان) و بە هەموو زاراوەو بن زاراوەکانیش وەکوو جوگرافیای زمان دەڵێن (دیالیکتی گۆران)، واتە هەر کە گوتمان دیالیکتی گۆران یا هەورامی، هەر هەموویان دەگرێتەوەو ئیتر پێویستی بەو درێژ دادڕی و شێواندن و وێرانگەرییە نییە!!

دووەم، پێشتر لە سەر بەشەکانی ئاڤێستا ڕۆیشتم و ئێستە هەر ئەوەندە دەڵێم کە نووسەر دوو وشەی (پەستا) و (ڤایسپەرو)ی بە هەڵە نووسیون و دروستەکەیان (یەشت) و (ویسپێرەد)ە.

ز: ڕامانی ژمارە ٣٦ (گۆرانی گێلای لە هەوراماندا):

لە لاپەڕەی (٢٣٥)دا پارچە شیعرێکی (مەلای جەباری) دەنووسێتەوە کە پڕیەتی لە هەڵە و لێرەدا تەنیا هەڵەکانی ئەو لەناو نیشانی ()دا دەست نیشان دەکەم و دەقە دروستەکەیان لە ناو نیشانی {}دا دەنووسمەوە:

١- نیو دێڕی دووەمی دێڕە شیعری شەشەم: (نزارەی هوراز دەروەت پڕ چڵەن) ــــ {نزارەی هوزار دەروون پڕ چڵەن}

٢- دێڕی حەوتەم:

(نەزارەی منسقار تەیران سوب خێز

بێژەنان نەغمەی نەکیسای پەروێز) ــ
{نەقارەی منقار تەیران سوب خێز
بێزنان نەغمەی نەکیسای پەروێز}

٣- دێڕی نۆیەم:

(چریکەی چەکاوس چوون حەنجەرەی عوود
هەر دەنگ چڵ چەنگ پەنجەی بارەبود) ــ
{چریکەی چەکاوك چوون حەنجەرەی عوود
مەر دەنگ چلچەنگ پەنجەی بارەبود}

٤ـ دێڕی ١٣: (دەنگ قیڕەی تار...) ــ {دەنگ قیڕەی قاز...}
و (هەر موزیقەی عەشق...) ــ {مەر موزیقەی مەشق...}.

لە لاپەڕەی (٣٦)دا لەسەر نموونەی گۆرانیی (گێڵای) و جۆری گوتنی و باری مۆسیقایی دەنووسێت و دەڵێ: ((... ئەمجۆرە گۆرانییەش لە دەڤەری هەورامانـدا زۆر لقی لی دەبێتەوە وەك: ئای شلی گیان، شەماڵی چاوەکەم، گیانەکەم نێرگز خان، شل و مل باوانم، بارمەکە بارمەکە، باوانم باوانم...))

یەکەم، بێجگە لە (شل و مل باوانم) و (باوانم باوانم) هیچکامی تر لەو چەند ناوەی کە نووسەر هێناوینی گۆرانی نیین! (دیارە مەبەستم گۆرانیی ڕەسەنە نەك هەندێ وەرگرتەی ئاوەکی و لاسایی ناشیانە کە دەبێ بڵێم زۆر بە داخەوە وەکوو پەتایەك دەماخی چەند لاوێکی کرچ و کاڵی بەناو گۆرانی بێژی هەورامانی ئەمدیوی سڕ کردووە!!).

دووەم، ئەم دوو گۆرانییەش هیچکامیان گۆرانیی گێڵای نین بەڵکوو (شل و مل باوانم) دەچێتە خانەی (وردە بەزم) و (باوانم باوانم)یش دەکەوێتە خانەی خاو (گۆشی)یەوە. (جەنابی نووسەر هەر ئەم ناوەی لە بەشی سیاچەمانەو چەپڵەشدا هێناوەتەوە! واتە باوانم باوانم) لای کاکی نووسەر هەم سیاچەمانەیە، هەم چەپڵەیە و هەمیش گێڵای، ئەویش لە یەك کاتدا!!. هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت: ((...



بێگومان لە دەڤەری هەورامانـدا هیچ جۆرە گۆرانییەك نییە مۆسیقای لە گەڵ نەگونجێ... ئەوەتا دەستەی کامکاران کە چەند هونەرمەندێکی... بە دەنگ و بە ئامێرەکانیان لە ئەم گۆرانیانەی ئەم دەڤەرە پەرە پێ دەدەن... کە زۆربەی ئەو ئاوازانەی کە دەیانڵێن هی دەڤەری هەورامانن))؟!!.

یەکەم، دەبێ بڵێم: ڕاستە هەموو گۆرانیی چەپڵەو وردەبەزم و هەندێ لە (گۆشی)یەکانیش لە گەڵ مۆسیقادا دەگونجێن بەڵام ئەو ڕایەی نووسەر کە دەڵێ (هیچ گۆرانییەك نییە...) هەڵەیە، چوونکە بە دڵنیاییەوە دەڵێم چریکەی سیاچەمانە و تەنانەت هەندێ لە (خاو)ەکانیش ئەوەندە سەرکەشن کە هەرگیز و بۆ هیچکەس و هیچ دەستەیەکی مۆسیقار دەستەمۆ نابن و قەد ناچنە ژێر ڕکێفی (نۆت)ەوە. جا ئەگەر کەسێك هەیە لەخۆی ڕادەبینێت و بە پێچەوانەی ئەم ڕایەی من دەڵێ، (یەز دوورە گەز نزیکە) با بفەرمێت و منیش لە خزمەتیدام.

دووەم، پێشتر هەم لە ڕادیۆ و هەم لە هەندێ بڵاڤۆکیشدا لەسەر چۆنایەتیی کاری گروپی کامکارانم نووسیوەو لێرەدا لە سەری ناڕۆم و هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەو گرووپە مۆسیقارە، نە توانیویانە گۆرانییەکانی هەورامان پەرە پێ بدەن و نە دەشتوانن کاری وا بکەن و نە شارەزای ئەو بەشە لە هونەری هەورامانیشن، بە پێچەوانەشەوە تا بۆیان کرابێ لەو بوارەدا وێرانگەرییان کردووەو گەلی میلۆدیی ڕەسەنیان تێك و پێك داوە بە یەکدا و زۆر ئاوازی مێژینەیان تووشی پەتای (تەفریس) کردووە! نازانم کاك دارا چۆن (تا چەند) لە نزیکەوە دەیان ناسێت و کامە کاری هونەریی ڕەسەنیان لە سەر هەورامان پێوە شك دەبات کە ئاوەها دڵی پێ خۆش کردوون؟!(سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشم بۆ باسەکەی نووسەر لە سەر نەکیسا و باربود و گۆرانی گوتنیان بەو هەمووە زاراوەکوردییانە! با لە گەڵ ئەم بۆچوونەشی لە مەڕ کامکاران پێکەوە هەڵسەنگێنرێن)!. لە لاپەڕەی (٢٣٧)دا دەڵێ: ((... بۆیە (٩٩) پیرەی هەورامان هۆزانڤان بوون هەر هەموو هۆنراوەکانیان نزاو پاڕانەوەی بۆ ئەوە بووە

که هەورامان کەس پێی نەدان (تل) هەروەها زۆربەی شیعرەکانیان بۆ گۆرانی دەست دەدەن بە تایبەتی بۆ گۆرانیی گێلای))!

یەکەم، هێشتاش بە دروستی مێژووی ژیانی (٩٩) پیرەی هەورامان نەزانراوەو تەنانەت ناوی زۆربەیشیان هەر نازانرێت چ بگا بەوەی کە بکرێنە شاعیرو شیعرەکانیشیان پۆلین بکرێن! ئەو حوکمە بەو ڕەقییەوە تەنانەت لە سەر خودی (پیرشالیار)یش نادرێت و دیارە تەنیا دەهۆڵ لێدانێکی وەکوو هەورامی زانینەکەی باربود و نەکیسایەو هیچ بنەمایەکی دیکەی نییە.

دووەم، دەستەواژەی (کەس پێی نەدان تل) هەر یەکجار سەقەت و بێ مەعنایە، دیارە نووسەر ئەو شتەی لە دێڕە شیعرێکی (گۆران) وەر گرتووە کە لەناو (گەشتی هەورامان)ەکەیدا هەیە، واش دەردەکەوێ هەر حەزی کردبێ بیخاتە ناو نووسینەکەی خۆی ئەویش بە بێ هیچ سەرنجدانێك لە واتاو مەبەستی وشەکە! گۆران لەو شیعرەدا دەڵێ:

**((ناو ڕێگا تەق تەق لاڕێ بەی زل**

**کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل))**

ئەمەش واتایەکی جوان دەگەیەنێ لە مەڕ پیشاندانی باری سەرکەشی و سەختیی هەورامان لە تابلۆکەی گۆراندا بەڵام (کەس پێی نەدان تل) بە هیچ جۆرێك نە لە گەڵ مەبەستی شیعرەکە یەکدەگرێتەوەو نە بۆ خۆی واتایەك دەداتە دەست و نە نووسەرەکەشی دەتوانێ مەعنایەکی شیاوی بۆ دابتاشێت!. لە هەمان لاپەڕەدا، لە دوو شوێنی جیاجیادا لە بارەی گۆرانیی (گێلای)یەوە دەنووسێت: ((... گۆرانیی باوانم باوانم جۆرێکە لە شاکاری گۆرانیی گێلای کە مێژوو و دیرۆکی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٧ بەندەکەی زەردەشت)) ...((... ئەم گۆرانییە واتە گۆرانیی چەمەری پێی دەوترێ گۆرانیی چاوەڕوانی وەك مەولەوی تاوەگۆزی لە بارەی چاوەڕوانی دەفەرموێ:

**ئازیزم ئامای ئای بێ قەرار وێم**

**ئای ئای چەمەڕا ئای ئینتیزار وێم))!**



یەکەم، پێشتر لە سەر پۆلین کردنی گۆرانی باوانم باوانم و هەرواش ئەفسانەی ٢٧ بەندی زەردەشتی نووسیم و ڕوونمکردەوەو چیدی دووپاتەی ناکەمەوە.

دووەم، گۆرانیی (چەمەری)مان هەر نییەو وشەی (چەمەری)یش نە واتای چاوەڕوانی دەدات و نەش هیچ پێوەندییەکی بەو دێڕە شیعرەی (مەولەوی)یەوە هەیە، بەڵکوو چەمەر لە دوو وشەی (چەم)واتە چاو+ (هەڕ) واتە قوڕ پێکهاتووەو بە دانانی پیتی (ی) وەك پاشبەندێك دەبیتە (چەم هەڕی) واتە چاوی قوڕاوی، کە مەبەستی لە سەروچاوێکە کە قوڕی تێگیرابێت، ئەم وشەیە دواتر سواوەو پیتی (ه)ی لی کەوتووە و سووك کراوەو بۆتە (چەمەری). ئەمیش ڕەسم و یاسایەکی تایبەتە لە شیوەن و قوڕ پێوان بۆ کۆستی کۆچی خۆشەویستان و ئەمێستاش هەر لە ناوچەکانی کرماشان و کامیاراندا بەو شێوەیە ماوەتەوە، هەروەها (وەك تەعبیرێك)بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەی دوورییش بەکار دێ، بۆ نموونە مەولەوی دەڵێ:

**(( نامەکەت یاوا چەمەریم بەرز بی**

**شادیم شێویا شینم سەد تەرز بی))**

ئەمەو، چەمەری (وەك دەستەواژەیەك) بە مەبەستی پیشاندانی وێرانبوون و چۆڵەوانیی شوێنی ژیان بە کار دێت، دەڵێن: (چەمەریش کێشیان) واتە چەمەریی کێشراوە، واتە چۆڵ و وێرانە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە کاکی نووسە ئەو شتە عەنتیکەیەی لە کتێبۆکەی (مێژووی مۆسیقای کوردی ــ حمەی حمەباقی) وەرگرتووە و هەر وەکوو خۆی دووپاتی کردۆتەوە بە بێ ئەوە بزانێت یا هەر بە بیریشیدا هاتبێ کە دانەری ئەو کتێبۆکەیەش تووشی هەڵەی زەق و چەواشەگەرییەکی زۆر بووەو ئەو بابەتەی شێواندووە (و من لە ژمارەیەکی هەفتە نامەی (ئاویەر)دا لە سەرم نووسیوەو بە توندی بەر پەرچم داوەتەوە). بە کورتی، نەدەبوو کاك دارا هەڵەی زەقی کەسێك دووبارە بکاتەوەو ئەویش خۆی لە شتێك بدات کە شارەزای نییە!. هەر لە هەمان لاپەڕەدا وەکوو هێنانەوەی نموونەی گۆرانی دەنووسێت: ((... بەڵام ـ گۆرانیی گیلای ــ باوانم باوانم ــ ئەمیش باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئازیزان، نازداران، شابازان بار

دەکەن دەچن بۆ هەوارگەو... بە تایبەتی لە جەژنی پیرشالیاری زەردەشتی دا هەجیجییەکان و هەورامییەکانی تەخت بەم شێوەیە ئەم گۆرانییە دەڵێن:

**باوانم باوانم ئازیزم هێزی هەناوم**

**تۆ خەم بەرکەرەکەی بینای چاوانم))**

یەکەم، گۆرانیی باوانم باوانم باسی کۆچی ــ ئازیزان نازداران شابازان ــ (کە نووسەر بە لای خۆیەوە بۆ درێژتر کردنەوەی ڕستەکەی هێناویەتی!) ناکات بەڵکوو ناوەڕۆکی ئەو گۆرانییە لە ڕاستیدا ڕەسەنایەتیی گۆمەڵگەی گوند و لایەنە دزێوەکانی ژیانی ماشێنیی شار پیشان دەدات:

**(( ئەی باوانم/ باوانم/ باوانم/ بار مەکە**

**توخا ئەگەر بار کەری/ دەی ڕوو لە/ شار مەکە)).**

دووەم، شیعرەکەش شتێکی داتاشراوی نازانستیانەیە و کەس لەو گۆرانییەدا ئاوەهای نالێ، تەنیا سەربەندەکەی (دێڕی دەسپێك) تۆزێك لە واقیع نزیکە کە نووسەر ئەویشی بە هەڵە نووسیوەتەوە دەنا ئەو دێڕەش بەو سەقەتییەوە لە هیچ قاموسێکدا نییە!.

لە لاپەڕەی (٢٣٨)دا دوو نموونەی دیکە دەداتە دەستەوەو دەڵێ: ((ئەمەش نموونەیەکی تر لە گۆرانیی گێلای و ئای مەگری مەگری:

**ئای مەگری گیان مەگری گرەوەکەت کالاّ**
**هەرچی تۆ گرەوی یانەم وێرانە**
**وەش ئامای وە خەیر هەر گوزیدە**
**بۆ نە جای مەردوم جا گر نەدیدە**
**خەیلێن بینایی جە دیدەم ڕەمان**
**یەك سوڵحشان بۆ بینایی و چەمان**
... ... ...



**هەر کاتێت زانا فەڵەم کەڵەك بەست**

**داخەکەی وەسڵم بەرداوە جەدەست**

...... ئەمەش نموونەیەکی تری گۆرانیی گێلای... باس و یادی سالاّن دەکا بە هۆزانی (سەید هەورامی)...:

...... ...... ......

**کۆمای خەرمانان خەم دانت وەهەم**

**نیشتەنی جەلاش پەژارەو ماتەم**

**بای شەماڵ نیەن بدەیش وە باوە**

**تا کەی سەرگەردان مەبیش وە لاوە**

...... ...... ......))

پاشان واتای شیعرەکە دەکاتەوەو دەڵێ: ((بە کۆگای خەرمانان خەمت وەبا داوە. وەلایەوە دانیشە بە پەژارەو ماتەم بە بای شەماڵ وەرە سەیری جیهان بکە تا کەی سەرگەردان نابیت بە لایەوە...))!!

یەکەم، ئای مەگری مەگری گۆرانیی گێلای نییە بەڵکوو چەپڵەیە، دەبێ مەبەستی نووسەر گۆرانیی (چاو ڕەشە کاڵێ) بووبێت کەچی لێی تێك چووبێت و بە هەڵە ئەمی هێنابێتەوە.

دووەم، سەربەندی گۆرانییەکە هەڵەیە و بەتایبەتی لە باری سەروا دا (گرەوەکەت کالاّ ــ یانەم وێرانە) یەك ناگرێتەوە، ئەو سەربەندە بە دوو جۆر دەگوترێت و دروستەکەشی ئاوەهایە:

**( ئای مەگری مەگری گرەوەکەت کالاّ**
**هەرچی تۆ گرەوی حاڵم بەد حالاّ**
**ئای مەگری مەگری گریان گرانە{ن}**
**هەرچی تۆ گرەوی یانەم وێرانە{ن} )**

سێیەم، پاش سەربەندەکە پارچە شیعرێکی مەولەویی خستۆتە ناو گۆرانییەکەوە، (کاک دارا بۆ زۆربەی زۆری گۆرانییەکان ئاوەها کارێکی کردووەو ئەوەش پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە بیرو زەینی ئەو برادەرە لە بواری جیهانی بەرینی فۆلکلۆردا کورت و کۆڵەو..)، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو شیعرەی مەولەوی لەو گۆرانییەدا نییەو نەوتراوە، نووسەر بە هەڵەش نووسیویەتەوە و چەند وشەی وەك (هەر) و (یەك) و(فەڵەم) و(داخەکەی) بە هەڵە لە جێی وشەکانی (هەی بەر) و(بەڵ) و(فەڵەك) و(دامنەکەی) داناون.

چوارەم، نموونەی دووەم کە نووسەر ناوەکەی لە بیر نەماوە بینووسێت (وەیادی ساڵان)ە کە ئەویش گۆرانیی گێلای نییە و دەچێتە خانەی (خاو)ەوە، پاشان شاعیرەکەشی (سەید هەورامی) نییە بەڵکوو (سەیدی)ی هەورامییە.

پێنجەم، لێکدانەوەی ئەو چەند دێڕەشیعرەی (سەیدی)یش هەر تەواو هەڵەو نابەجێ و سەقەتە و کاکی (نووسەر)ی هەورامیی هەورامی نەزان!! لێی نەگەیشتووەو هەر هەمان نەزانینی زمانەکەشە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە واتای شیعرەکە تێك و پێك بدات و پێچەوانەی بکاتەوە. لێرەدا بۆ ئەوەی منیش تووشی دەردی درێژ دادڕی نەبم زۆری لە سەر ناڕۆم و هەر تەنیا دوو دێڕەکە لە گەڵ واتا دروستەکەیاندا دەنووسمەوەو ئیدی کاری هەڵسەنگاندنەکەی لە گەڵ ئەوەی لای کاك دارادا دەخەمە ئەستۆی خوێنەران، سەیدیی هەورامی دەڵێ:

(کۆمای خەرمانان خەم دانت وە هەم ــ کۆمای خەرمانی خەمانت {لای خۆت} کۆ کردۆتەوە،

نیشتەنی جە لاش پەژارەو ماتەم ــــ بەلایەوە دانیشتوویت بە پەژارەو ماتەمەوە،

بای شەماڵ نییەن بدەیش وە باوە ـــــ بای شەماڵ نییە تا {ئەو خەرمانی خەمانەت} بە با دەی،

تاکەی سەرگەردان مەبیش وە لاوە ـــ تاکەی بە سەرگەردانی بە لایەوە دەبیت؟).

ح: ڕامانی ژمارە(٣٩) گۆرانیی خاو لە دەڤەری هەوراماندا:



لە لاپەڕەی (٢٤٥)دا دەنووسێت: ((...... یان چاو ڕەشە کاڵێ سەرقافڵەی خاوی گۆرانی))!!!

یەکەم، (خاوی گۆرانی) هەڵەیە، (گۆرانیی خاو) دروستە.

دووەم، (چاوڕەشە کاڵێ) ناوی گۆرانییەکی هەرە ناسراوی تایبەت بە گێلای (گەڕیان)ە و ناچێتە خانەی (خاو)ەوە. نازانم کاکی نووسەر بۆچی ئەوەندە شتەکان تێکەڵ دەکات و گۆرانیی خاو دەکاتە هی گەڕیان و گەڕیان دەکاتە خاو یا چەپڵە دەکاتە شێخانەو سیاچەمانە دەکاتە وردەبەزم و...! بەڕاستی مەبەست لەم هەموو چەواشەگەرییە ئاشکرایە چییە... ئایا نووسەر هەر لە بنەڕەتدا لێی نازانێ یا...؟!

لە لاپەڕەی (٢٤٦)دا دەڵێ: ((مەولەوی لە گۆرانیی (لاوە لاوە) کە جۆرێکە لە گۆرانییە خاوەکان دەفەرموێ:

*نامەینەختینت یەك ڕۆ باد ئاوەرد*

*کڵپەی بڵێسەی کوورەم زیاد کەرد*

...... ......

*سەدای لاو هەی لاو زرەی زرِ زەنجیر*

...... ......))

یەکەم، (لاوەلاوە) نییەو (لا وەلاوە کە)یەو ئەویش گۆرانییەکی شێخانەیەو هیچ پێوەندییەکی بە خاوەوە نییە.

دووەم، مەولەوی نە گۆرانیبێژ بووەو نە ئاواز دانەر و نە هیچ شیعرێکیشی بە تایبەتی بۆ گۆرانی داناوە بۆیە گەر هات و گوتی (سەدای لاو هەی لاو) نابێ گورج بیبەینەوە سەر گۆرانییەکەو بەو بێ سەروبەرییە لێکی بدەینەوە. هەرچەند ئاشکرایە کاکی نووسەر شتەکەی لە لاپەڕە(٤٣١)ی دیوانی مەولەوی و لە زاری (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)ەوە وەرگرتووە کە ئەویش بە داخەوە لە لێکدانەوەکەیدا بە هەڵەدا چووەو دەڵێ: (لاو هەی لاو گۆرانییەکی کۆنە لە سەر ئاوازی هەڵپەڕین)، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئاوەها گۆرانییەکمان نییە بەڵکوو ئەوە گۆرانیی (شیرین

هەلامە)یە کە هی هەڵپەڕکێیە و (هەلەو هەلامە)یشی پێدەڵێن، هەر ئەو لێکچوونەشە کە مودەڕیسی تووشی ئەو هەڵەیە کردووەو لەم لاشەوە کاك دارا هەڵەکەی ئەوی زەقترو پڕ هەڵەتر دووبارە کردۆتەوە.

سێیەم، لە نووسینەوەی شیعرەکەشدا هەر تووشی هەڵە بووە وەکوو (نامەی نەختینت) کە لە جێی (نامەی نەفتینت) هێناویەتی، پاشان کە دەڵێ (سەدای لاو هەی لاو زڕەی زڕ زەنجیر)، نیوە دێڕی دووەمی نەنووسیوەتەوە کە ئەمیش واتای شیعرەکە دەشێوێنێ. لام وایە نووسەر هەر بە بۆنەی ناوەکەی (لاوەلاوە)وە هێناویەتی و ئیدی سەرنجی باری واتایی نەداوە. دەبوو بە تەواوی شیعرەکە بنووسێتەوە، بەم شێوەیە:

**(سەدای لاو هەی لاو زڕەی زڕ زەنجیر**

**سڵسلە و بانی سەر بەند زڕێ و لاگیر).**

لە لاپەڕەی (٢٤٧)دا دوو نموونەی گۆرانی دەبەستێتەوە بە دوو شیعر لە مەولەوی و مەلای جەبارییەوەو بە بێ هیچ ناونیشانێکی گۆرانییەکە شیعرەکان دەنووسێتەوە لە حاڵێکدا کە کارەکەی هیچ بنەمایەکی نییە و زۆر دوورە لە واقیع. (پێشتر لە سەر هێنانی شیعری شاعیران بۆ ناو گۆرانی و لاوازیی لایەنی شیعری فۆلکلۆر لە لای نووسەردا نووسیومەو چیدی دووبارەی ناکەمەوە. لە لاپەڕەی (٢٤٨)دا دەڵێ: ((هەروەها ئەم جۆرە گۆرانییە لە هەورامانی تەخت زۆرە چوونکە زۆربەیان هۆزانەکانی سەیدی هەورامی دەکەن بە ئاواز و گۆرانیی خاو بە تایبەتی لە جەژنی زەردەشتی دا کە هەموو ساڵێك لە سەر مەرقەدی پیرشالیاری زەردەشتی لە مانگی نەورۆزدا... بۆیە نموونەیەکی تری گۆرانیی خاو لە هۆزانی سەیدی هەورامی... ئەم شیعرەش بە ناوی ـــ چوون کۆی عەودالان ـــ ە))!

یەکەم، هەروامانی تەخت بە پێچەوانەی قسەکەی نووسەر تەنیا یەك جۆر گۆرانیی تێدا ماوەتەوە کە ئەویش بە (لەیلی گیان ـــ ی هەورامییەکان) دەناسرێت، ئیدی زۆربەی هەرە زۆری گۆرانییەکان لە هەورامانی (لهۆن)دا گەشەو نەشەیان کردووە، لە



گەڵ ئەوەشدا چ پێشتر و چ ئێستاش گۆرانی بێژمان لە هەورامانی (تەخت)دا نەبون تا (ئاواز لە سەر شیعرەکانی سەیدی هەورامی) دابنێن تەنیا پیرە سۆفییەکی هەورامانی نەبێت کە چەند شیعرێکی سەیدیی بە ئاواز و هەوایەکی تایبەتی عیرفانی لە سەر یەك کاسێت تۆمار کردوون کە ئەویش یەکەم کار و دوایین کاریشی بووە کە لە سەر شیعری (سەیدی)یی کردووەو ئەویش ناچێتە ناو بازنەی گۆرانییەوە.

دووەم، (جەژنی زەردەشتی) هەڵەیە و شتێکی ئاوەهامان هەر نییە بەڵکوو ئەوە هەمان جەژنی لە دایکبوونی خودی (پیر شالیار)ە کە ئەمڕۆکە دەمامکێکی ئیسلامیی لێدراوە، هەموو ساڵێکیش نەك (لە مانگی نەورۆزدا) بەڵکوو لە چلەی زستان واتە پازدەی مانگی ڕێبەندان لە (شاری هەورامان)دا بەڕێوە دەچێت، ئەویش نەك تەنیا لە سەر مەرقەدی پیرشالیار بەڵکوو لە سێ قۆناغدایە کە لە سێیەمین قۆناغیدا سەردانی مەزاری پیر دەکرێت.

سێیەم، هیچ گۆرانییەك لەو جەژنەدا ناوترێتەوە (زیکرو سەما)یەکی عیرفانی و تایبەتی نەبێت کە تەنیا (دەف)ی لە گەڵدا لێدەدرێت.

گ: ڕامانی ژمارە (٤٠)، (گۆرانیی شێخانە لە هەوراماندا):...

لە لاپەڕەی (٢٦٣)دا باسی (حەوت مەرتەبەی تەریقەت) دەکات و دەڵێ: ((... لێرەدا هەر باسی یەکێکیان دەکەم کە ئەویش لە گۆرانیی شێخانەدا هەیە ئەو بابەش فەنایە فەنا لە خۆ بێگانە بوونەو ئاشنا بوونە لە گەڵ خوادا ...))!

یەکەم، دەستەواژەی (ئاشنا بوون لە گەڵ خوادا) زۆر هەڵەیە، ئەویش لە عیرفان دا! (فەنا) واتە لە نێو چوون و توانەوە، کە دەڵێین (فنافیالله) واتە لە نێو چوونی خود و توانەوە لە زاتی پەروەردگاردا نەك ئاشنا بوون ؟!! لە گەڵیدا.

دووەم، (بابی فەنا) لە گۆرانیی شێخانەدا نییەو تەنیا دەتوانین ئەوەندە بڵێین کە: (هەموو بابەت و تایبەتمەندییەکانی عیرفان و تەسەوف و تەریقەت ڕەنگدانەوەیان لە گۆرانیی شێخانەدا هەیە.

له لاپەڕەی (٢٦٤)دا دەنووسێت: ((... لە سەردەمی زەردەشت دا گۆرانیی (یەزن یەزن) کە نزاو پاڕانەوە! بە هۆیەوە پەنایان بۆ زەردەشت بردووە و پێیاندا هەڵگوتووە))!

یەکەم، (یەزن یەزن) گۆرانیی خەڵکانی تر نەبووە کە بە باڵای زەردەشتدا هەڵی بڵێن بەڵکوو خۆی بڕگەیەکە لە (گاتا)کان و یەکێکە لە سرووودەکانی خودی ئەشوو زەردەشت و بۆ ئاهوورا مەزدایش گوتراوە نەك بۆ زەردەشت. (یەزن یەزن کورت کراوەی (یەزدان یەزدان)ە کە لە هەمان (یەسنا)وە وەرگیراوەو سوپاسێکە بۆ بەخششەکانی مەزدا:

**(ئەی یزدان یەزدان    سنگی تۆ باخچەی ڕەزان)**

و...تاد.

دووەم، لەو سرووودەدا، ئەوە زەردەشتە کە دەپاڕێتەوە لە ئاهوورا و بە هێز و دەسەڵاتیدا هەڵدەڵێ نەك کەسێکی دیکە (پەنای بردبێتە بەر زەردەشت) و پێیدا هەڵیگوتبێت. لە لاپەڕە (٢٦٥)دا گۆرانیی شێخانە دەناسێنێت و دەڵێ: ((ئەم بەشەی هونەری ئاواز و گۆرانی زۆر جۆری هەیەو هەندێ لە نموونەکانیان دەخەمە بەر چاو...: ١ـ گۆرانیی چەمەری، کاتێ شێخ یان پیر لە وڵات دوور دەکەوێتەوە یا نەخۆش دەکەوێ یا کۆچی دوایی دەکا، ئەوا سۆفی و مورید و دەروێشەکان لە خانەقا کۆڕی زیکر دەبەستن و گۆرانیی چەمەری شێخانە؟!! دەڵێن ـ ٢ ـ گۆرانی لاوەلاوەکە، بە شێوەی دەرەیی دەوترێ بەڵام بە دەنگێکی زۆر لە سەر خۆ... یەکێ لە دەروێشەکان بە دەنگی بەرز هۆزانەکە دەڵێت و ئەوانی دی... بۆی دەسێننەوە ـ٣ـ گۆرانیی چاوەڕوانی، ئەویش ئەو جۆرەیە کە دەروێشان ... لەبەر دەمی خانەقادا دەوەستن تا شێخ دێ بۆ خانەقا و ئەوانیش دەست دەکەن بە گۆرانییەکە هەروەك مەولەوی دەفەرموێ:

***ئازیزم ئامای ئای بێ قەرار وێم***
***ئای ئای چەمەرا ئای ئینتیزار وێم***



ـ٤ـ گۆرانیی هەینی، ئەمجۆرە گۆرانییە دەروێشان بە تەپڵ و دەف و لوولە و شمشاڵ ئەو جۆرە ئاواز و گۆرانییە دەڵێن تا خەلیفە سڵەواتێك دەدات و... ـ٥ـ گۆرانیی تەریقەت دان، ئەویش چەند ئامۆژگارییەك لە بارەی چۆنیەتیی داب و نەریتی ئایین و... بێجگە لەو گۆرانیانەی کە باسمان کردن چەند گۆرانیی تر هەن لە سەر ئاوازی شێخانە وەك گۆرانی وتن بە خانەقادا یان چەند بەیتێکی فۆلکلۆری وەك ئەمانەی خوارەوە:

***گۆراڵێ کەشا لابلاو دەوینی***
***گرد زیر کەرا پەی شای ئەوینی***
***منارەکەی خورماڵ خورمای وەنەلی***
...... ......
***هاوار هاوار هاوارا بەیدێ***
***خانەقاو بیارێم نیشانە دەیدێ ))***

یەکەم، پێشتر لەسەر (چەمەری)م نووسیوەو ئێستاش هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەو دەستەواژەیەی لای کاکی نووسەر هەر یەکجار سەقەتە، نەك هەر چەمەری نابێتە گۆرانی بەڵکوو (گۆرانیی چەمەری شێخانە) لە هیچ قامووسێکدا نییە و چەمەرییش هیچ پێوەندییەکی بە (دوور کەوتنەوە) و (نەخۆش کەوتن)ی شێخەوە نییە.

دووەم، گۆرانیی لا وەلاوە کە وەك پێشتر گوتم دەرەیی نییە بەڵکوو (بەرزەچڕ)ێکی شێخانەیە و هیچکاتیش بە شێوەی (کۆرس) نەگوتراوە.

سێیەم، گۆرانیی (چاوەڕوانی) هەر لەو شتە دەسکردە عەنتیکانەی لای خودی نووسەرەو لە عالەمی واقیعدا نییەو دێڕە شیعرەکەی مەولەویش هیچ پێوەندییەکی بەو شتەوە نییە و ناشزانم چۆن کاکی نووسەر لە لایەکەوە دەڵێ (چەمەری هەمان چاوەڕوانییە) و لە لایەکی تریشەوە وەکوو (دوو گۆرانی{!!}ی جیاواز) دەیان نووسێت و لە هەردوو حاڵەکەشدا هەر ئەو دێڕەی مەولەوی (بۆژە) دەکات و...!

چوارەم، (هەینی) و (تەریقەت دان) کە نازانستیانە لە لایەن نووسەرەوە وەکوو دوو نموونەی گۆرانی ناوبراون بێ ئەساس و بنەمان و ئاوەها شتێکمان هەر نەبووە، پاشان هیچ گۆرانییەکیش هیچکاتێك، هاوکات لە گەڵ (تەپڵ و دەف و لوولە و شمشاڵ) نەوتراوە بەڵکوو هەر کام لەو ئامێرانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، تەپڵ بۆ شتێك بە جیا و دەفیش بۆ شتێکی تر بەکار دێن، لوولە هەر هەمان شمشاڵە و ئەویش بۆ گۆرانیی شێخانە لێنادرێت.

پێنجەم، (تەریقەت دان) نییە و (تەریقەت دادان)ە و ئەویش تەوبە کردن لە سەر دەستی شێخ و فێر بوونی ئادابی تەریقەت و... دەگرێتەوە نەوەك گۆرانی و هەراو بەزم، هەروەها تێناگەم کە(کەژاوە)ی بۆچی بەکار هێناوەو ئەو وشەیە لای ئەو چ واتایەك دەگەیەنێت و مەبەستی لە (ڕازاندنەوەی بیرەوەریی ڕۆژانی هەینی بە کەژاوەیەکی جوان) چییە؟

شەشەم، هیچکاتێك گۆرانییەکی سەربەخۆ بە خانەقادا نەوتراوەو دووبارەشی دەکەمەوە کە کاکی نووسەر وا دەزانێ ناوی هەر شتێك لە گۆرانییەکدا هات ئەوا ئەو گۆرانییە تایبەتە بەو شتەوە کەچی دەبێ بڵێم هیچی وا نییەو نووسەر لێرەشدا تووشی هەڵەی زەق و چەواشەیی هاتووە، ئەمەو کاك دارا بە پێی نووسینەکانی لەم بارەیەوە دەیسەلمێنێ کە هەرگیز نەچۆتە خانەقایەك و کۆڕیکی زیکری دەروێشانی بە مەبەستی لێتۆژینەوە نەبینیوە و هیچ ئاشنایەتییەکی لە گەڵ ئەو مەسەلەیەدا نییە دەنا ئەوەندە بەبێ ئاگایی و لە خۆڕا قسەی نەدەکرد و شتی ئاوەها ناڕاست و سەیرو سەمەرەی دا نەدەتاشین، ئەم چەواشەیی و نەشارەزاییەشی هەر تەنیا لەو بوارەدا نییە بەڵکوو لە پیت بە پیتی نووسراوەکانیدا بە زەقی هەست پێدەکرێت و جاری وا هەیە خوێنەر تا سنووری (زك پێ سووتان)یش دەبات.

حەوتەم، لەو چەند دێڕەشدا کە وەك نموونەی گۆرانی؟ هێنابوونی لە چەند وشەدا تووشی هەڵە بووە وەك: (دەوینی) و (زیر) و (ئەوینی) و(وەنەلی) کە دروستەکەیان دەبێتە: (نوێنی) و (زکر) و (حیسامەدینی) و (مەنەلی ــ مەندەلی)، ئەمەو دێڕی



(یەك بە کۆتایی)یش دەسکرد و (داهێنراو؟)ی لای خۆیەتی و هیچ بنەماو واتایەکی نییە. لە لاپەڕەی (٢٦٦)دا دەڵێ: ((... ... کە دەچیتە خانەقا یەکسەر گۆرانیی (ئاخ ئاخ ئازیز)ی لالۆ عوسمان گەچینەییت بە گوێدا دەزرنگێتەوە... بە دەنگی دەف و لاواندنەوەی شێخ بە (ماچۆ)ی هەورامی بە گۆرانیی شێخانە وەك ئەم هۆزانەی کە بە ناونیشانی (باڵا خانەی چەم) دەفەرموێ:

***یا شێخ هەرگاوان مەیلەکەی لەیلی***

***سەربەسەر وە گیان هەرزانەن خەیلی***

...... ...... ))

یەکەم، ئەو چەند ڕستەیە هێندە سەقەتن کە هیچ واتا و مەبەستێك ناگرنە خۆیان و ئەوەش ناهێنن کە باس بکرێن ئەوەندە نەبێت کە بە تەوسەوە بڵێین: (هەر هیچ نیین).

دووەم، (گۆرانیی باڵاخانەی چەم) شتێکە لە شتە عەنتیکەکانی لای نووسەر کە زۆر بێ مەعنایە، پاشان هیچ شیعرێکی مەولەوی نەکراوەتە گۆرانییەکی سەربەخۆی شێخانە، جیهانی فۆلکلۆر لە بواری عیرفانیشدا گەلێك دەوڵەمەندە و گۆرانیی شێخانەش جیاوازییەکی بەرچاویان (لەم بوارەوە) لە گەڵ دیکەی گۆرانییەکاندا نییە.

ی: ڕامانی ژمارە (٤٤): (گۆرانیی زاڕۆڵا لە دەڤەری هەوراماندا):...

لە لاپەڕەی (٢٤٥)دا وەك ناساندنی گۆرانیی زاڕۆڵا منالاّن (منالاّن) دەنووسێت: ((... ١ـ ئەو ئاوازانەی لە کاتی یاریکردندا دەوترێن... منالاّن دادەنیشن... یەکێکیان بە دەنگی سپرانۆ...و بە شێوەیەکی مۆسیقی دەیڵێ: (هەلوور مەلوور تەکامێ/ زەردو سوورو شەمامێ/ سلێمان قاڕە/ دەنگی زارە/ چۆپی کەرەو پاکەیت مارە)، مندالاّن بە تەنیشت یەکەوەن... سلێمان دەنگی لە هەموویان سپرانۆدار ترە... -٢- ئەو ئاوازە ڕەسەنەیە کە دایك بۆ مندالەکەی دەیلێت... ئەمەش نموونەیەك لەو جۆرە گۆرانییە:

**رۆڵە ئازیزم بینای چەمام**

**خەرمان و خەڵەیم ئارام و دنیام**

**لای لایت پەی کەروو تا ساجی سەحەر**

**بەڵکوو تۆ بووسی خەمما نەوزی وەر))**

یەکەم، (هەلوورمەلوور) نییە بەڵکوو (هەلووره مەلووره)یە، ئەویش ناچێتە خانەی گۆرانییەوە بەڵکوو شیعری یەکێکە لە دەیان یاریی منداڵانی هەورامان، پاشان دێڕی کۆتایی یارییەکە: (چۆپی کەرەو پاکەیت مارە) هەڵەیەو دەبێ بنووسرێ: (چۆپی کێشە/ پا ور کێشە).

دووەم، بە هەڵە لە مەبەستەکە گەیشتووەو وا دەزانێ (سلێمان) کەناوی لە شیعرەکەدا هاتووە یەکێکە لە یاریکەرەکان لە حاڵێکدا وانییەو منداڵەکان هیچیان سلێمان نیین و تەنیا شیعرەکە وەك هەیە دەگێڕنەوە.

سێیەم، نیوە دێڕی (بەڵکوو تۆ بووسی خەمما نەوزی وەر) هەڵەیە و ڕاستەکەی دەبێتە (بەشکوو تۆ نەمری و خەمما نەوزی وەر) واتە: لایلایەت بۆ دەکەم تا بەری بەیان/ خوا بکات نەمریت و خەممان نەدەیتێ. لە هەمان لاپەڕەدا لە ڕستەیەکی هەرە سەقەت دا دەڵێ: ((... لە هەوراماندا زارۆڵەی هەمیشە سروودەکانی گاتا و یارسان لە سەر زمانیانە. یادی جەژنی لە دایکبوونی (٩٩) پیرەی هەورامان و زەردەشت (ژیرلی مەرێ)!!! کۆڕی زارۆڵەکانە بۆیە بە هەستی خاوێنیان گۆرانی دەڵێن بە دیالێکتی هەورامی بەم شێوەیە بە کۆرس:

**زارۆڵا بەیدێ گۆرانییێ واچرێ**

**پەی یاد وێما ئازادی وانمێ**

**بلمێ بە کۆیار پەی هەزارانی**

**بە هەراو هوریا واچمێ گۆرانیێ**

**بە زمان و ماچۆی یان یارسانی**

**گاتاو زەردەشتی کەریمێ گۆرانییێ))!!**



یەکەم، ئەگەر لە بێ سەرو بەرەیی دارشتنەکەش چاو بپۆشین دەبێ بڵێم سروودی یارسان لە هەوراماندا ناوترێتەوەو تەنانەت نموونەو شوێنەواریشی نەماوە، هەروەها (٩٩) پیرەی هەورامان جەژنیان بۆ ناگیرێت (پێشتر لەسەرم نووسیون).

دووەم، نووسەر بەو پەڕی بێ حورمەتییەوە وشەی (ژیرلێی مەرێ) لە بەرامبەری ناوی پیرۆزی زەردەشت دا هێناوەتەوەو وای شوبهاندووە کە گوایە زەردەشت هەمان (ژیرلێی مەرێ)یە!!! و ئەمەش تاوانێکی نەبەخشراوەو ئەوپەڕی سووکایەتی و بێ حورمەتی نواندنە بەرامبەر بیرو ڕا و ئایینێکی پیرۆزو لە مێژینە کە دەبێ بڵێم بنەماو بناغەی ڕاستەقینەی هەر هەموو بڕواو ئایینەکانی پاش خۆیەتی. (ژیرلێی مەرێ) لە هەوراماندا دەوری هەمان (مەلای مەزبوورە) و جاروباریش (باڵۆڵ) دەبینێت کە هەموو کارەکانی پێچەوانە بوون و ئێستاشی لە گەڵدا بێ هەرکەس خراپ لە شتێك بگات و کاری چەوت و پێچەوانە بکات بە توانجەوە پێی دەڵێن (ژیرلی مەرێ)، ئەو تەعبیرە چۆتە خانەی پەندی پێشینانیشەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەشوو زەردەشت وەك پێغەمبەرێکی دێرین و ڕاستەقینە و وەك یەکەم مامۆستای کەرامەت و مرۆڤایەتی لە جیهاندا ناسراوەو کەسایەتیی لەوە پیرۆزترە کە هەر کەس و ناکەسێك و هەر هەڵەو هەرزەیەکی تێنەگەیشتوو و پێنەگەیشتوو دەست بکا بە گیرفانیدا و قسەو قسەڵۆك و مەتەڵۆکی ناڕاست و نازانایانەی بۆ دابتاشێت و گاڵتە بەو نرخ و بایەخی هەرە پیرۆزی مرۆڤایەتییە بکات! بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەگەر داداگایەکی تایبەت بە لێپرسینەوەی بێ حورمەتی بە کەرامەتی مرۆڤ هەبایە ئەوا نووسەری نەشارەزاو نازاناو چەواشەی ئەو بابەتە وەك تاوانبارێك سزا دەدرا. با ئەوەش بڵێم ئەوانەی بابەتە چەواشە و بێ سەروبەرەکانی ئەمیان لە هەوراماندا خوێندۆتەوە هەمان ناوی (تالێق ئامێزی) (ژیرلێی مەرێ)یان بە سەردا داوە!.

سێیەم، ئەو سێ دێڕە شیعرەش کە وەك نموونەی گۆرانیی زارۆڵا؟! هێناوونی هیچ ئەساس و بنەمایەکی نییە و تاقە وشەیەکیشیان لە قامووسی گۆرانیی منداڵانی هەوراماندا نییە و نەبیستراوە! لە گەڵ ئەوەشدا چ لە بواری ناوەرۆك و چ لە کێش و

سەروادا هەڵەو شپرزەیە و وەك دەستەواژەیەكی داتاشراوی بێ سەروبەرە شیاوی هیچ باس و خواستێك نییە و تەنیا هۆی وە بیر هێنانەوەی ئەو پەندە فارسییەیە كە: (جواب ابلهان خاموشی است)!.

ك: ڕامانی ژمارە(٤٦) (گۆرانیی نەورۆز لە دەڤەری هەورامانا)...

لە لاپەڕەی (٢٩٤)دا دەنووسێت: ((... یان بەركەمەری كانی و هانەی وەزە پووچ و كرن و بەندەن سەردانی كە شای گوڵانی شاهۆ پەسەندیان دەكا هەرچوار هانە وەك سترانبێژ دەڵێت:

**پەرسام ئەی شاهۆ تۆ چی سەختەنی**
**كەمەر فراوان بێ درەختەنی**
**وات بێ درەختیم خواوەندی كەردەن**
**درەخت جە لاو من تاقەت نەبەردەن**
**شاهۆ هاوار كەرۆ كۆ و كەمەر بەیدێ**
**شاهۆ شاش مەردەن سەر وەنەش دەیدێ))**

پاشان لە هەمان لاپەڕەدا نموونەی شیعری فۆلكلۆر بۆ وەسفی (گوڵان و نەورۆز) دەهێنێت و دوادێڕی شیعرەكە ئاوەها دەنووسێتەوە:

**((چنوورەكەو شاهۆی هەر با خامە بۆ**
**دماو باڵاكەیت وەسیەت نامە بۆ))!**

یەكەم، (كانی) و (هانە) هەر یەك شتن (هانە واتە كانی) و نووسەر بە هەڵە وەك دوو ناوی جیاواز هێناونی.

دووەم، بەندەن سەردانی (وەك ئەو نووسیویەتی) یەك شوێن نییەو دەبا بە (و)ێك لێكی جیا بكردبانەوەو بینووسیبا (بەندەن) و (سەردانی)، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە دەستەواژەی (شای گوڵانی شاهۆ) هیچ واتایەكی نییەو وەسفەكەی هەڵەیە و بە چەواشەیی لە ناوەڕۆكی دێڕە شیعرێكی وەرگرتوون كە دەڵێ:



***(كرن، وەزە پووچ، بەندن، سەردانی***
***شای پەسەند كەردەن هەر چوار كانی)***

كە دەبنە ناوی چوار هەوارگەی دڵگیر لە بەشی (ڕەوانی زەردوویی)دا و كاتی خۆی (خان ئەحمەد خان)ی ئەردەڵان بۆ حەوانەوەی هاوینەی خۆی دیاریی كردوون و مەبەست لە (شا)یش هەمان خان ئەحمەدخانە نەك (شای گوڵانی بەهار)و...!

سێیەم، ئەو سێ دێڕە شیعرەیش هیچ پێوەندییەكیان بە باسەكەوە نییەو نووسەر بە هەڵە پێكەوەیان دەلكێنێ و دەڵێ: ((هەروەك سترانبێژ دەڵێ...))! سەرەڕای ئەوەش شیعرەكە بە هەڵە نووسراوەتەوە و واتا و ناوەڕۆكەكەی تێك دراوەكە ئەمیش نەشارەزایی و نامۆیی نووسەر دەگەیەنێ لە مەڕ خەرمانی شیعری فۆلكلۆریك. لێرەدا شێوەی دروستی شیعرەكە دەنووسمەوەو سەرنجی خوێنەر بۆ جیاوازیی واتای نێوان ئەم و ئەوەی لای نووسەر ڕا دەكێشم:

***پەرسام ئەی شاهۆ چی سەرسەختەنی***
***كەمەر فراوان كەم درەختەنی***
***وات بێ درەختیم كەمەرا كەردەن***
***درەخت جە لای من تاقەت نەبەردەن***
***كۆساڵان چرپیش كوا گرد بەیدێ***
***شاهۆ چۆڵ بیەن سەر وەنەش دەیدێ.***

چوارەم، وەك گوتم دوادێڕی شیعرە فۆلكلۆرییەكەش هەر هەڵەیەو دەبێ لە جیاتی (وەسیەت) بنووسرێ (لەعنەت) واتە:

***چنوورەكەو شاهۆی هەر با خامە بۆ***
***دماو باڵاكەیت لەعنەت نامە بۆ***

چوونكە (وەسیەت نامە) لە گەڵ مەبەستی شیعرەكەدا یەك ناگرێتەوە و واتای پێچەوانەش دەگەیەنێ. لە شیعرەكەدا دوای یار واتە بە بێ هەبوونی خۆشەویست نەفرەت و بێزاری لە هەرچ خۆشی و شادییە دەر دەبڕدرێ و دەوترێ: (دوای تۆ

لەعنەتیان لی بێت)و نالێت (دوای تۆ ببنە وەسیەت)!. لە لاپەڕەی (٢٩٥)دا پارچە شیعرێکی سەیدی بە نموونە دێنێتەوە کە دێڕەکانی (٧ و ٨) و دوا دێڕیش دەشێوێنێت و بە هەڵە دەیاننوسێتەوە: ((خوانی بدۆ زومسان ویەرد)) و ((ئەوسەد کە هەوای سەدیش بەرۆ تەن)) ، ((سەیدی چوون مەلوول هیچیارانی یارەن)) کە من لێرەدا تەنیا وشە هەڵەکانیان بە دروستی دەنووسمەوە: خوانی (مزانی)، زومسان (زمستان)، ئەو سەد (ئەر سەد)، سەدیش (سەردیش) و هیچیاران (هیجران). پاشان لە دوو شوێنی جیاجیا لە هەمان لاپەڕەدا (بەلای خۆیەوە) دەیەوێ شیعرەکەی سەیدی لێك بداتەوە(بۆ ئەوەی خوێنەر باشتری لی تێبگات!!) و دەڵێ: ((... بەدەن کافوورەکان خاڵدارە بچووکەکان خۆیان ڕازاندۆتەوە...)) و دواییش دەڵێ: ((... سەیدی شەیدا و عاشقی هەورامانی تەخت و هۆن و ڕەزاو کەنوڵی سانی بە کۆچ کردنی بۆ سەیرانگای تەخت و تەڵکمین و نوەیجەڕ زێتر سەرمەست خەمگینە بۆ کۆچی یار))!!

یەکەم، خودی شێوەی داڕشتنی واتاکەی سەقەت و هەڵەیەو بە تێ ئاخنینی چەند وشەی بێ سەروبەرەش زۆرتری سەقەت کردووەو دەریشی خستووە کە هیچ لە شیعرەکە نەگەیشتووە، با پێکەوە دێڕە شیعرەکە لە گەڵ واتا دروستەکەیدا بخوێنینەوە:

**(بەدەن کافووران خاڵ خوردە ڕێزان**

**بۆشان مایەی عەتر بۆی عەنبەر بێزان)**

واتە: ئەو نازدارانەی کە لەشیان دەڵێی (کافوور)ە هێندە سپییەو خاڵی جوان و دڵڕفێنیان ورد ورد کوتاوە، ئەوانەی کەبۆنیان هێندە خۆشە مایە و بایەخی عەترو بۆنی عەنبەر لە بیر دەباتەوە).

دووەم، سەیدی هیچکات و لە هیچ شیعرێکدا ناوی (نوەیجەڕ و هۆن و ڕەزاو)ی نەبردووە و وشەی (کەنوڵی سانی) و (تەڵکمین)یش داتاشراون وبێ بنەمان. خۆ ئەگەر مەبەستی لە (تەڵکمین) هەمان (نەڵکمین) بێت، ئەوە لووتکەیەکی بەرزە و هەوارگە نییە و سەیدیش هەر نەیدیوە! پاشان دەستەواژەی (زێتر سەرمەست خەمگینە)ی هەر



یەکجار سەقەت و بێ جێیە، باشتر وایە بۆ ئەمیش هەر بڕوانینە خودی دێڕە شیعرەکە و ئەنجا بە شێوەیەکی دروست واتای بکەینەوەو بە کورتی بیبڕینەوە، سەیدی لە دوادێڕی پارچە شیعرەکەدا دەڵێ:

**(سەیدی چوون مەلوول هیجرانی یارەن**

**فێشتەر خەمناکیش فەسڵی وەهارەن)**

واتە: (سەیدی کە گیرۆدەی خەم و پەژارەی دووری و فیراقی یارە، تەنانەت وەرزی بەهاریش (بەو هەموو جوانی و ڕازاوەییەوە) خەفەتبارتری دەکات و زۆرتر خەم و پەژارە دایدەگرێت.

لە لای چەپی هەمان لاپەڕەی ٢٩٥دا وێنەیەك چاپ کراوە و لە ژێریدا نووسراوە: ((نەورۆز لە هەوراماندا)) کە دەبێ بڵێم ڕاست نییە و من خۆم ئەو وێنەیەم لە بەشێکی ڕەسم و یاسای جەژنی پیرشالیار گرتووەو داومەتە ڕامان و هیچ پێوەندییەکی بە(نەورۆز)ەوە نییە. لەلاپەڕەی (٢٩٦)دا نموونەیەکی شیعری (میرزا عەبدوڵڵا ئەقدەسی) دێنێتەوە کە ئەویش پڕە لە هەڵەو من لێرەدا تەنیا هەڵەکانی ئەو و لە بەرامبەریشیاندا شێوە دروستەکەیان دەنووسمەوە:

دێڕی چوارەم: (ڕەوان کەرد بە ئاو ئاوات کەرد هەرزان ــ { وەروان کەر بە ئاو ئاوان کەرد هەرزان} ،

دێڕی شەشەم: (پەخشانەن وە سەرد تاش و کەمەردا) ـ {پەخشانەن وە سەر تاش و کەمەردا } ،

دێڕ هەشتەم: (گا ناڵە ونرکەی هەوای سیاوەن) ــ {گا ناڵەو نرکەی هەوری سیاوەن} ،

دێڕی یازدەهەم: (... تا قاسپەی کەوەن) ــ {...یا قاسپەی بەقەن} ،

دێڕی سێزدەهەم: (... ساراو دەشت و دەر) ــ {... ساراو دەرو دەشت} .

لە لاپەڕەی (٢٩٧)دا لە هێنانەوەی نموونەدا تووشی چەند هەڵەیەکی دیکە دەبێت وەك: ((... شەیدای ئایلە مەل...)) و ((سەو جا بە سوورەی...)) و ((...و

پەپلە ژەرەژانێ...)) و ((سەیرانگای نیوەبجەڕ...))، کە دەقە دروستەکەیان دەبێتە: (... شەیدای ئایرە مەل...) و (سەد جار بە سوورەی...) و (... پۆپە ژەرەژانە...) و (سەیرانگای نوەبجەڕ...).

دوا وتەم:...

١- وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، ئەگەر بمویستایە بە وردی لە سەر هەموو هەڵەکانی کاك دارا بنووسم ئەوا نووسینەکەم دەبووە کتێبێك و لە مەودای گۆڤارێك تێدەپەڕی، بۆیە هەر تەنیا ئاوڕم لە زەقترین و بەرچاوترین هەڵەکانی داوەتەوە.

٢- کاك دارا لە چەند ژمارەیەکی تری ڕامان دا چەند بابەتێکی دیکەی (دابەزیون) وەك (نامەی شیعری لە شیعری مەولەویدا) و (جەژنی پیرشالیار) کە بە داخەوە ئەوانیش وەك هەموو کارەکانی دیکەی تەژین لە هەڵەو شپرزەیی و چەواشەیی، بەڵام من تەنیا بەو هۆیەوە لەم بەشەدا لە سەرم نەنووسیین کە لە گەڵ باسی (گۆرانی)یەکاندا تێکەڵ نەکرێن و دامنان بۆ دەرفەتێکی دیکە کە ئاوڕیان لی بدەمەوەو ساغیان بکەمەوە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان لای هەموو کەس چەوت و چەواشە پیشان نەدرێن و مافی خۆیان بدرێتێ.

٣- کاك دارا لە زۆربەی (نووسین؟!!)ەکانیدا گلەیی لە نەبونی ڕۆڵەی دڵسۆز و خزمەت نەکردنی سامانی دێرینی هەورامان دەکات کە ئەو هەستە پاکەش جێی ڕێز و پێزانینە، بەڵام دەبێ بزانین کە زۆر جار هەندێ خزمەت کردن و دڵسۆزی نواندن هەنە کە نەبوون و نەکردنیان زۆر لە هەبوونیان باشترە چوونکە سەرەنجام لە درزی (دۆستایەتیی مام وەرچ)ەوە سەر دەر دێنن و دەبنە هۆی زەرەرو زیان و سووك بوون، بۆیە منیش وەك برایەك لە (کاك) دارا دەخوازم بۆ بەرگری کردن لەو چەشنە زەرەرو زیانە و وەك نواندنی پیرۆزترین دڵسۆزی و گرینگترین خزمەتی خۆی، قەڵەمەکەی دابنێت و واز لە نووسین بهێنێت و خۆی لە شەپۆلە هەژێنەرو قورس و ڕووخێنەرەکانی ئەو زەریایە نەدات، چوونکە (هەر وەك خۆیشی ئاگادارە) مەلە نازانێت یانخود مەولەوی واتەنی (مەلی مەزانۆ هەر پەلی شانۆ)!! دەبا کاك دارا خۆی لەو زەریا بێ



بنەدا بە خنکاندن نەدات و بگەڕێتەوە ناو دنیای گۆرانی بێژییەکەی جارانی و ئەو لایەنەپیرۆزە درێژە پێ بدات و دڵنیاش بێت کە وەکوو هونەرمەندێکی گۆرانی بێژ سەرکەوتوو دەبێت و ڕێزی خۆی لی دەگیرێت، بەڵام بە نووسینی لەو چەشنە لایەنی گۆرانی بێژییەکەشی بزر دەکات، لە لایەکیشەوە خۆی دەزانێ کە پێشینانی هەورامان دەڵێن: (مەڵا نەبۆ دەگانە کەڵەشێر بلقاسم بەگا) و (بزە شێتەکێ بادیەوە شۆتش دا کەچی لەقێوەش دا وەنەو متش) و (هەر کەس بە گەورەیی فێرو پڵاو واردەی بی، دەس پەی لووتێش بەرۆ)! منیش بەش بە حاڵی خۆم حەز ناکەم ئەو برادەرە بە هۆی نووسینە کرچ و کاڵەکانییەوە خۆی ڕووبەڕووی ئەو چەند پەندە تاڵە بکاتەوە و بە دەستی خۆی لە نرخی خۆی و گۆرانییەکانی دابەزێنێ!

٤- لە کۆتاییشدا دەڵێم: ئەگەر جارو بار لە ساغکردنەوەکانمدا تووشی ڕق و تووڕەیی بووبم، لە دڵی نەگرێت و بە ئەنقەستی نەزانێت و ئەو مافەم بداتێ کە نەمتوانیوە لە هەندێ هەڵەی زەق و گەورە و مەترسی هێنەری ناو کارەکانی ئەو تووڕە نەبم، هەرچۆن بێت داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم و هیواداریشم زۆرتر خۆی لە گەڵ خوێندنەوەو خوێندنەوەو (هەر) خوێندنەوەدا ماندوو بکات و...

تێبینی: وەك لە پەراوێزێکدا ئاماژەم پێکرد ئەم بابەتە لە دوو بەشدا و لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕامان (٤٩و٥٠)دا بڵاو کرایەوە، من تا ئەو کاتە کاك دارام لە نزیکەوە نەدەناسی پاش بڵاو بوونەوەی ئەم ڕەخنەیە کاك دارا هاتە لام و دەبێ بڵێم بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخنەکانی لێ بە هەند وەرگرتم کە ئەوەش جێی دڵخۆشییە، ئەم ڕەخنەیە بووە هۆی دۆستایەتیی من و کاك دارا، منیش سوپاسی ئەو هەستەی کاك دارا دەکەم و هیوادارم هەموومان سنگێکی ئاوا فراوانمان هەبێ بۆ وەرگرتنی ڕەخنەی بنیاتنەر و بۆ بەخۆدا چوونەوەو پێگەیاندنی زۆرتر و باشتری خۆمان.

ج.ع

* * *

## – ٨ –
## جلوبەرگی دەسکردی هەورامان

سەربەستی و خۆیبوون لە دەڤەری هەورامانی پیرۆزدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا: (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، هونەری، رۆشنبیری و... بە تایبەتی لایەنی هەرە گرینگی ئابووری)، پیشاندەری ئاستی هەرە بەرزی زانست و پیشە سازی و شارستانیەتی گەلی کوردە و هەر واش خاوەنی مێژینەیەکی دێرین و رابردوویەکی درەوشاوەو پرشنگدارە. کاتێ بە وردی سەرنجی مێژووی هەورامان دەدەین و هەموو سووچ و قوژبنەکانی دەپشکنین و رۆ دەچینە ناخیانەوە و وردبینانە لە کارو باری دانیشتوانی ئەو دەڤەرە دەکۆڵینەوە، بۆمان دەر دەکەوێت کە گەلی کورد هەر لە بەرەبەیانی مێژوودا خۆی ناسیوە و بیر و مێشك و ئەقڵی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەبووە و توانیویەتی خۆی حوکمی خۆی بکات و هەر خۆی گەردوونەی ژیان و چارەنووسی خۆی هەڵسووڕێنێت. بە ورد بوونەوەیەك لە کەلەپووری هەورامان بۆمان دەر دەکەوێت کە گەلی کورد هیچکاتێك بەردی بە تاریکیدا نەوەشاندووە، لاسایی کەسی نەکردۆتەوەو چاوی لە کەس نەبڕیوە. خاوەنی زانست و رۆشنبیریی خۆی بووە و حکوومەت و یاسای رێك و پێك و پێشکەوتووی خۆی هەبووەو خۆی کاروباری خۆی بەڕێوە بردووەو لە سەر پێی خۆی وەستاوەو موحتاج و چاو لە دەستی کەس نەبووە. کامە فاکتەر لەوە زیندووتر کە لە بواری سیاسیدا خۆی رێبەرو سەرۆکی خۆی هەڵبژاردووەو شوراو ئەنجومەنی (پەرلەمان)ی هەبووەو دەنگ و بڕیاری داوە بە بێ هیچ ئاستەنگێکی نایاسایی و هیچ جیاوازی و پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ. کامە بەڵگە لەوە ئاشکراتر کە هەورامان یەکەمین کۆمەڵگەی مرۆڤ بووە کە مافی ئافرەتی پاراستووەو وەکوو مرۆڤ، یەکسان و بەرانبەر لە گەڵ پیاودا سەیری کردووەو رێزی لێگرتووە، تا ئەو رادەیەی کە ئافرەت لە هەوراماندا توانیوێتی لە هەموو هەڵبژاردن و کارو چالاکییەکی



سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیدا بە سەربەستی و بە بێ هیچ کۆسپ و ئاستەنگێك، شان بە شانی پیاو بەشداری بکات و دەوری خۆی هەبێت و جێ پەنجەو کاریگەریی دیار بێت و تەنانەت بتوانێ بگاتە ئاستی رێبەرایەتی و سەرۆکایەتیی گەلەکەی، دەتوانین لەم بوارەدا بە نموونە ناوی دەیانی وەك: ( قەدەم خێر) و (مسری جان) و (خورشید خاتوون) و(مەستوورە) و(جەهان ئارا)و... بەرین. کامە بەڵگە لەوە سەلمێنراوتر کە خەڵکی هەورامان خۆی خۆی ژیاندووەو نەبۆتە پاشخوان خۆری کەس و گەر پێویستی بە ئامێرو ئامراز و کەرستەیەکیش هەبووبێت، مێشك و توانای خۆی بۆ خستۆتە گەڕ و هەر بە دەستی داهێنەرانەی خۆی بەرهەمی هێناوە. سەرنجێکی وردی هونەری دەسکردی هەورامان بەستە بۆ ئەوەی پەی بەرین بە ئاستی بەرزی بیر و ئەقڵی ئابووری و توانای داهێنان و بەرهەم هێنانی ئەو خەڵکە، بە ورد بوونەوەیەك لەو ئامێرو کەرستەیەی کە دانیشتوانی هەورامان لە بواری پیشەسازیدا و بۆ بەرەو پێشبردنی کاروباری خۆیان دایان هێناون، پاشان هەڵسەنگاندنیان لە گەڵ دەسکەوتەکانی تەکنەلۆژیای هەرە پێشکەوتووی ئەمرۆی جیهان، ئەو زانست و توانای داهێنەرانەیە دوو چەندانیتر بەرجەستە دەبنەوەو تێدەگەین کە کورد لە دێر زەمانەوە لە ئاستێکی بەرزی زانست و زانیاریدا بووەو ئەو راستییەشمان بۆ دەر دەکەوێت کە بەرهەمی پیشەیی دەسکردی هەورامان، سەرەڕای ئەوەی کە نموونەی پێشکەوتنی ئابووری و پیشەسازیی ئەو سەردەمە بووە، ئێستاش لە گەڵ تایبەتمەندییەکانی زانست و تەکنەلۆژیای ئەمرۆدا یەك دەگرێتەوە، هەروەها ئەو راستییەش رووبەرووی ئەمرۆی کورد دەکاتەوە کە ئەو ئاسەوارە کۆنە جێپەنجەو شوێنەوارێکی پێشکەوتەی مێژووییە و پێویستە کە ئەمرۆ گەلی کورد بە شانازییەوە لێی بڕوانێت و بەرزی بنرخێنێت و پێشخستن و گەشەی داهێنەرانەی مەزنتر و فراوانتری پێ ببەخشێت. هەورامان وەکوو پێشتر گوترا لە هەموو بوارێکدا و بە تەواوەتی خۆی ژیاندووە و هەموو شتێکی لە داهێنانی خۆی بووە و هیچ شتێك لە هەوراماندا مۆرکی دەرەوەی هەورامانی پێوە نەبووە، دانیشتووی هەورامان بۆ هیچ شتێك دانەماوەو پەکی نەکەوتووە و هەموو پێداویستییەکانی ژیان و کۆمەڵگای

خۆی هەر بە دەست و بە توانای خۆی دابین کردوون. بە هەر لایەکدا چاو بگێڕی نموونەی زۆر دەبینی، من لێرەدا نەوعێك لە جل و بەرگی پیاوان ( چۆخەوڕانك ) بە نموونە دێنمەوەو بۆ زیاتر ئاشنا بوونی خوێنەرانی هێژا قۆناغەکان و چۆنایەتی بەرهەم هێنانی دەخەمە بەر دید و دواییش بە کورتی ئاوڕ لە خاسییەت و تایبەتمەندییەکانی دەدەمەوە:...

**بەرهەم هێنان:**

وەك دەزانین (تووك)و(موو)ی ئاژەڵ (مەڕ و بزن) لە چەندین بواری جیاجیادا کەڵکی لێوەر دەگیرێت و مەڕو ماڵات چەندە لە بەر شیر و... ڕاگیر دەکرێ، ئەوەندەش و بگرە زیاتریش لە بەرگە سروشتییەکەیەتی و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ داب و دەستوورەکانی ئایینی زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی پیرشالیاری هەورامان کە داکۆکییان کردۆتە سەر ئەوەی کە: (( مەڕو ماڵات ڕابگرن نەك بۆ کوشتن و خواردن بەڵکوو بۆ سوود وەرگرتن لە بەرگ و شیر و دیکەی داهاتەکانی)). هەر بۆیەش بە تایبەتی لە هەوراماندا بایەخی زۆرتر دراوە بە ئاژەڵداری و بەکارهێنانی داهاتەسروشتییەکانی بۆ دابین کردنی ژیانێکی سەربەست و ئاسوودە. وەکوو ئاماژەم پێکرد چەندین شتی جۆربە جۆر لە مووی مەڕو ماڵات دروست دەکرێ، واتە(بەرگن) کە هی ــ بەرخ ــ ە بۆ نەوگ و کوڵە باڵ و... (پەژم ــ خوری) کە هی ــ مەڕ ــ ە بۆ جاجم و مەوج و... (کوڵك ــ کورك) کە بەشە خراپ و چەسپیوەکەی خورییە بۆ خەرار و خەڕەك و... (مەرەز) کە هی ــ بزن ــ ە بۆ چۆخەوڕانك بە کار دێن. هەرچەند جاروباریش چۆخەوڕانك لە خوریی سپی دروست دەکرێ بەڵام زۆرتر و بە تایبەتی لە(مەرەز )ی بزن بەرهەم دێت بۆیە منیش زۆرتر لەو مەجالەدا باسی دەکەم. بزن بۆ خۆی دەبێتە دوو جۆر: بزنە مەرەز و بزنی ڕەشۆکی. مەرەز هی بزنە مەرەزە کە نەژادێکی کەم و دەگمەن و بەنرخە و لە هەموو شوێنێکدا نییەو بە جیاوازیش پەروەردە دەکرێ، ( موو)یەکی هەرە نەرم و باشی هەیە و هەر ئەمەش بۆتە هۆی گرینگی پێدانی لە ڕادەبەدەری.



**١- پاچینەوە:**

بزنە مەرەز ساڵی جارێك مووی لی دادەماڵرێت(دەپاچرێتەوە)واتە بە چەشنە مەقەستێکی تایبەت کە پێی دەگوترێ(برینگ) دادەپاچرێت و مووەکەی کۆ دەکرێتەوە.

**٢- شوشتن:**

پاشان مەرەزەکە دەشۆن و هەڵیدەخەن و وشکی دەکەنەوە.

**٣- شیکردنەوە، لە(شەی)دان:**

دواتر بۆ لێك کردنەوە و پاڵاوتن و ئامادەکاری، سەرەتا بە دەست شیی دەکەنەوەو پاشان لە (شەی)ی دەدەن و بەو چەشنە ئەگەر بەشێکی خراپی تێکەڵ بووبێت کە پێی دەگوترێ(موو) و ئەویش تاڵێکی درێژ و ڕەق و زبرە، لێی جیا دەکەنەوە.

**٤- ڕستن:**

کاتێ مەرەز پاڵفتە کرا و ئامادە بوو واتە بوو بە مەرەزێکی نەرم و خاوێن و یەکدەست، دەدرێتە ئافرەتێکی وەستای تەشی ڕێسی بۆ ڕستن. گەر لە قۆناغی شیکردنەوەدا بە تەواوەتی نەپاڵێورابێت، ئەوا تەشی ڕێس لە کاتی ڕستن دا ئەو ئەرکە بە جێ دەگەیەنێت و بە جوانی و پاك و خاوێنی دەیڕێسێت و دەیکاتە چەندین گلۆڵەیەکی وەکوو تۆپ، لەو کاتەوە ئیدی پێی دەگوترێت (ڕێس).

**٥- سرێش کاری:**

دوایی ڕێسەکە دەدرێتە ئافرەتێکی دیکە تا سرێشی بکات بۆ ئەوەی کە مەرەزەکە نەرمتر و سافتر بێت و جوان بلکێت و لێك نەبێتەوەو نەپچڕێت.

**٦- هەڵاوە:**

دوای سرێش کاری دەنرێتەوە، (لە مەودایەکی ١٠ تا ٢٠ مەتریدا چەندین داری دوو سەری وەکوو چەڵەمە بەڵام درێژ و بەرز لە زەوی دادەچەقێنرێن کە پێیان دەڵێن ( چۆڵاوە) کە وشەیەکی تێکەڵاوە و پێك هاتووە لە ــ چۆ ــ + ــ لاوە ــ کە ئەویش کورت کراوەی هەمان هەڵاوەیەو بەم چەشنە (چۆ هەڵاوە) کورت کراوەتەوەو بۆتە (چۆڵاوە) واتە داری تایبەتی هەڵاوە نانەوە. لەم قۆناغەدا ئافرەتێك گلۆڵە ڕێسەکە

دەگرێتە دەستەوەو سەرێکی گرێ دەدا بە یەکەم چۆڵاوەوەو دەیخاتە ناو چەڵەمەکەی هەموو دارچۆڵاوەکانەوە تا دواین چۆڵاوەو لەو سەریشەوە هەر بە هەمان دەستوور دەگەڕێتەوە. ئەم هاتووچۆ کردنە هەتا تەواو بوونی هەر هەموو گلۆڵە بەنەکان درێژەی دەبێت. ( ئەم کارە بۆتە هەوێنی پەندێکی پێشینان، واتە ئەگەر کەسێك زۆر بە شوێنێکدا بێت و بچێت و پیاسەی تێدا بکات پێی دەڵێن: (( ئەجو هەڵاوە منیۆوە)) واتە دەڵێی هەڵاوە دەنێتەوە).

### ٧- جۆڵا:

پاش تەواو بوونی کاری هەڵاوە و سرێشکاری، ڕێسەکە دەکرێتە کڵاف و دەدرێتە وەستای جۆڵایی. جۆڵاش لە سەر داری دەزگا (پاچاڵ) هەڵیدەخات و ئامادەی دەکات، لەم لاشەوە چەند گلۆڵەی بچووکتری پێدەدەن کە زۆرتر دوولایە و تایبەتە بۆ(پۆ)،( تان زۆرتر یەك (لا)یە بەڵام پۆ دوو (لا) دەڕێسرێت و ئەوەش دەبێتە هۆی محکەم بوون و بەرگە کردنی زۆرتری چۆخەوڕانك، هەندێ جاریش هەم تان و هەمیش پۆ دوولا دەبن و ئەو کاتە باشترین و بەنرخترین و گرانبایی ترین چۆخەوڕانکی لی بەرهەم دێت کە بەچۆخەوڕانکی تان و پۆ دوو لا بەناو بانگ دەبێت)، پۆ هیچکات بە یەك لایی ناڕێسرێت بەڵکوو هەمیشە دوولا دەبێت. جۆڵا ئەو چەند گلۆڵە بچووکەی تایبەتی پۆ دەدا لە دووك و دەیانخاتە سەر خلۆرەیەك و ئامادەیان دەکات واتە گلۆڵەکان سەرلەنوێ دەڕێسێتەوە. (ئەم کارەش دیسان بۆتە هەوێنی پەندێکی دیکەی پێشینان و ئەگەر کەسێك قسەی زۆر بکات و شتی گوتراو پەیتا پەیتا دووبارە بکاتەوە پێی دەڵێن: (( دووکە ڕێسۆ )) واتە دووك دەڕێسێت). پاش تەواو بوونی کاری دووك جۆڵا دەچێتە ناو پاچاڵ و دەست دەکا بە چنین کە پێی دەگوترێ ــ کردن ـــ ( جۆڵا چۆخەوڕانکەکەش کەرد واتە، جۆڵا چۆخەوڕانکەکەی کرد، ئەو کردنەش هەمان چنین دەگرێتەوە). جۆڵا تانەکە لە گەڵ پۆدا پێکەوە دەچنێت و لە ئاکامدا دەیکاتە قوماشێکی ١٥ تا ٢٠ سانتی مەتر پان و تا ٤٠ گەز درێژ،( چۆخەوڕانك بە درێژایی دەپێورێت و نابێ لە ٢٨



مەتر کەمتر بێت دەنا کورت دەبێت و جل و بەرگی لی دەر نایەت، خۆ ئەگەر درێژتر بێت واتە بگاتە ٤٠ مەتر و زۆرتریش ئەوە باشترین و پان و پۆڕترین چۆخەوڕانکی لی بەرهەم دێت). لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەو ڕێژەیە پان و درێژیی هەیە، هیچ قەبە نییە بەڵکوو زۆر باریك و نەرم و نۆڵ و ساف دەبێت و هەر دەڵێی پەڕەی کاغەزە. گەر جۆڵا وەستایەکی چاك بێت ئەوا ڕێسەکە بە شێوەیەکی پتەو و پڕ دەچنێ بەڵام ئەگەر شارەزایی کەم بوو یانخود سەرنجی زۆری نەدایێ، ئەوا لە ئەنجامدا قۆماشەکە شاش و زبر و ناڕێك دەر دەچێت و نرخی چۆخەوڕانکەکەش دادەبەزێنێت و محکەمی و تەمەنیشی زۆر کەم و کورتتر دەکاتەوە.

### ٨- کۆت دان:

پاش تەواو بوونی کاری جۆڵا، بە درێژایی لوولە دەکرێت و دەدرێتە وەستایەکی (کۆت)دەر. ئەویش بۆ ماوەیەك دەیخاتە ناو ئاوی کوڵاتوو و جوان دەیکوڵێنێ. بەم چەشنە هەم جوانتر و باشتر خۆی دەگرێت و هەمیش سافتر و نەرمتر دەبێ. دوایە بە پانایییەکەیدا دەقی دەکات واتە ئەو پانایییە ١٥ تا ٢٠ سانتی مەترە دەکاتە ٣ تا ٤ دەقی تەسك و باریك و جوان.( لە هەندێ شوێندا دوو دەق دەدرێت کە لە ئەنجامدا دەبینی دەقی چۆخەوڕانکەکە زۆر پان و ناڕێك و نەشاز دەر دەچێت و هیچ بایەخ و برەوێکی نابێت، ئەڵبەت ئەم کارە لە هەوراماندا ناکرێت و چۆخەوڕانکی هەورامان بە هۆی دەقە تەسك و باریك و ڕێکوپێکەکەیەوەو هەرواش هەموو ئەو وردەکارییەوە کە بۆ جوانی و محکەمیی دەکرێن، نرخ و بایەخی لە هەموو شوێنێکدا زۆرتر و گرانترە). دوای ئەوەی کە وەستای کۆت دەر کاری کۆت (ئوتوو) و دەق کردنەکەی تەواو کرد بە دارێکی بەرزەوە هەڵیدەواسێت و ناوەڕاستەکەی لەلای خوارەوە (سەنگ و بەرد) دەنێت بۆ ئەوەی قورستر بێت و بە جوانی ڕا بکێشرێت تا هەم ساف و ڕێکو پێك دەر بچێت و هەم قەدەکانی کە هەمان (کۆت)ی پێدەڵێن بە تەواوەتی یەك بگرن و پێکەوە بلکێن و دامەزرێن، ئەم کارە چەند ڕۆژێك دەخایەنێت و تا ماوەکەشی زۆرتر بێت باشترە.

**٩- دوورین:**

دوای ئەوەی کە چۆخەوڕانکەکە بە تەواوەتی کۆتی خوارد (کۆت درا، دەقی گرت)، ئامادەی دوورینە بۆیە وەستای کۆت دەر (سەنگ و بەرد)ەکەی لێدەکاتەوەو لە دارەکە دەیکێشێتە خوارەوە و وەك چۆن پێشتر لای جۆلاوە هاتبوو ، ئەویش هەر بەو شێوەیە بە درێژایی لوولەی دەکاتەوە، بە لام نەك وەکوو ئەو کاتە پان بەڵکوو ئەمجارەیان بە دەق دراوی و تەسك و باریکی. ئەنجا دەدرێتە وەستای بەرگ دروو، ( دوورینی چۆخەوڕانك وەستای لێزان و شارەزاو تایبەتی دەوێت و هەموو وەستایەکی دروومان ناتوانێ بیدوورێت بۆیە دەبینی زۆربەی جاران دەخرێتە ناو سەرەوە و زۆر جاریش چەند مانگی پێدەچێ تا سەرەی دوورینی بگات). وەستای بەرگ دروو بە سەرنجێکی وردەوە هەرچی دەقی جیاجیایە پێکەوەیان دەدوورێت، بە شێوەیەك کە پاش دوورینی، وا هەست دەکرێ کە هەر هەموو ئەو دقانە هەر کۆتی سروشتی دراون و هەر لە سەرەتاوە پێکەوە لکێنراون. کاتێ بەرگ دروو کاری تەواو کرد دەیداتەوە بە خاوەنەکەی و پێی دەڵێت ( پیرۆزە))، ئەو کاتە چۆخەوڕانك لە بەر دەکرێت و شکۆ و جوانییەکی تایبەتی بە مرۆڤ دەبەخشێت بە تایبەت ئەگەر لە گەڵ پشتوێنی (هەجیج)ی و کلاشی (نۆدشە) و (تەوێڵە)دا بێت.

تایبەتمەندییەکانی چۆخەوڕانك:

چۆخەوڕانك واتای هەمان کەواو پانتۆڵ دەگەیەنێت بەڵام تەنیا بەو جل و بەرگە تایبەتییە دەگوترێت کە لە(مەرەز)ی بزن بەرهەم هاتبێت. ( چۆخە ــ کەوا + ڕانك ــ پانتۆڵ ) دەبێ ئەوەش بڵێم کە وشەی (ڕانك) هەرتەنیا لە چۆخەوڕانکدا بۆ جل و بەرگی پیاو بە کار دێ، دەنا هەر بۆ جل و بەرگی ئافرەت بە کار براوە واتە بە پانتۆڵی پیاو هەر پانتۆڵ دەوترێت و بە هی ئافرەتیش (ڕانك). کاتێ دەڵێین چۆخەوڕانك، دیارە مەبەستمان لە قوماشی ئاسایی نییە بەڵکوو ئەو قوماشە خۆماڵی و دەسکردە ڕەسەن و مێژینە کوردییەیە کە لە بزنە مەرەز بەرهەم هاتووە. وەك پێشتریش گوتم چۆخەوڕانك بە دەگمەن لە تووکی مەڕ یان مووی بزنە ڕەشۆکی دروست



دەکرێ بەڵکوو زۆرتر لە مەرەز بەرهەم دێت و ئەگەر شتی واش بکرێت ئەوا هیچ نرخ و بایەخێکی نییەو کەس لە بەری ناکات مەگەر ئەوەی کە زۆر دەسکورت و نەدار بێت هەر بۆیەش بزنە مەرەز دەگمەنە و جیا لە ئاژەڵی تر پەروەردە دەکرێت و نرخ و بایەخی تایبەتیی هەیە. چۆخەوڕانك کە بە پێی ئەو چەند قۆناغەی باسمان کرد بەرهەم دێت چەند ڕەنگی سەرەکی و تایبەت و ناسراوی هەنە وەکوو: چۆخەوڕانکی سوور(خورمایی)، زەرد(شێلانەیی) و شینکە(شینکی) کە ئەویش لە تێکەڵکردن و پێکەوە لە (شەی)دانی دوو جۆرە مەرەزی ڕەش و سپی پێك دێت و بە نرخترین و بەناو بانگترین و گرانبایی ترین چۆخەوڕانکیشە. چۆخەوڕانك ڕەسەن ترین و خۆماڵی ترین جلوبەرگی پیاوانەی کوردییە کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و سەرەتایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی ترین قۆناغی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە شوێنێکدا و دەسپێکردنی ئاژەڵداری و هەر دەشگەڕێتەوە بۆ هزرو توانای داهێنەرانەی خەڵکی هەورامان. ئەم جلوبەرگە هیچ پێویستییەکی بە هیچ ئامێرو دەزگاو کەرستەیەکی دەرەکی نییە بۆ بەرهەم هێنان بەڵکوو هەر بە تەواوەتی بەرهەمی ڕەسەنی ناوخۆیە و بە دەست و پەنجەی داهێنەرانەو ڕەنگینی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردەواری دەکرێت کە بەڵگەو نموونەیەکی زیندووی سەلمێنراوە بۆ خۆیبوون و لە سەرپێی خۆ وەستانی کورد و هەرواش یەکێکە لە دەیان ڕێگای دابین کردنی بژیوی بنەماڵەو گەشەی بواری ئابووری. ئەم قوماشە دەسکردە خۆماڵییە کاتێ لە بەر دەکرێت چەند تایبەتمەندی دەگرێتە خۆی: یەکەم، وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد جوانی و پێکەوتوویی و شکۆیەکی تایبەتی دەبەخشێ بەوەی کە لە بەری کردووە. دووەم، قوماشێکی زۆر سووکە و هەست ناکەیت شتێکت لە بەردایە و هیچ قورسایی و ئازارێکی بۆ هیچ بەشێکی ئەندام نابێت. سێیەم، قوماشێکی زۆر فێنك و سروشتییە و لەشی مرۆڤ بە جوانی لە تینی خۆر و گەرما و ئارەقەو... دەپارێزێت. چوارەم، بۆ وەرزە ساردەکانیش گەرمە و گەرمای لەش دابین دەکات و بەری سەرما دەگرێت ( ئەڵبەت چۆخەوڕانك بۆ ناو بەفر و باران لە بەر ناکرێت چوونکە نابێ زۆر

تەڕ ببێت). پێنجەم، لە هەموو گرینگتر ئەوەیە کە چۆخەوڕانك هیچ مادەیەکی نەوتی و لاستیکی و کیمیایی تێکەڵ ناکرێت و بە تەواوەتی بەرهەمێکی سروشتی و بێهداشتییە(صحی)و لەشی مرۆڤ لە هەندێ ئازار و حەساسیەتی پێستی دەپارێزێ کە لە ڕەنگ و مادە نەوتی و کیمیاییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش پشتوێنی پێویست دەبێت کە ئەویش چەندین سوود و حیکمەتی زانستی و پزیشکیی تێدایە بۆ پاراستنی تەندروستیی مرۆڤ کە گرینگترینیان پاراستنی گورچیلەیە لە سەرما و گەرم داگرتنی کەلەکە(کەمەر) و ناو سك و گورچیلەی مرۆڤ و بەرگریکردن لە نەخۆش کەوتنیان. پێویستە بڵێم بۆ بەرهەم هێنانی (پشتوێن)یش لە هەوراماندا پێویست بە هیچ شتێکی دەرەکی نابێت و ئەویش هەر بە کەرستەی خۆماڵی و سروشتی و هەر بە دەست و پەنجەی ڕەنگینی خەڵك بەرهەم دێت، ئەم بەرهەمە خۆماڵییە بە (پشتوێنی هەجیجی) بەناو بانگە کە خۆی باسێکی جیاوازی پێویستە. ماوە بڵێم: چۆخەوڕانك لە گەڵ پشتوێنی هەجیجی و کڵاشی نۆدشە و تەوێڵە سەرەکیترین و ئاشکراترین نیشانە و مۆرکی نەتەوایەتی و بەڵگەی پێناسە و نرخاندنی باری کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کوردە و نرخ و بایەخی لە هەموو بوارێکەوە لەوە زۆرترە کە لە نووسینێکی کورتدا بگونجێت و لە ڕاستیدا پیرۆزتریشە لەوەی کە ئێمەی کورد لەم سەردەمەدا بیری لێدەکەینەوە، ئێمە، کە بە داخەوە لە کەلەپوورو کلتووری خۆمان دابڕاوین و لە گەڵ ناسنامەی خۆماندا نامۆ بووینەتەوە!.

تێبینــــــی:

ئەم بابەتە لە ژمارە(٢)ی پایزی ساڵی (٢٠٠٠)ی گۆڤاری ( ئاسۆی فۆلکلۆر)دا بڵاو کراوەتەوە.

* * *



## - ٩ -

## کۆنگرەی (( هەورامانناسی ))و ئاوڕدانەوەیەك

وەك دەزانین لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ و ٢٠ی جۆزەردانی ئەوساڵ ئاهەنگێك لە شاری سنە و بە ناونیشانی (کۆنگرەی هەورامانشناسی) بە ڕێوە برا و بەسەر هەر هەموو تراکت و ئاگاداری نامە و کارتی دەعوەت و...ش ئەم ڕەستەیە دەبینرا: (( ئوستانداریی کوردستان بە ڕێوەی دەبات))! وەك بیستیشمان، دوو ڕۆژ یا باشترە بڵێم ڕۆژ و تاقێك لەو کۆنگرەیە تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەی وتار و باس و بابەت و لێکۆڵینەوە لە سەر هەورامان و ڕۆژێکیش بۆ سەردانی هەورامان و دیتنی شوێنەوارە دێرینەکانی ئەو دەڤەرە. دیارە ئوستانداری کوردستان و بەرپرسانی ئیدارەی ئیرشاد و فرمانداری و... خۆیان بە خاوەنی مەسەلەکە زانیوەو لە بەردەم جەماوەرەکەدا ( بەشدار بووانی ناوخۆی ئێران و شاندی باشووری کوردستان ) و لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی بندەستی خۆیان بۆ هەر لایەکی دیکەی دەرەوەی کۆنگرەش بە شان و باهۆی خۆیان و ئەو هەموو هەوڵ و تەقالا پڕ زەحمەتەی(؟!) کە کێشاویانە بۆ سازکردنی کۆنگرەکە، هەڵیان داوەو لە خۆ باییانە مەدحی خۆیانیان کردووەو...! و دیاریشە دەبێ هەندێ کەس لە دوورەوە بڕوای پێ کردبن و ئافەرین و ماندوونەبوونیی ئاراستە کردبێتن!. هەردوو لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتیی ئەو کۆنگرەیە جێی ورد بوونەوەو لە سەر وەستانن و مەسەلەکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی ڕەخنەییانەی ڕاستگۆ هەیە بۆیە منیش لێرەدا ئەو ئەرکە دەگرمە ئەستۆی خۆم و( بەکورتی و کوردی) ئاوڕێکی لێدەدەمەوە کە هیوادارم بتوانم چەند خاڵێکی تاریك لەو بارەیەوە ڕوون بکەمەوەو ڕووی ڕاستییەکەیان بخەمە ڕوو تا چرایەك بن بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگای ئەوانەی کە لە ئایندەدا لە سەری دەنووسن و دەیکەنە لاپەڕەیەك لە کتێبی مێژووی سەردەمی کورد.

**یەکەم: چۆنایەتیی کۆنگرەکە:**

پێویستە پێش هەموو شتێك ئەو ڕاستییە دەر بخەم کە بە پێچەوانەی ئەو هەموو فوو بە زوڕنادا کردن و دەهۆڵ کوتانە، کۆنگرەی هەوراماننناسی بەری هەوڵ و داهێنانی ئوستانداری کوردستان نییە، (ئوستانداری بەناو دووی خوردادی کە نە دەزانێ دووی خورداد چییە و چۆنە و نەش لە فەلسەفەو پەیام و واتای ڕاستەقینەی ئەو بزاوتە مەزنەی گەلانی ئێران گەیشتووە و نەش دەیەوێت تێبگات کە ـــ دووی خورداد بەرهەمی شەپۆلێکی سەردەمیانەی جیهانییەـــ و هەر ئەوەندە هەیە کە (گەورە)کانی ئەو زیرەکانە سواری شەپۆلەکە بوون تا گەردوونەی دەسەلآت بەملادا بسوورێنن و ئەوانیش چەند سەباحێك پاڵ بە کورسیی هەست و نەست خنکێنی حاکمییەتی ڕەشی سەر خەڵکی ڕەش و ڕووتەوە بدەن)، بەڵکوو بیرۆکەی سازدانی ئەو کۆنگرەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش حاکمییەتی ئەو، واتە بۆ سەردەمی ڕەشی دەسەلآتی بە فرِو فڵ ئاخنراوی هاوبیر و هاو کاسەکانی ئەو لە ژێر چەتری زەبرو زەنگی بنەماڵەی هەزار فامیلدا! لێرەدا بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی باسەکە ناچارم بگەڕێمەوە بۆ دواتر: پاش سیمیناری (ڕێبەندانی ١٣٧٢ی مەریوان) کە لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوانەوە بۆ تاوتوێ کردنی شیعرو چیرۆکی کوردی بەسترا، بیرۆکەی کۆنگرەیەکی فراوان بۆ ڕێز لێنان لە ناودارانی کورد لە دەڤەری هەورامان و مەریوان دا هاتە گۆڕێ و گەلآڵە و بەرنامە سەرەتاییەکەمان بۆ دارێژا. بەلآم بە چەند هۆیەکەوە بۆمان نەکرا لە سەری بڕۆین و دەتوانم بڵێم بە نەوعێك لە بیر کرا. تا کۆنگرەی (فەرزانەگان)ی کورد لە سنە بەستراو بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی دووبارەی ئەو بیرۆکەیە و تەنانەت خودی نووسەری ئەم چەند دێڕە، لە کۆتایی وتارێکدا لە سەر ـــ فکر ـــ ی (سوارەی ئیلخانیزادە)،{ کە ناوەرۆکەکەی ڕووبەڕووی ویست و ئیرادەی بەڕێوەبەرانی پشتی پەردەی کۆنگرەکە دەبوویەوە، بۆیە ئەوانیش بە مقەستی سانسۆر لێکیان دادڕی!}، پێشنیاری سازدانی کۆنگرەیەکم ئاراستە کردبوو کە لە هەورامانـدا و بۆ ڕێزلێنان لە مێژوو و کلتوورو کەسایەتییە ئەدەبییەکانی ئەو دەڤەرە ببەسترێت.



هەر لەو چەند ڕۆژەدا زۆرمان قسە لە سەر پێشنیارەکە کرد و ڕەزامەندیی شەفاهیمان لە سەری وەرگرت و من هەر لەوێ و بە پێشنیاری کاك بارامی دۆستم دەقی ڕاگەیاندن نامە(فراخوان)ەکەم ئامادە کرد و بڕیار درا چەند دۆست(!!)ێك لە گەڵ ئوستانداری ئەو کاتەو دیکەی بڕیاربەدەستانی بازنەی دەسەلآتی ئوستاندا قسە بکەن و هەر جۆرێك بووە هانیان بدەن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارەکە! بە سەرنج دان بەو هەل و مەرجە گرینگەی ئەوکاتە(هاتنە بەرەوەی کاتی هەڵبژاردنی سەرەك کۆمارو ئەو مامەلآنەی کە - ڕەحیمی - پاش ئەوەی لە لایەن - ڕەفسەنجانی - یەوە هیوای بڕا، لە گەڵ لفەکەی تر واتە - ناتیق نووری - دا کردبوونی) و بە پێی ئەو خۆ لە ئاو و ئاگر دانەی ناوبراو بۆ بردنەوەی ئەو لایەنە لە ناو کوردەواریدا، وەرگرتنی ڕەزایەتی بەرپرسان کارێکی چەندان سەخت نەبوو بۆیە ئەوەندەی نەبرد کە ئیزنی سازدانی کۆنگرەی هەورامان ناسی ڕاگەیەندرا. بەلآم پاش ماوەیەك کە هەفتەنامەی تازە دامەزراوی ـــ ئاویەر ـــ بوو بە پردی پەڕینەوەی لایەنی دژی جەماوەر (ناتیق نووری) لە ڕووباری هەڵبژاردندا و بە هاوکاریی کاك - ئەحمەدی قازی - لە گۆڤاری سروەدا بەیانناممەیەکیان بە ناوی سەرجەم نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان لە پشتگریکردنی ناتیق نووریدا بڵاو کردەوەو ئێمەی نووسەرانی (مەریوان)یش بە زووترین کات و بە تووڕەیی، ناڕەزامەندی و بێزاریی خۆمان لەو کارە فێڵبازانەیە و لە پیلانگێڕەکانیشی لە سنەو ورمێدا ڕاگەیاندو ڕوونکردنەوەو ڕسوایی نامەیەکمان دژی ئەو بەیان نامە دەسکردە بڵاو کردەوە، شانسی سازدانی کۆنگرەکە دابەزی و دواتریش هەر ئیزنی ئەوەمان پێ درا کە سیمینارێك تەنیا بۆ (بێسارانی) ببەستین. هەر واش کرا بەلآم من بە نیشانەی ناڕەزامەندی و پڕۆتستۆ کردنی ئەو تێکدەرییە و هەندێ دەستێوەردانی دیکەی ناشەرعیی دەسەلآتدارانی نامەسئوول لە کارەکەدا ڕامگەیاند کە وتارەکەم (شیعر لە شیعری بێسارانیدا) ناخوێنمەوەو پاشان هۆڵەکەشم بە جێ هێشت کە ئەمەش بووە هۆی زەحمەت و گێرەوکێشە بۆ خۆم و چەند هاوڕێی دیکەی ئەنجومەنی ئەدەبی. بەم چەشنە کۆنگرەی هەورامان ناسی کە تا ئەو کاتە بەرنامەو

پرۆگرامێکی ڕێکوپێکیشی بۆ دانرابوو کەوتە دوا یاخود باشتر بڵێم بووە قوربانیی گیرودارو سەودایەکی سیاسی! پاش ئاڵوگۆڕێکی زۆر و هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ـــ خاتەمی - و...، جێگرەوەی تازە نەفەسی (ڕەحیمی) واتە - ڕەمەزان زادە ـــ دەعوەتی ڕۆشنبیرانی شارەکانی کوردستانی کردبوو بۆ کۆبوونەوەیەك بەڵام ئێمە لە مەریواندا هەرتەنیا بە ناردنی نامەیەك وڵامان دایەوە کە تیایدا سەرەڕای پیشاندانی وەزع و باری نالەباری مەریوان و تورکتازیی بەرپرسەکانی و... لە گەڵ چەند پێشنیارێکدا بۆ گۆڕینی ئەو وەزعە، چەند بابەتێکی ڕۆشنبیری و بە تایبەتی کۆنگرەی هەورامان ناسیمان دووبارە کردبوویەوە، دیارە ئەوانیش پاش تاو تویَ و هەڵسەنگاندن و...، بەوە گەیشتوون کە خودی کارەکە لە بەرژەوەندیی ئەواندا دەبێت و دەبێتە پلیکانەیەك بۆ هەڵبەزینێکی تریان، ئەوەبوو کە کۆنگرەی هەورامان ناسی لەو ڕۆژانەدا کە پێشتر ئاماژەم پێکرد و هەر بەناوی (ئوستانداری کوردستان)ەوە بەڕێوە برا.

**دووەم: چەندایەتیی کۆنگرەکە:**

١- بەڕێوە بردن: لە کۆنگرەکەدا هەندێ کەس بانگێشت کرابوون کە لە ڕاستیدا هیچ پێوەندییەکیان بە مەسەلەکەوە نەبووەو خاوەنی هیچ لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوون و زانیاری و بیرو ڕایەك لە مەڕ هەورامان نین. لە هەمان کاتدا هەندێ کەسیش کە دەیانتوانی سووچێك پڕ بکەنەوەو شارەزاو خاوەن ڕا بوونە کەچی بانگ نەکراون و جێی خاڵییان لە کۆنگرەکەدا دیار بووە. ئەم ناتەبایی و ناهاوسنگییەش دەگەڕێتەوە سەر گرووپ و دەستەبازیی سیاسی بە ڕێژەی یەکەم و دواییش هەمان دەردی چارەنەکراوی قەتیس ماویی ئەقڵی بەڕێوەبەرانی کۆنگرە لە چاویاندا کە لێرەشدا بڕشتی خۆی هەبووەو ئەوان زۆرتر چاویان لە ناو و ناوبانگ و بڕوانامە بووە و هەوڵیان داوە زۆرترین بەشی جەدوەل بەندییەکەیان بە وشەی زلی وەك: (دکتۆر) و (مامۆستا)



و... پڕ بکەنەوە! ئەمەش لە حاڵێکدایە کە نە ئەو دکتۆرانە هەورامان دەناسن و نە ئەو مامۆستایانەش لە زمانی منداڵانی هەورامان دەگەن!

٢- وتارەکان: کۆنگرەکە، هەروەکو ئەوانی پێشووتری، تووشی بارێکی لاسەنگی فۆرمالیتە کراوەو گرینگترین بەشی واتە سەرەتای دەستپێکردنەکەی بە زۆرترین ـــ ماوە - وە لە بەشداربوانی خاوەن بەرهەم زەوت کراوەو تایبەت دراوە بە هەندێ قسەلۆکی کلیشەیی و هەزار پات کراوە کە ئەویش تەنیا پیا هەڵدان و خۆ خستنە بەرچاو و زل کردنەی شتە هەرە بچووکەکان بووە لە سایەی ئەو هەلە زێڕینەدا کە بەناوی کۆنگرەوە ڕەخساوە. پاشان زۆربەی زۆری وتارەکانیش بە گشتی ناوەرۆك و پەیام و واتایەکی زانستی و ئەکادیمییان تێدا نەبووەو شاردراوەیەکی مێژووی هەورامانیان دەرنەخستووە بەڵکوو هێنانە سەر کاغەزی هەندێ داب و نەریت و بەیت و باوی دیار و زەق و ئاشکرای هەورامان بووە و بە دەگمەن بەدوادا چوونێکی چڕو پڕو مەیدانیمان بەر چاو دەکەوێت. بۆ ئەم قسەیەشم دوو نموونە دێنمەوەو دوو بڵاڤۆکی تایبەت بە کۆنگرەکە دەکەمە بەڵگەی سەلماندنی قسەکەم کە ئەوانیش بریتین لە: ١ـ (هەورامان دیار یادها و یادبودها) نووسینی مەلا ئەحمەدی نەزیری ٢ـ (هەورامان دەروازەی مێژوو) ئامادەکردنی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگ و هونەری کوردی بۆ کۆنگرەکە کە دەبێتە گوڵبژێرێك لە وتارە پەسند کراوەکانی کۆنگرە، (پێویستە بڵێم قسەی من لە سەر وتارە پەسەند کراوەکانە دەنا لەوانەیە وتاری جوان و زانستیانەش هەبووبن بەڵام کرابێتنە خۆراکی مقەستە برسییەکانی سانسۆر!). ئێمە چ بمانەوێت و چ نەمانەوێت، ئەو دوو بڵاڤۆکە وەکوو زیندووترین بەڵگەو نموونەی بەهێزترین و باشترینی وتارەکان واتە گوشراوی باشترین بەشی سەرجەم وتارە پەسەند کراوەکانن! کە دەبێ بڵێم نموونەی یەکەم هەندێ ڕەخنەی لەسەرە و بەڵگەو فاکتەری بڕوا پێکراوی لە پشت نییەو ئەوەی دووەمیش پیشاندەری لاوازی و ئاستی نزمی وتارەکانەو سەرەڕای ئەوەش لە زۆر شوێن و بە تایبەتی لە بەشی (وجه تسمیه اورامان)دا تووشی هەڵەی زەق و چەواشەکارانە هاتووە. سەرجەمی وتارەکانیش بابەتێکیان تێدا نابینرێ

که ورد بینانه و ڕەخنەییانە بە دوای مێژووی هەورامانـدا ڕۆیشتبێت و ڕاستییەکی شاراوەمان بۆ دەر بخات. ئەو شتانەی پەسەند کراون، زۆرتر یا شیعرێکی تەغەزلی و تەوسیفین یا ژیاننامەی شاعیرێك یاخود با دانەوە لە سەر هەندێ شتی ئاشکرا و ئاوەکی، ئەویش بە شێوەیەکی ساکار و سەرپێیانە و هەندێ جاریش ئیحساسی! بەشێکی دیکەشی کەهەمان قسەکردنی (سوخەن رانی) میوانە غەیرە کوردەکان بووە، بەشێوەیەکی هەرە زیرەکانە ڕێك خرابوو و گەلاڵەی بۆ دارێژرابوو کەبە گوێی جەماوەردا بچرپێنن و ئەوە بخەنە ناو مێشکیانەوە کە گوایە هەورامان بەشێکی بچووکە لە ئێران و زمانەکەشی بن زاراوەیەکە لە فارسی و لەپاڵ ئەواندا نەبێت هیچ نیەو...! تا بەو چەشنە ئەو ڕاستییە بشارنەوەکە بەپێچەوانەی ئەو دیعایە شۆڤینیانەی ئەوان کوردستان بەگشتی و هەوارامان بەتایبەتی دایکی هەموو ئێرانە و ئەوە زمانی فارسییە کە لەهجەیەکی کوردیە و گەر بنەما کوردیەکانی لی بسنرێتەوە، هیچی نامێنێت تەنها چەند وشەیەکی تێك شێواوی عەرەبی نەبێت و ئێرانیش لەژێر سێبەری هەوراماندا ماوەتەوە و گەر ئەم نەبایە ئێرانی ئەمڕۆ هەرنەدەبوو. (نوسەری ئەم بابەتە جارێك لەوەڵامی چەواشەگەریەکی ((مەهاجرانی))دا ڕووبەڕوو و جارێکیش لەوڵامی هێرشێکی ڕەگەز پەرستانەی بلاڤۆکی پشت گەرمی! ((پنجشنبەها))دا و بەناونیشانی ((کرد اگر نبود...)) وتارێکم نووسیوە و تیایدا لەسەر ئەو بابەتە ڕۆیشتووم و بەفاکتەر و بەڵگە پێم سەلماندوون کە ئێران هەربە کوردەوە زیندوە و ــ فارسی ــ یش تەنیا بە کوردییەوە و ئەو بانگەشە چەواشەکارانەش ناتوانن ڕاستییەکان بسڕنەوە). لام وایە زۆرترین مەبەستی بەڕێوەبەرانی ئەو کۆنگرەیە هەر ئەو لایەنی چەواشەگەرییە بوویێت بەمەبەستی بچووك کردنەوە و شاردنەوەی مێژووی دێرین و هەرواش مەزنایەتیی کەلتوور و شارستانیەتی کورد!ئاشکرایە لە بانگهێشتنی میوانەکانی دەرەوەشدا زۆرتر لایەنی سیاسی و خۆنواندن لەوبوارەدا لەبەرچاوگیرابوو نەك لایەنی دیراسەی مێژووی هەورامان یاخود شارەزایی و بەرهەم پێشکەش کردنی میوانەکان.



**سێیەم: گەشتی پاش کۆنگرە:**

دواین بەرنامەی کۆنگرەکە سەردانی بەشداربووان بووە لەهەورامان، بۆیە لە سنەوە بۆمەریوان کەوتوونەڕێ و لەڕێگاشدا زیارەتی مەزاری ــ بێسارانی ــ یان کردووە و سەریان لەزرێبار داوە و ڕۆیشتوون بەرە و هەورامان کەچی تانزیکی گوندی دەرەکێ هێنراون و گەڕاونەتەوە، واتە لەسەفەری دیتن و ناسینی هەوراماندا هەرتەنیا گوندی (دزڵی) و کەژ و کێوی (دەرەکێ و دەمەیەو) یان بینیوە و هیچیتر! گوایە ــ بەڕێوەبەران لە خراپی وەزعی ڕێگا ترساون و بۆ پاراستنی گیان و تەندروستیی میوانەکان نەیانبردوونەتە هەورامان! بەڵام ئایا خراپی وەزعی ڕێگاو بان دەتوانێ بکرێتە دەلیل و بەڵگە بۆ پەك خستنی ئاوا کاروانێکی مێژوویی؟! ئایا هەر ئەو ڕێگایە، هاتووچۆی هەمیشەیی دانیشتوانی زیاتر لە ٢٠ گوندی هەورامانی لەسەر نییە و هەر لەو کاتەشدا ڕێگای هات و چۆی نێوان مەریوان و تەخت و مەریوان و لهۆن و مەریوان و پاوە نەبووە؟! کە واتە، ئەو دەلیلە نەك هەر ڕاست و ئەقڵ گیر نییە بەڵکوو بیانوویەکی فریو دەرانەو چەواشەکارانە بووە. ئەی هۆی نەبردنی کاروانەکە بۆ هەورامان چی بووە؟ من بە دڵنیاییەوە دەڵێم تەنیا بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و چاو بەستنی میوانەکان بووە، چوونکە گەر بچووبانە هەورامانی تەخت دەبوا ماڵ و مەزاری (سەیدی) و ماڵ و چلەخانەو ئاسەوارو مەزاری پیرۆزی (پیرشالیار) و نیشاتی ژیانی هاوڵاتیانی دەڤەری هەورامان ببینن کە ئەویش تینوێتیی ئەوان بۆ تێگەیشتنی فەلسەفەی ئەو ژیانە و پرس و جۆیەکی قووڵی مەیدانیی بە دواوە دەبوو کە ئاکامەکەشی زانینی واقیع و ڕاستیی مێژووی هەورامان و ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی زمان و مێژینەی شارستانیەت و ڕۆشنبیریی کوردی دەبوو کە ئەوەش پێچەوانەی دیعایەکانی بەڕێوەبەرانی کۆنگرەکەی دەردەخست و پێشینان واتەنی (ڕیسەکەیان لی دەبۆوە بە خوری) و نەدەگەیشتن بە ئامانجەکانیان! بۆیە بەو شێوەڕەندانەیە نەیانهێشت میوانەکان هەورامان ببینن و لانکەی مێژووی ئێران و نیشانەی پێشکەوت و گەشەی شارستانەتی جیهانی مرۆڤایەتی بناسن و تاڕادەیەکیش توانییان بگەنە ئەنجامی دڵخوازی پیلانەکەیان!

ئەوەی ماوە بیلێم، دەبوو ئەو کۆنگرەیە لە هەورامانـدا بگیرابایەو خاوەن ڕا و پسپۆڕی هەر هەموو بن زاراوەکانی دیالیکتی گۆران تێیدا بەشدار بوونایە و گەشتێکی مەیدانی بۆ هەر سێ بەشە گرینگەکەی هەورامان واتە تەخت و لهۆن و ژاوەرۆ بکرابایە و گرینگتر لەوەش دەبوو کۆنگرەکە بە سیاچەمانەیەك دەستی پێ بکردبا و بە هۆرەیەك کۆایی هاتبا نەك سروودی داسەپیوی ڕژێمی ئیسلامی، هەرچەند ئەم کارەشیان خۆی بەشێك بوو لە پیلانەکەیان!

لە گەڵ هەموو ئەمانەدا پێویستە هەر مێشکێکی بەتاڵی شەو ئەندێش بڕوا بەو ڕاستییە بهێنێت کە مانگ بۆ هەمیشە لە پشتی هەوردا نامێنێتەوەو شەوی دەیجووری ئەنگوستەچاو بە تیشکی زێڕینی هەتاوی زانین و بە ئاگا هاتنەوە شەق دەبێت و کۆتایی پێدێت.

سڵاو بۆ ــ ئاهووررامان ــ ی سەربەرز و پیرۆز

تێبینـــــــــــی:

ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٦ تا ٢٢ی ژمارە(٢)ی پایزی ٢٧٠٠ی کوردی (٢٠٠٠)ی گۆڤاری (پرشنگ)دا بڵاو کرایەوە، دواتریش هەر لە سەر هەمان بابەت دوو بەرنامەی تەلەفزیۆنیم لە گوڵان دا ساز کرد کە تیایدا پێشنیارم بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و خودی کاك فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشتبیریی ئەوکات گرت کە بۆچی دەبێ کۆنگرەیەکی فراوان لە کوردستانی ئازاددا لە سەر هەورامان نەگرین، خۆشبەختانە پێشنیارەکەم جێی خۆی گرت و لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ی زاینی دا کاك فەلەکەدین وەك وەزیری ڕۆشنبیری ناردی بە دوامدا و داوای هەڵگرتنی یەکەم هەنگاوی لێکردم بۆ سازدانی ئاوەها کۆنگرەیەك کە من مەبەستم بوو و...

* * *



## - ١٠ -

## « کاردەوەژێ» چییە؟

کاردەوەژێ وشەیەکی لێکدراوی هەورامییە و پێکهاتووە لە دوو وشەی ( کارد+ وەژ) و بە زیاد کردنی دوو پیتی (ە)ی پاش کارد و (ێ)ی پاش وەژ بۆتە وشەیەکی واتاداری پزیشکی بە واتای(هەڵکۆڵین بە چەقۆ)،(کاردی)واتە چەقۆ و(وەژ — وەژتەی) واتە هەڵکۆڵین، داماڵین. ئەمڕۆ کاردەوەژێ تەنیا بۆ هەڵکۆڵینی گوێز و درهێنانی کاکڵەکەی بەکاردێت واتە گوێزی کەمکۆڵ کاتێك پێ دەگات و کاکڵەکەی سفت دەبێتەوە، دەبێتە کاردەوەژێ. ئەو کاتە بەچەقۆیك ئەم سەروئەوسەری دەبڕن و پاشان دەیکەنە دوولەتەوە ئینجا کاکڵەکەی هەڵدەکۆڵن بەشێوەیەك کەهێچی تێدا نامێنێت. دواتر کاکڵەکە پاك دەکەن و دەیخۆن و بەم چەشنە گوێزەکەیان کاردەوەژێکردووە. کاتێ دەڵێین گوێز بووەتە کاردەوەژێ واتە گەییوە و کاکڵەکەی دەخورێت. بەڵام بابزانین ئەم وشەیە چییە و بۆچی هاتووە و چ مێژینەیەکی هەیە؟ کاردەوەژێ مێژینەیەکی دوور و درێژ و واتایەکی قووڵتری لەوەی ئەمڕۆی هەیە کە جێی تێڕامان و بەدوادا چوونەوە و زۆر راستیمان لەبواری زانستی پزیشکی لەهەورامانـدا بۆ دەردەخات و دەشتوانێ ببێتە فاکتەرێك بۆ پیشاندان و سەلماندنی ئاستی بەرزی زانست و پزیشکی لە دێرزەمانەوە لەهەوراماندا. دیرۆکی ئەم وشەیە دەگەرێتەوەبۆ پێش هێرشی عەرەب بۆ سەر هەورامان وداگیر کردنی ئەم دەڤەرەو لە نێو بردن و سڕینەوەی هەموو ئاسەوارە کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکان و تەنانەت پێش ساسانیەکانیش هەرچەند لەسەردەمی ساسانیەکاندا پەرەی سەند و گەشەی کرد بەڵام لەبنەرەتدا دەگەرێتەوەبۆ سەردەمی خودی زەردەشت و دەبێ لەئاڤێستادا بەدووایدا بگەڕێین. کاردەوەژێ (کارد پزشکی) بەواتای پزیشکی بەچەقۆ کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن جەڕاحی (نەشتەرگەری) چوونکەپێشتر بە پزیشك دەوترا (دەرمانگەر)و بە نەشتەر گەریش دەوترا(کارد پزشك)واتە پزیشکێك کە چەقۆی لە دەستە و نەشتەر گەری

دەکات.بەڵام لە هەورامییەکەیدا وشەی کارد وەکوو خۆی ماوەتەوەو وشەی پزیشك گۆڕدراوە بە (وەژ) واتە بەچەقۆ هەڵکۆڵین، نەشتەرگەری. وەك دەزانین زانستی پزشکی بەهەمەوو بوارەکانییەوەلەهەوراماندا مێژوویەکی دێرینی هەیە و هەر لەسەرەتاشەوە بوارە سەرەکیەکانی دیاری کراون وەکوو: دەرمان بە گژوگیا، دەرمان بەچەقۆ، دەرمان بەشێوەی دەروون ناسی، دەرمان بەشێوەی هیپنۆتیزم و...... هەموو ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ فێرکاری و راهێنانەکانی ئاڤێستا: پزشکان، یەکیان بەیارمەتی (ئەشە)(١) دەرمان بکات یەکیان بەیارمەتی زانست و زانیاری، یەکیان بەچەقۆ ( کاردەوەژێ )، یەکیان بەگژوگیا، یەکیان بە ( مەنسەرە)(٢). باشترین پزشك ئەوەیە کە نەخۆشەکان بەشێوەی مەنسەرە دەرمان بکات)(٣) هەموو ئەو بوارانەش لەهەوراماندا کاریان تێدا کراوە. بۆوێنە جارێکیان کچێکی نەخۆش دەبەنەلای پزشك ئەویش بۆدەرمانی باشتر دەینێرێتە لای ـ بابە شێخی بێسارانی ـ، بابە شێخ بەدێڕە شیعرێك وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت ئەم کچە ئەویندارە و تەنیابەپێکگەیشتن( وەسڵ )ی خوشەویستەکەی چار دەکرێت:

**(( لەیلا سادارێش جەزولفی وێشەن**
**خەتای بابەشێخ بێساران چێشەن ))**

**یاخود ئەو دێڕە شیعرە فولکلۆرییە کەدەڵێت:**

**(( دەسێوەم مەرپیان گێرتەنم دامان**
**بەهانەم وەشا ملووە هەورامان ))**

پیشاندەری بوونی پزشکی ـ جەڕاحی ـ یەلە هەوراماندا. هەتا ئێستاش هەرناوی جەراحەکانی هەورامان کەهەردەم سەخت ترین جەراحیان بەئاسانترین شێوە ئەنجام داوە، لەسەرزاری هەمەوو کەسێك دایە. لەبواری ـ گیادەرمانی ـ شدا ئەو گەشەیە لەهەوراماندا بەرچاو کەوتووە لەهیچ شوێنێکی دیکەدا نییە و پێویستە ئەوەیش بڵێم کە زیندوو مانەوەی ناوی شێخەکانی هەورامان زۆرتر بەهۆی کاری پزشکی و دەرمان



کردنی نەخۆشییە جۆر بەجۆرەکان بەشێوەی دەروون ناسی و گیادەرمانییەوەیە، مەولەوی لەشیعرێکدا دەڵێت:

**(( ژنەفتم دووربا لەیل زوکامشەن**
**دیشوار باڵای نەنەمامشەن**
**هەنارەکەی دڵ پڕجە دانەی ئێش**
**پیشیای کورەی نارعشق وێش**
**وەمەودای موژگان سوراخش کەرۆ**
**وەگەرمی نیشان دەماخش دەرۆ(٤)**

واتە ( بیستوومە لەیلا هەڵامەتیەتی، دەبا بۆ چاك بوونەوەی لەو ئازارە هەنارێك بپیشێنێ پاشان کونی تێبکات و بیگرێتە بەردەم و لووتی هەڵمەکەی هەڵمژێت ) گەر لەدیکەی بوارە پزشکیەکان گەڕێین کەهەرکامیان باس و بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕ هەڵدەگرێت، دێینەوە سەر بواری کاردەوەژێ ( کارپزشکی ـ جەراحی) لە هەوراماندا کەدەتوانێت ببێتە بنەمایەکی جەراحی لە جیهاندا یان با بڵێم شان لەشانی ئاستی سەرەوەی جەراحی لای فرعۆنەکانی میسری کۆن دەدات و بگرە لەویش پێشکەوتووتر. ئەگەر ـ سینۆهە ـ پزشکی تایبەتی فیرعەونەکانی میسر چالاکانە تەپڵی سەری فیرعەونی لێك جیا کردۆتەوە و مێشکی دەرمان کردووە ئەویش بەدەرکردنی ـ با ـ یە زیادەکانی ناو مێشك، ئەوا هەر لەو سەروبەرە لەهەوراماندا و بەدەستی پزشکانی هەورامان مێشکی مرۆڤ جەراحی کردووە و بەکەڵك وەرگرتن لەمێشکی سەگ نەخۆشی سەرەتان چارەسەر کراوە یاگەر مرۆڤێك داکەوتووە و پشتی (فەقەرات)ی شکاوە ئەوا پزشکانی هەورامان بەجەراحیەکی تاقەت تارێن چاکیان کردۆتەوە، یاخود ئەگەر قاچی شکاوە و تووشی نەخۆشی بووە، بەشە نەخۆشەکەیان بڕیوەتەوە و قاچە بڕاوەکەیان پێوە لکاندووەتەوە و چارەسەریان کردووە ئەمەیش لە حاڵێکدا بووە کەیەك لەسەدی ئامێر و کەرەستە و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئەمڕۆیان نەبووە. دەشبینین کە زانستی پزشکی ئەمڕۆ بەهەمەوو گەشە

و پێشکەوتووییەوە ئێستا خەریکە هەندێ لەو چارەسەرانە دەناسێت کەبە هەزاران ساڵ پێش ئەمڕۆ لەهەورامانـدا ناسراون و کاریان لە سەر کراوە و نمونەی هەرە زیندووش هەمان تایبەتمەندی دەرمانی هەنار یان چارەسەری سەرەتانە بەهۆی مێشکی سەگ و... بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێت کە ـ کاردەوەژێ ـ ( کاردپزشکی) بەپێچەوانەی ئەمڕۆ کە تەنیا بۆ هەڵکۆڵینی کاکڵەی گوێز بەکار دێت کاتی خۆی بەجەراحی وتراوە و خاوەنی دێرۆکێکی کۆن و لەمێژینەیە و پێشاندەری ئاستی سەرەوە و گەشە و پێشکەوتی بەرچاوی زانستی پزشکییە لەهەورامانی دێریندا. پێویستە بڵێم چ دابەش و دیاری کردنی پیشەی پزشکی و چ داب و نەریتە تایبەتیەکەی و چ چۆنایەتی کارکردن و هەقدەست وەرگرتنیش لەهەورامانـدا لەرووی دەستوراتی خودی ئاڤێستاوە وەرگیراوە و تا ئێستاش هەر درێژەی پێدەدرێت.بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەدا چەند بڕگە ( بەند ) ێك لە بەش ( فەرگرد )ی وەندیداد بخەمە بەر دیدی خوێنەری هێژا کەباس لەیاسا و داب و دەستووری کاری پزشکی دەکەن:(٥)

بڕگەی ٣٦ {زەردشت لە ئاهورا مەزدا دەپرسێت }

ئەی خولقێنەری جیهانی خاکی، ئەگەر مەزا پەرەستان ویستیان دەرمان گەری بکەن یەکەمجار دەبێ چۆن خۆیان تاقی بکەنەوە، ئایا دەبێ کاروباری دەرمانگەری خۆیان بەسەر چ کەسانێکدا تاقی بکەنەوە بەسەر مەزدا پەرەستان یاخود دێو پەرەستەکاندا؟

بڕگەی ٣٧ { ئەهورا مەزدا وەڵام دەداتەوە}:

دەرمان گەران دەبێ کاری خۆیان یەکەمجار بەسەر دێوپەرەستاندا تاقی بکەنەوە نەوەك بەسەر مەزدا پەرەستاندا. ئەگەر دەرمانگەرێك یەکەمجار سێ دێو پەرەستێکی بۆ دەرمان هەڵدڕیو نەخۆشەکە مرد و دەرمانگەر ئەم کارەی تا سێ جار دووبارە کردەوە و هەرسێ جار نەخۆشەکەمرد، ئەوا ئەو کەسە قەد نابێتە دەرمانگەرێکی چاك و( دەبێ دەستی لێ بکێشی).



بڕگەی ٣٨:( نابێ ئەو دەرمانگەرە نەخۆشی مەزدا پەرەستان دەرمان بکات یا( کاردپزشکی ) ـ نەشتەرگەری ـ بکات لەسەریان وە بە نەزانی خۆیەوە زیانیان پێ بگەیەنێت. ئەگەر هاتوو ئاوا دەرمانگەرێك دەستیدایە دەرمان کردنی مەزدا پەرەستان و نەشتەرگەری لەسەر کردن و زیانی پێگەیاندن ، ئەوا بەگوێرەی تاوانبارێك کەبە ئەنقەست زیانی گەیاندبێت لەگەڵی بجولێنەوەو تۆڵەی لێبکەنەوە)

بڕگەی ٣٩ ـ ٤٠: (( ئەگەر دەرمانگەر یا نەشتەرگەرێك سێ جار نەخۆشێکی دێو پەرستی دەرمان کرد و چاکی کردەوە، ئەوا دەرمانگەرێکی چاکەو دەتوانێ لەناو مەزدا پەرەستاندا دەست بداتە دەرمانگەری و نەشتەرگەری ))

بڕگەی ٤١:( دیاری کردنی نرخی دەرمان و نەشتەرگەری ):

پزشك ـ ئاتۆربان ـ ( رێبەرێکی ئایینی ) دەرمان بکات بەنیازی خزمەت و نیایش کردن، خاوەن ماڵێك دەرمان بکات و نرخی هێسرێکی هەرزانی لێوەربگرێت، خاوەنی گوند دەرمان بکات و نرخی هێسرێکی ناونجی لی وەربگرێت، خاوەنی شار دەرمان بکات و نرخی هێسرێکی گرانبایی لی وەربگرێت، پاشا دەرمان بکات و نرخی گەردوونەیەکی چوار ئەسپی (٧٠) هێستری لی وەربگرێت(٦) (لێرەدا پێویستە وەك رونکردنەوە بڵێم کە وەندیداد دەبێتە دەفتەر ( بەش ) ی شەشەمی ئاڤێستا و تایبەتەبۆ یاسا و داب و دەستوری کاروباری کۆمەڵایەتی لەئایینی زەردەشتدا. وەندیداد وشەیەکی پێکهاتووە لە(وی+ دێو+ دات) وی بەواتای ـ دژ ـ، دێو بەواتای ـ دێو ـ، دات یان داد بەواتای ـ یاسا ـ واتای تەواوی دەستەواژەکەش دەبێتە ـ یاسای دژی دێو ـ ئەم دەفتەرە بۆتە ٢٢ فەرگەرد واتە بەش و هەر بەشێکی ئاوڕی لە دیاردەیەکی ئایینی، کۆمەڵایەتی و یاسایی دەداتەوە(٧).

## پەراوێز:

١- ئەشە ( ئەشوئی، ئەشو، ئەشەوان ) واتە زانست، بیری رووناك، زانایی و پاكی و پیرۆزی.

٢- مەنسەرە ( مانترە ) واتە كەلامی ئیزەدی، قسەی جوان، بە ئاگا هێنانەوە.

٣- وەندیداد فەرگەردی٧بەندی٤٤ .

٤- دیوانی مەولەوی ـ عبدولكریم مدرس بەغدا چاپخانەی ئەلنەجاح ١٩٦١ لاپەرە ٣٤٢.

٥- وەندیداد فەرگەردی٧بەندەكانی ٣٦ ـ ٤١.

٦- بەرامبەر بەنرخی٧٠هێسری گرانبایی.

٧- بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە:

١- دانشنامەیمەزدیەسنا ـ دكتر جهانگیر اوشیدری چاپ اول ١٣٧١نشرمركز.

٢- اوستا كهنترین سروودهای ایرانیان ـ جلیل دوستخواه ـ چاپ چهارم ١٣٧٧ انتشارات مروارید.

٣- اوستا نامه مینوی ئایین زردشت ـ جلیل دوستخواه ـ چاپ ششم ١٣٦٦ انتشارات مروارید( كەلەلایەن نوسەری ئەم بابەتەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی كوردی).

تێبینی: ئەم بابەتەم بۆ گۆڤاری (ئاسۆی فۆلكلۆر) لە هەولێر نووسی و لە لاپەرەی ٨٢ تا ٨٤ی ژمارە ٤ی نیسانی ٢٠٠١ی ئەو گۆڤارەدا چاپ و بڵاو كرایەوە بەڵام بەداخەوە بەنیوەو ناتەواوی واتەپاش دستەواژەی(هەمووئەمانەش) تا كۆتایی شیعرەكەی مەولەویی لی قرتا بوو و بەم جۆرەش هیچ واتایەكی نەدەدایە دەستی خوێنەرەوەو ئەم هەڵەیەش بووە هۆی گلەیی من لە ئاسۆی فۆلكلۆر و ئەوانیش بڕیاریان دا كە لە ژمارەیەكی دیكەدا ئەو هەڵەیە راست بكەنەوە بەڵام بەهۆی ئاڵ و گۆڕەكانی دواترو تێكچوونی ستافی گۆڤارەكەوە ئەو بڕیارەش وەك زۆر شتی دیكە بەتاڵ بوویەوەو...! ج.ع



## - ١١ -

## (با گۆرانیەكانی هەورامان باشتر بناسین)

((گۆرانیەكانی هەورامان )) ناونیشانی بابەتێكە كاك ( فەرزین كەریم عەبدولڕەحیم ) لە ( فرهنگ كردستان شمارە ١ سال ١٣٧)ی وەرگرتووە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی و لە لاپەرە١٠ی ژمارە ( ٢٠٩ی ٢٠٠١/١/٥)ی برایەتی ئەدەب و هونەردا بڵاوكراوەتەوە. سەبارەت بەوەرگێڕانی بابەتەكە پێویستە كەدەست خۆشی لەكاك فەرزین بكەم و بڵێم وەرگێڕانێكی پوخت و پاراو بوو. سەبارەت بەبابەتەكەش، بەداخەوە هەندێ راوبۆچوونی هەڵەی تێدابوون كە پێشاندەری ئەو راستییەن كەلێكۆڵینەوەكە بەشێوەیەكی ئاكادیمی و زانستیانە ئەنجام نەدراوە و هەرتەنیا ئاوڕدانەوەیەكی سەرپێیی و سادە بینانەیە. بابەتەكە دابەش بۆتە سەر چەند خاڵ وەكوو: (سیاچەمانە) ( دەرەیی ) ( شێخانە )

( گوشی ) و (گۆرانیەكانی مەراسیمی زەماوەند). لەبڕگەی

ــ سیاچەمانە ـ دا وەكوو پێناسەی سیاچەمانە نووسراوە: ((سیاچەمانە لێكدراوەی دوو وشەی ـ سیا ـ و ـ چەم ـ و پاشگری

ـ انە ـ یە. سیا بەواتای رەش و ـ چم ـ یش مانای جیاواز دەبەخشێت وەكوو:( چاو ـ چۆم ـ شوێنی تەنیشت چۆم، هەروەها ئەگەر بێتو بەشی دووەمی دەستەواژەی سیاچەمانە ـ ( چەمان )+ (ە)ی نیسبەت ـ لەبەر چاو بگرین واتای خوار بوون و چەمانەوە دەدات، ئێنجا ئەم ناوە دەتوانین بەچاو رەش، چۆمی رەش ئانكو چەمانەوەی رەش (چەمانەوەی بەهۆی خەم و ئازارەوە) مانا بكەینەوە. بەهەر شێوەیەك بێت ئەم وشەیە لەگەڵ گۆرانیەكەبەدروستی روون نەبووەتەوە)) یا:( سەبارەت بەوشەی سیاچەمانە و چۆنیەتی خولقاندنی بیروڕای جیاواز هەیە لەوانەش سیاچەمانە بەجل و بەرگی رەش وەرگێڕدراوە واتە بەشی دووەمەكەی ( چەمان+ەی

نیسبەت )یان لەبەر چاو گرتووە و واتای ( جامە)ی زمانی فارسییان لی هەڵێنجاوە...... لەوانەیە ئەو کاتە موغەی زەردەشتی جل و بەرگی رەشی لەبەرکردووە یاخود مێزەری ڕەشی لەسەر بووە. جێی خۆیەتی ئاماژە بکەین ئەم گۆرانیەیان بەستایشکەری چاوی رەشیش زانیوە لە کتێبی خەسرە و شیرینی خانای قوبادی...... وشەی چەم چەندین جار بەواتای چەمانەوەی بە هۆی خەم و پەژارەوە هاتووە...... لەوانەیە بتوانرێت سیاچەمانە بەواتای چەمانەوە و خواربوونەوەی بەهۆی ماتەم و شین گێڕی بزانین، هەروەکوو چۆن مەراسیمی (چەمەری) ئەم مانایەی لەخۆ گرتووە...... دراوسێیەتی دووناوچەی لوڕستان و هەورامان، وێکچوونی ناوەکانی سیاچەمانە و چەمەر لەدووبارە بوونی وشەی ـ چەم ـ لەهەردووکیاندا بەسەرنجدانی ئەوەی پێشتر گوتراوە ئەگەری پێوەندیان بەهێزتر دەکات)).

١- راستە ـ سیا ـ واتە رەش و ـ چەم ـ یش ئەو واتەیە دەدات کە بۆی کراوە بەڵام هیچ کات ناتوانین سیاچەمانە بەچاورەش، چۆمی ڕەش یاخود چەمانەوەی ڕەش واتا بکەینەوە و بەتایبەتی ـ چەمانەوەی ڕەش ـ هەر هیچ مەعنایەکی نابێت و هیچ پەیوەندیەکی بە وشەکەوە نییە. ئەمە و پەیوەندی وشەکە بە گۆرانییەکەوە زۆریش روون و ئاشکرا و مەنتیقییە و دواتر ئاوڕی لێدەدەینەوە.

٢- سیاچەمانە بەجل و بەرگی ڕەش وەرنەگێڕدراوە بەڵکوو لەجل و بەرگی ڕەش وەرگێراوە وئەو هەڵێنجانی مانایەش لە ـ جامە ـ ی فارسییەوە زۆر راستە. هەردوو بەشەکە هەرفارسیین هەم ـ سیا ـ و هەم ـ جامە ـ بەڵام مانای ئەوە نییە کە موغەی زەردەشتی ـ مێزەری ڕەش ـ ی لەسەر بووبێت. واتا کردنەوەش بەستایشکەری چاوی ڕەش هەر هەڵەیە و بۆ لێك چونیشی لەگەڵ ـ چەمەری ـ دا دەبێ بڵێین هیچ وێکچوون و پەیوەندیەك لەئارادا نییە، ئەم ـ چەمانە ـ یە و ئەو ـ چەمەری ـ کە لەواتا و ناوەرۆکیشدا زۆر دوورن.

٣- ئەو راوبۆچونانە سەبارەت بە سیاچەمانە هیچکامیان هیچ بناغە و بنەمایەکی زانستییان نییە و هەروەکوو وێك چواندنێك زادەی بیروبۆچوون و سەلیقەی



تاکە کەسین، سیاچەمانە وشەیەکی تێکەڵە و پێك هاتووە لە دوو وشەی جیاوازی ـ سیا ـ + ـ جامە ـ کە وەکوو گوتم هەردوو فارسین، ( سیا ) واتە ڕەش، ( جامە) واتە جل وبەرگ. ئەو موغانەی سەردەمی زردەشت کە لە ـ ئاهوورامان ـ (هەورامانی ئیستا)دا دەژیان کراسێکی ئاودامێن رەشیان لەبەردەکرد وئەمەش بە پێچەوانەی دەستوری زردەشت بوو، ئەو کارەی موغەکانیش وەك پیشاندانی نارەزامەندی و ناکۆکی و جیاواز بونەوە لە دەستەی ـ مۆبد ـ ەکان بوو . بۆیە ئاوازێکی تایبەتییان داهێنا بۆ نیایش و گوتنەوەی سرودەکانیان کە هەروەکوو جل و بەرگەکەیان دەبوو جیاوازی هەبێت لەگەڵ ـ هۆرە ـ دا کەئاوازی تایبەتی ـ مۆبەد ـ ەکان بوو بۆ گوتنەوەی (گات)ەکان. بەرەبەرە ئەم لەحنە تازەیە وەکوو ـ سرودی تایبەتی سیاجامەکان ـ واتە لەحنی تایبەتی رەشپۆشەکان ناسراو وناوبانگی بە ـ سیاجامەگانە ـ دەرکرد کە دواتر کورت کرایەوە و بووبە (سیاجامانە) و دواتریش کورتتر کرایەوە و بەهەندێ ئاڵ و گۆر لەباری زمان و دەربڕینەوە کرایە ـ سیاچەمانە ـ کەوا بوو، یەکەم سیاچەمانە تەنیا واتە سروودی تایبەتی سیاجامەکان (رەشپۆشەکان) و هەرتەنیاش ئەو واتایەش دەدات و دووەم پەیوەندی ناوەکە بە گۆرانییەکەوە زۆر ئاشکرایە:

لەحنێکە بەهەوا و ناوەڕۆکێکی روحانی تایبەتەوە و ـ سیاجامە ـ کانیش دایان هێناوە. لەبڕگەی ـ دەرەیی دا ـ نوسراوە: ((... ئەمڕۆکە دەرەیی زۆرتر بەناوەرۆك و بابەتی عیرفانییەوە، لەوەسف و ستایش کردنی شێخەکان و گەورەکانی ئایینی پێشکەش دەکرێت و پێی دەگوترێت ـ دەرەیی شێخانە ـ...)) دەرەیی گۆرانییەکی سەربەخۆیە و هیچ پێوەندیەکی بە شێخانەوە نییە بەڵکوو بەجیاگۆرانی شێخانەشمان هەیە کەبۆ خۆیان لەناو هەموو خانەکانی گۆرانیدا دابەش دەکرێن وەك سیاچەمانەی شێخانە بەرزەچڕی شێخانە، وردە بەزمی شێخانە و... دەرەیی خۆی لەباسی سروشت و کار و کۆشش دەدات و دیارە شیخانەیش ناوەرۆکێکی رۆحانی هەیە. ئەمە و دەرەیی زۆر مێژینەترە لەشێخانە و شێخانە لەهەموو ئەوانی دیکە تازەتر و کەم

تەمەنترە. پاشان دەڵێت:(( وشەیەکی دیکەش بەناوی ـ بەرزەچڕ ـ لەمۆسیقای هەوراماندا باوە. بەرزە چڕ لەدوو وشەی ـ بەرزە ـ و ـ چڕ ـ پێکهاتووە و ماناکەی گۆرانی گوتنە بەدەنگی بەرز، بەشێوەیەك دەنگی دەنگبێژ تا مەودایەکی زۆر دوورتر ببیسترێت. بۆ نمونە بەشێوەیەك لەسەر لوتکەی چیا بگوترێت کەلەداوێنی چیایەکە ببێسرێت...... لەوانەیە ئەم ناوە لەناو چەمکەکانی مۆسیقا و گۆرانیی هەوراماندا بوونی نەبێت بەڵکوو زۆرتر دەستەواژەییێك بێت بۆ جۆرێك بەدەنگی تیژ یانخود دەنگی بەرزی گۆرانی چڕین لەفەزای کوێستانی هەورامان و لەلوتکەی چیا بەرزەکاندا )).

ـ بەرزەچڕ ـ یش خۆی گۆرانییەکی جیاوازە و مەبەستیش ئەوە نییە کە لە دەقەکەدا هاتووە بەڵکوو بەرزەچڕ بەو گۆرانییە دەوترێت کە تەنیا لەبڕگەی کۆتاییدا دەنگ بەرز دەبێتەوە واتە بەرزەچڕ دووبەشە بەنەرم و هێمن دەست پێدەکات و بە بەرز و هەڵکێشراوی کۆتایی پێدێت. ئەم ناوەش بەپێچەوانەی رای نووسەر هەبوون و جێی تایبەتی خۆی هەیە لەگۆرانی هەوراماندا. وەك چۆن دەرەیی یا سیاچەمانە لەهەموو جێ و شوێنێکدا دەوترێن، بەرزەچڕیش هەروایە و تایبەت نییە بە چیا بەرزەکانەوە و تەنیا جیاوازیشی لەگەڵ سیاچەمانەدا بەرزی و نزمی دەنگەکانە. لەبڕگەی ـ گۆشی ـ دا دەڵێت: (( ...... لەوانەیە بەهۆی دانانی دەست لەسەر گوێچکە لەکاتی چڕیندا، ناوی ( گۆشی)یان لەسەر ئەم ئاوازە دانابێت. ئەم شتە تا چەند راستە، ئەوە خۆی جێگەی پرسیارە چونکە لەوانەیە لەپێشکەشکردنی سیاچەمانە یانخود ـ دەرەیی ـ شدا، گۆرانیبێژ دەستی لەسەر گوێچکەی دابنێت. لەهەورامانی ـ لهۆن ـ دا لە جیاتی گۆشی ـ وردە بەزم ـ باوە... )) کەدەڵێین ـ گۆشی ـ، مەبەست دستنانە سەر گوێچکە نییە بەڵکوو خۆی بۆخۆی دەبێتە ـ خانە ـ یەك لەدەنگ بۆ گۆرانی هەورامان و ئەویش ئەو گۆرانیانەن کەنەوەك سیاچەمانە سەرکەشن و نەش وەکوو دەرەیی خاون بەڵکوو ئیقاعێکی تایبەتیان هەیە و ئاسانتر دەوترێنەوە. ـ وردەبەزم ـ لەجێی ـ گۆشی ـ نییە و هی ـ لهۆن ـ یش بەتەنیا نییە و ئەو دوو ناوە لەواتا و ناوەرۆکیشدا لێك جیان و ئەمیش بۆ خۆی ـ خانە ـ یەکی تایبەتە ـ وردەبەزم ـ بەو



گۆرانیانە دەڵێین کە دەکەونە نێوان ـ گۆشی ـ و ـ چەپڵە ـ وە. واتە نەگۆشین و نە چەپڵە. لەچەپڵە خاوترن و لەگۆشی کرژتر. لەهەمان حاڵدا ئیقاعێکی جیاواز و تایبەت و هێمنی چەپڵەیان لەگەڵدایە. دواتر ـ خانە ـ ی گۆرانیەکان بۆ روون کردنەوەی زۆرتر دەنووسمەوە. لەبەشی ـ گۆرانیەکانی مەراسیمی زەماوەند ـ دا دەنووسێت:(( ١ـ یاران، گۆرانیەکە بۆ بانگهێشتنی خەڵك بەمەبەستی بەشداری کردن لەزەماوەند ......

٢- گەڕیان، بە شایێك و گۆرانیەك دەگوترێت کەلە سەرەتای مەراسیمی جەژن و خۆشیدا دەوترێت......

٣- چەپڵە، ئانکوو چەپڵەرێزان گۆرانی گۆرانی باوی زەماوەندە..........))

بەگشتی بەو بەشە لە گۆرانی دەڵێین ـ خاو ـ یا ـ گەڕیان ـ و تەعبیری ـ گۆرانی مەراسیمی زەماوەند ـ هەڵەیە، ئەمە و ئەو گۆرانیانەیش هەرتەنیا یاران یاران و چەپڵە نین و ناوی ـ گەڕیان ـ یش بۆ یەك لەو گۆرانیانە هەڵەیە. و وەك گوتم بەهەر هەموویان دەڵێین ـ خاو ـ یانخود ـ گەڕیان ـ و هەرهەمووشیان دەبنە پێشەکیەك بۆ گەرم داهاتنی بەشداری کەران و دەست پێکردنی هەڵپەرکێ و قۆناغی چەپڵە. یاران یاران یەك لەدەیان بەزمی ئەو بەشەیە و ـ بادە بادە ـ و ـ چاورەشەکاڵێ ـ و... لەبەزمە بەناوبانگەکانی ئەو خانەیە. لێرەدا پێویستە بڵێم کە گۆرانییەکانی هەورامان بەگشتی دابەش دەکرێنە سەر چەند ـ خانە ـ ی خۆماڵی مۆسیقایی وەکوو: سیاچەمانە ـ بەرزەچڕ ـ دەرەیی ـ گۆشی ـ خاو ـ وردەبەزم ـ و چەپڵە کە هەرکامە و خاوەنی چەندین بەزمی تایبەتی خۆیانن و دەکرێ بڵێم ـ خاو ـ و ـ چەپڵە ـ لەرێژەدا لە بەشەکانی دیکە زۆرتر و بەر بڵاوترن. لام وایە ناوهێنانی چەند نمونەیەك لەبەشەکان بۆ ئاشنا بوونی زۆرتری خوێنەران کارێکی باش بێ بۆیە ئاماژەیەکیان پێدەکەم وەکوو مشتێ لە خەروارێك.

*سیاچەمانە: تەم و تەمەلول، میناداد ـ ئایشێ وەی......*

*بەرزەچڕ: ئایشێ ڕۆ، ئۆساژەن ـ مینا وەی......*

*دەرەیی: کورە مەلوول، خاڵ خەنەین، بزازەرا......*

*گۆشی: خاڵ سۆسەن، ئامینە نازەنینە، کۆنە هەواران......*

*وردەبەزم: میم گورجی، ئەمنەی باڵابەرز، سەرشین......*

*چەپلە: شیرین هەلامە، مەگری مەگری، حەریرە......*

*خاو یا گەڕیان: یاران یاران، لەیلی گیان، بادەبادە......*

تێبینـی:

لە ژمارە٢١٤ی ڕۆژی٢٠٠١/٢/٩ی هەفتەنامەی ( برایەتی ئـەدەب و هونـەر )دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

* * *



## - ١٢ -

## شارۆ

## ((تیرۆژەنیگایەک لەسەر گۆرانی و یاریی منداڵان و پەندی پیر لە هەوراماندا:))

هۆرامان، یـا ڕاسـتتر بڵـێم ئاهوورامـان ئـەو دەڤـەرە سـەخت و سـەرکەش و شاخاوییە و ئەو ناوچە پیرۆز و لەمێژینەیەکە پانتاییەکی فراوانـی جـوگرافیی لـە ڕۆژهەڵات و بەشـێکی ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا گرتۆتـەوەو مێـژووی ڕۆشـنبیری و شارستانییەتی دەگەڕێتەوە بۆ زۆرتر لە پێنج هەزار ساڵ پێشتر. ئەوانەی شـارەزای مێژوون و بەتایبەتی ئەوانەی کە زۆرتر ئاوڕیـان لـە دیرۆکـی نەنووسـراوی کـورد داوەتەوە، دەزانن کە کاتێ دەڵێین هەورامان، مێژوویـەکی هـەرەدێرینمان دێتـەوە یاد بە فەرهەنگ و شارستانییەتێکی پرشنگدار و زمانێکی زیندووی دەوڵەمەند و ئەدەبێکی درەوشاوە و سەنعەت و پیشەسازییەکی هەرە پێشکەوتوو.ئـەمڕۆ نـاوی هەورامان ستراتیژیی ئابووری و ژیـانی شارسـتانی و زانـستی پزیـشکی و هـزر و فەلسەفەی کراوەو پێشکەوتووی رابردووی نەتەوەی کوردمان بیر دەخاتەوە ئـەویش لە سەردەمێکدا کە مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە ناو زۆربەی گەل و هۆزەکـانی دیکـەی ئەم جیهانەدا لە سەرەتایی ترین قۆناغی نەزانی و ناشارسـتانیدا دەژیـان! ڕاسـتە هەورامان لەم سەردەمە زێڕینـەی ئـەمڕۆدا ناوچـەیەکی داخـراوی دواخـراوی بـە جێماوی لە بیر کراوەوئەوەیش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیـە کـە لـە مـەجالی ئـەم باسـەدا ناگونجێـت، بـەڵام وەك دەڵـێن (( مزگـەوت گـەر برووخـێ میحرابـی دەمێنـێ))، فەرهـەنگ و شارسـتانییەت و کلتـوور و کەلـەپووری دەوڵەمەنـد و دێرینی هەورامانیش هێشتا نیشانە و ئاسەوارو جێ پەنجـەو فاکتـەری زۆری لـی بەجێ ماون کە پێشەنگی و سەرقافڵە بوونی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە لەو بوارانە و لە ناو هەموو گەلانی جیهاندا بسەلمێنێت. من بەش بە حـاڵی خـۆم لـە بـە دوادا

گەڕانە مەیدانییەکانمدا بۆ دۆزینەوەی نیشانە ونبووەکانی زیندوێتی و پێشکەوتوویی هەورامان لە دێر زەماندا، گەلی سووچ و قوژبن و گۆشە و کەناری ناوچەکەم پشکنیوە و زۆر سیمبول و ڕەمز و نیشانەی زیندووی ئاوەز پەسەندی بڕوا پێکراویشم دۆزیونەتەوە کە بە داخەوە هێشتاش نەکەوتوونەتە ناو مێژووی نووسراوی گەلەکەمانەوە، هەر بۆیە زۆر جاریش هەولم داوە تیرۆژەنیگا ئاسا لە سەر لاپەڕەی ئەم گۆڤارو ئەو ڕۆژنامەدا لە سەر خالێك لەو دەیان ڕەمز و فاکتەر و نیشانەیە بووەستم و ئەو دیرۆکەپرشنگدارە بخەمەوە بیری ئەم نەتەوە کەمتەر خەم و فەرامۆشکارەمان تاکوو هاندانێك بێت بۆ وروژاندن و داچلەکاندنی بیری نووستووی لە خەوی غەفلەت و خەمساردی بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی و ناسینەوەی خۆی و پشت بەستنی بەو پێشکەوتە دێرینەیەی بە مەبەستی دەستەمۆ کردنی ئەسپی چەمووشی گەشەو گەیشتنە سەربەستی و بەختیاری لەم جیهانە ئالۆزو بریقەدارەی ئێستای مرۆڤایەتیدا. ئێستایش بە هەمان نیگای تیرۆژە ئاساوە لە خەرمانی کلتوورو کەلەپووری هەوراماندا دەکەومە شارۆ و ئاوڕێکی کورت لە سێ نموونەی ئەو دەیان ڕەمز و نیشانە دەدەمەوە واتە(گۆرانی) و(یاری مندالان) و(پەندی پیر) لە هەوراماندا:

یەکەم گۆرانی:...

زۆر جار و لە زۆر جێگادا لەسەر گۆرانیی هەورامانم نووسیوە و ئەو لایەنە هونەری و مێژووییەم شی کردۆتەوەو نامەوێ لێرەشدا دووبارەی بکەمەوە بەلکوو لەم باسەمدا دەمەوێت لەسەر گۆرانییەك بووەستم و ئاوڕ لە لایەنە مێژووییەکەی بدەمەوە کە ئەویش پێی دەگوترێ ( بەزمی _ گەردوون چیبکەم _ ). گەردوون چی بکەم هەوایەکی ڕەسەنی کوردی و لەحنێکی هەرەمێژینەیەو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای سەردەمی سەرهەلدانی خودی زەردەشت و هۆنینەوەی کۆپلە سەرەتاییەکانی _ گاتا _ کان واتە گەلی پێش ئاڤێستا. ئەم هەوایە لە دەزگای (شوور)دایەو لە خانە بەندیی گۆرانییەکاندا دەکەوێتە خانەی ( خاو )



یانخود (گوشی)یەوە، واتە بەزمێکە لە نێوان سیاچەمانە و وردە بەزم دا بە هەوایەکی بەرزە چڕ ئاسای نیمچە سەرکەشەوە. لەم گۆرانییەدا دەبیسین:

**گەردوون چی بکەم چیم دەسەلاتەن**
**رۆحم ئێشکچی دەوری بالاتەن**
**بالا بالاتەن بالا مرمانـــی**
**وێنەی گەلاوێژ پرشنگ مەشانی**
**هەرکەس کەسێش هەن منیچ تۆم هەنی**
**دلەکەم دەربارەت بیەن تەوەنی**
**ئامای ویەردی چەم بە ئیشارەت**
**با تازەش کەرمێ مەیلی دووبارە**
**..........تاد**

لەم شیعرەدا دیارە کەسێك گلەیی لە کەسێکی دیکە دەکات یان باشتر بلێم شیعرەکە پەیامی گلەیی ئامێزی ئەویندارێکە بۆ دلبەرەکەی و هەندێ تاوانی بێ وەفایی یانخود لانەوازی و خەمساردیی دەخاتە پال.دوای چەند سال بە دوادا گەڕان و نووسینەوەو لێکدانەوەی سەرجەم گۆرانییەکانی هەورامان (کە ئەنجامەکەی بۆتە کتێبێکی سێ بەرگی بە ناونیشانی ـ هەورامان و هونەر ـ)، دەقی ناوەرۆکی ئەم گۆرانییەم لە ـ گاتا ـ کانی زەردەشت دا دۆزییەوەو بۆم دەرکەوت کە ناوەرۆکی ئەم گۆرانییە دەقی ڕازونیازێکی گلەیی ئامێز و فەلسەفیی زەردەشتە لە گەل مەزدا ئەهوورەدا کە بۆمان ماوەتەوەو پاش هەزاران سالێش وەکوو خۆی پارێزراوەو هەر وەکوو خۆی دەوترێتەوە. دەبینین لە گاتاکاندا هاتووە کە لە ـ یەسنا ـ هاتی ٢٩ لە بڕگەکانی ١و٤و٥ دا، ڕەوانی ئافەرینش واتە ڕۆحی خیلقەت یا بە زمانی ئاڤێستا (گەئوش مەینیو) ڕوو لە ئەهوورا مەزدا دەکات و شکات و گلە و گازندەی خۆی دەر دەبڕێت کە بۆچی دروستی کردووەو ئێستاش لێی ناپرسێتەوە، ئەو چ تاوانێکی کردووە کە سزاواری ئەم فەرامۆشکردن و پشت

لێکردنە بێت، پاشان داوای لێدەکات وەدڵێ: لایەکم لێبکەوە، ئازارم مەدە، تۆ نەبی ئەمن هیچم لەدەست نایەت و...تاد

لێرەدا بە نموونەی مشتێك لە خەروار برگەی یەکەمی هاتی ٢٩ی یەسنا هەر بە زمانی ( دین دەبیرە)دێنمەوە کە دەڵێت:

(( خشمەئیبیا، گەئوشە، ئوورڤا، گەرەژدا، کەهمائی، مە، تڤەرووژدەم، کا، مە، تەشەت، ئا، مە، ئەئەشمو، هەزەس، چا، رەمەوو، ئاهیشتایا، دەرەش، چا، تەڤیش، چا، نوئیت، موڤەئی، ڤاستا، خشمەت، ئەنیۆ، ئەتا، موڤەئی، سانسەتا، ڤەهوو، ڤاسترەیا)).

واتە: (( ئەی مەزدا ئەهوورە، ڕۆحی خیلقەت گلەییت لێدەکات وەدڵێت: منت بۆچی بەدیهێنا؟ من چیم کردبوو کە ئاوەها خراومەتەناو درۆ و ستەم و ناسازگاری؟ جگە لە تۆ پشتیوانێکم نییە و چم پێناکرێ، دەسا لایەکم لێبکەرەوەو لەم ناخۆشییە ڕزگارم بکە)).

دەبینین کە ناوەرۆکی شیعرەکە لە گۆرانییەکەدا لە گەڵ گاتاکان یەکێکە و هەردووکیان هەر یەك پەیام و مەبەست دەدەنە دەستەوە. گۆرانییەکە، جگە لە باری مێژوویی ئاوڕ لە دۆخی کۆمەڵایەتیش دەداتەوە و گازندەش دەکات لە بێوەفایی و نەبوونی عەهد و پەیمان و... پێویستە بڵێم هەر تەنیا گۆرانیی گەردوون چی بکەم نییە کە لە گاتاکان ماوەتەوە بەڵکوو گۆرانیی دیکەشمان هەنە کە تا ئەندازەیەکی سەرنج ڕاکێش ئەو مۆرکەیان پێوە ماوەتەوە و پارێزراون کە وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر گۆرانیی(یەزن یەزن) و (ئامان ئامانەن) و چەند گۆرانیی تری عیرفانی(شێخانە). دەبێ ئەوەش بزانین کە گۆرانی بە گشتی گەلی لە سەردەمی ئاڤێستا و زەردەشت کۆنترە و ئەوە سیاچەمانە(سیاجامانە)یە کە بە تەواوەتی تایبەتی سەردەمی زەردەشت و چڕینی گاتاکانە بە تایبەتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا. ئەم تاکە شیعرە تاڕادەیەك قۆناغەمێژووییەکانی مۆسیقای هەورامانمان بۆ دیاری دەکات کە دەڵێ:



*(( گۆرانی، هۆرە، سیاچەمانە        قەدیم یادگار قەوم کوردانە))*

واتە، یەکەمجار گۆرانی هەبووە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زەردەشت و پێش ئایینی (میترا)یش و بۆ ئەو کاتەی کە هۆزی (گۆران) سەری هەڵداوە، پاشان(هۆرە)یە کە تایبەتە بە چڕینی گاتاکان و سێیەمیش سیاچەمانەیە کە قۆناغێك دەکەوێتە دوای هۆرە و ئەویش هەر بۆ چڕینی گاتاکان و سروودەکانی ئەشوو زەردەشتە. داکۆکی دەکەمەوە سەر ئەوەی کە گاتاکان وەك شیعر یاخود دەقێکی هارمۆنی هەر تەنیا بەو لەحن و هەوا تایبەتییانەی هەورامان گوتراونەتەوەوبەس. ئەم دێڕە شیعرە فارسییەش زیندووترین شایەد و بەڵگەی سەلماندنی ڕاستیی ئەم بۆ چوونەیە:

*(( لحن اورامان و بیت پهلوی        زخمه عود و سماع خسروی))*

هەموو ئەمانەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن کە دەڤەری هەورامان دەڤەرێکی دێرین و خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هونەری شیعرو ئاواز و مۆسیقایە و لەم بوارەدا دەبێتە پێشەنگی هەموو گەلانی جیهان.

دووەم، یاریی منداڵان:...

هەورامان لە بواری یاریی منداڵاندا وەکو خەرمانێکی بەرین و بە فەڕو بەرەکەتە، لە چوارچێوەی یارییەکاندا هەوڵی ئەوە دراوە بیر و مێشکی منداڵی کورد زۆرتر بکرێتەوە، ئاسۆی دید و تێگەیشتنی لە ژیان فراوانتر بکرێت و ئاستی بڕست و توانای پەرە پێ بدرێت. یاری دەبێتە ڕاهێنانێکی عەمەلی بۆ فێر کردن و پێگەیاندنی هەست و هزری منداڵی ئەمڕۆ تاکوو سەرکەوتوانە بچێتە مەیدانی کار و هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵگەکەی لە ئایندەدا. یەك لەو یارییانەی منداڵانی هەورامان، یارییەکە پێی دەڵێن (( قولانی)). بۆ دەستپێکردنی ئەم یارییە سەرەتا کۆمەڵێك منداڵ لە شوێنێکی پان و بەریندا کۆ دەبنەوە، لە ناو خۆیاندا و بەشێوەی دەنگدانی گشتی دوو کەس بە پێی شایستەیی و لێهاتوویی و ڕاستگۆیی هەڵدەبژێرن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، دوو سەرکردەی هەڵبژێردراو لە

کۆمەڵەکە جیا دەبنەوەو هەر کام لە گۆشەیەکدا ڕووبەڕووی یەکدی ڕادەوەستن و هەرکام بە پێی پێوەری خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەندام و بە پێی ڕادەی ناسین و متمانەیان بە لێهاتوویی منداڵەکان، لە ناو کۆمەڵەکەدا هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن،ئەم هەڵبژاردنە بە ڕاگەیاندنی ناوی منداڵەکان دەکرێ واتە هەر سەرۆکێك بە نۆبەی خۆی ناوی یەك لە منداڵەکان ڕادەگەیەنێت و بەو شێوەیە دەریدەخات کە ئەو منداڵەی بۆناو ریزی دەستەکەی خۆی هەڵبژاردووە، ئەو منداڵەش کە ناوی لە لایەن هەر سەرۆکێکەوە خوێنرایەوە، ئەوا دەچێتە پاڵی و دەبێتە ئەندامی ئەو دەستەیە، ئەم ئەندام وەرگرتنە درێژەی هەیە تا هەموو منداڵەکان بۆ هەردوو دەستەکەو بە یەکسانی هەڵبژێردرێن و هەر دەستە دەبێتە ٦، ٨ یا زۆرتریش بە پێی کەم و زۆربوونی منداڵەکان. پاشان دوو سەرکردە( تەڕو وشك) دەکەن بۆ دیاریکردنی ڕێبازی دەستەکەیان و لە ئاکامدا دەستەیەك دەبێتە وڵاتپارێز و دەستەیەکیش دەبێتە بێگانەو هێرشبەر و لێك دوور دەکەونەوەو هەردەستەیەك دەچێتە شوێنی دیاریکراوی خۆی. دەستەی وڵاپارێز بە پێشنیاری سەرۆك و بە دەنگی هەموو ئەندامەکانی یەك کەس هەڵدەبژێرن و پێی دەڵێن (وەیوە) واتە بووك، (زۆرجاریش هەر خودی سەرکردە دەکرێتە بووك) پاشان بووك دەچێتە گۆشەیەکی پشتەوەی ئەوانی ترەوە و ئەوانیش بەردەم و هەرچوار دەوری دەگرن بە مەبەستی پارێزگاری لێکردنی لە هەڕەشەی دوژمن. هەردوو سەرکردە دەستووراتی پێویست دەدەنە ئەندامانی دەستەکەیان و ئەنجا هەرهەمویان قاچی چەپیان دەبەنە پشتەوەو بە دەستی ڕاست دەیگرن بۆ ئەوەی بەرنەبێت و هەموویان بەسەر یەك قاچەوە ڕادەوەستن، دەستەی دوژمن ئامادەی هێرش بردن و دەستەی وڵاتپارێزیش ئامادەو گیان لە سەردەست بۆ بەرەنگاربوونەوەو پارێزگاری لە وڵاتی خۆی. بەهەڵمەتی دوژمن شەڕو پێکدادان لە نێوانیاندا دەست پێدەکات، هەموو هەوڵی دوژمن ئەوەیە بگاتە گۆشەی بووك (پایتەختی وڵات) و بووك بڕفێنێ، هەموو هەوڵی وڵاتپارێزانیش ئەوەیە کە



هێرش بەران تێك بشکێنن و بووك بپارێزن. لەم شەڕەدا هەر کەس دەستی لە لاقی بەردا ئەوە بەزیوەو دەبێ گۆڕەپانی شەڕ بە جێ بهێڵێت، بە تەعبیرێکی دیکە دەبێ هەر جەنگاوەرێك لاقی خۆی توند و سفت و سۆڵ بگرێت و هەر بە یەك قاچ شەڕ بکات ئەویش تا دوا دڵۆپی خوێن واتە تاسەرکەوتن یا شکست هێنان و کوژران. شەڕ درێژەی دەبێت تاوەکوو دەستەیەك بە تەواوەتی سەربکەوێت واتە یا دەستەی بووك هەموو هێزی دوژمن بکوژن و بووك ڕزگار بکەن یانخود هێزی دوژمن هەموو جەنگاوەرە وڵاتپارێزەکان شەهید بکەن و بگەنە لای بووك، ئەوکاتە بووکیش بە خۆی تەنیاو بە هەموو توانایەوە بەرەنگاریان دەبێتەوەو هەوڵ دەدات بەهەرجۆرێك هەیە، بەشەڕ وهەڵمەت و هەڵاتن خۆی ڕزگاربکات. لێرەدا بەلەبەرچاو گرتنی زۆربوونی هێزی دوژمن مافی ئەوە بە بووك دراوە کە ئەگەر تەنگیان پێ هەڵچنی بتوانێ دەستی لە قاچی بەر بدات و بە هەردوو دەست شەڕ بکات بەڵام قاچەکەی هەر دەبێ بەرز بێت و هەر بە هەمان یەك قاچ شەڕ بکات. ئەمەش قۆناغێکی دیکەی شەڕەکەیە (قۆناغێکی هەرە ستراتیژی) کە پێی دەڵێن ( هەتڵە شەلی) و لە (قولانی) زۆر ئاسانترە. ئەم شەڕە فەلسەفەیەکی هەرە قووڵی تێدایە و قوتابخانەیەکە بۆ ڕاهێنانی منداڵی کورد، منداڵی کورد لەم شەڕەدا فێر دەکرێت کە: یەکەم، هیچکات نابێ بیر لە شەڕو ئاژاوەو داگیرکاری بکاتەوە بەڵکوو دەبێ هەمیشە لە بیری خزمەتی وڵات و هاوڵاتیانیدا بێت بەڵام ئەگەر هات و ڕووبەڕووی هەڕەشەی دوژمن بوویەوەو بە دیالۆگ بۆی چارە سەر نەکرا ئەوا دەبێ بۆ پاراستنی وڵات و کەرامەت و کەسێتی و سەربەستی و مافەکانی خۆی تا دوایین دڵۆپی خوێنی بەبەرەکانێ بکات و لە ئاستی هێرش و هەڵمەتی دوژمندا بوەستێت و لە خۆی پارێزگاری بکات. دووەم، خۆی هەنگاو باوێ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و بە پڕۆسەیەکی دیموکراسییانە ڕێبەر و سەرکردەی خۆی هەڵبژێرێت ئەویش بە لەبەر چاو گرتنی لێهاتوویی و شارەزایی و شایستەیی ئەو کەسە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی و بەڕێوە

بردنی کاروباری وڵات. سێیەم، ڕادێن بۆ خۆ ڕێك خستن و یەکدەنگی و یەکبوون و بەڕێوە بردنی هەرەوەزیی کاروباری وڵاتەکەیان و بەدەم یەکەوە بوون و مرۆڤ پەروەری لە کاتی تەنگانەدا. ئەمیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە باپیرانی ئێمە لە هەوراماندا شارەزای ژیانێکی شارستانی و دیموکراتیك بوونە و گرینگییان بە شایستە سالاری و ڕای گشتی و بەرژەوەندییەگشتییەکانی وڵات داوەو هەرگیز داگیرکاریش نەبوونە و دەسدرێژییان نەکردۆتە سەر هیچ کەس و لایەنێك و خوازیاری ئاشتی و برایی و تەبایی و ئاوەدانی و مرۆڤ پەروەری بوونە بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەرامبەری هەر چەشنە هەڕەشە و داگیر کارییەکدا ئازا و نەترس و فیداکار بوون و پشتیان بە هێزی خۆیان بەستووە و بۆ هیچ زۆردار و ملهوڕێك سەریان دانەنەواندووە.

سێیەم، پەندی پیر:...

لە پەندی پێشینانی هەوراماندا هەوڵ دراوە لە ڕستەیەکی کورتدا واتاو فەلسەفەی ژیان بەرجەستە بکرێتەوە و بە وشەیەك واتایەکی قووڵ و فراوان دەر ببڕدرێت بە مەبەستی وشیار کردنەوەی مرۆڤ و پێشگری لە هەر چەشنە هەڵە و سەر لی شێواییەك. پەندەکان وەکوو چرایەکن کە لە شەوەزەنگێکی تاریکدا ڕێگای ژیانی مرۆڤ ڕووناك دەکاتەوەو ڕێبەرێکن کە لە بیابانی سەرگەردانیدا شارێگای ژیانی بەختەوەر و سەر بەرزانەمان پیشان دەدەن. ئەگەر لە پەندی پێشینان ورد بینەوە دەبینین لە هەر پەندێکی سادەو ساکاردا فەلسەفەیەکی قووڵ و هەمیشە زیندووی ئینسانی و ئەخلاقی شاردراوەتەوە کە بە ئاشکرا مرۆڤ بەرەو جیهانێکی بەرینتری هزر و تێڕوانین و تێفکرینی ئینسانی ڕێنموونی دەکەن. ئێستاش بە نموونە ئاوڕێکی کورت لە چەند پەندی پیرانی هەورامان دەدەینەوە:

**١- (( کارێ بدەی بە بێکارا ساڵ و مانگش پەنە ویارا)):**

واتە ئەگەر کارێك بدەیتە دەستی بێکارانەوە ساڵ و مانگی پێوە دەدەنە سەر! ئەم پەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڵام ئارام و وردبینانە پێمان دەڵێت دەبێ



هەموو کارو بارێك بسپێرینە دەستی خاوەنی خۆی، خاوەنی ئەسڵییش لە ڕاستیدا ئەو کەسەیە کە شارەزا و پسسپۆڕی بوارەکەیە و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئیش و کارەکە ئازا و گورج و گۆڵ و لێوەشاوەیە و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات. بە پێی ئەم پەندە دەبێ بەرنامە و پلانێکی تایبەتمان بۆ بەڕێوە بردنی کارەکانمان هەبێت و تووشی مەجازی گەری و هەڵەشەیی نەبین تا بەو جۆرە کاروبارمان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە ببرێن و دوور بین لە زیان و تەگەرە و پەشیمانی، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێسایە لە بەر چاو نەگرین و کارەکان بە کەسێکی ناشارەزا و ناشایست بسپێرین ئەوە خۆی پێوە سەرگەرم دەکات و بیر لە ئەنجامی باشی کارەکە ناکاتەوە وئاکامیش خیانەت و زەرەرو زیان و پەشیمانییە و هیچیتر. کە وابوو بە پێی پەندەکە ئەمرۆ دەبێ زۆرتر ئاوڕ لە شایستە سالاری بدەینەوەو تەنها شارەزایی و لێهاتوویی و ڕاستگۆیی لە بەرچاو بگرین بۆ ئەوانەی کە کارێکیان پێ دەسپیرین.

**٢- ((ئاوەز تاجێوە تلاّینەنە بەڵام نەك سەرەو گرد کەسیۆ)):**

واتە ئەقڵ تاجێکی زێڕینە بەڵام نەك بە سەری هەموو کەسێکەوە! بەهۆی ئەم پەندەوە تێدەگەین کە ڕاستە هەموو شتێك بەئەقڵ دەکرێ بەڵام ئەقڵیش بە تەنیا هیچ بایەخێکی نییە، دەبێ تێفکرین کە ئایا ئەو کەسەی ئەقڵی لە سەردایە بە پێی ئەقڵەکەی دەجوولێتەوە؟ ئایا ئەقڵ و ئاوەزو هزر و ئەندێشە و زانین دەخاتە کار بۆ بەرەو پێش بردنی ئیش و کارەکانی؟ ئایا خواستی لە گەڵ ئەقڵیدا یەك دەگرێتەوە؟ دیارە ئەگەر بە پێی ئەقڵ و ئەندێشە نەجوولایەوەو خواست و ئیرادەی بە پێچەوانەی ئەقڵەکەبوو، ئەوە هیچ نرخ و بایەخێکی نابێت و سەرناکەوێت بەڵکوو ئەقڵەکەش خەسار دەکات و دەبێتە مایەی زیان و حەسرەت و پەشیمانی بۆیە نابێ تەنیا چاو لە ئەقڵی مرۆڤ بکەین و پشتی پێ ببەستین بەڵکوو دەبێ خواست و ئیرادە و کرداریشی هەڵسەنگێنین ئەنجا متمانەی پێ بکەین و سەرەداوی ژیان و چارەنووسی خۆمانی بدەینە دەستەوە. ئەقڵ زەمانێك

دەبێتە تاجی زێڕین بە سەری مرۆڤەوە کە زانست و شارەزایی لە گەڵدا بێت و ڕەفتاری پێ بکرێت و بە ڕێوە ببرێت دەنا ئەقڵ بە سەری هەموو کەسەوە تاجی زێڕین نییە بەڵکوو بەخەساریش دەچێت.

**٣- (( بەرە زەڕینەکە ئەوەجێش نەگنو بەرە چوینەکەی)):**

واتە دەرکە زێڕینەکە موحتاجی دەرکە دارینەکە ئەبێت! دیارە دەرکەی زێڕین و هی دارین لەم پەندەدا سیمبولێکن بۆ پیشاندانی کۆمەڵگەی تەبەقاتی (چینایەتی) و بە تایبەتیش بۆ پیشاندانی دوو توێژی دەوڵەمەند و هەژار، دیاریشە دەوڵەمەند هەمیشە نازێکی نارەوای هەبووە بە سەر چینی هەژاردا، لەگەڵ ئەمەشدا پەندەکە پێمان دەڵێ ئەو ماڵدارە موحتاج و چاو لەدەستی هەژارەکە دەبێت چوونکە چاو لە دەستی هەمان و تێك شکانی فەزڵ و ناز و سەربەستی هەمان! گەرچی ئەم پەندە خۆی سیمبول ئاسا نواندووە بەڵام دەبینین کە پەیام و مەبەستەکەی گشتگیرە و بە گشتی پێماندەڵێت: با بە سەر پێی خۆمانەوە بووەستین، با چاو لە دەستی ئەم و ئەو نەبین و خۆمان کاری خۆمان بە ڕێوە بەرین و ژیانی خۆمان دابین بکەین، با پشت بە هێزی کەس نەبەستین و دڵمان هەر بە هێزی خۆمان خۆش بکەین چوونکە گەر چاو لە دەستی دیتران بووین ئەوا هێز و برستمان تێدا نامێنێت و دەبێ بکەوینە ژێر دەستی ئەوانەوەو و زەلیل و دەستەمۆیان بین و لە بەرامبەر و لە ژێر منەتبارییاندا چۆك دابدەین. بەڵام ئەگەر خۆمان ئەرکی سەرشانی خۆمان بەڕێوە بەرین و بڕوامان بە خۆمان هەبێت و بە سەر پێی خۆمانەوە بووەستین و بە خۆمان و بۆ خۆمان بژین ئەوا کەرامەت و سەر بەرزی و سەربەستیمان هەمیشە پارێزراوە و ملکەچ و منەتباری کەس نابین و کەس ناتوانێ فەخرمان پێ بفرۆشێت و بە ژێر دەستەو ناخۆری خۆیمان بزانێت و کەسێتیمان پێشێل بکات. دیاریشە سەرەکیترین و گرینگترین چەك و کەرەستەی ژێر دەستە کردن و چەوساندنەوەی گەلان هەمان چەك و کەرەستەی ئابوورییە کە لە هەموو شت بە بڕشت تر و کاریگەرترە، ئەو نەتەوەیە



سەربەست و سەرفرازە کە خۆی چەرخی ئابووریی خۆی هەڵسووڕێنێت و هەوڵ بدات دیتران دەستی نیازی بۆ ڕابکێشن نەك ئەو دەستی نیاز بۆ لای دیتران درێژ بکات کە لە ئاکامدا پێی سووك و ڕیسوا دەبێت. باپیرانی ئێمە لە هەوراماندا ئەم ڕاستییەیان باش زانیوە و هەوڵیان بۆ داوە و زۆر جاریش پێی گەیشتوون، بەڵگە و فاکتەریش بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە زۆرن کە باسکردن و پیشان دانیان لە مەجالی ئەم باسەدا نییە و هەر ئەوەندە دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە هاوڵاتیانی دەڤەری هەورامان ناویان بە داهێنەر و زەحمەت کێش و کۆڵنەدەر دەر کردووە و هەورامان بە ناوچەیەکی سەربەست ناو دەبرێت کە هەموو شتێکی لە خۆیەتی و لە ناو خۆیدا دەتوانێت هەموو پێداویستیی ژیانی خۆی دابین بکات بە بێ ئەوەی کە نیازی بە یارمەتی و دەسگرۆیی هیچ کەس و لایەك ببێت.

گەر بمانەوێ ئەنجام گیرییەکمان لەسەر ئەو سێ نموونەیە هەبێت کە باسمان کردن دەبێ بڵێم: یەکەم، کورد لە بواری هونەری شیعر و ئاواز و مۆسیقادا نەتەوەیەکی دەوڵەمەندە و خاوەنی مێژینەیەکی هەرە دێرینی درەوشاوەیە و توانیویەتی سەرکەشترین و جوانترین باری مۆسیقایی بۆ خۆی بخولقێنێ، لە مۆسیقای کۆنی ئێمەدا نەك تەنیا سەرگەرمی و حەزێکی کاتی، بەڵکوو ژیانی پێشکەوتووی شارستانی و بیرو هزری ورد و تیژی نەتەوەکەمان ڕەنگی داوەتەوە و دەردەکەوێ کە ئێمە لە دێر زەمانەوە سوودی فکری و فەلسەفی و ئەخلاقی و گەشەی کۆمەڵایەتیمان لە مۆسیقا وەر گرتووە و ئەگەر هونەری مۆسیقا بە هۆیەك بۆ زیندوو بوونی نەتەوەیەك دەژمێردرێت ئەوا ئێمەی کورد هەر لە سەرەتاکانی مێژووەوە زیندووترین نەتەوەی سەر ڕووی زەوی بووینە. دووەم، ئێمەی کورد هۆزێکی نەزان و دڕندە و سەرەتایی نەبووین و پێش هەموان شاڕێگای شارستانیەت و مەدەنییەتمان دۆزیوەتەوە و هەر لە سەرەتای مێژووی پرشنگداریشمانەوەخۆمان ڕا هێناوە بە بیری وڵاتپارێزی و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان و فیداکاری و ژیانی سەربەست و بەختیار و هەوڵمان داوە بۆ دابین کردنی

ئاشتی و ئاسایش و ئاوەدانیی ولاتەکەمان. سێیەم، نەتەوەیەکی خاوەن فکر و فەلسەفەین و ڕێچکەی ژیانمان نەك هەر بۆ خۆمان بەڵکوو بۆ دیترانیش دیاری کردووە و ڕچە شکێنی بیر کردنەوە و تێڕامان و لێکدانەوە بووینەو پێشەنگی دیکەی گەلانی جیهانین لە دیاریکردنی پەیڕەو پڕۆگرام و بەرنامەی ژیانی هەرەوەزی و خستنە گەڕی ئامانجە پیرۆزە مرۆڤانەکان بۆ سەربەرزی و سەربەستیی هەموو مرۆڤ.

دەی کەوابوو با جارێکی دیکەو بە پێی ئەقڵییەت و ڕیساکانی ئەمڕۆ بە خۆماندا بچینەوەو ڕابردووی خۆمان بە دیدێکی ورد بینانەوە بدۆزینەوە و بناغەی کۆشکی سەرفرازی و بەختیاریی ئایندەمانی لەسەر دامەزرێنین. دەبا ئەمڕۆ ڕەخنە لە خۆمان بگرین و لەمەودوا لەبەر نیئۆنی شەوارەی شەوانی بێگانەدا خۆمان و ڕابردووی پڕلە شانازیی خۆمان فەرامۆش نەکەین. من بە پەندێکی شیرین و پڕ واتای پیرانی هەورامان کۆتایی بە باسەکەم دێنم: باپیرانمان بۆ بەخۆدا هاتنەوە و ڕەخنە لە خۆ گرتن و ڕاچەنین و خۆ دۆزینەوەی ئەوانەی کە خۆیان بزر کردووە دەڵێن: (( دۆست ئانەن گراونۆت / دوژمنت ئانەن خۆنۆت!)).

سوپاس بۆ ئاهوورا و هەر بژی ئەشە و ئارمەیتی
*جەلیل عەباسی هەولێر ٢٠٠١/١١/٥*



**پەراوێز:**

بۆ ئامادەکردنی ئەم باسەم بە گشتی لەم بەرهەمانەی خوارەوە کەڵکم وەر گرتووە:


١- اوستا کهنترین متنهای ایران/ جلیل دوستخواه/ ج ١و٢ چاپ چهارم١٣٧٧ تهران.
٢- گاتها سرودهای زرتشت/موبد فیروز ادرگشسب/ ج١و٢/ تهران انتشارات فروهر.
٣- هەورامان و هونەر/ بەرگی دووەم، گۆرانی/ جەلیل عەباسی/ دەستنووس.
٤- هەڵوورە( یاریی منداڵانی هەورامان)/ جەلیل عەباسی/ دەستنووس.
٥- پەندی پیر( کۆکردنەوەو شەرح و لێکدانەوەی پەندی پێشینانی هەورامان/ جەلیل عەباسی/ دەستنووس.


**تێبینی:**

ئەم باسەم وەکوو (سکێکی لەبار چوو!!!) سەرگوزشتەیەکی سەیری هەیە کە دوو خاڵی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی لەخۆ دەگرێت و منیش هەر بۆ مێژوو!! سەربردەکە دەگێڕمەوە: (( کاتێ لە زێدی خۆم (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هەڵکەندرام و بە نووکە شەقی جنانەی دوژمنە شەوئەندێشەکانی ئازادی و مرۆڤایەتی (ئەهریمەنە مێزەر بەسەرەکانی داسەپیوی سەر ئێران) فڕێ درام و لەبەشێکی ولاتەکەم (باشووری کوردستان/ هەولێر)دا گیرسامەوە، { لە ژمارەکانی ١٤١ی کاروان و ٣و٤ی هەڵەبجەدا باسی ئەو ئاوارە بوونەم کردووە} هەستم کرد کە دەڤەری دێرین و پڕ خێروبێر و دەوڵەمەندی هەورامان فەرامۆش کراوە و ناناسرێت هەر بۆیە کەوتمە بیری ئەوەی کە ئەو دیوارە نامۆیە بڕمێنم و ڕچەی ناسین و ناساندنی هەورامان لە باشووری کوردستان و بەتایبەتی لە هەولێردا بشکێنم: دیمانەیەك لەگەڵ ژمارە ١٣٨ی گۆڤاری کاروان لەسەر

فۆلکلۆری هەورامان و بڵاوکردنەوەی شیعرە هەورامیەکانم لە بڵاڤۆکەکاندا کە تەنیا دوو شیعری (چەمەری) و (یەلدای شووم) لە ژمارەکانی ١٥٦ و ١٦١ی هەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەردا بڵاو کرانەوە و پاشان نووسینی باس و بابەت لە دیکەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا و پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بە هەورامان لە کەناڵی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی هەولێردا بەشێك لەو هەوڵانەم بوو. گەرچی ئەم هەنگاوە دەنگدانەوەو کاریگەریی خۆی هەبوو بەڵام منی ڕازی نەکرد بۆیە بابەتێکم وەکوو نامەیەکی کراوە دایە ڕۆژنامەی برایەتی کە تیایدا داوام کردبوو ئاورێ لە هەورامان بدرێتەوە و ناوەندێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بۆ دابمەزرێت، بەڵام بەداخەوە نامەکەم بڵاو نەکرایەوە و پێم وایە هەروا لەلای کاك زاهیر ڕۆژبەیانی مایەوە کە ئەوکات سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی بوو، پاشان لەگەڵ دۆستی بەڕێزم کاك (دیاری حسێن) سەردانی کاك (فەلەکەدین کاکەیی)مان کرد و وەکوو وەزیری ڕۆشنبیری داوامان لێکرد بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە (هەرێم تی ڤی)دا دابمەزرێت و ئەویش نامەیەکی داینێ بۆ بەڕێوەبەری ئەوکاتی ڕاگەیاندن کەچی هەوڵەکەمان سەری نەگرت!

### بڕوانە ( تێکستی ١)

دواتر گەڵاڵەی دامەزراندنی ناوەندێکی ڕۆشنبیریم دارشت و چوارچێوە یاساییەکەیم دیاری کرد، ئەمەش دەقی پێشەکیی پەیڕەوپرۆگرامی ناوەندەکەیە:

" هاوڵاتیانی هێژا.. گەلی کورد، وەك نەتەوەیەکی دێرین و خاوەن مێژوو یەك لەو نەتەوە زیندووانەی جیهانە کە مێژوویەکی ڕووناك و درەوشاوەی ڕۆشنبیری و شارستانیەتێکی پرشنگداری هەبووە و خاوەنی کلتوور و کەلەپوورێکی مێژینە و ڕەسەن و هەرە دەوڵەمەندە کە زۆرجار بۆتە چرایەکی گەش و ڕێگای پڕ هەوراز ونشێوی گەلانی دیکەی ڕووناك کردۆتەوە، کەچی بەداخەوە خۆی کەمتر سوودی لێوەرگرتووە و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە کەمتر ئاورپیان لە



ڕابردووی گەشی خۆیان داوەتەوە هەربۆیەش ئەو کاروانە مەزنە لە نیوەی ڕێدا وەستاوە و ئێمەی کورد نەمانتوانیوە شانبەشانی گەلانی دیکە ڕێبازی نوێخوازی بگرینەبەر و بگەینە لووتکەی مودێرنیتە و هەبوونی خۆمان بسەلمێنین. گەر بڕوامان بەو ڕاستیە هەبێت کە مودێرنیتە هەمان بەخۆدا چوونەوە و خۆێندنەوەی ڕابردوویە ئەویش بەدیدێکی ئاسۆ فراوان و ڕەخنەگرانەی واقیع بینەوە، دەبێ لەسەر ئەو واقیعە تاڵەش بوەستین کە هۆی دابڕان و لە کاروان دوا کەوتنی ئێمەی کورد هەمان نەبوونی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی ڕابردوومانە. ئێمەی کورد هەتاکوو ئێستاش هەر دەست بەستەی زنجیری پیاهەڵدان و شانازی کردن بە دوێنێی خۆمانین بەبێ ئەوەی لەگەڵ باری ئەمڕۆی خۆماندا بەراوردی بکەین و دەلاقەی بەرەو سبەینێی لی بکەینەوە. ئێمە جیلی تازەی ئەو گەلە مێژینەیەین کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ یەکەمجار زەنگی مافی مرۆڤ و ڕێزلێنان لە شەرەف و کەرامەتی ئینسانی و ئاستی بەرزی داهێنانی زانستی و پزیشکی و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەی تەکنەلۆژی و...ی زرینگاندەوە، بۆیە لەم سەردەمە زێڕینەندا دەبێ لە خۆمان بپرسین:

- بۆچی کورد لە دەسەڵات و حکوومەت و باڵادەستییەوە دابەزی و بووە بندەست؟!
- بۆچی ئەو هەموو گەشەو پێشکەوتنەی پێشوومان بۆ خۆمان بێ سەمەر مایەوە؟!
- چی بووە هۆی پاشکەوتنمان لە پێشەنگییەکەمان؟!
- بۆچی زرینگەی زەنگی شارستانیەت و تەکنەلۆژی و ڕۆشنبیریمان نوقمی بێدەنگی بوو؟!
- ئێمە کێین و ئێستا لە کوێی جیهانی بیرو ئەندێشەدا وەستاوین؟!
- وەکوو گەلێکی پێشەنگ بەڵام بەجێماو لەکاروان چیمان لەپێشدایە و بەرەکوێ دەڕۆین و دەبێ چی بکەین؟!

ناوەندی ڕۆشنبیریی هەورامان، بەهەست پێکردن بە زەروورەتی بەخۆداهاتنەوە و دۆزینەوەی وەڵامی ئەو چەند پرسیارە و چەندانی تریش دامەزراوەو دەبێتە ڕچەشکێن و پێشەنگی ڕێبازی خۆناسین و خۆدۆزینەوەی نەتەوەی کورد. ئەم ناوەندە بە گۆڤار و ستاف و هەموو بەشەکانیەوە لە خزمەتی گەشەونەشەی بیروئەندێشەی سەردەمیانەی نەتەوەکەیدا دەبێت. ناوەندی ڕۆشنبیریی هەورامان بە ئیرادەیەکی ماندوویی نەناسانە و ئیمان و بڕوای پتەو و پشتئەستووری بە مێشکی کراوە و بیری ڕووناکی ڕۆڵەکانی کورد و بە دوور لەهەرچەشنە ئاستەنگ و بەربەستێکی حزبایەتی و جیاوازیی ڕەگەزو بیروڕا و بە نیازی پێگەیاندنی بیری نوێی کورد و ڕێکخستنەوەی ماڵ و سامانی ڕۆشنبیری و شارستانیی نەتەوەکەمان دامەزراوە و بە هەستی بەرپرسیارانەوە هەوڵدەدات بۆ چالاکی نواندن و خزمەتکردن و خستنەڕێی شۆڕشێکی هەمەلایەنەی سەردەمیانە لە پێناوی:

١- وروژاندنی بیری خۆدۆزینەوەو ناسینی ـ خود ـ و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ڕابردوو.

٢- بەدوادا چوونی مەیدانی و دۆزینەوەو تۆمارو بڵاوکردنەوەی بەڵگە مێژووییەکان و بەراورد کردن و لەسەر نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەریان بەمەبەستی ساغکردنەوەیان.

٣- سازدانی کۆنفرانس و کۆنگرە و گەشتی زانستی بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو گەیشتنە ئەنجام لە سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی و بەتایبەتی کەلەپووری دەڤەری هەوراماندا.

٤- دامەزراندنی کتێبخانە و ئەرشیفێکی بەربڵاو و دەوڵەمەندی کوردی بە چەشنێك کە ببێتە بنکەیەکی سەرەکی و بڕوا پێکراو بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی مێژوو، جوگرافیا، سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، شارستانی، ڕۆشنبیری، مرۆیی و...



٥- کردنەوەی تۆڕی ئەلەکترۆنی (هەورامان نێت) و پێکەوە بەستنەوەیان لەگەڵ کوردنێت و ئینتەرنێت بەمەبەستی دابینگردنی مافی ئەندامێتی لەم _ گوندە بچکۆلە _ی جیهانی بەرینی ئەمڕۆدا و دەست پێڕاگەیشتنی ئاسانتری سەرجەم زانیارییەکانی ئەوڕۆی جیهان و هەرواش ڕاگەیاندن و بەجیهان ناساندنی هەموو زانیارییەك لەمەڕ نەتەوەی کورد.

٦- لێکتر نزیك کردنەوەو پێك گەیاندنی هەموو ڕۆشنبیرانی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و دیکەی جیهانیشدا بە یەکدی و بە دیکەی ڕۆشنبیرانی جیهان و هەرواش هەموو بنکە و ناوەندەکانی جیهان لەگەڵ کورددا و بە پێچەوانەوەش.

٧- بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆك و گۆڤارێکی تایبەت بە ناونیشانی (ئاهوورامان) بۆ مەودا بەخشین بە ڕۆشنبیران بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو نووسین و خوێندنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زادەی هزری هەموان پێکەوە و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکەی نایاب لەسەر لایەنە شاردراوەکانی مێژوو و ڕۆشنبیری و شارستانەتی کورد.

٨- وەرگێڕانی هەموو کتێب و گۆڤار و نووسراوەیەکی زانستی لەسەر کورد لە زمانەکانی دیکەوە بۆ کوردی و لە کوردیشەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکەی جیهان بە شێوەیەکی زانستییانە و دەست خستنی هەموو بەرهەم و بەڵگەو ئاسەوارێکی مێژوویی لەسەرتاسەری جیهاندا کە پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێت.

٩- دەوڵەمەندتر کردنی زمانی کوردی لە ڕێگەی کەڵك وەرگرتن لەهەموو زاراوە و بن زاراوەکان و بەتایبەت بووژاندنەوەی زاری دەوڵەمەند و دێرین و ڕەسەنی هەورامان و ساغکردنەوەی وشە تێکەڵکراوەکان لەگەڵ دیکەی زمانەکاندا.

١٠- دانانی لیژنەی پسپۆڕ و دۆزینەوەی ڕەچەڵەك و ساغكردنەوەی بەرهەمی ئەو كوردانەی كە لە لایەن زمانە دەسەڵاتدارەكانەوە لە كورد دابڕاون و گەڕاندنەوەیان بۆ ناو كتێبخانە و مێژوو و ئەدەب و وێژەی كوردی".

بەڵام ئەمیش وەكوو هەوڵەكانی پێشووم هەر سەری نەگرت، كە دەڵێم سەری نەگرت مەبەستم ئەوەیە كە هیچ وەڵامدانەوەو بەدەنگەوەهاتنێك لەلایەن كاربەدەستانی حزبی و حكوومییەوە لە ئارادا نەبوو و نەبینرا و...! دواتر وەك لە تێبینییەكەی بابەتی نۆیەمی ئەم كتێبە (كۆنگرەی هەورامان ناسی و ئاوڕدانەوەیەك)دا باسم كردووە، پاش بەستنی ئەو كۆنگرە ناتەواوەی هەورامان ناسی لە سنە، من لێرە (هەولێر) لەسەریم نووسی و چەند بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنیشم لەسەر كرد و وێڕای ڕەخنەیەك لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەبۆنەی خەمساردیی لەوبارەیەوە پێشنیاری بەستنی كۆنگرەیەكی فراوانم كرد لەسەر هەورامان. كاك فەلەكەدین كاكەیی وەك وەزیری ڕۆشنبیری ڕازی ببوو كۆڕێك بۆ شاعیرێكی هەورامان (بێسارانی) ببەستین و لەڕێگەی دۆستی بەڕێزم كاك (عەلی تۆفیق)ەوە هەواڵەكەی بۆ ناردبووم، منیش لە یاداشتێكدا بۆم نووسییەوە كە مادام وای لێهاتووە، واباشترە كۆڕەكە لەسەر (سەیدی) بكرێت و هۆكارەكانیشم بۆ ڕوون كردبوویەوە، ئەویش گورج ڕەزامەندیی لەسەر دا و من كەوتمە كار بۆ ئامادە كردنی ئەو كۆڕە.

**بڕوانە (تێكستی ٢و٣):**

بەڵام كە دواتر كاك فەلەكم بینی، زۆرتر قسەم لەسەر مەسەلەكە كرد و ڕازیم كرد كە سیمینارێك ببەستین فراوانتر بێت لەو كۆڕە و سێ تەوەر بگرێتە خۆی كە یەك لە تەوەرەكان (سەیدی) بێت. ئەویش ڕازی بوو و دواتر هەر لە ڕێگەی كاك (عەلی تۆفیق)ەوە پێی ڕاگەیاندم كە سیمینارەكە لەمانگی ٤ و ٥ دا (٤و٥ی ٢٠٠٠) ببەسترێت و من دەبێ زووتر بكەومە هەوڵی ئامادەكردنی



پێداویستییەكانی، منیش كە هەرهەموو كارەكانم پێشتر ئامادە كردبوون لەگەڵ نامەیەكدا ڕەوانەی لای كاك فەلەكەدینم كردن كە ئەویش ئیمزای كردبوون و ڕەزامەندیی لەسەر دابوون:

**بڕوانە (تێكستی ٤و٥):**

دوای ئیمزاكردنی فۆرمەكان هەموومان كۆپی كردن و بڵاومان كردنەوە كە تێكڕا نزیكەی (١٦٠)كەسی دەگرتەوە لە هەرچوار پارچەكەی كوردستان و ئەوانەی هەندەرانیش.من وێڕای فۆرمەكان، بۆ هەر شارێك كەسێكی ناسیاوی خۆم وەك نوێنەر و پێوەندیداری مەسەلەكە هەڵبژارد و نامەیەكم بۆ نووسی كە لەگەڵ ئەوانی دیكەدا هەماهەنگی بكات.

**بڕوانە (تێكستی ٦ ):**

دوای چەند كۆبوونەوەیەك بڕیار درا لیژنەیەكی باڵا بۆ بەڕێوەبردنی كۆنفرانسەكە هەڵبژێرین و دواییش لە كۆبوونەوە یەك لەدوای یەكەكانی لیژنەی باڵادا ناوی كۆنفرانس كورت كرایەوە و كرایە (هەورامان) بە تەنها و تەوەرەكانیش ئاڵوگۆڕیان پێكرا بۆیە پێویستی دەكرد سەرلەنوێ فۆرم بنووسرێتەوە و فۆرمەكانیش دابەش بكرێنەوە، دیارە كاتی بەستنی كۆنفرانسەكەش دواخرا بۆ هاوینی ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی:

**بڕوانە ( تێكستی ٧و٨و٩و١٠):**

پاش بڵاوكردنەوەو ناردنی فۆرمەكان و دیاری كردنی شوێنی وەرگتنی بەرهەمەكان، بەرهەم و بابەتێكی زۆرمان لە شوێن و ناوچە جیاجیاكانەوە پێگەیشت و ئێمەش (لیژنەی باڵای كۆنفرانسی هەورامان) ماوەیەكی زۆر خەریكی تاوتوێ كردن و هەڵسەنگاندنی بابەتەكان و ئامادەكردنی لایەنەكانی دیكەی كۆنفرانس بووین، تا ئەوەی كە ئاڵوگۆڕێك لە هەیكەلی وەزارەتی

ڕۆشنبیریدا ڕوویدا و کاك فەلەکەدین گۆڕدرا و مەحموود محەمەد کرایە وەزیری ڕۆشنبیری و مەسەلەی کۆنفرانسی هەورامانیش هەروەکوو دیکەی کاروبارەکانی وەزارەت وەستێنرا و دوا کەوت! دیسانەوە لەگەڵ برای بەڕێزم کاك دیاری حسێن سەردانی وەزیرمان کرد و مەسەلەکەمان بیر خستەوە کەچی بەداخەوە جەنابی وەزیر بیانووی بۆ هێنایەوە و بەمجۆرەش هەر هەموو هەوڵ و ماندوو بوونەکانی ئەو ماوە دوورودرێژەی من و دیکەی دۆست و هاوڕێکان بە فیڕۆ چوو و کونفرانسی هەورامانیش بووە قوربانیی کەج سەلێقەیی و خەمساردییەکی دیکە!.

دوای ئەوە من لە ڕێگایەکی ترەوە مەسەلەی هەورامانم هێنایەوە گۆڕێ و بە گلەییەوە داوام کرد هیچنا بەرنامەیەکی هەفتانەی تایبەت بە هەورامان دابنێین کە دۆستانم کاك فەرەیدوون جوانڕۆیی و کاك سەرباز هەورامی پەسەندیان کرد و بەڵێنی هاوکاری و پشتگرییان دامێ. دوای ماوەیەك کاك سەرباز پێی ڕاگەیاندم کە بڕیاری دامەزراندنی بەرنامەکە دراوە و من دەبێ کاروان ئاکرەیی (بەڕێوەبەری کوردستان تیڤی) ببینم و قسەی لەگەڵدا بکەم لە سەر چۆنیەتی بەرنامەکە، منیش لەگەڵ کاك دیاری حسێن و کاك شەفێع دا ڕۆیشتمە لای کاروان ئاکرەیی و باسی بەرنامەکەمان کرد کە پێك نەگەیشتین ( من شتێکم دەگوت و ئەویش شتێکی دیکە، هەرکامەمان شتێکی جیاوازمان دەویست!). ئەم هاتوچۆیەش بە چاودێریی ئەنجومەنی وەزیران و بەتایبەتی کاك سەرباز هەورامی و بەبەشداری چالاکانەی کاك دیاری حسێن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و بۆ چەندین جار درێژەی هەبوو تا ڕازی بوون بەوەی کە بەرنامەیەکی نیو کاتژمێری تایبەت بە هەورامان دابمەزرێت، منیش چوارچێوە و گەڵاڵە و دەقی یەکەمین بەرنامەشم ئامادە کرد و دامە بەڕێوەبەرایەتی بەشی ڕۆشنبیریی سەتەلایت و بڕیار درا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی هەواڵ بدەنەوە من و بەرنامەکە دەسپێبکەین. کەچی بەداخەوە ئەم هەوڵەشم کەوتە ناو گێژاوی خەمساردی و ناتەبایی و نادڵسۆزییەکی دیکەوە و بە خەسار چوو!!! بەهەرحاڵ، ئەوەی ئاشکرایە ئەو ڕاستییەیە کە هەورامانی



پیرۆز و دێرین لانکەی ڕاستەقینە و ڕەسەنی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و هزر و شارستانەتی هەموو گەلان بەگشتی و نەتەوەی سەربەرزی کوردە بە تایبەتی و دیارە ئەوچەشنە خەمساردی و خۆ لی گێل کردنانەش هیچ لە نرخ و بایەخی مێژوویی و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی هەورامان کەم ناکاتەوە و منیش بەش بەحاڵی خۆم خۆشحاڵ و بەختەوەرم کە تا بۆم کرابێ ئەرکی سەرشانی خۆم لە ناسین وناساندنی ئەو خەرمانە بەپیتەی ڕۆشنبیری و شارستانەتی گەلەکەمدا بەجێ گەیاندووە و هیوادارم بڕوبیانوو و کۆسپ و لەمپەرەکانی دواتریش ماندووم نەکەن و کۆڵم پێنەدەن تا ئەم کاروانە دەگەیەنمە سەرهەواری تاسە و پێگەیشتن.

ج.ع

## - ١٣ -
## وەرزە گۆڤاری ( هەورامان)م خوێندەوە

هەورامانی دێرین کەلە ڕاستیدا دەبێ بە یەکەم بێشکەی مرۆڤ دابنرێت، ئاوێنەکی بالاّ نوێنە کە وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤی کوردی تێدا دەبینرێت، ڕۆمانێکە کە دێرِ بەدێڕی مێژووی ورشەدار و پڕ هەوراز و نشێوی نەتەوەیەکی هەرە دێرینی تێدا تۆمار کراوە و مۆزەیەکە کە سەرجەم ئاسەوار و شوێنەواری سەروەریەکانی ئەم گەلەی تێدا پارێزراوە. گەلی کورد گەر بەچاوی وردبین بڕوانێتە ئەو ئاوێنەیە و گەر بە بڕستی هۆش ئەو ڕۆمانە بخوێنێتەوە و گەر بەنیازی (شارۆ)ی حەقیقەت بەو مۆزەیەدا بگەڕێت بە دڵنیاییەوە بوونی کارای خۆی لە ڕابردووی تۆز لی نیشتوویدا دەدۆزێتەوە و خودی ونبووی لەو هەوراز و نشێوەی مێژووی کۆندا دەناسێتەوە بەلاّم بەمەرجێك ڕوانینەکەی ڕوانینێکی ئاقلاّنە و خوێندنەوەکەی خوێندنەوەیەکی ڕۆشنبیرانە بێت و گەڕانەکەشی بە هەنگاوێکی ورد و ژیرانە دەست پێبکات. کەچی بەداخەوە تا ئێستا ( هەندێ هەوڵ و هەنگاوی تاکە کەسیی لی بەدەر) ئاوڕمان لەو خەرمانە دەوڵەمەندەمان نەداوەتەوە و بە کردەوە خوازیاری دۆزینەوە و ناسینەوەی خۆمان و ڕابردوومان نەبووین و بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە دەکرێ بە بووژانەوەی (ڕابردوو)مان و گرێدان و ئاشت کردنەوەی لەگەڵ (ئیستا)ماندا، (ئاینده)یەکی هەرە گەش و پڕشنگدار بۆ خۆمان بنیات بنێین! ئەم خەمساردیەش دەگەڕێتەوە بۆ کلتوری نامۆیی کە لە ئەنجامی پەروەردە و ڕاهێنانی چەواشەکارانەی دوژمنەکانمانەوە لە ناخماندا جێگیر بووە و ئێمەی لە خودی خۆمان دابڕیوە. لەم سونگەیەوە و بۆ سڕینەوەی ئەو کلتوری نامۆییە و بنبڕ کردنی کاریگەریەکانی ئەو پەروەردە چەواشەیەی دوژمنان، لە سەر هەر هەموومان پێویستە دەرفەتەکان بقۆزینەوە و هەوڵە تاکە کەسیەکانمان



یەکبخەین و پێکەوە و بە پشوویەکی درێژ کاروانی خۆدۆزینەوەمان بخەینەڕێ. دامەزراندنی سەنتەری هەورامان و بلاّوکردنەوەی گۆڤاری وەرزانەی هەورامان بە هەنگاوێکی سەرەتایی دەزانم بۆ بەڕێخستنی ئەو کاروانە پیرۆزە، هەنگاوێك کە جێی دڵخۆشیە و دەخوازێت ڕێبوارانی وشیاری ئەو ڕێبازە دوور و درێژە زۆرتر هانبدرێن و پشتگری بکرێن و دەسخۆشیان لی بکرێت. بۆیە منیش دەڵێم (هەنگاوتان پیرۆز و سەرتان بەرز و ئایندەتان ڕووناك بێت ئەی پێشەنگە ڕێبوارانی ڕێگای ئایندەی پڕشنگداری کورد). ئەم کورتە پێشەکیەم کردە مەشخەڵێك تا بمگەیەنێتە ناو شاری گۆڤاری هەورامان و لە پەنا ڕووناکیەکەیدا گەشتێك بە کۆڵانەکانیدا بکەم و باری سەرنجی خۆمی لەسەر دەربېڕم، دیارە ئەو سەرنجانەم لەسەر ژمارەی (١)ی گۆڤارەکە زۆرتر بەو هیوایەوە دەردەبڕم کەلە ژمارەکانی ئایندەدا بە شکڵ و شێواز و هەناسە و تەوژمێکی باشتر و جدیترەوە بگاتە دەستی خوێنەران و دەوڵەمەندتر بکرێت و زۆرتر برازێتەوە و لە هەردوو بواری چۆنایەتی و چەندایەتییەوە خەمخۆری زۆرتری بۆ بکرێت و دیاریشە کە ئاوا هەست و هەناسەیەك لە هاوکارانی بەڕێزی گۆڤارەکەدا دەبینم و هیوایشم زۆرە بە گەشە و نەشە و پێشکەوتی زۆرتری گۆڤارەکە لەسەر دەستی ئەواندا.

**یەکەم خودی گۆڤاری (هەورامان):**

١- دەکرا بەرگێکی جوان و هونەری تری بۆ بکرێت کە تەعبیر لە ئامانجی سەنتەر بکات،

٢- دۆستانی بەڕێزم هەموویان شارەزای بواری ڕۆژنامەگەرین بۆیە چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا کە ڕازاندنەوەی هونەری و دابەش بوونی لاپەڕە و چۆنیەتی نووسین و... لەوە زۆر باشتر بێت کەهەبوو.

٣- کاڵبوونی ژمارەی لاپەڕەکە و سەربەندی ناوی گۆڤارەکە و هەڵەی چاپیی بەرچاو و پەڕینی زۆر ڕستەی بابەتەکان و دابەشکاری ناونیشان و بەندبەندی بابەتەکان زەوقی خوێنەری ئاڵۆز دەکرد و چێژە سەرەتاییەکەی لی تاڵ دەکرد.

٤ـ هەم (پەیڤێك) و هەم ( سەرزەمینێكی پیرۆز) دەكرا و دەبا چڕو پڕتر بوایەن و بە نەفەسێكی درێژتر بنوسرایەن تا پەیامێكی تەواو بە خوێنەر بگەیەنن.

دەكرێ هەموو ئەو خاڵانەش بۆ ژمارەكانی داهاتوو لەبەرچاو بگیرێن و ژمارە (٢) ی گۆڤارەكە بە جۆرێك بێت كەلە ئاستی ئەو ماندوو بوونە و ئەو هەستە پاكەی هاوكارە بەڕێزەكانیدا خۆی بنوێنێت.

دووەم ناوەڕۆكی گۆڤارەكە:

١- بابەتەكەی بەڕێز فەیرۆز حەسەن (سیستمی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی هەورامان لەم چوار سەدەی دواییدا) بابەتێكی ڕێك و پێك و چڕوپڕ و زانستی بوو كە دەخوازێ دەستخۆشیی لێبكەم و دەشبێ چاوەڕوانی هەوڵی زۆرتر و باشتر بین لە خامەی ڕەنگین و بیری وردی برای نوسەر. لەچەند بەشێكیدا چەند تەعبیرێك سەرنجی ڕاكێشام كە بە ئەركی سەرشانی خۆم دەزانم ئاوڕیان لێبدەمەوە و مەبەستەكە تا ئەندازەیەك ڕوونتر بكەمەوە:

= كاك فەیرۆز لە لاپەڕە (٢٩) دا باسی لەوەڕگە دەكات و دەڵێ: ((... لەوەڕگە تایبەتیەكانی هەورامان كە پێی دەوترێت (لاس).......)). لە هەوراماندا بە لەوەڕگە ناڵێن (لاس) بەڵكوو دەڵێن: (ئاڵفجار _ لوجار _ لەوەڕ). وشەی (لاس، لاسە) بۆ ئەو شوێنە بەكاردێت كە وەكوو خەرمانی لی كرابێت و ئالیكی دروێنەكراوی تێدا كۆكرابێتەوە و كوترابێت و ئامادەی هەڵگرتن كرابێت.

= لە لاپەڕە (٣٠)دا نووسیویەتی: (( انقلاب سفید، اصلاحات ارچی = شۆڕشی سپی، چاككردنی زەوی)). واتا كردنەوەكە پڕ بە پێست نیە، لێرەدا مەبەست لە ( اصلاحات) چاككردن نیە بەڵكوو گۆڕانكاریە واتە ئاڵو گۆڕ بەسەر وەزعی زەویە كشتوكاڵیەكاندا و دابەش كردنیان بە سەر جەماوەردا.

= لەلاپەڕە (٣٤)دا سەبارەت بە زمانی كاكەییەكان دەڵێت:



((... هەموویان تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش هەر بەزاری هەورامی گفتوگۆیان كردووە))، پێم وایە باشتر بوو بگوترابا ( تائێستاش هەر...) چونكە لەڕاستیدا كاكەییەكان ئێستاش هەر بە هەورامی دەئاخفن.

= لە دوایین پەرەگرافەكانیدا كە دێتە سەر ( پیشە دەستییەكان) هەر بە ئاماژەیەك بە سەرمەسەلەكەدا تێدەپەڕێت، من پێم وایە دەكرا بە چڕ و پڕی باسی ئەو لایەنەشی بكردایە كە ئەمەش بابەتەكەی دەوڵەمەندتر دەكرد، جا نازانم كاك فەیرۆز بۆچی بەو كورتیە و تیشك ئاسا بە سەریدا تێپەڕیوە. بەهەرحاڵ دووبارەی دەكەمەوە كە بابەتێكی جوان و تەواو بوو، دەسخۆش.

٢- بابەتەكەی كاك ئەكرەمی میهراد (گەشتێكی كورت بۆ لای گۆرانەكان) لە لاپەڕە (٣٧ـ ٤٤)دا زۆر كورت و نیوە كارە و ناتەواو بوو، هیچ ئەنجام و پەیامێكی نەدایە دەستەوە لە حاڵێكدا دەكرا بە چڕ و پڕی و تێر و تەسەل باسی لێوە بكات و پەیامێكی تەواو بداتە خوێنەر، بە تایبەتی لە خاڵی چوارەمی لاپەڕە (٤١)دا كە ئاماژە بە گۆرانی دەكات باسەكەی زۆر ئاڵۆز كردووە، دەڵێت: (( لە ناوچەی هەورامان و شارەزووردا كە بە تایبەتی گۆرانی بە ( سیاچەمانە ـــ سیاوچەمانە ـــ سیاجامانە) باوە كە نزیكەی هەژدە جۆر یا زیاتر هەیە...)) پاشان دەنووسێت: (( جلوبەرگی ماگاكان بریتی بو لە جلی ڕەش و شێوەی كورت و شەرواڵی درێژ لەسەر شێوەی ڕانك و چۆغەی ئێستا، یان شەرواڵ و مراخانی بەڵام چۆغەكەی نەختێ درێژتر دەبوو، واش لەبەر دەكرا كە بەسەر شەرواڵدا نەختێ درێژتر دەبووەوە بۆ ژێر پشتوێن...... و جامانە یان مێزەری ڕەشیان دەبەست و بۆیە پێیان دەوتن ڕەشپۆشاك یان سیاجامانە)).

ئەم وتانەی كاك ئەكرەم ڕوونكردنەوەیەكی زۆرتر هەڵدەگرن بەڵام لەبەر ئەوەی كە پێشتر و لە چەندین بڵاڤۆكدا بە دوور و درێژی باسم لەو مەسەلەیە كردووە و بۆ ئەوەی لێرەدا چەندین بارەی نەكەمەوە، زۆر بەكورتی دەڵێم:

یەکەم، هیچ کات و لە هیچ شوێنێك وشەی گۆرانی بە سیاجامانە لێك نادرێتەوە و بەو نازانرێت، گۆرانی و سیاچەمانە دوو شتی زۆر لێك جیان و هەر کام تایبەتمەندی خۆیان هەیە، گەر داوا لە دەنگ خۆشێك بکرێ کە گۆرانیەك بڵێ ئەوا بەزمێکی گۆرانیت بۆ دەڵێ نەك سیاچەمانە و گەر داوای سیاچەمانەی لێبکرێ ئینجا سیاچەمانەیەك دەچڕێ، ئەم دووانە هێندە لێك دوور و جیاوازن کە تەنانەت ناتوانین بڵێین (گۆرانیەکی سیاچەمانە) بەڵکوو هەرکامەیان بەتەنیا و بە جیا دێت و واتای جیاواز و تایبەتی خۆی دەگەیەنێت.

دووەم، سیاچەمانە نەك ١٨جۆر بەڵکو گەلی لەوە زۆرترە و هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەوانەی تا ئێستا من خۆم بە جیا و بە شیعری تایبەتی خۆیانەوە تۆمارم کردوون و کردومەنتە(ئالبوم) لە ٨٠جۆر تێدەپەڕن ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەوەندەی دیکەشیان ماون و هێشتا کاریان لەسەر دەکەم.

سێیەم، (ماگا)نیە و (مەگە)یە و جل و بەرگی ئەوانیش ئەوە نەبووە کە کاك ئەکرەم دەیڵێت بەڵکوو ئەوان کراسێکی ئاو دامێنیان لەبەرکردووە کە سەرتاپێی داپۆشیون و لەبەر ئەوەی کە بە پێچەوانەی دەستووراتی زەردەشت ئەوان ڕەشیان پۆشیوە و بەو جۆرەش خۆیان لە دیکەی مۆغ و مۆبدەکان دابڕیوە و گروپێکی جیایان دامەزراندووە بە (سیاجامەگان) واتە (جل و بەرگ ڕەش) ناسراون ئیدی نەجامانە لە ئارادا بووە و نە چۆخە و ڕانك و نەش مراخانی! لێرەدا عەرزی کاك ئەکرەم دەکەم کە پێویستە بۆ ناسینی ڕاستەقینەی ئایینی زەردەشت و ئاڤێستا و بەگشتیش مەزدیەسنا زۆرتر خۆمان ماندوو بکەین و بۆ دەربڕین پەلە نەکەین چوونکە هەڵەیەکی ئێمە لەوانەیە ببێتە هۆی چەندین هەڵەی زەقتر لە ئایندەدا و لای دیتران.

٣- بابەتەکەی کاك کەمال هەورامی (هەورامان مەڵبەندی...) لەلاپەڕە (٤٥)دا بابەتێکی جوان و ڕێك و پێك بوو و نیشانەی ماندوو بوونی نوسەری پێوە دیار بوو بەڵام من هەرچیم کرد هیچ پەیوەندییەکم لە نێوان ناونیشانی بابەتەکە لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا نەدۆزییەوە، بابەتەکە مەسەلەیەکی گشتی بوو کە کاك کەماڵ زۆر بە



جوانی وروژاندبووی بۆیە وام پێ باشتر بوو کە ناونیشانەکەشی هەم گشتی بوایە و هەمیش لەگەڵ ناوەرۆکەدا یەکی بگرتبایەوە.

٤- سەبارەت بە وەرگێڕانەکەی کاك باقی هەورامی (زەردەشت...)ی لاپەڕە (٨٠) هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەرهەمەکانی بەڕێز عیمادەدین دەوڵەتشایی بەداخەوە تووشی هەستێکی دۆگمای (پان کوردیسم) بوونە و بۆ ئەوانەی کە ورد و واقیع بینانە بەدوای ڕاستیەکانی مێژوودا دەگەڕێن جێی متمانە و پشت پێبەستن نین.. من بە جیاواز و بەدوور و درێژی لەسەر کارەکانی ناوبراو و بە تایبەت لەسەر ڕۆستەم و زۆرابەکەیم نووسیوە و لێرەدا لەوە زۆرتر لەسەری ناڕۆم و تەنیا مەبەستیشم ڕوونکردنەوەیکی تیشك ئاسابوو لەسەر ئەو بابەتە وەرگێردراوەی کە ناوم برد.

پەیڤی کۆتاییم: جارێکی دیکە ماندوو نەبوون و دەسخۆشی لە دۆستانی سەنتەر و گۆڤاری هەورامان دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و دڵنیام لە داهاتوودا کار و بابەت و بەرهەمی بەپێز و ڕەنگینتریان لی دەبینین و ئەو هەست و هەناسە و هەوڵ و هیمەتە دڵسۆزانەیان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لە دۆزینەوەی ڕاستیەکانی مێژینەی نەتەوەکەمانە.

ئیتر بۆ پێشەوە

هەولێر ١٥/٤/٢٠٠٣

* * *

وێنه (نه‌خشه‌كان)...   (وێنه‌ی ١):






(وێنه‌ی ٢):



(وێنەی ٣):





تێکستەکان:...

( تێکستی ١):



هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران

وەزارەتی رۆشنبیری

نووسینگەی وەزیر

ژمارە :

بەروار : / / ١٩٩

بەڕێز ب. گشتی راگەیاندن

بابەت/ ئیسرار:

بۆ دانانی بەرنامەیەکی هەورامانی ، برادەرانم نیازیان وایە کە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هەورامی لە هەریم ٢٧. هەبێت.

هەرچەندە سەرجەم کرد ، کە دەزگای کارەبای تەلەفزیۆنەکەمان چۆتە ، بەڵام باشە بیۆ ئاینەوە ـ یا بۆ هەر کاتێک کە دەزگای تەلەفزیۆنەکە چاک بووەوە ، بزانە برادەرانم چییانە لە خەیاڵدا هەیە ، تا بەرنامەی گۆشەیەک دابڕێژن.

٢٠٠٠/٢/١

فلک الدین کاکەیی

وەزیری رۆشنبیری

(تێکستی ۲و۳):

زۆر بەڕێز مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی

سەرەتا ڕێز و سڵاوم

... بەڕێز کاک عەدلی تەوفیق باسی بۆ کردوم کە شامەوە.

بە ڕای من (سەیدی) لە (بێیساران) باشترە چونکو وەهەم زۆر دەوڵەمەندە وەهەم ئاوڕی لەمێنە دراوەتەوە بەڵام کاری زۆر لەسەر بێیسارانی کراوە.

من خەریکی ئامادەکردنی شتەکانم. حەز دەکەم ئەگەر دەرفەت هەبێت لە نزیکەوە باسی لەسەر بکەین. چاوەڕوانی بیستنی ڕای جەنابتانم.

سەرکەوتوو بن

جەلیل عەباسی



هەرێمی کوردستانی عیراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی ڕۆشنبیری

ب. گشتی ڕەوشەنبیری و هونەر

ژمارە :

مێژوو : / / ١٩٩

بەڕێز /

بابەت /

ب. ڕۆشنبیری کوردی

لە [illegible]

عبدالكريم فلدي

ب. گشتی ڕەوشەنبیری و هونەر

(تێکستی ٤و٥):

٤

زۆر بەڕێز مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی

سڵاو و ڕێزی تایبەتم

سەبارەت بەو سیمینارەی کە لە مانگی ٤ - ٥دا بڕیارتان لەسەرداوە، ئەوا من هەموو ئەو وەرە وشتە پێویستەکانم بە نووسین ئامادە کردوون و حەزیش دەکەم ئەلە نزیکەوە لەگەڵتاندا باسی بکەم . ناونیشانی سیمینارەکەم ناوە: (هەورامان وشارستانەتی کورد) و کردوومە بە سێ بەشەوە یەکەم لە سەرسەرەتای ، دووەم مێژوو، جوگرافیا و کەلتووری هەورامان و سێیەمیش ئەو شاعیرانەی شعریان بە هەورامی گوتووە . بابەتی هەمووتەوەرەکانیشم نووسیوون و ناوی بەشداری کەران و بانگەوازی سیمینارەکەشم ئامادە کردووە . پێویستە بەڕێزتان چاودێری ڕاو ڕێنوێنیتان هەبێت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە :

١- دیاری کردنی شوێن و کاتی سیمینارەکە و لیژنەی بەڕێوەبردن

٢- پەسند کردنی ناو و ڕێژەی بەشدارکەران

٣- بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە بەتایبەتی لە دەرەوەی هەرێم

٤- پەسند کردنی تەوەرو بابەتەکانیان

٥- دیاری کردنی کاتی تایبەت کە من بتوانم جار و بار لەگەڵ مەخزمەتتان بۆ ئەوەی هەم بەڕێزتان ئاگاتان لە کارەکە بێت وەهەمیش بە ڕێک و پێکی بەڕێوە ببرێت و تووشی کۆسپ نەبێت

٦- دیاری کردنی بودجە و دیکەی ئیمکانیاتی پێویست

٧- پێویستە سیمینارەکە لە سێ ڕۆژ کەمتر نەبێت و گرنگی تایبەتی پێ بدرێت

٨- و ......

لەگەڵ ڕێزی بێپایانمدا ٣/ ٢٠٠١/٢/٢٦

جەمیل عەباسی

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری



هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە:
بەروار: / / ٢٠٠١

بەڕێز/......................

وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لەسامانی کۆنی نەتەوایەتی و ڕێزگرتن لە مێژینەی پڕ سەروەریی گەلەکەمان هەلدەستێ بە بەستنی سیمینارێک لە هەولێری پایتەختدا بەناونیشانی«هەورامان و شارستانییەتی دێرینی کورد» بەم بۆنەیەوە لەبەڕێزتان داوا دەکەین وەک هونەرمەندێک بەشداری بکەن و سیمینارەکە برازێننەوە

بەشداریتان جێی ڕێزو پێزانینە

تێبینی: تەوەری باسەکان لەگەڵ ئەم داخوازیەدا پێشکەش دەکرێت
ناونیشان: هەولێر ب . گشتی رۆشنبیری و هونەر
ت:٢٢٣٠٢٧٣ فاکس: ٠٠٨٧٣٦٨٢٦٢٣٨١٦

وەزیری رۆشنبیری
فەلەکەدین کاکەیی

هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە:
بەروار: / / ٢٠٠١

بەڕێز/......................

وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لەسامانی کۆنی نەتەوایەتی و ڕێزگرتن لە مێژینەی پڕ سەروەریی گەلەکەمان هەلدەستێ بە بەستنی سیمینارێک لە هەولێری پایتەختدا بەناونیشانی«هەورامان و شارستانییەتی دێرینی کورد» بەم بۆنەیەوە لەبەڕێزتان داوا دەکەین وەک هاووڵاتییەکی هەورامانی بۆ بەپیتترکردنی سیمینارەکە بەشداری و هاریکاریمان بکەن .

بەشداریتان جێی ڕێزو پێزانینە

تێبینی: تەوەری باسەکان لەگەڵ ئەم داخوازیەدا پێشکەش دەکرێت
ناونیشان: هەولێر ب . گشتی رۆشنبیری و هونەر
ت:٢٢٣٠٢٧٣ فاکس: ٠٠٨٧٣٦٨٢٦٢٣٨١٦

وەزیری رۆشنبیری
فەلەکەدین کاکەیی

(تێکستی ٦):

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و دارایی
بەشی / [illegible]

ژمارە: ١/١٥٢/٢/١
رێکەوت: ٢٠٠١/٧/٢٥

(( فەرمانـــی کارگێـــڕی ))

ئیشارە بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١١٧٢) لە ٢٠٠١/٦/١٤ وە نووسراوی زانکۆی سەلاحەدین ژمارە (٤٤١٦) لە ٢٠٠١/٧/٢ بڕیاردرا لە سەر پێکهێنانی لیژنەی باڵای بە ستنـــی کۆنفرانسی (هەورەمان) لەم بەڕێزانەی خوارەوە :-

یەکـــەم - نوێنەرانی زانکۆی سەلاحەدین :-
١- بەڕێز (پ.د. ئازاد نەقشبەندی) - ڕاگری کۆلیژی ئاداب
٢- بەڕێز (د. ئیبراهیم قادر) - مامۆستا لە کۆلیژی ئاداب
٣- بەڕێز (م. مستەفــا زەنگەنە) - مامۆستا لە کۆلیژی پەروەردە

دووەم - نوێنەرانی وەزارەتی رۆشنبیری :-
١- بەڕێز (عبدالکریم قەدر یحیی) - بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەر
٢- بەڕێز (شاکر محمد امین روژبەیانی) - بەڕێوەبەری گشتی دەزگای چاپ و رۆژنامە نووسی
٣- بەڕێز (جەلیـــل عەباس) - نووسەر لە گۆڤاری کاروان

عبد الکریم قەدر یحیی
بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەر

وێنەیەک بۆ/
- سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین
- کۆلیـــژی ئاداب بۆ ئاگاداری بەڕێزتان
- کۆلیـــژی پەروەردە
- بەڕێزان نوێنەرانی زانکۆی سەلاحەدین
- بەڕێزان نوێنەرانی دەزگای ڕاگەیاندن
- [illegible] / ژمـــێریاری / [illegible]
- دۆسیەی تایبەت/ لەگەڵ هاوپێچ / سیراز ٢٠٠١/٧/٢٤

هەولێر . سەرەڕێگای کەرکووک / ت: ٤٢٧٣

(تێکستی ٧و٨و٩٠):

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی ..............

ژمارە: ١/١٢٢/٤/٨
رێکەوت: ٢٠٠٦/٦/١٩
بەرامبەر ٤٠٧٤

فەرمانی وەزاری

بەمەبەستی بەستنی کۆنفرانسێک بەناوی (هەورەمان)ەوە، کە بەڕێز وەزیری رۆشنبیری هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکات، بڕیاردرا لیژنەیەکی باڵا لە بەڕێزان نوێنەرانی زانکۆی سەلاحەدین و وەزارەتی رۆشنبیری پێک بێت، لیژنەی باڵایش لیژنەیەکی تایبەت بەسەرپەرشتی بەڕێزان نوێنەرانی زانکۆ بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەم و باسەکان پێک دێنێت. بۆئەم مەبەستە نوێنەرانی وەزارەتی رۆشنبیری بریتین لە :
١- بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری وهونەر
٢- بەڕێز = دەزگای چاپ ورۆژنامە نووسی وبڵاوکردنەوە.
٣- بەڕێز جەلیل عەباس، نووسەر لە گۆڤاری کاروان

فلک الدین کاکەیی
وەزیـــری رۆشنبیـــری

وێنەیەکی بۆ:
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / لەگەڵ ڕێزماندا
- وەزارەتی دارایی وئابووری / لەگەڵ ڕێزماندا
- سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین / بۆهاوکاری ودەستنیشان کردنی نوێنەرتان بۆ لیژنەی باڵای سەرەوە لەگەڵ ڕێزماندا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی [illegible] / بۆ ئاگاداری وکاری پێویست
- بەڕێوەبەرایەتییەکانی ژمێریاری / ئەنجومەنی / پەیوەندییەکان / خزمەت گوزاری / خزنەی
- دۆسیەی تایبەت / لەگەڵ هاوپێچ
- سیراو
- ٦/١٣

**لیژنەی باڵای کۆنفرانسی**
**هەورامان**

ژمارە:
ڕێکەوت:

بۆ بەڕێز :.............................

سڵاوێکی گەرم

بەپێی بانگەوازی ڕێکەوتی ١٥/٥/٢٠٠١ی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان لەمەڕ بەستنی کۆنفرانسێکی زانستی لەسەر هەورامان لەپێناوی خزمەتکردن بە نیشتمان و مێژوو و کەلتووری گەلەکەمان، بەڕێزتان ئاگادار دەکرێنەوە کە بەمەبەستی بەشداریکردن بە بابەتێکی زانستی لەکۆنفرانسەکەدا تا ڕۆژی ١/١١/٢٠٠١ سەر باس و ناونیشانی بابەتەکەو تا ١/١٢/٢٠٠١ یش نوسخەی ئەسڵیی بابەتەکە ڕەوانەی لیژنەی باڵا بکەن بۆ هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی بۆ کۆنفرانسەکە، پێویستە بابەتەکە لەسەر یەکێک لەم تەوەرانەی خوارەوە بێت:

١- جوگرافیای هەورامان.
٢- مێژووی هەورامان.
٣- کەلتوورو ڕۆشنبیری هەورامان.
٤- ئابووریی ناوچەی هەورامان.
٥- زمان و ئەدەبی شێوەی هەورامان.

تێبینی:
١- نابێ تۆژینەوەکەپێشتر بڵاو کرابێتەوە یان خوێندرابێتەوە.
٢- خاوەنی تۆژینەوەی پەسەند کراو بانگهێشتی کۆنفرانس دەکرێ.

لەگەڵ ڕێزماندا

ناونیشان:

هەولێر - وەزارەتی ڕۆشنبیری - ب. گ. ڕۆشنبیری و هونەر، ژمارەی فاکس 00873682623816

**لیژنەی باڵای کۆنفرانسی هەورامان.**



کۆنووسی کۆبوونەوەی یەکەمی لیژنەی باڵای کۆنفرانسی هەورامان

بەپێی فەرمانی وەزاری ٣٣/١١/٧/١٠ لەبەرواری ١٩/٦/٢٠٠١و فەرمانی کارگێڕی ١/٢١١٥٢ ڕێکەوتی ٢٥/٧/٢٠٠١ لیژنەی باڵای کۆنفرانسی هەورامان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەست و لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێک هات:

١- کۆنفرانسەکە لەژێر ناونیشانی(هەورامان)دا دەبێت
٢- تایبەت دەبێ بە تۆژینەوەی زانستی لەسەر ناوچەی هەورامان
٣- لێکۆڵینەوەکان ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:
أ- جوغرافیای هەورامان ب - مێژووی هەورامان جـ - کەلتوورو ڕۆشنبیری هەورامان
د- ئابووری ناوچەی هەورامان هـ- زمان و ئەدەبی شێوەی هەورامان.
٤- ئاگادارکردنەوەی ئەو بەڕێزانەی دەتوانن لێکۆڵینەوە ئامادە بکەن بەپێی کلێشەی تایبەت
٥- دەست نیشانکردنی ماوەی گەیشتنی سەرباسەکان بۆ لیژنە تا ١٥/٩/٢٠٠١و گەیشتنی لێکۆڵینەوەکان تا ١/١٢/٢٠٠١ وەکو دواڕۆژی وەرگرتنی بابەتەکان
٦- هەموو بابەتەکان دەدرێنە پسپۆڕانی لیژنەی هەڵسەنگاندن و پاش پەسەندکردنیان بۆ کۆنفرانسەکە قبوڵ دەکرێن، هەربابەتێک لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە پەسند نەکرێ لەکۆنفرانسدا ناخوێندرێتەوە
٧- ئەوبەڕێزانەی پێشتر بانگهێشتکراون سەرلەنوێ بەپێی ناوەڕۆکی ئەم کۆبوونەوەیە ئاگادار دەکرێنەوە
٨- بابەت و تۆژینەوەکان بۆ ئەم ناونیشانەی خوارەوە ڕەوانە دەکرێن:
(هەولێر وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لیژنەی کۆنفرانسی هەورامان ژمارەی فاکس 00873682623816)
٩- بڕیاردرا ئارم و دروشمێک بۆ کۆنفرانسەکە ئامادە بکرێت
١٠- لیژنەیەک لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێک هات بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ پسپۆڕانی لیژنەی هەڵسەنگاندن سەبارەت بەدابەشکردن و هەڵسەنگاندنی بابەتەکان:
أ- د. ئیبراهیم قادر جاف
ب- جەلیل عەباسی.
١١- ئامادەکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندن کە تایبەتە بە برگەکانی هەڵسەنگاندن لە لای پسپۆڕان.
١٢- ئەو باسانەی کە پەسەند دەکرێن لەکۆتاییدا چاپ دەکرێن و سەرجەم دەبنە کتێبێکی تایبەت بە کۆنفرانسی هەورامان.

ئەندامانی بەشداربووی لیژنەی باڵا: هەولێر ٧/٨/٢٠٠١

د. ئازاد نەقشبەندی | کەریم قندی

د. ئیبراهیم قادر | جەلیل عەباسی | مستەفا زەنگەنە

"دەسێوەم مەڕیان گرتەنم دامان
بەهانەم وەشا ملووە هەورامان"

کۆتایـــــــــــــــی

❊ ❊ ❊



هەندێ لە بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر:...

**أ- چاپکراو:...**

١- ئاڤێستا لەمێژینەترین سروودی کورد (بەرگی یەکەم، گاتاکان _ پڕۆژەیەکی شەش بەرگی)

٢- ئێستا لەنێوان دوو هیچدا (هەڵبژاردەی شیعرەکانی نیچە)

٣- دوایین ژێردەستە(کێشەی باکووری کوردستان لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ)

٤- مامۆستای یەك خولەکی (پێدا چوونەوە)

٥- یەلدای شووم (کۆ شیعر)

٦- نامەیەك بۆ باوکم (کافکا)



**ب- ئامادەی چاپ:**

١- ئاڤێستا لەمێژینەترین سرودی کورد(بەرگی دووەم، یەسنا)

٢- شیعرستان (هەڵبژاردەی شیعری هاوچەرخی جیهان)

٣- گەمژە (هەڵبژاردەی چیرۆکەکانی چیخۆف)

٤- هەورامان و هونەر (بەرگی یەکەم/ دیمانەی هونەری _ پڕۆژەیەکی سێ بەرگی)

٥- دیالۆگ کلیلی هەموو دەرکەکان (بەرگی دووەمی ڕوانگە)

٦- ژوانی یەسنا (کۆمەڵە بابەتێکی شوێنەوارناسی و مێژوویی لەمەڕ هەورامان و ئاییینی زەردەشت)

٧- زمانی بڕنەو (کۆمەڵە چیرۆك)

٨- دیوانی کۆچ (کۆ شیعر)

٩٠- شارۆ (کۆمەڵە بابەتێکی ڕەخنەیی، ئەدەبی و هونەری)

١٠- فەریاد (کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی/ بەزمانی فارسی)

١١- هاوارێك لە لمستاندا (کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی)

١٢- کاروانی ئەندێشە

١٣- نامە ئاشقانەکانی پێغەمبەرێك

١٤- عارفانەکانی پێغەمبەر

١٥- ویژدانی بێدار

١٦- پەندی پیر ( کۆکردنەوەو ڕاڤەی پەندی پێشینانی هەورامان)

١٧- هەلووره (کۆکردنەوەو راڤەی یاریی منداڵان لە هەوراماندا)

١٨- شارەزا ( گوڵبژێری چیرۆکەکانی عەزیز نەسین)

* * *